# سەدەیێک خەبات
# لە پێناوی زمانی کوردیدا:
# تیۆری، سیاسەت، و ئیدەئۆلۆژی

# سەدەیێک خەبات
# لە پێناوی زمانی کوردیدا:
# تیۆری، سیاسەت، و ئیدەئۆلۆژی

وتوویێژێک لەگەڵ تۆفیق وەهبی (١٩٧٦) و
عەریزەکانی محەمەدئەمین زەکی (١٩٣٢)

سەرەتا و پێشەکی: ئەمیر حەسەنپوور

بنکەی ژین

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح


زنجیرە: ١٧٣

کتێب: سەدەیێك خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا:

تیۆری، سیاسەت، و ئیدەئۆلۆژی

نووسەر: ئەمیر حەسەنپوور

لەقاڵبدان: لاس

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٤٥٥ی ساڵی ٢٠١٥ی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێ دراوە



هەموو مافێك پارێزراوە



لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**



عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی" شەقامی ١١ پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین– تەنیشتی مزگەوتی شێخ فەرید

تەلەفۆن: ١– ٠٥٣٣٣٠١٢٩٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ ژ. سنووقی پۆست: ١٤ بەختیاری

پێگە: www.binkeyjin.com ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com

# ناوەڕۆک

سەرەتا: زمانی کوردی وەک گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی ................................ ٧

پێشەکی: تەقەڵلا بێسوودەکانی دوێنێ و ئەوڕۆ ٥٥

وتووێژێک لەگەڵ "تۆفیق وەهبی" ................. ١٢٥

محەمەدئەمین زەکی: دوو تەقەڵلای بێسوود ..... ١٦٧

## سەرەتا:

## زمانی کوردی

## وەک گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٨ و ١٩٩١ لە ناکاو دیمەنی زمانی کوردییان گۆڕی و دابەشکردن و دابڕانی نوێیان لە دەسەڵاتی سیاسی و زمانیدا پێکهێنا، و هەم هەلیان بۆ زمانەکەمان ڕەخساند و هەم دەرفەتیان لێ بڕی، و ڕۆشنبیر و تێکۆشەری سیاسیی کوردیان خستە گۆڕەپانی خەباتێکی ئاڵۆز و سەخت لە بواری زماندا.

بە دوای ١٩١٨دا، زمانی کوردی تووشی سیاسەتی زمانیی جۆراوجۆر بوو- لە زمانکوژیی (linguicide) تورکییە و ئێرانڕا بگرە هەتا گەشەپێدانی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵانی ٢٠ەوە هەتا ١٩٣٧. لە نێوان ئەو دوو سیاسەتەدا، لە عێراق دەوڵەتی ئینتیداب و پاش-ئینتیداب لەگەڵ زمانی کوردی هەڵیاندەکرد، بەڵام ڕێگەیان نەدەدا گەشە بکا و پەرەبستێنێ. فارسی و تورکی و عەرەبی بوون بە زمانی ڕەسمی و دەوڵەتی و کران بە ئامرازی داڕشتنی نەتەوە-دەوڵەتی تورک، ئێرانی، عێراقی و سوورییەیی و تواندنەوەی گەلی کورد. لە وڵاتی سۆڤیەت، دەوڵەت ئیدەئۆلۆژی و سیاسەت و بەرنامەی خۆی بۆ زمانەکان هەبوو،[١] و لەبەر ئەوەی هێشتا توێژێکی ڕۆشنبیری کورد پێکنەهاتبوو، پەرەپێدان بە زمانی کوردی

---

[١] Katya Chown, “The Soviet Language Workshop (١٩٣٠–١٩٣٩): The struggle for tools, principles and approaches,” *Russian Literature*, Vol. ٦٣, Issues ٢–٤, pp. ٢٠١–١٩.

دەبوو ڕێگە بکاتەوە بۆ پەروەردەکردنی زماناس، مامۆستا، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری دی. لە عێراق، کە توێژی ڕۆشنبیری شێوە-نوێباوی کورد پێی هەڵگرتبوو، دەوڵەت بەرنامەی ئەوە بوو کوردی لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، و بایەخی کوولتووری، ئابووری، سیاسی و زانستی پەیدا نەکا بۆ ئەوەی وەک پاشماڵەی زمانی عەرەبی بمێنێتەوە.

دوای دامەزرانی دەوڵەتی عیراق (داگیرکران ١٩١٨-١٩٢٠، ئینتیداب ١٩٢٠-١٩٣٢)، کوردی لە چاپەمەنی و خوێندنی سەرەتایی و کاری ئیدارەییدا کەم و کورت دەکار دەهات. لە ساڵی ١٩٣١دا، ڕیژیمی ئینتیداب لە پرۆسەی (سەربەخۆ)کردنی عێراقدا، بۆ ڕازی کردنی کورد و ئاسۆری و تورکمەن "قانوونی لوغاتی محەللی"ی بە سەر بەغدادا داسەپاند و کوردی وەک زمانێکی "محەللی" بە شێوەیێکی قانوونی ناسرا. لەو ساڵانەدا، لە عێراق، بە پێچەوانەی تورکیە و ئێران، توێژی ڕۆشنبیری کورد دەیتوانی لە ئەو چوارچێوە تەنگەی دەوڵەت دایڕشتبوو بۆ گەشەپێدانی زمانی خۆی، تێبکۆشێ. پرسیار زۆرن: ئەو ناکۆکییە - سیاسەتی دەوڵەت لە دژی زمانی کوردی (تەعریب) و سیاسەتی ڕۆشنبیران بۆ پەرەپێدانی زمانەکەیان- چۆن بەڕێوە دەچوو؟ ڕۆشنبیران ئەرکی خۆیان چۆن دەکێشا؟ لە لایێکەوە دەبوو بەرەنگاری سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەت ببنەوە و لە کاریگەریی بخەن، لە لایێکی دیکەوە دەبوو لەگەڵ دواکەوتوویی زمانەکە لە گۆڕەپانی زانست و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا بەربەرەکانی بکەن و کوردی بکەن بە زمانێکی ستانداردی لێهاتوو بۆ ژیانی مۆدێرن. بۆ وێنە، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادیی دانان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی هەبوو، دەکرێ بپرسین بۆچی هەوەڵ فەرهەنگی کوردی-کوردی چل ساڵ دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق بڵاو بۆوە - ***فەرهەنگی خاڵ،*** بەرگی هەوەڵ، ١٩٦٠- و شازدە ساڵی پێچوو کە بەرگی سێهەمی بڵاوبێتەوە؟ پرسیاری دی ئەوانەن:

ڕۆشنبیران چۆن ڕچەیان شکاند و چ بواریکیان بۆ زمانەکە کردەوە؟ چەندێتیی و چۆنێتیی تێگەیشتنیان لە کێشەکانی زمان بە گشتی و کەندوکۆسپەکانی زمانی کوردی بە تایبەت چۆن بوو؟

پرسیاری وا ئەوڕۆش لە ئارادیە: ڕۆشنبیر لە بارودۆخی ئێستەدا چۆن بەرەنگاری کێشەکانی زمان دەبێ؟ ناکۆکییە زمانی-سیاسییەکان هەتاهەتایی نین و دەگۆڕدرێن. لە ١٩٩١ بە ئەولاوە، کە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دامەزرا، ئەو کۆت و زنجیرەی دەوڵەتی عێراق و قانوونەکەی لە دەست و پێی زمانی کوردی بەستبوو، لەبەریەک ترازاند، و زمانەکە ئازادیی سیاسی وەدەست کەوت، و لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای رووخانی ڕیژیمی بەعس، بوو بە زمانێکی ڕەسمی هاوشانی زمانی عەرەبی لە کۆماری عێراقدا. ئەگەر پێش ١٩٩١ ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان زمانی کوردی و دەوڵەتی عێراق (یان کوردی و عەرەبی)دا بوو، لێرەوپاش ناکۆکی دیش بەدی دەکرێ- ئەو جار لە نێوان ئاخێوەرانی کوردی (لەهجەکان و ناوچەکان) و لە نێوان کوردی لە لایێک و ئینگلیسی، تورکی، فارسی و سوریانی لە لایێکی دی. میراتی لەت و کوت بوونی کوردی لە ١٩١٨دا، لەگەڵ ئەوەشدا باری ژئۆستراتژیی ناوچە گۆڕاوە، هێشتا لە چارەنووسی زمانەکەدا دەوردەگێڕێ. لە تورکییە و سووریيە، کورمانجی سەری هەڵێناوە، و لەگەڵ ئەوەشدا لە قەفقاز دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت نوشستی کردووە، لە ئەوانەیە جێگەی پێشینی خۆی، وەکوو لەهجەی سەرەکیی کوردی، بگرێتەوە. بە کورتی، ئەوڕۆ دەسەڵاتی زمانیی بە شێوەیێکی ئاڵۆزتر دابەش بووە و ناکۆکی نوێ هاتوونەتە گۆڕێ و چارەسەرکردنیان پێویستی بە تیۆری و زانست و سیاسەتی ئاڵۆزتر لە جاران هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ستانداردکردنی زمان پرۆسەیێکی گۆڕانی وشیارانەیە (بە بەرنامە و بە مەبەست)، ئەگەر بێتوو دەستێوەردان لە ئەلفوبێ، ڕێنووس، وشە و ڕێزماندا لە لایەن ئاخێوەران پەسەند نەکرێ (لە نووسین و خوێندنەوە و قسەکردندا)، تووشی بەرهەڵستی زۆر دەبێ. بەڵام وشیارانەبوونیش چەندێتی و چۆنێتی خۆی هەیە. ڕۆشنبیران کەمتر تخوونی زانستییەکانی زمان بوون و زۆرتر چاویان لە تەجرەبەی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی کردووە؛ کەمتر وەدوای تیۆری کەوتوون و کەمتر ئاوڕیان لە مێژووی سەد ساڵەی خەبات بۆ ستانداردکردنی کوردی داوەتەوە.

لە مێژووی تێکۆشان بۆ چاککردن، ڕیفۆرمکردن، یان ستانداردکردنی زمانی کوردیدا نێوی ناسراو کەم نین (بۆ نموونە تۆفیق وەهبی لە باشوور، جەلادەت بەدرخان لە ڕۆژئاوا-باکوور، قەنات کوردۆ لە سۆڤیەت)، بەڵام ڕێباز و ئاکاری زمانیی و ئەنجامی تێکۆشانیان بە ڕوانگەیێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵنەسەنگێندراون. لە کوردستانی باشووردا، تۆفیق وەهبی و محەمەدئەمین زەکی جێگەیێکی تایبەتییان هەیە. ئەوان هەم ئەرکی عەسکەری و سیاسی و ئیدارەییان هەبووە و هەم لە کاری ڕۆشنبیریدا چالاک بوون. وەهبی زۆرتر وەدوای کێشەی زمان کەوتووە و زەکی وەک مێژوونووس ناسراوە. هەڵبەت زەکی خەریکی زمان و ئەدەبی کوردیش دەبوو، و لە ١٩٣٠-١٩٣١دا لێکدانەوەیێکی گرینگی سەبارەت بە خولێک لە مێژووی بەرنامەڕۆنانی (language planning) زمانی کوردی گەڵاڵە کرد، بەڵام دەوڵەتی ئینتیداب دەنگی کپ کرد. لە زانستیی زماندا، بەرنامەڕۆنانی زمان دەکرێتە دوو بەش: بەرنامەڕۆنانی پلەوپایەی زمان (status planning) و بەرنامەڕۆنانی جەستە یان کەرەستەی زمان ( corpus planning). زەکی لە دوو عەریزەدا کە لە ١٩٣٠ و ١٩٣١دا بۆ

مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی نووسی، رەخنەی لە "لایحەی لوغاتی محەللی" گرت و پێشانی دا کە ئەو بەڵگەیە پلەوپایەی زمانی کوردی نزم دەکا و دەبێتە ((مانعی تەرەقی و تەکامولی زمانی کوردی)) و ((عەدل و وعوود تەئمین ناکا)).[2] پێش ئەوەی لایحەکە ببێتە قانوون، زەکی چەند داخوازی پێشکەشی دەوڵەت کرد، بۆ وێنە: وشەی "محەللی" لە سەردێڕی لایحەکە هەڵبگیرێ؛ ((شەرتی تەوزیفی)) مەئمووران لە کوردستان دەبێ، بە پێی قەراری عصبە الامم، کوردبوون بێ نەک کوردیزانین؛ کوردی بکردرێ بە زمانی خوێندن لە گشت قەزاکانی کوردستان لە هەر سێ رادەی سەرەتایی و ناوەندی و بالادا؛ کوردی ببێتە زمانی گشت کاروباری دەوڵەتی لە گشت قەزاکانی کوردستاندا؛ مادەی ٨ لاببردرێ لە بەر ئەوەی ئیختیار دەدا بە پێنج قەزای مووسڵ بۆ ئەوەی ئەگەر بیانەوێ (لوغەتی کرمانجیی غەربی "بادینان") دەکار بێنن و یەکێتیی زمانی کوردی بشێوێنن.[3]

بنکەی ژین
www.zheen.org

[2] امین زکی بگ، ***دو تەقەلای بیسود***، بەغدا، چاپخانەی مەریوانی، ١٩٣٥، ل.٥٩ و ٦٥.

[3] ئەو داخوازییەی زەکی (پاراستنی یەکێتی زمانی کوردی)، لە سالانی ١٩٣٠–١٩٣٢دا، داخوازییێکی دوروست و دادپەروەرانە بوو. لە ئەو سالانەدا، بریتانیا دەیەویست عێراق "سەربەخۆ" بکا، و بۆ ئەوەی کورد و ئاشوری و تورکمانەکان بێدەنگ بن، بە دەوڵەتی عێراقی راگەیاند کە شەرتێکی سەربەخۆیی عێراق و بوون بە ئەندامی عصبە الامم ئەوەیە کە مافی زمانیی "کەمایەتییەکان" بە شێوەی قانوونی بە رەسمییەت بناسرێ. بەلام کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق، لە کاتی گەلالەکردنی پێشنووسی "قانوونی لوغاتی محەللی"دا، لە ناکاو "کەشف"یان کرد کە زمانی کوردی دوو لەهجەی هەیە و یەکگرتوو نییە، و ئەوەیان کردە بیانوو بۆ ئەوەی وەک زمانێکی "محەللی" بە رەسمییەت نەناسرێ، و دوایەش کردییانە بیانوو بۆ ئەوەی لە بادیناندا رێگە نەدەن بە خوێندنی کوردی و دەکارهێنانی لە کاروباری ئیدارەییدا. بە ئەو چەشنە، ناکۆکیی دوو لەهجەکان لە ئەو سالانەدا بوو بە ناکۆکیی نێوان کورد لە لایێک و

حکوومەت وەڵامی هیچ کام لە ئەو رەخنە و داخوازییانەی نەداوە و بگرە چوار ساڵ دوایە کە زەکی عەریزەکانی لە چاپخانەی مەریوانی بە چاپکردن دا، نەیانهێشت کتێبە چاپکراوەکە لە چاپخانە بچێتە دەرێ. سانسۆرکردنی ئەو کتێبە بە هەڵکەوت نەبوو. زەکی باشی بۆ چووبوو: حکوومەتی ئینتیداب بە شێوەیێکی قانوونی بە نزمکردنی پلەی کوردی بەتایبەت بە رێگەنەدان بە خوێندنی ناوەندیی و بەرز، زمانەکە لە وزەدەخا و دەیکاتە ئامرازی لێدوانی زارەکیی ماڵ و مەڵبەند و عەشیرە و کووچە و کۆڵان، بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی تەواو بەسەریدا زاڵ

---

دەوڵەتی عێراق و بریتانیا لە لایێکی دیکە. بەڵام دوای ١٩٩١ کە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دامەزرا، ماهییەتی ئەو ناکۆکییە گۆڕا. ئێستا کە دەوڵەتی کورد بە پارلمان و کابینە و پێشمەرگە و دەستوور و دادگا و ئاکادیمیای زمان دەسەڵاتی خۆی بە سەر زۆربەی خاکی کوردستانی خواروو و خەڵکەکەیدا دابین دەکا، و زمانی کوردیش وەکوو عەرەبی لە تەواوی عێراقدا بووە بە زمانی رەسمی، و پێوەندیی نێوان ئەو دوو زمانانە تا رادەیێکی زۆر دیمۆکراتی بووە، ناکۆکیی دوو لەهجەکان (سۆرانی و کورمانجی) چیدی گۆڕەپانی کێشەی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی عێراق نییە و کێشەیێکی دیمۆکراسییە لە کۆمەڵی کورد و حکوومەتی کورددا. جیاوازیی لەهجەکان کردەوەی هیچ دەوڵەتێک و هیچ دوژمنێک نییە و بەرهەمی هەزاران ساڵ گۆورانی کۆمەڵی کوردە، بەڵام ئەو جیاوازییە لە بارودۆخی دنیای "مۆدێرن"دا بە شێوەی ناکۆکیی جۆراوجۆر دەردەکەوێ. جیاوازی لە کوردستانی باشوور، لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی دژی دیمۆکراتی عێراقدا، بوو بە گۆڕەپانی ناکۆکیی نێوان کورد و دەوڵەت. لە بارودۆخی ئێستەی دەسەڵاتی کورددا، ئەو جیاوازییە بووەتە ناکۆکیی نێوان دوو بەشی گەلی کورد، و بە شێوەیێکی ئاڵۆز بە چارەنووسی زمانی کوردی لە تورکییە و ئێران و سووریە و هەرمەنستانیش دەبەسترێتەوە. نەدیتنی ئەو گۆڕانە و تێکەڵکردنی ئەو دوو ناکۆکییە پرۆژەیێکی سیاسی ناسیۆنالیستییە کە بە بیانووی پاراستنی یەکگرتوویی نەتەوە دابڕانەکەی دابین دەکا. ئەو پرۆژەیە تێکەڵکردنی ناکۆکییێکی ناوەکیی گەلی کوردە لە گەڵ ناکۆکیی دەرەکیی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتە ئیستیبدادییەکان. بۆ باسێکی ئەو کێشەیە، بڕوانە:

Amir Hassanpour, “The indivisibility of the nation and its linguistic fragments,” *International Journal of the Sociology of Language*, No. ٢١٧, pp. ٤٩–٧٣.

بێ. زەکی دەیزانی ئەوە تەنیا کێشەیێکی قانوونی نەبوو و بنچینەی قانوونەکە سیاسەتێکی رووت بوو– و سیاسەتی دامەزراندنی عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی و تواندنەوی گەلی کورد بە کەم بایەخکردنی زمانەکەی. لەو پرۆسەی نەتەوەرۆنانەدا، زمان دەورێکی سەرەکی بۆ هەردوو لا دەگێڕا: لە روانگەی کوردانەوە، ئازادیی زمانی کوردی و ((تەرەقی و تەکامولی))، گەلی کوردی بەرەو دابینکردنی مافی چارەنووسی خۆی دەبرد؛ بۆ بریتانیا، زمانی عەرەبی، وەک جەیش و پۆلیس، ئامرازێکی هەرە پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و داڕشتنی نەتەوەی عێراق بوو، جا لەبەر ئەوەبوو کە داخوازیکردنی بەرامبەریی زمانی کوردی و عەرەبی وەک پرۆژەیێکی ((جیاوازیخوازییانە)) دادەندرا. هەر بۆیە دەوڵەتی تورکییە کە لە ١٩٩١ەوە تا ئێستە (٢٠١٤) وردەوردە بە مافی قسەکردن و نووسینی کوردی رازی بووە، هێشتا نایەوێ ددان پێدا بنێ بە مافی دەرسخوێندن بەو زمانە. لە ئێرانیش، دوای سی و پێنج ساڵان کۆماری ئیسلامی ماددەی ١٥ی "قانون اساسی"ی (دەستوور) خۆی، کە دەڵێ ئەدەبیاتی ((زمانە قەومی و محەللییەکان)) بۆیان هەیە لە مەدرەسەکاندا دەرس بگوترێن، خستۆتە پشت گوێ. زەکی دەیزانی زمانێکی نەبێتە زمانی پەروەردە داهاتوویێکی پڕ لە مەترسی دەبێ.

بەڵام زمان دیاردەیێکی یەکجار ئاڵۆزە و جموجوڵی لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدا داسرەوینێک بەخۆیەوە نابینێ. ئەگەر دەوڵەتەکان لە رابردوودا کۆسپی خوێندنی بەرز بە کوردی بوون، ئێستە کە لە باشوور حکوومەتی کورد دەسەڵاتی هەیە و وڵات پڕ بووە لە زانکۆ، باری خوێندنی باڵا بە زمانی کوردی چۆنە؟ عەرەبی چی بەسەرهاتووە، و تورکی و فارسی چون

جێیان خۆش کردووە، و چۆنە ئینگلیسی، لە باتی عەرەبیی جاران، دەبێتە زمانی خوێندنی باڵا؟[٤] دوای زیاتر لە بیست ساڵ دەسەڵاتی حکوومەتی کورد، زمانی کوردی وەک زمانی خوێندن بەرەو چ ئاسۆیێک دەڕوا؟ ئاخۆ دەکرێ زانستی ئەوڕۆ لە رادەی دەرەجەی باکالۆریۆس بە زمانی کوردی بخوێندرێ؟ مەبەستم لەو باسە ئەوە نییە کوردی بە راوناني زمانی دی دواکەوتوویی خۆی قەرەبووبکاتەوە. دەکرێ بڵێین لە باشووردا، لە رابردوودا ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان کوردی و عەرەبی (وەک زمانی رەسمی و دەوڵەتی) بوو، و ئێستە ناکۆکییێکی نوێ لە نێوان کوردی و ئینگلیسی (وەک زمانێکی هەرە بەدەسەڵاتی زانست و کوولتوور و ئابووری) بەدی دەکرێ، و هەروەها لە نێو کوردی و زمانی ئەو وڵاتە دراوسێیانە کە ماوەیێکە سنوورەکانیان ئاواڵەتر کردۆتەوە، و لە ژیانی ئابووری و کوولتووری و سیاسی ناوچەدا چالاکییان هەیە. جاران ئەگەر کۆسپی زمانی کوردی پتر سیاسی بوون، ئێستە دەسەڵاتی ئابووریی ئینگلیسی دەتوانێ زمانی کوردی و زۆر زمانی دی لە هێندیک مەیدان وەدەربنێ. ئەگەر جاران دیکتاتۆریی دەوڵەت سەری بە زمانی کوردی نەوی دەکرد، ئەوڕۆ جێپێلێژکردنی زۆرتر بە دیکتاتۆڕێتی بازار (نەزمی

[٤] لە کوردستانی باشووردا، تا کاتێکی زمانکوژیی و زوڵمی زمانیی لە ئارادا بوو، زمان وەک کێشەی (ناسنامە)ی نەتەوە دادەندرا. ئێستە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی شێوە سەربەخۆ خەریکی کاروباری ئابووری و دیپلۆماتییە، و کوردستانی باشوور جێگەی چالاکیی کۆمپانی نەوت و کونسوولگەریی و فرۆکەخانەی نێونەتەوەییە، ئاشکرایە کە پێوەندیی کوردی لەگەڵ زمانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەگۆڕدرێ. بۆ باسی لایەنە ئابوورییەکانی زمان لە سەروبەندی سەرمایەداریی نیۆلیبرالیدا بڕوانە:

Alexandre Duchên and Monica Heller (eds.), *Language in Late Capitalism: Pride and Profit*. New York, Routledge, ٢٠١٢.

ئابووریی سەرمایەداری) وەدیدێ. دەسەڵاتی ئابووری، بە خۆی و بە تێکنۆلۆژییەکەی، ئینحیساری دەسەڵات لە زمان و سیاسەت و کوولتوور و گشت بواری ژیاندا پێکدێنێ. وەهایە کە بەربەرەکانیکردنی دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەتی) هاسانترە لە بەرەنگاربوونی دەسەڵاتی ئابووری، جا با زەبروزەنگی سیاسی بە چەک و زیندان و دادگاکەیەوە رووت و هەڵماڵدراو بێ، و تەنانەت قانوون و دەستوور و "کۆمەڵگەی مەدەنی"ش نەتوانن بیشارنەوە. زۆربەی رۆشنبیری کورد وەک ئەمین زەکی بە ئاشکرا دیتیان دەوڵەتی ئینگلیس و عصبه الامم چۆن بە چەکی قانوون و بە زەبری دەسەڵات زمانی کوردییان خستە ژێر پێی دیکتاتۆرێکی دەسکردی خۆیان.

من لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی مێژووی ستانداردێتی کوردیدا تووشی زۆر بەڵگە و سەرچاوە و رووداوی بێ سەروشوێن و ئاوارە هاتم کە نە تۆمارکرابوون و نە لێکدرابوونەوە. ئەو دۆخە بۆ زمانێکی سەرکوتکراوی بێدەوڵەت و بێدەسەڵاتی سیاسیی وەک کوردی ئاساییە، بەڵام بۆ تێگەیشتنی خەبات لە گۆڕەپانی زماندا پێویستە هەر کوتەبەڵگەیێک کۆ بکەینەوە و لێکیبدەینەوە. وتووێژکردن سەرچاوەیێکی باشە بۆ دروست-کردن و تۆمارکردنی بەشێک لەو زانیارییە کە تۆمار نەکراوە یان نەماوە. ئەو وتووێژەی لەساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ تۆفیق وەهبیم کرد و لێرەدا بڵاوبۆتەوە، نموونەیێک لە زانیاریە کە لە مەڵبەندی بیردا راگیرابوو، و بە قسەکردن دەربڕا و لە سەر شریتی کاسێت تۆمار کرا. ئەو وتووێژە بۆ هەوەڵ جار لە ٢٠١١دا بە نارێکوپێکی بڵاو بۆوە. ئەو کتێبەی لە بەردەستتان-دایە ئەو راستییە دەخاتە بەرچاو کە چ وتووێژکردن و چ بڵاوکردنەوەکەی ئەرکێکی ئاسایی نییە، و دەبێتە هەوێنی خەباتی سیاسی و فکری.

وتوویژی من لەگەڵ تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٧٦ لە لەندن بەڕێوەچوو و بەشێک بوو لە کاری لێکۆڵینەوەم لە پرۆسەی ستانداردکردنی زمانی کوردی کە ئەو کات بۆ تێزی دوکتورا خەریکی بووم. ئەوە سەیرە کە ئەو شریتە دوای زیاتر لە سێ دەیە ئاوارەیی نەفەوتا و بە چۆنێتێکی باش پارێزرا. لە ساڵانی ٩٠دا، کۆپیی شریتەکەم دا بە چەند کەس کە لەمەڕ زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیان دەکرد یان هەڵوەدای تێگەیشتنی مێژووی کوولتووریی کورد بوون. لە ساڵی ١٩٩٥ یان ١٩٩٦دا کۆپیی شریتەکەم دا بە کاک هێرش، سەرنووسەری گۆڤاری ***گزینگ*** کە لە سوێد دەردەچوو، بۆ ئەوەی دایبەزێنێ و لە گۆڤارەکەدا بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ئەو کارە سەری نەگرت. لە نیسانی ٢٠٠٨دا، کاک کەماڵ رەئووف محەممەد، کە بیستبووی لە کتێبەکەمدا، "ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستان‌دا" (بە ئینگلیسی)،[٥] باسی نووسراوەیێکی ئەوم کردووە، بە ئیمەیل و تەلەفوون پێوەندی لەگەڵ گرتم بۆ ئەوەی بزانێ چم نووسیوە، و ئاگادارم بکا لە بەرهەمی لێکۆڵینەوە و چاپەمەنیی خۆی. من لە کتێبەکەم و لە نووسراوەیێکی دیدا، لە بەرهەمێکی کاک کەماڵ لەمەڕ مێژووی قەوانی کوردی کەڵکم وەرگرتووە.[٦] لە ئەو بەرهەمەیدا، بە کۆکردنەوەی قەوان و بە وتوویژ، زانیاریی زۆر بەنرخی تۆمارکردووە. لەو پێوەندییانەدا، بۆم دەرکەوت کە کاک کەماڵ زیاتر لە هەر کەس باسی قەوانی کوردی کردووە (بۆ وێنە لە رۆژنامەی ***هاوکاری***دا)، و زۆربەی

---

[٥] Amir Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan, ١٩١٨–١٩٨٥*. San Francisco, Mellen Research University Press, ١٩٩٢.

[٦] "اسطوانات قديمة واصوات كردية"، ***كاروان***، السنة ٢، العدد ٢١، حزيران ١٩٨٤، ص١٥٣–١٥٩؛ چاپکردنەوەی لە: كمال رؤوف محمد (ابو لالو)، ***باقة دراسات كردية***. اربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٦، ص. ٦٢–٧٤.

لێکۆڵینەوەکانی باسی قەوانی کوردی لە کوردستانی باشوور دەکا. یەکێک لە پرسیارەکانی ئەوە بوو کە قەوانی هەرە کۆنی کوردی لە چ ساڵێکدا دروست کراوە؟ کاتێکی پێم کوت هەوەڵ گۆرانی کوردی لە ساڵی ١٩٠٢دا لە سەر سیلەندر تۆمار کراوە زۆری پێ سەیر بوو. لەو ساڵەدا، ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەلمانی فێلیکس ریتر ڤۆن لووشان (١٨٥٤–١٩٢٤)، پێنج گۆرانیی کوردیی لە سەر سیلەندر تۆمار کردبوون، بەڵام بڵاوی نەکردبوونەوە، و لە مووزەییێکی ئەلماندا پارێزرابوون. یەکێک لەو گۆرانییانە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە بۆنەی سەدساڵ کەلەپووری مۆسیقای تۆمارکراو لە سی.دی.یێکدا بڵاو بۆوە.[٧] من سی. دی.یەکە و ئادرێسی مووزەکەم بۆ کاک کەماڵ نارد، و ئەویش خۆی وەدوای کەوت و دوایە لێم بیست کە بەرنامەیێکی تلەڤیزیۆنی سەبارەت بە ئەو سیلەندرانە بڵاوکردبۆوە.

لە ئەو بابەتانەی بە تەلەفوون باسمان کردن، یەکیان تۆفیق وەهبی بوو. کە بۆم گێڕاوە لە ساڵی ١٩٧٦دا وتووێژم لەگەل وەهبی کردووە و شریتەکەشی ماوە، زۆری پێ خۆش بوو گوێی لێ بگرێ. من شریتەکەم بۆ نارد و دوای ماوەیێک تەلەفوونی کرد و کوتی ئەوە شتێکی دەگمەنە و باشە کە بڵاو بکرێتەوە. من پێم باش بوو بڵاو بێتەوە، بەڵام پێمکوت خۆم دەرفەتی ئەو کارەم نابێ. ئەویش کوتی کە بۆ خۆی وتووێژەکە دادەبەزێنێ، دەیخاتە سەر سی.دی.، و لەگەڵ نووسراوەی خۆی و بەڵگەی دی وەک کتێب بڵاوی دەکاتەوە؛ هەروەها داوای کرد منیش پێشەکیی بۆ بنووسم. مەبەستیشی لە پێشەکی ئەوە بوو کە بڵێم وتووێژەکە کەی و لە کوێ کراوە، کێ لە

---

[٧] *Music! ١٠٠ Recordings. ١٠٠ Years of the Berlin Phonogramm-Archiv. ١٩٠٠–٢٠٠٠*. Edited by Artur Simon and Urlich Wegner. Mainz, Germany: Wergo, ٢٠٠٠.

دانیشتنەکەدا بەشدار بووە، بە چ ئامرازێک تۆمار کراوە، من کەی لە دایک بووم، کەی و لە کوێ دەرسم خوێندووە، چەند منداڵم هەیە و شتی وا، لەگەڵ وێنەی دانیشتنەکە و وێنەی خۆم لەو ساڵەدا. من پێم راگەیاند کە ئەو شتانە بە کاری کەس نایەن و من ئەگەر پێم بکرێ پێشەکی بنووسم، لە باتی ئەوانە، باسی بارودۆخی مێژوویی وتووێژەکە، چۆنێتی و چەندێتی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ستانداردکردنی زمانی کوردی، هەڵسەنگاندنی دەوری وەهبی لەو خەباتەدا، و پێوەندیی بیروڕا و بەرهەمەکانی بە کێشەکانی ئەوڕۆی زمانی کوردی دەکەم. بە ناقایلی رازی بوو و بەڵێنی دا کە من ئازاد بم هەرچێ دەمەوێ بینووسم و ئەویش خۆی هەرچی بییەوێ بینووسێ. من کەمێک لەو زانیارییەی کە سەبارەت بە بەسەرهاتی خۆم دەیویست بۆم نارد، و دەستم کرد بە نووسینی پێشەکییەکە، و فۆتۆکۆپی بەشێک لە چاپەمەنییە کۆنەکان وەک **تعلیم طاقم** و وێنەیێکی خۆمم بۆ نارد. دوای ئەوەی نووسراوەکەی من تەواو بوو و خوێندییەوە، لە قسەکانی ڕا دیاربوو بۆچوون و لێکدانەوەی منی بە دڵ نییە، بەڵام قەت باسی ئەوەی نەکرد کە پێشەکییەکە سانسۆر دەکا. کە کتێبەکەی بڵاو بۆوە، پێشەکییەکەی تێدا نەبوو.[8]

دەکرا، دوای ئەو سانسۆرە، پێشەکییەکە بە کەمێک دەست تێوەردان وەک نووسراوەیێکی سەربەخۆ، بە بێ مەتنی وتووێژەکە، لە جێیێکی دی بڵاو بکەمەوە. بەڵام کە مەتنی چاپکراوی وتووێژەکەم خوێندەوە، هەستم پێکرد کە کاک کەماڵ

[8] ***گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی و خوێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە.*** وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەمیر حەسەنپوور، نووسینەوەی و پەراوێز و خوێندنەوەی (بابی لالۆ) کەمال رەئووف محەممەد. سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١، ٤٦٠ لاپەڕە.

﴿ تعليم طانم ﴾

له مطبعهٔ حکومت له سلیمانی طبع کرا.

١٣٣٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەستی تێوەرداوە، و دوایە کە لەگەڵ مەتنی زارەکی بەراوردم کرد، زانیم کە شێواندوویەتی: وشەکانی گۆڕیون، هێندیک وشەی هەلقرتاندوون، پێکهاتەی رستەکانی تێکداون، خاڵبەندییەکەی بێ سەروشوێن و پڕ لە هەڵەیە، و بە شێوەی دیش مەتنەکەی تێکداوە. جا ئێستە لەگەڵ ئەوەشدا مەتنە زارەکییەکەی خستۆتە سەر سی.دی. و لەگەڵ کتێبەکەی دەفرۆشرێ، لەوانەیە خوێنەرەوە سی.دی.یەکەی لەبەردەست نەبێ، یان نەتوانێ گوێی لێ بگرێ، یان دەرفەتی نەبێ مەتنی چاپی و زارەکی بەراورد بکا.

جا بۆیە لێرە وێڕای پێشەکییەکەی خۆم، وتووێژەکە بە بێ دەست تێوەردان لەگەڵ نامیلکەی ***دوو تەقەلای بێسوودی*** ئەمین زەکی بڵاو دەبێتەوە. ئەوەش نموونەیێکە لە دەستتێوەردانی کاک کەماڵ لە وتووێژەکە (لاپەڕەی ٤٤):

| دابەزاندنی کەمال ڕەئووف محەمەد | مەتنی زارەکی وتووێژەکە |
|---|---|
| **ت. وەهبی:** ... لە ئەم نووسینانەدا نیشانەی تایبەتیم بۆ (دەنگی کوردیی) بە کار هێناوە هەرچەندە لە بەرەوە تێ گەهیشتم کە (تیپەکانی عارەبیی) بەس نین بۆ نووسینی دەنگەکانی کوردیی. (ل. ٤٤، د. ١)<br>...<br>**ت. وهبی:** لەگەڵ نامە ڕەسمییێکەی وەزارەتی مەعاریف، (گرامێرێگی ئینگلیزیی)شیان ناردبوو کە لە نووسینی گرامێرەکەدا پەیرەویی بکەم. بە ڕاستیی گیرۆدەی کردبووم.* (ل. ٤٤، د. ٩)<br>... ...<br>* خۆی گوتوویێتی: (داگیر کرد بووم) و ئەوەم پێ ڕاست و جوان نەبوو. کورد (گێرۆدە) بە کار دەبات. | **ت. وەهبی:** ... لەم نووسینانەدا نیشانەی تایبەتیم بۆ دەنگی کوردی بە کار نەهانیوە هەرچەندە لە بەرەوە تێگەیشتم کە تیپەکانی عەرەبی بەس نین بۆ نووسینی دەنگەکانی کوردی.<br>...<br>**ت. وهبی:** ... لەگەڵ نامە ڕەسمییەکەیدا کە وەزارەتی مەعاریف ناردبووی، گرامێرێکی ئینگلیزیشیان ناردبوو بۆم کە پەیرەویی بکەم لە نووسینی گرامێرەکەمدا بەڵام من لە ئەندێشەی نووسینی دەنگەکان دابووم، ئەو ئەندێشەیە بە راستی داگیری کردبووم. |

هەر لە ئەو نموونە کورتەدا، چەند لایەنی دەست-تێوەردانەکە وەبەرچاودەکەوێ: وشەی "بەکارنەهانیوە"ی کردووەتە "بەکارهێناوە" و مەعنای رستەکەی بە یەکجاری گۆڕیوە؛ "دەنگی کوردیی" و "تیپەکانی عارەبیی" و شتی وای لە نێوان کەوانە هاویشتون بێ ئەوەی ئەو وشانە پێویستیان بە هیچ هەڵاواردنێک بێ؛ وشەی "هەر" و "بۆ ئەوە کە" و بەشێک لە رستەی "بەڵام من لە ئەندێشەی نووسینی دەنگەکان دابووم، ئەو ئەندێشەیە"ی هەڵقرتاندوون و مەعنای رستەکەی گۆڕیوە. لە ماوەی مەتنەکەدا، فۆرمی زۆر وشەی گۆڕیوە، بۆ وێنە "شت"ی کردووەتە "تشت"، "ترکەکان"ی کردووەتە "تورکەکان"، "وەکوو"ی کردۆتە "وەک"، "لە لامە"ی کردووەتە "لە لام هەیە" (ل. ٤٧، د. ٣)، "ئەگەر ئێوە بیخوێننەوە"ی کردووەتە "ئێوە بی خۆیندنەوە" (ل. ٤٧، د. ٦)، "ئەگەیشتم"ی کردووەتە "دەگەهیشتمە" (ل. ٦٠، د. ١). هەروەها، زۆر وشەی بە تەواوی گۆڕیون و مەعناکانی تێکداون، بۆ وێنە "دەنگەکانی" کردووەتە "تیپەکانی" (ل. ٤٥، دێڕی ٨)، "دەپەرتێنرێ"ی کردووەتە "دەردەپەڕێندرێ" (ل. ٤٥، د. ١٠)، "کەس چاوی پێیان نەکەوێ"ی کردۆتە "کەس چاویان پێ کەوێت" (ل. ٥٩، د. ١)، "لە تورکیاوە هاتمەوە"ی کردووەتە "لە تورکیاوە گەڕامەوە" (ل. ٦٠، د. ١٩) و هتد. جا کە پێی وایە وەهبی ناتوانێ جوان بە کوردی قسان بکا، وای دادەنێ خوێنەرەوەش باش تێناگا، و خێراخێرا قسەی وەهبی دەبڕێ، بە تێهەڵکێشی کورت و درێژ وشەکان و رستەکانی راست دەکاتەوە، و بۆ خوێنەرەوەی شیدەکاتەوە.[٩] ئەو وتووێژە دەڵێی مەتنێکە بە زمانێکی کۆنی مردووی کەس-

---

[٩] بەلانی کەمەوە ١٧٥ جار قسەی وەهبی دەبڕێ و راستی دەکاتەوە یان دەڵێ مەبەستی چییە و شیدەکاتەوە (ئەو تێهەڵکێشانانە بە حەرفی k دیاری کراون).

نەبیستوو نووسراوە، کە دەبێ بە شیکردنەوەی هەر وشەیێک و بە نووسینی سەدان پەراوێز وەدەنگ بخرێ.[10]

کاک کەماڵ ئاگای لەو تێهەڵقوتانەی خۆی هەیە، و رەنگە پێی وابێ مەتنێکی زارەکی بێ سەرەوبەری خستۆتە سەر زمانی رێکووپێکی ئەدەبی و رەسمی کوردی (بڕوانە ل. ١٥٠–١٥١، پەراوێزی ١٦٥). ئەوە ئاشکرایە کە لە گشت زمانێکدا، لە قسەکردندا رستەکان زۆر جار رێکوپێک نین و دووپاتەکردنەوە، هەڵەکردن، تێکەڵپێکەڵکردن، و پاش و پێشکردن زۆرە (ئەگەر بە پێوانەی زمانی نووسین هەڵیبسەنگێنین). بەڵام لە زانستی زمانناسیدا، بۆ دانانی رێزمان، بایەخی زۆرتر دەدرێ بە زمانی زارەکیی، و رێزمانەکەی لەگەڵ رێزمانی نووسین تێکەڵ ناکرێ. زمانی نووسینیش تایبەتێتێ و دینامیسمی خۆی هەیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ زمانی زارەکی قووڵ و ئاڵۆزن. ئەوەش ئاشکرایە خەڵک زۆرتری لێدوانیان بە زارە نەک بە نووسین. لە ئەو چاوپێکەوتنەدا، وەهبی خەڵکی سلێمانی بوو، دوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

[10] بێجگە لەوانە، ٢٠٥ پەراوێزی بۆ ئەو مەتنە هێناوەتەوە کە زۆربەی پێویست نییە یان پێوەندی بە روونکردنەوەی باسەکانەوە نییە. بۆ وێنە، پەراوێزێکی زۆر بۆ ناوی وەک سلێمانی، مەهاباد، زەرتەشت، خورماڵ یان سەرچنار تەرخان کراوە کە لە ئەو پەراوێزانەدا تەنانەت باسی رەگ و ریشەی ئەو وشانەش کراوە. یاخۆ پەراوێز بۆ هەر کەسێکی ناوی لە وتووێژەکەدا هاتووە – لە شێخ مەحموود و سمایل ئاغای سمکۆ و مەلیک فەیسەڵ و ئیمامی عەلی ڕا بگرە هەتا محەمەد بریفکانی وجەماڵ بابان و جەعفەر عەسکەری. پەراوێز نووسینی کورت بۆ بەعزە نێوێک بە کەڵکە، بەڵام پەراوێزی ١٧ لاپەڕەیی بۆ شێخ مەحموود (ل. ٦٠–٧٧)، ئەویش باسی شتی وا کە زۆرتری پێوەندیی نییە بە روونکردنەوەی بۆچوون و تێبینییەکانی وەهبی، کاغەز رەشکردنەوەیە. یاخۆ لە پەراوێزی ١١٩ (ل. ١٢٠)دا کە دارمستەتەر (J. Darmesteter) و بەرهەمی لێکۆڵینەوە و دەرسکوتنەوەی دەناسێنێ، دەنووسێ: "دارمستەتەر هاوژینی خۆی؛ (ماری. ف. رۆبنسن)ی تا مردن لەگەڵ بووە". ئەوە چ رووناکاییێک دەخاتە سەر ئەو دوو سێ رستەی وەهبی لە مەڕ دارمستەتەر کوتوویەتی؟

کەس موکریانی بوون (کاک عەزیزی ژیان و من)، و ئاسیا خانم (هاوژینی وەهبی) عەرەبی عێراقیی بوو، بەڵام باش تێکدەگەیشتین.

ئەو گشتە خۆتێهەڵقوتانانە لە مەتنی وتووێژەکە، نە پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە، بەڵکوو کۆسپ و گرفتەکانی وەدەردەخا. کوردی، دوای سەد ساڵ خەبات بۆ ستانداردێتی، بۆ ئەوەندە کلۆڵە کە پسپۆڕێکی زمانەکە، تۆفیق وەهبی، تێیڕانابیندرێ بتوانێ بە ئەو زمانە بدوێ و مەبەستی خۆی دەرببڕێ، و دمڕاستێکی دەوێ کە لە هەر دێڕێکدا بە مەیلی خۆی کوردییەکەی "ڕاست" بکاتەوە؟[11] ڕەنگە بگوترێ ئەوە دەردی زمانەکەیە کە بە ڕادەی پێویست ستاندارد نەبووە و هەرکەس دەتوانێ ئیدیۆلێکت (idiolect)، سۆسیۆلێکت (sociolect)، یان بن-لەهجەی (sub-dialect) خۆی دەکاربێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە تا ڕادەیێک ڕاستە، و کوردی سۆرانی هێشتا لە سەر نۆرمێک (norm) ساخ نەبووەتەوە، ئێستە زمانەکە ئەوەندە ناستاندارد نییە کە ئەو بەڵایەی بەسەربێ کە لە دابەزاندن و بڵاوکردنەوەی وتووێژەکەدا تووشی بووە. گرفتێک ئەویە کە نە مێتۆدی لێکۆڵینەوە بایەخی پێدەدرێ نە تیۆری.

---

[11] کەم کەس هەیە تاوانبار نەکرابێ بە کوردینەزانین. بۆ وێنە، عەبدولسەتار تاهیر شەریف مەسعوود محەمەدی تاوانبارکردووە کە ((زمانی کوردی لە تیپی ئەلفەوە تا تیپی (ی) شێواندووە و شکاندوویەتی بە سەریەکا))؛ تاوانێکی گەورەتر بەکارهێنانی ((کۆمەڵێک ووشەی پەتی دانیشتووانی شاری کۆیە... گوناهێکی گەورەترە بەرامبەر بە جۆرێ نووسینی زمانی کوردی یا زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، دوور نییە هەر مەبەسیش بۆ شێواندنی زمانەکە بێ)). عەبدولسەتار تاهیر شەریف، **حاجی قادر: شاعیری شۆرشگێڕ و پێشکەوتنخواز و دیموکراتی نەتەوەی کورد**، بەغدا، ١٩٧٧، ل٨١.

با بێمەوە سەر باسی دوو بەڵگەکان. زمانی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨وە بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی ***کردستان*** بە تایبەت لە ١٩١٨ بە ئەولاوە بەرەو ستانداردبوون رۆیشتووە، و ئەو مێژوویە پڕە لە تەجرەبەی بەنرخ، بەرزیی و نزمیی، پێچ و پەنا، و پێشکەوت و دواکەوت. بەڵام یەکێک لە تایبەتێتییەکانی ئەو خەباتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە پشتئەستوور بە تیۆری و مێتۆدی زانستی و تێبینی مێژوویی نییە. ئەوەش کۆسپێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی ناهێڵێ کێشە و گرفتەکان بە شێوەیێکی دروست دیاری بکرێن و چارەسەر بکرێن، و بە دەردی پێشینیان کوتوویانە ((کەو دەبێتە زڕەکەو)) و ((سەرێکی نایێشێ پرێسکەی لێدەبەستن)). بۆ پێشاندانی ئەو ناکۆکییە – دواکەوتوویی پراتیک و وەپاشکەوتنی تیۆری لە پراتیک – نموونەیێکی ئەوڕۆیی دێنمەوە. لە ٢٠١٢دا، "گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی" بانگەوازێکی لە دژێ لاتینی کردنی ئەلفوبێی کوردی بڵاوکردەوە ("زمان و ئەلفوبێی کوردی: لە نێوان شێواندن و چارەسەری زانستیدا")[١٢] دەرکرد و ٤٧١ کەس بە نووسینی نێوی خۆیان پشتیوانیان لێکرد. کاک فەرهادی شاکەلی، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی ئووپسالای سوێد و یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرۆیە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ رادیۆ زایەلەی سوێد لە ١٤ سیپتامبری ٢٠١٢دا لە مەڕ ئەلفوبێی لاتینی کوردی کوتوویەتی:[١٣]

---

[١٢] http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=٣٤f٤١be١

[١٣] ئەو قسانە بەشێک لە وتووێژی رادیۆ زایەڵەیە لەگەڵ فەرهاد شاکەلی، و من دامبەزاندووە. کاک نەوزاد هیرۆری، بەرپرسی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم، هەر لەو وتووێژەدا بەرپەرچی بۆچوونەکانی شاکەلیی داوەتەوە:
http://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=٢٢٠٠&artikel=٥٢٧١٤٥٥

ئەو ئەلفوبێیە بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ڕەوشی تورکیا دروست کراوە، پێشتر کە دروست کراوە بەو عەقلییەتە، بەو زانینە دروست کراوە کە کورد بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ وەزعی تورکیا، بەڵام ئەلفوبێ بۆ زمانێ دروست دەکەی، تۆ ناتوانی زمان مەجبوور بکەی، زمان ناچار بکەی لەگەڵ ئەلفوبێ بگونجێ، لە گەڵ زمانا ...

ئەو ئەلفوبێ لاتینییە نەک تەنیا بۆ کوردی خواروو، بۆ کوردی و کورمانجیش، بۆ کوردی سەرووش بەکار نایەت، چونکوو کۆمەڵێک فۆنیمی تێدایە لەو ئەلفوبێیە دروست نەکراوە، بە لای کەمەوە حەوت فۆنیم لە کوردیدا هەیە کە لە ئەلفوبێی [لاتیندا] هیچ حەرفێکی بۆ دانەندراوە؛ تۆ ناتوانی زمانێک بنووسی کە حەوت فۆنیمی ناتەواو بێ، بەو ئەلفوبێیە ناتوانی بنووسی ...

ئەگەر تۆ بخوازی ئەلفوبێی لاتینی لەگەڵ هەموو زمانی کوردیدا بگونجێنی، پێش حەموو شتێ، جارێ واز لە زمانی کوردی بێنە، بەس لەگەڵ کرمانجی بگونجێنە، لەگەڵ کرمانجیش نەیانتوانیوە بیگونجێنن؛ ئەو کەسانەی کە بەرگری لە ئەلفوبێی لاتینی دەکەن فەرموو با بیگۆڕن، بۆ نایگۆڕن؟ ئەو دەنگانەی نییە لە ئەلفوبێی لاتینی با حەرفی بۆ دابنێن، ئەو وەختە بۆ هەموو کوردیش کوردی خوارەوەش بزانە چەند دەنگی تێدا کە نییە لەو ئەلفوبێیە، با ئیشارەت بۆ ئەویش دابنێن، بەڵام هیچ هەنگاوێک نەکراوە لەو رووەوە. بەڵام بۆ من وەک کەسێک کە پێم وایە لە بواری زمان، لە بواری زمانی کوردیا کارم کردووە، بۆ من ئەوە نییە ئەلفوبێی لاتینی

مەسەلە ئەلفوبێەکە باش یا باش نییە، ئەلفوبێی لاتینی حەموو دەنگەکانیشی تێدا بێ دیسان بە قازانجی ئێمە نییە، بە زەرەری زمانی کوردییە.

ئەگەر تۆ ئەلفوبێی لاتینی دەست پێبکەی، یەعنی دەبێ رابردووی خۆت بسڕیتەوە، رابردووی خۆت وازلێبێنی، هەمووی دوور بخەیتەوە، لە سفرەوە دەست پێدەکەی، میللەتیش ناتوانێ لە سفرەوە دەستپێبکا، ئەمە خەتەرێکی گەورەیە، بەنیسبەت ئاسایشی زمان و نەتەوەی کوردەوە، گۆڕینی ئەلفوبێ.

راستە خانی و جەزیری بە ئەلفوبێی لاتینی دەخوێننەوە، بەڵام ئەتۆ ناتوانی خانی بە ئەلفوبێی لاتینی بخوێنیوە، ئەوەی دەڵێ ئەمن خانی یا جەزیری بە ئەلفوبێ لاتینی دەخوێنمەوە راست ناکا، لێی تێناگا، ناتوانێ لێی تێ بگا، لە ئیستێتیکی تێناگا، نە جوانیی زمان تێدەگا نە هونەری شێعر تێدەگا بە ئەلفوبێی لاتینی، تۆ ناتوانی [ئەدەبی] کلاسیک بە لاتینی بخوێنیەوە.

ناسنامەی کورد وەک نەتەوە، ناسنامەی کورد وەک زمان سێ فاکتۆری هەیە: فاکتۆری رۆژهەڵاتی بوون، فاکتۆری موسوڵمان بوون، فاکتۆری ئێرانی بوون. ئەو سێ فاکتۆرە، ئایدێنتیتی کوردە، ئێمە پێمان وایە بە بەکارهێنانی لاتینی دووردەکەوین لە ئایدێنتیتی خۆی...

ئەو بۆچوونانە هیچ کامیان کێشەی ئەورۆی زمانی کوردی دەست نیشان ناکەن و بگرە بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی کێشە دادەتاشن. هیچ کام لە ئەو باسانە خۆ لە

قەرەی تیۆری نادەن و ئەگەر شاکەلی تۆزێک ئاگای لە زانستیی زمانناسی با، لە ئەوانە بوو ئەو قسانەی نەکردبان. تەنانەت ئەگەر ئاگای لە تیۆرییش نەبا، و هەر مێژووی زمانی کوردی و زمانی دی لەبەر چاو بووبا، لە ئەوانە بوو خۆی لە ئەو لێکدانەوە و ڕێنوێنییانە بپارێزێ. با بە کورتی پێیدا بچمەوە.

**یەک** – بە پێچەوانەی گوتەی شاکەلی، ئەلفوبێی لاتینیی کوردی ((بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوشی تورکیا)) دروست نەکراوە. تورکییەی کەمالیستی لە ١٩٢٨دا ئەلفوبێی عەرەبی گۆڕی و کردی بە لاتینی، بەڵام هەوەڵ جار کە حەول درا ئەلفوبێی کوردی بکرێ بە لاتینی ساڵی ١٩٢٠ لە کوردستانی عێراق بوو، کاتێک کە دایرەی مەعاریف لە بەغدا (***کتابی ئەوەڵەمینی قیرائەتی کوردی***) بڵاوکردەوە.[١٤] ساڵێک دوای تورکییە، لە ١٩٢٩دا لە یەکێتی سۆڤێت، کورمانجییان بە لاتینی نووسی، بەڵام دوای پازدە ساڵان کردییانە سیریلی (١٩٤٥). ئەو لاتینیکردنەش لاساییکردنەوەی تورکییە نەبوو، چونکە ئەلفوبێی چەند زمانی دیشیان لە پێش ١٩٢٨ و لەپاشان کردە لاتینی (بۆ وێنە تاجیکی لە ١٩٢٦دا) و دوایەش کردییانە سیریلی.[١٥] لاتینیکردنیش لەو زمانانەی کە ئەلفوبێی عەرەبییان دەکارهێناوە، حەولی بۆ دراوە تەنانەت لە زمانی عەرەبی و عیبریشدا.[١٦]

---

[١٤] Muhammed Zaki Efendi wa Mirza Muhammed Bashka, *Kitab i Awalamin i Qiraat i Kurdi*. Nashir kirawatawa be wasta i Daira i Maarif i Baghdad, ١٣٣٦–١٩٢٠.

[١٥] Amir Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan, ١٩١٨–١٩٨٥*. San Francisco: Mellen Research University Press, ١٩٩٢, pp. ٣٦٩–٧٦.

[١٦] İlker Aytürk, “Script charisma in Hebrew and Turkish: A comparative framework for explaining success and failure of Romanization,” *Journal of World History*, Vol. ٢١, Issue ١, ٢٠١٠, pp. ٩٧–١٣٠.

دوو– شاکەلی دەڵێ: ((*... تۆ ناتوانی زمان مەجبوور بکەی، زمان ناچار بکەی، لەگەڵ ئەلفوبێ بگونجێ*)). ئەو باسەش لە بۆچوونی هەڵەدا پەنگاوی خواردۆتەوە. لە زمانناسیدا، ئەوە روونە کە زمان دەکرێ بە ئەلفوبێی جۆراوجۆر بنووسرێ و تەنانەت بە بێ ئەلفوبێ (بۆ وێنە لە نووسینی چین‌دا) بنووسرێ و بخوێندرێتەوە. زمانی زارەکی بناغەی زمانی نووسینە، بەڵام زمانی نووسینیش دینامیسمی خۆی هەیە و پێوەندییەکانیان یەکلایەنە نییە. دەنگ زۆر زانیاری دەردەبڕێ کە نووسین دەیشارێتەوە، وەک جینسێتی(ژنێتی و پیاوێتی)، تەمەن (منداڵی و گەورەیی)، و دنیای دەروون (شادیی، غەم، تووڕەیی...).[١٧] ئەوە لەمێژە زانراوە کە هێنانەسەر نووسینی ئاخافتن، زمانی زارەکی کورت و ناتەواو دەکا، و هیچ ئەلفوبێیێک ناتوانێ دەوڵەمەندیی دەنگ بنوێنێ. جا بۆیە ئەو ئیدیعایە – ((زمان ناچار بکەی لەگەڵ ئەلفوبێ بگونجێ)) یان پێچەوانەکەی – دوورکەوتنەوەیە لە زانستی زمانناسی و لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٧] زمانناسیی سەدەی بیست لەسەر ئەو بۆچوونە ساغبۆتەوە کە زمانی زارەکی سەرەکییە و بنچینەی زمانی نووسراوە؛ ئێستە ئەو دوانە وەک دوو زمان چاویان لێدەکرێ کە پێوەندی قووڵیان هەیە، و هەرکامیان رێ و شوێنی خۆیان هەیە، و هەم وێکچوونیان گرینگە و هەم جیاوازییان، و نووسینیش، ئەگەر بێتوو ستاندارد بێ، زارەکێتی ستانداردی خۆی سازدەکا. زمانی نووسین خۆی دیاردەیێکی کۆمەڵییە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵات وەک پێوەندییەکانی زمانی زارەکی نییە. سەرەکی بوونی دەنگ و ناسەرەکی بوونی حەرف ئەوە ناگەیێنێ کە زمانی نووسراو نزمە. بۆ نموونەی ئەو باسانە و لێکدانەوەی سیستێمی ئەلفوبێیی، بڕوانە:

Peter T. Daniels, “Grammatology,” in Peter Daniels and William Bright, *The World’s Writing Systems*. New York & Oxford: Oxford University Press, ١٩٩٦, pp. ١–٢; Wallace Chafe, “Writing versus speaking,” *International Encyclopedia of Linguistics*. Second Edition, ٢٠٠٣, pp. ٣٨٥–٨٦; Bennett Rafoth and Donald Rubin (eds.), *The Social Construction of Written Communication*. Norwood, N.J.: Ablex Pub., ١٩٨٨.

پێوەندییەکانی نووسین و کوتن. با لە تیۆریڕا بێینە سەر تەجرەبەی رۆژانەی زمان و مێژووی زمان: بۆ وێنە زمانی چینی بە کەلەپووری نووسینی یەکجار دەوڵەمەندی خۆی و بە پێنج هەزار ساڵ مێژووی نەپساوەی زمانە ئەدەبییەکەی، بە ئەلفوبێ نانووسرێ و هیچ کام لە دەنگەکانی بە حەرف نوێنەری ناکرێن. نووسینی بەبێ ئەلفوبێ کەم نین، وەکوو نووسینی پیکتۆگرافی (بە وێنە وەکوو هیرۆگلیفی میسری کۆن)، ئیدیۆگرافی (نیشانە بۆ دەربڕینی فکرێک یان ئیدەیێک وەک لە سۆمێری و هیتیدا) یان لۆگۆگرافی (وەک چینی و ژاپۆنی).[١٨] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چینی بە وێنە (symbol) دەنووسرێ و لە رواڵەتدا هیچ پێوەندی بە دەنگەوە نییە، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، چینییەکان فکریان بە وێنەی شت دەرنابڕن، و ئەو وێنانە دەنگێش دەردەبڕن.[١٩] جا بۆیە ئەو باسە – زمان لەگەڵ ئەلفوبێ بگونجێنی یان ئەلفوبێ لەگەڵ زمان – کێشەڕۆنانێکی بێجێ و ناپوختە و دوور لە زانستی زمانە.

سێ– شاکەلی دەڵێ: ((*ئەگەر تۆ ئەلفوبێی لاتینی دەست پێبکەی، یەعنی دەبێ رابردووی خۆت بسڕیتەوە... ئەمە خەتەرێکی گەورەیە، بە نیسبەت ئاسایشی زمان و نەتەوەی کوردەوە*)). ئەوە راستە ئەگەر ئەلفوبێیەکە بگۆڕدرێ، بەرەی داهاتوو چیدی بە ئەلفوبێی کۆن رانایە و تا رادەیێکی لەو کەلەپوورە نووسراوە دەپسێتەوە، بەڵام کەلەپووری

---

[١٨] Andrew Robinson, *The Story of Writing: Alphabets, Hieroglyphs and Pictograms*. New York: Thames and Hudson, ١٩٩٥.

[١٩] لێرەدا دەرفەتی پێداچوونەوەی ئەو شێوە نووسینە نییە. بۆ زانیاری سەبارەت بە پێوەندی دەنگ و وێنە لە نووسینی چینیدا بڕوانە:
John DeFrancis, *Visible Speech: The Diverse Oneness of Writing Systems*. Honolulu, University of Hawaii Press, ١٩٨٩, p. xii.

**نووسراوی کوردی ئێستە، کە لە چەندێتیدا ناگاتەوە کەلەپووری تورکی عوسمانی، بە تێکنۆلۆژی تازە هاسان دەکرێ بە لاتینی. هەروەها، زۆربەی خەڵک لەو رابردوویەدا ناژین، و لە ئێستە و داهاتوودا دەژین.[٢٠]**

**چوار– شاکەلی دەڵێ: ((*ئەوەی دەڵێ ئەمن خانی یا جەزیری بە ئەلفوبێی لاتینی دەخوێنمەوە راست ناکا، لێی تێناگا، ناتوانێ لێی تێبگا، لە ئیستێتیکی تێناگا، نە جوانیی زمان تێدەگا نە هونەری شێعر تێدەگا بە ئەلفوبێ لاتینی، تۆ ناتوانی [ئەدەبی] کلاسیک بە لاتینی بخوێنیەوە.*)) ئەو قسەیەش جێگەی سەرسوورمانە. ئەدەبی کلاسیک و نوێی کوردی لە سەدەی بیستدا بە سێ ئەلفوبێی جیاواز نووسراوەتەوە، و خوێندراوەتەوە، و کەسێک پێی وابێ تەنیا ئەوانەی بە ئەلفوبێی عەرەبی خوێندوویانەتەوە تێیگەیشتوون، نە لە دیاردەی خوێندنەوە تێدەگا، نە لە زانستی زمانناسی، و فڕی بە ئیستیتیکەوە نییە، و بە ((ئیدەئۆلۆژییێکی زمانیی)) کە سەرچاوەی لە ناسیۆنالیسم و رەگەزپەرستیدایە، چاو لە زمان و خوێندنەوە و مێژوو دەکا. لە بناغەی ئەو بۆچوونەدا، گاشەبەردی تێنەگەیشتن لە**

---

[٢٠] گۆڕینی ئەلفوبێ ئێستە کە تێکنۆلۆژیی زمان زۆر وەپێش کەوتوە لە جاران هاسانتر، بەڵام ئاڵۆزترە. جاران چاپ و مەدرەسە و دەوڵەت دەوری کاریگەریان دەگێڕا لە پەرەپێدانی هەلفوبێی تازەدا، بەڵام تەنانەت لە لاتینی کردنی تورکیشدا، بە پێچەوانەی پرۆپاگاندەی کەمالیستەکان، دژوەستان هەبوو. بۆ وێنە بڕوانە:

Laurent Mignon, “The literati and the letters: A few words on the Turkish alphabet reform,” *Journal of the Royal Asiatic Society*, Vol. ٢٠, Issue ١, ٢٠١٠, pp. ١١–٢٤; Geoffrey Lewis, *The Turkish Language Reform: A Catastrophic Success*. Oxford: Oxford University Press. ١٩٩٩.

پێوەندییەکانی نێوان دەنگ و حەرف داندراوە.[21] ئەو تێنەگەیشتنە قووڵ و بەرینە، تەنانەت لە لای ئەوانەی خەریکی چاککردنی ئەلفوبێ و رێنووسن. لە ئەو تێگەیشتنەدا، دەنگ لە حەرف دەردێ نەک حەرف لە دەنگ (بڕوانە خوارێ).[22] بۆ بەراوردکردنێکی بەپەلەی نووسین و خوێندنەوە بە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی، با بڕوانینە ئەو چەند دێڕەی ***مەم و زین***ی خانی:

١- لە دەستنووسێکی سەدەی ١٨دا:

من دی علما کلام موزون — عالی بکرا لبان گردون
بینا ڤە روح ملای جزیری — پی حی بکرا علی حریری
کیفک وە بدا فقی طیران — حەتا ابد بمای حیران[23]

٢- لە مەتنێکی تازە بە ئەلفوبێی عەرەبی-کوردی (١٣٦٧ هەتاویی، ١٩٨٨ ز)

---

[21] لە سەدەی بیستدا، ئیستگەی رادیۆی ئێرەڤان بە کورمانجی و ئیستگەی رادیۆی بەغدا و کرماشان بە سۆرانی و کورمانجی، و تلڤیزیۆنی مادت.ڤ بە کورمانجی و سۆرانی بەرنامەی جۆراوجۆریان هەبوو، و لە هەرمەنستان هەواڵەکانیان بە ئەلفوبێی سیریلی دەنووسی و دەیانخوێندەوە، لە بەغدا بە ئەلفوبێی عەرەبی، و لە مادت.ڤ بە لاتینی. بەڵام زۆربەی گوێگرەکان بە خەیاڵیاندا نەدەهات کە چ ئەلفوبێیێک لە پشت زمانی زارەکیی رادیۆ دا راوەستاوە. حەرف بۆ خۆی نە دەنگە نە دەنگ دەداتەوە، ئەوە زمانی زارەکییە کە دەنگ دەخاتە ناو حەرف، ئەویش بە قەراردانان و بڕیاردان.

[22] بۆ وێنە، ئەکادیمیای کوردی دەنووسێ: ((هەندێ تیپ، لە زمانی کوردی و زۆر زمانی تریشدا، لە دەنگێک زۆرتریان هەیە و جاروباریش دوو تیپ دەکەونە یەک و دەنگێکی تایبەتیی جیاواز پێک دێنن، ناوبەناویش نیمچە دەنگێکی شاردراوە لە نێوان دەنگەکانی دوو تیپدا خۆی دەردەخات...)) ئەکادیمیای کوردی، ***هەوڵۆچکەیەکی تری، بەرەوڕاستە رێنووسی زمانەکەمان***، لە:
kurdishacademy.org/%٣Fq%٣Dnode/٤٠٠.

[23] احمد خانی، ***مم و زین***. تیکستا کریتیک، ترجما و پیشنجر م. ب. رودنکو، مسکوا، آکادمیا علمی یا تفاقا شوری، اثارید ادبی اید ملتید روهلاتی، تیکست، زنجیرا بچوک، ١٣، اینستیتوی ملتید آسیا، نشرخانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٢، ر. ٣٥-٣٦.

# KITAB I AWALAMIN I QIRAAT I KURDI

NUSRAWA BE WASTA I

MUHAMMED ZAKI EFFENDI

wa

MIRZA MUHAMMED BASHKA

MUA'LIMAN I MAKTAB I HUKUMAT SULAIMANIYA

www.zheen.org

TARJUMA KRAWA BE WASTA I

Major E B SOANE wa Captain W J FARRELL

NASHR KRAWATAWA BE WASTA I

DAIRA I MAARIF I BAGHDAD

1336-1920

[illegible]

PRINTED BY W E [illegible]

1920

من دێ عەلەما کەلامێ مەوزوون   عالی بکرا ل بانێ گەردوون
بیناما ڤەروح مەلایێ جزیری   پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران   حەتتا ب ئەبەد بمایی حەیران.[24]

٣- لە مەتنێکی تازە بە ئەلفوبێی لاتینی-کوردی (٢٠١٢):

Min dê ‘elema kelamê mewzûn
‘Ali bikira li banê gerdûn
Bînave ruha Melê Cizîrî
Pê hey bikira ‘Elyê Herîrî
Keyfek we bida Feqîhê Teyra
Hetta bi ebed bimaye heyran[25]

کێ دەتوانێ ئینکاری بکا کە مەتنە لاتینییەکە باشتر و تەواوتر لە مەتنە کلاسیکەکە فۆنیمەکانی دەربڕیوە؟ بێجگە لە ئەوە، بۆ خوێنەرەوەی کوردی باکوور کە ئەلفوبێی عەرەبی فێرنەبووە و بە پرۆپاگاندەی دژی-عەرەبی پێگەیشتووە، مەتنە لاتینییەکە زۆرتر کوردییە تا مەتنە عەرەبییەکە. عەرەبی بۆ ئەوان بێگانەیە. مەتنی ٢ بە ئەلفوبێی عەرەبی-کوردی ئەورۆ نووسراوەتەوە و، وەک مەتنی ٣ کە لاتینی-کوردییە، فۆنیمەکان باشتر و زۆرتر دەردەبڕێ، و تەنانەت بۆچوونی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی ئەو کەسەی کە نوسیوێتەوە ئاشکرا دەکا: بۆ وێنە مەتنە لاتینییەکە، ئەو دەنگەی کە بە <ح> دەنووسرێ دەکاتە /ە/ (وەکوو Ĥerîrî کە کراوە بە

[24] ئەحمەدێ خانی، ***مەم و زین***. ڤەژینەر و شرۆڤەکەر پەرویز جهانی، ارومیە: ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی، ١٣٦٧، ر. ٣٥-٣٦.

[25] Ehmedê Xanî, *Mem û Zîn*. Şirove û Kurdiya Îro: Jan Dost, Istanbul, Avesta, ٢٠١٠, r. ١٤٤.

îrîHer)، ئەوەش هیچ پێوەندی بە کەم وکورتی لاتینییەوە نییە و بەرهەمی بۆچوونی ناسیۆنالیستییە کە پێی وایە <ح> عەرەبییە، وعەرەبی "گڵاوە"، و دەبێ لە زمانی کوردی "پاک بکرێتەوە"، دەنا <ح> تا ئێستا بە <ĥ> نووسراوە[٢٦] (بۆ وێنە لە ***فەرهەنگا کوردی-رووسی*** ساڵی ١٩٦٠).[٢٧] جیاوازیی دیش لە نێوان دوو مەتنی تازەی ٢ و ٣ هەیە کە پێوەندی بە لاتینی بوون و عەرەبیبوونەوە نییە و هەردوو ئەلفوبێ دەریدەبڕن، چونکە هەردووکیان ئەلفوبێی فۆنیمین (لاتینییەکە زۆرتر لە عەرەبییەکە)، بۆ وێنە مەتنی ٢ دەنووسێ "عەلی" بەڵام مەتنی ٣ دەنووسێ Elyê'.[٢٨] ئەوە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی مەتنەکەی خستۆتە سەر ئەلفوبێی فۆنیمیی (هەم لاتین و هەم عەرەبی-کوردی)، و ئەوەی کە چ نۆرمێکی (norm) کورمانجی دەکاردێنێ (چونکە کورمانجێش وەک سۆرانی لە سەر نۆرمێک ساغ نەبۆتەوە)، و هەروەها پێوەندی بە ئەوەوە هەیە کە ئەو مەتنە شیعرییە چۆن دەخوێنێتەوە و چۆنی تێدەگا.

بەپێی زانستی زمانناسی، پێوەندیی دەنگ (فۆنیمەکان) و حەرف بە قەرار و بڕیار داڕشتراوە. بۆ وێنە وشەی /دار/ لە سێ دەنگ پێکهاتووە و بە سێ حەرفیش دەنووسرێ. ئەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٦] بە رەسم و دابی فۆنۆلۆژی، حەرف یان گرافیم لە نێوان <> و دەنگ یان فۆنیم لە نێوان // داوێم.

[٢٧] Q. Kurdo, *Ferhenga Kurdî–Rûsî*. Moskva: Akadêmîya Zanistîyê ya Sovêtîstanê, Înstîtûta Rohîlatnasîyê, Neşirxana Dewletê ya Ferhengêd Zimanê Miletêd Dereve û yê Sovêtîstanê, ١٩٦٠.

[٢٨] بۆ کورتە باسێکی فۆنیم و ئەلۆفۆن بڕوانە پەراوێزی ٣٨ و ٣٩ لە پێشەکیدا. "ئەلفوبێی فۆنیمی" ئەلفوبێیێکە کە بۆ هەر فۆنیمێک (دەنگی سەرەکی زمان) حەرفێک (گرافیمێکی) هەبێ.

دەنگەی کە بە <د> نووسراوە دەکرێ بە هەر نیشانەیێکی دی بنووسرێ (لە سیریلی دا بە <д> و لە لاتینی دا بە <d> دەنووسرێ). هیچ شتێک لە شکڵی <د> یا <д>دا نییە کە هیچ پێوەندییێکی بە دەنگەکەوە هەبێ: یەکیان دەنگە و ئەوی دی رەنگە کە لە سەر لاپەڕەی کاغەز کێشراوە (یان دەکرێ لە سەر بەرد و شتی دی هەڵقەندرێ). دەکرا ئەو دەنگە بە هەر شکڵێکی دی بنووسرێ، بەڵام لە رابردوویێکی کۆن لە پرۆسەی پەیدابوونی ئەلفوبێی عەرەبیدا، وا داندراوە کە ئەو حەرفە نوێنەری دەنگێک بێ کە لە عەربیشدا زۆر وەکوو کوردییە. هێچ شتێک لە سروشت، ذات، یان فیترەتی نیشانەی <د> دا نییە کە بیکا بە نوێنەری ئەو دەنگە. جا بۆیە تەنانەت لەو زمانانەی کە ئەلفوبێی عەرەبیش دەکاردێنن (نزیکەی ٤٠ زمان)، لەبەر ئەوەی ئەو دەنگە تەواو وەک یەک ناگوترێ، لە هەر زمانێکدا حەرفەکە بە پێی پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی زمانەکە دەخوێننەوە. ئەوەش روونە کە کاتێکی دەست بە نووسینی کوردی کرا، ئەلفوبێی عەرەبی لەبەر چاک بوون، کارامە بوون، جوان بوون، یان کوردی بوون هەڵنەبژێردرا. لەوانەیە هەوەڵ مەتنی نووسراوی کوردی بە ئەلفووبێی عەرەبی نەبووبێ و بە هەرمەنی بووبێ. مەتنێکی دەستنووسی هەرە کۆنی کوردی دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی سەدەی ١٥ و ئینجیلی چاپکراوی هەرەکۆنی کوردی بە ئەلفوبێی هەرمەنی نووسراون (ساڵی ١٨٥٧).[٢٩] ئەلفوبێی عەرەبی پێوەندییێکی بە کوردێتی و

---

[٢٩] رەنگە هەوەڵ مەتنی ئینجیلی کوردی چاپکراو ئەو نۆ ئایەتەی ئینجیلی یووحەننا بێ کە لە ١٨٥١دا وەک نموونەی ئینجیل بە زمانی جۆراوجۆر چاپکراوە (وێنەی دەستنووسێکە بە کورمانجی، بە ئەلفوبێی عەرەبی). بڕوانە:
Samuel Bagster and Sons, *The Bible of Every Land: A History of the Sacred Scriptures in Every Language and Dialect into Which*

بنکەی ژین
www.zheen.org

زمانی کوردییەوە نەبوو، چونکە لە سەرەتای موسوڵمان بوونی کوردەوە هەتا سەدەی پازدەی زایینی بە کوردی پێی نەدەنووسرا. ئەو کات، لە کوردستان زمانی هەرمەنی و سوریانی ئەلفوبێی خۆیان هەبوو، و لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەو ئەلفوبێیانە مەتنی کوردی نووسراون، زۆربەی خوێندەواری کورد، کە توێژێکی بچووکی مەلا و فەقێ و دەرەبەگ و تاجر بوون، زمانی نووسین و خویندنەوەیان عەرەبی و فارسی بوو، و ئەوانە بوون کە، بە دانانی مەتنی شیعریی، لە سەدەی ١٥ بە ئەو لاوە کوردییان کردە زمانێکی نووسراو. بەڵام لەبەر ئەوەی کوردی بە هەرمەنی، سوریانی، سیریلی، و لاتینیش نووسراوە، ئەو ئەلفوبێیانە هیچکامیان بێگانە نین. کۆلکەزێڕینەی ئەلفوبێی کوردی بەشێک لە کەلەپووری زمان و کوولتوریی گەلی کوردە. دەکرێ بڵێین ئەوەی کەلەپووری نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی هەرمەنی و سوریانی و لاتینی و سیریلی بە بێگانە دابنێ خۆی لە کەلەپوور و مێژووی زمانەکە بێگانەیە.[٣٠]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*Translations Have Been made*. London, Samuel Bagster and Sons, ١٨٥١, p. ٢٩.

http://books.scholarsportal.info/viewdoc.html?id=٤٤٠٣٧

ئەوەندەی کە سەرچاوەکان پێشانی دەدەن، مەتنێکی هەرە کۆنی کوردی ئی نیوەی هەوەڵی سەدەی ١٥، کە رستەیێک زیاتر نییە، بە ئەلفوبێی هەرمەنی نووسراوە. بڕوانە:

D. N. MacKenzie, "The language of the Medians," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies*, Vol. ٢٢, No. ٢, ١٩٥٩, pp. ٣٥٤–٣٥٥.

[٣٠] سوریانی، وەک زمانێکی ئەدەبی، لە عەرەبی لە پێشتر بوو، و نووسراوەی سوریانی پڕە لە باسی مێژووی کوردستان و زمانی کوردی. تا سەدەی بیست، رێزمانی کوردی بە عەرەبی یان فارسی یان کوردی دانەندرابوو، بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا رێزمانێکی کوردی بە سوریانی نووسرا و هێشتا چاپ نەکراوە. بۆ باسی رێزمانی کورمانجی بە زمانی سوریانی، کە لە ١٨٨٨دا نووسراوە، بڕوانە:

شاکەلی لەباتی ئەوەی پێوەندیی نێوان دەنگ و حەرف بە قەرار و بڕیار دابنێ، دەیکاتە پێوەندییێکی سروشتیی و فیتری.[31] ئەو پێیوایە حەرفەکانی زمانی عەرەبی توێکڵی ناسنامەی (ئایدێنتیتی) زمان و ئەدەبی کوردی و نەتەوەی کوردن، و ئەو کاکڵەش (زمان، ئەدەب، نەتەوە) دەتوانێ تەنیا لە توێکڵی حەرفی عەرەبیدا هەڵبکا، وهەستی پێ بکردرێ، و چێژی لێوەربگیردرێ. داتاشینی ئەو پێوەندییەش لە بەر ئەوەیە کە ناسنامەی زمان و نووسین و نەتەوەی کورد دەکاتە "رۆژهەڵاتێتی"، "ئێرانێتی" و "ئیسلامەتی"، و پێیوایە ئەلفوبێی عەرەبی چرێشی هەڵبەستنی کەرەستەی ئەو حیکایەتەیە.

ئەو بۆچوونە (لەنگەرنانەوەی ناسنامە و فکر و شارستانێتی لە ئەلفوبێدا) پێشینەیێکی رەگەزپەرستانەی هەیە. هێندێک ئورووپایی پێیاین وابووە کە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی نووسین

---

Amir Harrak, *Catalogue of Syriac and Garshuni Manuscripts: Manuscripts owned by the Iraqi Department of Antiquities and Heritage*. Leuven: Peeters, ٢٠١١, pp. xxiv–xxv, xxvii–xxviii, xxix, ٢٨–٣٤.

بۆ زانیاری سەبارەت بە چەند مەتنی کوردی بە ئەلفوبێی سوریانی (وەکوو وشەنامەی کوردی و سوریانی) بڕوانە کتێبی فواد کەماڵ لەمەڕ دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەکانی ئەلمان:

Kemal Fuad, *Kurdische Handschriften*, Wiesbaden, Franz Steiner Verlag GMBH, ١٩٧٠, s. ١٢١–١٢٥, Tafel VIII.

بۆ زانیاری سەبارەت بە لاوژەیێکی کورمانجی بە ئەلفوبێی سوریانی، بڕوانە:

Philip G. Kreyenbroek, “The lawîj of Môr Basîliôs Shim’ûn: A Kurdish Christian text in Syriac script,” *The Journal of Kurdish Studies*, Vol. ١, ١٩٩٥, pp. ٢٩–٥٣.

[31] Henry Rogers, *Writing Systems: A Linguistic Approach*. Malden, MA: Blackwell, ٢٠٠٥; Peter T. Daniels, “Writing systems,” in Mark Aronoff and Janice Rees-Miller (eds.), *The Handbook of Linguistics*. Oxford, Blackwell Publishers, ٢٠٠١, pp. ٤٣–٨٠; Florian Coulmas, *Writing Systems: An Introduction to their Linguistic Analysis*. Cambridge, Cambridge University Press, ٢٠٠٣.

دەکرێ بکردرێن بە پێوانەی هەڵسەنگاندنی رادەی شارستانییەت یان چەندێتی پێشکەوتنی بیر و فکر. بۆ وێنە، هێندیک ئوروپایی چینییەکانیان بە (وەحشی) داناوە ((چونکە ئەلفووبێیان نییە))؛[٣٢] یان چونکە نووسینییان بە ئەلفووبێ نییە، پێیان وا بووە جیاواز لە ئوروپاییان فکردەکەنەوە و ناتوانن وەک ئەوان زانستی تیۆریی یان فکری تەجریدییان هەبێ. هەر ئەو بۆچوونە کە نووسینی چینی بە پێوانەی "وەحشیگەری" دادەنێ، پێی وایە یوونانییەکان بە "نبووغی" خۆیان دوای وەرگرتنی ئەلفووبێی فینیقی، کە نەبزوێنەکان (کانسننتەکان consonant، نەبزوێنەکان، یان بێدەنگەکان) نوێنەری دەکا، کارێکی یەکجار گرینگیان کرد: حەرفیان لە ئەو ئەلفوبێیە زیاد کرد بۆ ئەوەی بزوێنەکان (vowel ڤاول، دەنگدارەکان) نوێنەری بکەن، و بە ئەو چەشنە کێشەی هێنانەنووسینی زمانی زارەکییان چارەسەرکرد، و "ئەسڵی [نووسینی] فۆنیمیکیان" داهێنا.[٣٣] ئەو بۆچوونانە هەم رەگەزپەرستانەن و هەم لەگەڵ تەجرەبەی نووسینی چینی نایەنەوە. چینییەکان هەر بە ئەو شێوە نووسینە نائەلفووبێییە نیزامێکی فیۆداڵی هەرە ئاڵۆز و بەهێزیان پێکهێنا، ئیمپراتورییەتێکی گەورەیان هەڵچنی، بۆ ماوەیێکی کورت نەزمێکی پێشکەوتووی سۆسیالیستییان وەرێخست (لە ١٩٤٩ تا ١٩٧٦)، و لە ١٩٧٦ بە ئەولاوە نیزامێکی سەرمایەدارییان دامەزراندووە کە لە بواری تێکنۆلۆژی و بەرهەم هێنانەوەدا خەریکە ئوروپا و ئەمریکای سەرمایەداری وەدوادەخا.

---

[٣٢] Roy Harris, *Rethinking Writing*. London, The Athlone Press, ٢٠٠٠, pp, [١]–٢.

[٣٣] Roy Harris, “How does writing reconstruct thought?,” *Language and Communication*, ١٩٨٩, Vol. ٩, No. ٢–٣, p. ١٠٠; E. A. Havelock, *The Literate Revolution in Greek and its Cultural Consequences*. Princeton, N.J., Princeton University Press, p. ٢.

www.zheen.org

پێنج- ئەلفوبێی لاتینیی، بە قسەی شاکەلی، ((***نەک تەنیا بۆ کوردی خواروو، بۆ... کورمانجیش... بەکار نایەت، چونکوو کۆمەڵێک فۆنیمی تێدایە لەو ئەلفوبێیە دروست نەکراوە، بە لای کەمەوە حەوت فۆنیم... هیچ حەرفێکی بۆ دانەندراوە؛ تۆ ناتوانی زمانێک بنووسی کە حەوت فۆنیمی ناتەواو بێ***)). ئەوەش قسەیێکی تەواو هەڵەیە. ئەوە زۆر روونە کە دەکرێ زمانێک زیاتر لە حەوت فۆنیمی نەنووسراوی هەبێ، بەڵام ئەلفوبێیەکەی بەکار بێ. زۆربەی زمانەکان ئەلفوبێی فۆنیمییان (یەک حەرف یا گرافیم grapheme بۆ هەر فۆنیمێک) نییە.[٣٤] نموونەیێکی زۆر ناسراوی ناتەبایی فۆنیم/گرافیم، زمانی ئینگلیسییە کە ٤٤ فۆنیمی هەیە و ٢٦ حەرف (لە ستانداردی ئینگلیستاندا).[٣٥] کەوا بێ ئینگلیسی ١٨ حەرفی کەمە، بەڵام سەرەڕای کەمبوونی حەرف، واهەیە دەنگێک

بنکەی ژین www.zheen.org

[٣٤] گرافیم (بە پێوانەی "فۆنیم" داندراوە) واحیدێکی هەرە چکۆلەی نووسینە کە جیاوازیی مەعنایی پێکدێنی، بۆ وێنە <ب> و <پ> دوو گرافیمن لەبەر ئەوەی لە کەمینە-جووتی بسک و پسک دا جیاوازیی مەعنایی پێکدێنن. ئەو جووتە وشە کە تەنیا جیاوازییان لە <ب> و <پ> دایە بە جیاوازبوونی ئەو دوو گرافیمە وەک دوو وشەی جیاواز دەبیندرێن و دەخوێندرێنە. <ب> و <پ>ش جیاوازییان تەنیا لە ژمارەی نوختەکان دایە. گرافیمی دیکە وەکوو <ج> و <خ> جیاوازییان لە جێگەی دانانی تاقە نوختەیێک دایە. "گرافیم"، "ئلۆگراف" و زۆر چەمکی دی لە زانستی گرافیمناسی (graphemics) دا دەکار دێن و بنەمای تیۆری نووسین و ئەلفوبێیان داڕشتووە. ئێستە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەلفوبێ و نووسین لە روانگەیێکی زانستی و بە پێی تیۆری و مێتۆدی زمانناسی دەکرێ. بۆ وێنە بڕوانە:

Gerhard Augst (ed.), *New Trends in Graphemics and Orthography*. Berlin, W. de Gruyter, ١٩٨٦.

Joël Bellassen, Héba Medhat-Lecocq, et Louise Ouvrard, *Écritures, politiques linguistiques et didactique des langues*, Paris, Archives contemporaines, ٢٠١٢.

[٣٥] بۆ نموونە، بڕوانە تابلۆی فۆنیمەکانی ئینگلیسی لە ئەو فەرهەنگەدا:

S. Hornby, *Oxford Advanced Dictionary of Current English*, Oxford, Oxford University Press, ١٩٧٧.

بە چەند حەرف دەنووسرێ. بۆ وێنە ئەو دەنگەی کە زۆرتر بە k نوێنەری کراوە بە ١٣ شێوەی دی دەنووسرێ: cat, mecca, Pinocchio, chemistry, back, lacquer, biscuit, sgraffito, khan, ekko, walk, qat, bouquet.[٣٦] ئەوە بەشێک لە دینامیسمی زمانە کە ناتەبایی دەنگ و حەرف یان ناکۆکیی کوتن و نووسین بە شێوەی جۆراوجۆر چارەسەر دەکا، و رێگەنادا کەم-بوونی حەرف پەکی بخا. لە ئەو زانستە بەرینەی کە سەبارەت بە ئەلفوبێ لە بەر دەستدایە، ئەلفوبێی عەرەبی و عیبری و سوریانی وەک "ئەلفوبێی نەبزوێنی" (consonant alphabets) یان ئەلفوبێی "ئەبجەد" ناسراون. حەرفەکانی ئەو ئەلفووبێیانە بۆ فۆنیمە نەبزوێنەکان داندراون و جاروبار هێندیک لە بزوێنەکانیش نوێنەری دەکرێن.[٣٧] لە کوردیدا، پێش چاککردنی ئەلفوبێیەکەی، ئەو فۆنیمانەی کە ئێستە بە نووسینی <ێ>، <وێ> (/ö/ وەک "گوێز")، <وی> (/ü/ وەک "هەنگوین")، <و> (/u/ وەک "کورد")، <وو>، <ڕ>، و <ڵ> دیاری دەکرێن، هەر بە <و>، <ی>، <ر>، و <ل> دەنووسران و ئەدەبیاتی کلاسیکی پێ ئافرandra و تەنانەت هەوەڵ رۆژنامە و گۆڤاری کوردیشی پێ چاپ کرا. ئەوە شتێکی تەواو سەیرە کە بگوترێ لە ئەلفوبێی لاتینیی کوردیدا حەرف بۆ حەوت فۆنیم دانەندراوە، و کەس ناتوانێ دایبنێ. راستییەکەی ئەوەیە هەم لە ئەلفوبێی لاتینیی کوردی و هەم لە سیریلیکی کوردیدا، حەرف بۆ ئەو فۆنیمانە داندراوە (بۆ وێنە بڕواننە خشتەی ئەلفوبێی کورمانجی بە ئەلفوبێی عەرەبی و سیریلی و لاتینی لە چەند فەرهەنگی کۆن و

---

[٣٦] http://en.wikipedia.org/wiki/Allography

[٣٧] http://www.omniglot.com/writing/alphabetic.htm

بنکەی ژین
www.zheen.org

نوێدا)،[٣٨] و تەنانەت فۆنیمێک هەیە کە لە نووسینی کوردی بە لاتینی و سیریلیدا حەرفی بۆ دیاریکراوە (<ь> و <i>) بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا حەرفی بۆ دانەندراوە. هەروەها ئەگەر فۆنیمێک هەبێ کە حەرفی بۆ دانەندرابێ، سووک و هاسان دەکرێ بە زیادکردنی نوختە یان نیشانەیێکی دیکە گرافیمێکی (grapheme) بۆ تەرخان بکرێ. ئێستە نزیکەی هەزار زمان ئەلفوبێی لاتینی دەکاردێنن، و ئەو زمانانە نوختە و نیشانەیان لە سەر گشت حەرفەکان داناوە، و جاروبار یەک دوو حەرفی تازەیان داتاشیوە یان لە ئەلفوبێی دیکەیان وەرگرتووە.

هەڵەیێکی دی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە پێی وایە خوێندنەوە پێویستی بە ئەلفوبێی فۆنیمی (phonemic alphabet) هەیە، یەعنی ئەلفوبێییک کە بۆ هەر فۆنیمێک حەرفێکی هەبێ. ئەوە هەڵەیە، چونکە زۆربەی زمانەکانی دنیا ئەلفوبێی وایان نییە، بەڵام خاوەنی ئەدەبیات و زانستی پێشکەوتوون، وەک ئینگلیسی و فەرانسەیی، و ئەو زمانانەی کە ئەلفوبێی فۆنیمییان هەیە، وەک تورکی، نەیانتوانییوە تۆزی زمانی ئینگلیسی و فەرانسەیی بشکێنن. هەڵەیێکی دی دەگەڕێتەوە سەر بۆچوون سەبارەت بە خوێندنەوە. ئێستە خوێندنەوەش بۆتە گۆڕەپانێکی زانست و لێکۆڵینەوەیێکی زۆر دەکرێ سەبارەت بە گشت لایەنەکانی خوێندنەوە، و روون بووەتەوە کەسێکی فێرە خوێندنەوە دەبێ و پێی ڕادێ، لە کاتی خوێندنەوەدا، وشەکان بە حەرف تەجزیە

---

[٣٨] Michael Chyet, *Kurdish–English Dictionary/Ferhenga Kurmancî–Inglîzî*. New Haven and London: Yale University Press, ٢٠٠٣, pp. xxxix–xl.

Taufiq Wahby and C.J. Edmonds, *A Kurdish–English Dictionary*. Oxford: Oxford University Press, ١٩٦٦.

ق. کوردۆ، و ز. یوسف. ***فەرهەنگی کوردی–ڕووسی (سۆرانی)***. مۆسکۆ: کۆڕی زانیاری یەکێتی کۆمارانی سۆشیالیستی سۆڤیەت، ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی، دەزگای چاپەمەنی "زمانی رووسی"، ١٩٨٣، ل. ١٦.

ناکا، و زۆرتر وەک گردێک، یان شکڵێک، یان تیکڕاییێک چاوی لێدەکا و دەیخوێنێتەوە، جا چ خوێندنەوەی بەدەنگ بێ یان بێدەنگ. لە ((خوێندنەوەی بە خێرایی))دا، خوێنەرەوە وشەکان وەک وێنەیێک ((بە چاو دەیخوێێتەوە))، و حەرف بە حەرف وەسەر زاری خۆی ناخا.

شاکەلی لە جێیێکی دیکەدا بە ڕاشکاوی دەڵێ: ((*شێواندنی دەنگ و فۆنیمەکانیش یەکێکە لە لایەنە هەرە گاڵتەجارەکانی ئەلفوبێی لاتینی. لەو ئەلفوبێیەدا هیچ نیشانەیەک بۆ دەنگەکانی (ء،ح، ع، غ، ڵ، ڕ، وێ) دانەندراوە. بە ئەو بیانووەوە کە هەندێکیان دەنگی عەرەبین...*))[39] دیسان باش دەبێ ئەوە وەبیربخەمەوە کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا، لە مێژە حەرف و نیشانە بۆ /ح/، /ع/، /غ/، /ڵ/، /ڕ/ و /وێ/ داندراوە،[40] بەڵام پێویست نییە کە بۆ /ء/ حەرف دابندرێ چونکە لە قسەکردندا تەواوی بزوێنەکانی سەرەتای وشە بە /ء/ دەست پێدەکەن[41] و ئەگەر بێتوو حەرفی بۆ دابنێن دەبێتە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[39] فەرهاد شاکەلی، ***زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا***. کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨، ل. ١٩٠.

[40] بۆ وێنە، ئەو ئەلفوبێیەی جەمال نەبەز لە ١٩٥٧دا پێشنیاری کرد (***نووسینی کوردی بە لاتینی***، بەغدا، چاپخانەی مەعارف) ئەو حەرفانەی تێدابوو (هەر وەها بڕوانە حامید فەرەج، ***ڕێنوسی کوردی لە سەدەدەیەکدا***. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل. ٣١–٣٢).

[41] کەماڵ فوئاد دەنووسێ: ((هەر ڤاولێک بکەوێتە سەرەتای وشە یان سەرەتای بڕگەوە دەنگێکی گەرویی–وەستاو (glottal stop) پێشی ئەکەوێت، ئەو دەنگەی لە عەرەبیدا پێی ئەڵێن (الهمزە)... نووسینی هەمزە پێش ڤاولی سەرەتای وشە و بڕگە بە تیپی لاتینی بە پێویست نازانرێت... بەم جۆرە ئەبینین کە هەمزە دەنگێکی بڕبڕەی زمانی کوردی نییە... هەر وشەیەک بە ڤاول دەست پێ بکات دەنگێکی گەرویی وەستاو (glottal stop) ی ئەکەوێتە پێش. ئەمەش تایبەتی نییە بە زمانی کوردی، لە هەمو زمانێکدا هەروایە...)) کەماڵ فوئاد، ***فۆنیمەکانی زمانی کوردی***. سلێمانی، کانونی دووەمی ٢٠٠٠، ل. ١١–١٢ و ١٧.

دووپاتەکردنەوە (redundancy)، و نووسین قورستر دەکا (وەکوو نووسینی فۆنیمی /ڕ/ لە هەوەڵی وشەدا، کە دەرکرێ بە <ر> بنووسرێ، چونکە لە زمانی زارەکیدا گشت وشەیێک بە /ڕ/ دەستپێدەکا). بێجگە لەوانە، ئەلفوبێی لاتینی ناتوانێ دەنگەکان بشێوێنێ.[42] هەر وەک شاکەلی خۆی نووسیوێتی، فڕێدانی <ح>، <ع>، و <غ> لە ئەلفوبێی لاتینی–کوردیدا بەرهەمی سیاسەتی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستییە. ئەوانەی کە دژی ئەلفوبێی عەرەبی نین، ئەو حەرفانەیان لە لاتینیدا دەکارهێناوە (بۆ وێنە، فەرهەنگی وەهبی–ئێدمۆندز، مایکل شایێت، قەنات کوردۆ). ئەو ڕەگەزپەرستییە لە باشووردا توندوتیژە، تەنانەت شاکەلی کە "ناسنامە"ی کورد دەکاتە ئیسلامەتی و ئێرانێتی و ڕۆژهەلاتێتی وعەرەبێتی (لە ئەلفوبێدا)، خۆی لە ئەو سیاسەتەدا نوقم بووە و، بۆ وێنە، لە جیاتی وشەی "مەنتیق"، کە لە عەرەبی وەرگیراوە و لە کوردیدا خۆماڵی بووە، وشەی "لۆگیک" دەکاردێنێ (ل. ١٣٥، دێڕی ٢٢؛ ل. ٢٠٩، د. ١٢؛ ل. ٢٢٢، د. ٣٠؛ ل. ٢٧٢، د. ٢٩، و جێگەی دی)، یان لەباتی "یوونانی" دەڵێ "گریک" (ل. ٨٩، د ٢–٣)، لە باتی "لەهجە" وەدوای "دیالێکت" (ل. ١٨٥، ١٩٥) دەکەوێ، "عەقڵ" دەکاتە "ئەقڵ" (ل. ٩١، ٢١٦)، و "جوغرافیا"شی لێ دەبێتە "جیۆگرافیا" (ل. ٢١٦).[43] جا ئەو ئیدەئۆلۆژییە زمانییە ئاکامی سیاسی هەیە. شاکەلی دەڵێ:

[42] واهەیە ئەوانەی نووسین بە بنەمای زمان دادەنێن، پێیان وایە زمانی زارەکی ئەگەر لەگەڵ زمانی نووسین نەیەتەوە، تووشی هەڵە دەبێ و شێوە ئاخافتنی خەڵکی نەخوێندەوار دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

[43] فەرهاد شاکەلی، ***زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا***. کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨.

((ئەمڕۆ کە لە کوردستانی عیراقدا دەرفەتێکی باش پەیدا بووە و کوردی باکوور دەتوانن سوودی لێ وەربگرن بۆ ئەوەی فێری کوردی ببن، بۆ ئەوەی ببنەوە بە کورد، کەچی ئەوان دێن و دەیانەوێ ئەوەی لەوێ لە ماوەی سەدوپەنجا ساڵدا بنیات نراوە، ئەویش لە ناو ببەن و بیڕووخێنن)).[44]

لێرەدا، واداندراوە کە کوردی باکوور کورد نین یان لە کوردبوون کەوتوون، و زمانەکەشیان کوردی نییە، چونکە بە لاتینی دەنووسن، و لاتینیکردن ناچاری کردوون چەند فۆنیم فڕێبدەن و ناسنامەی کوردییان بە یەکجاری بزر بێ. رەنگە ئیدی لەوەی روونتر نەکرێ بۆچوونی رەگەزیی ببێتە بنەمای تێگەیشتنی مێژوو، و سیاسەت، و زمان. رەگەزیبوونەکەشی لە ئەوەدایە کە ئەلفوبێی لاتینی بە بیانووی رۆژئاوایی بوون و نائیسلامی بوون بێ ئابڕوو دەکا. بەڵام ئەلفوبێی لاتینی –ئەگەر رۆژئاواییش بێ– هیچ تاوانێکی بۆ هەڵنابەسترێ، چونکە "رۆژاواییەکان" وەکوو "رۆژهەڵاتییەکان" ئینسانن و چاک و خراپیان هەیە، و ئەگەر کەسێک رۆژئاواییەکان و زمان و ئەلفوبێ و بەرهەمە کوولتوورییەکانیان بە خراپ دابنێ، بۆچوونەکەی رەگەزپەرستانەیە. هەروەها، کە ئەلفوبێی لاتینی پەیدا بوو، خەڵکی دنیا بە سەر رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا دابەش نەدەکران؛ ئەو دابەشکردنە کە بووەتە چوارچێوەی فکریی شاکەلی، بەرهەمی کۆلۆنیالیسمی ئورووپاییە کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ەوە سەری هەڵێنا. تەنانەت ئەگەر بکرێ ئەلفوبێی لاتینی بە رۆژئاوایی دابنێی، ئێستە لە "رۆژئاواییبوون" کەوتووە و ئەلفوبێیێکی جیهانییە و پتر لە هەزار زمان لە تەواوی دنیادا پێی دەنووسن. رەچەڵەکی ئەو ئەلفووبێیەش دەگەڕێتەوە "رۆژهەڵات"؛ ئەگەر

---

[44] سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٣٩.

شەجەرەنامەی ئەو ئەلفوبێیە زۆر کورت بکەمەوە، دەکرێ بڵێم بنەچەی دەگەڕێتەوە سەر ئەلفوبێی یوونانی و ئەویش دەچێتەوە سەر ئەلفوبێی فینیقی کە لە مەڵبەندێک لە لبنانی ئەورۆدا خولقێندرا. دوایە ئەو ئەلفوبێیە ناوچەییە باڵ دەگرێ، پەل و پۆ داوێ، دەخەملێ، سەدان زمان لە ئامێز دەگرێ، ژیانی گەلانی دنیا بە نووسین دەڕازێنێتەوە، و دوای هەزاران ساڵ دەبێتە دیاردەیێکی جیهانی. بەڵام روانگەی رەگەزپەرستانە ناتوانێ جوانیی ئەو رووداوە ئاڵۆزە هەست پێ بکا، و لە دووبەرێتی (dichotomy) خۆماڵی/ بێگانەدا خول دەخواتەوە.[٤٥]

بەڵام ئەو تێگەیشتنە تەنیا دژی "بێگانە" نییە و هەر بە ئەو رادەیەش دەگژ ئاخێوەرانی زمانی کوردی رادەچێ. جا کە شاکەلی دەڵێ کوردی باکوور دەتوانن بە فێربوونی زمان لە کوردی باشوور ((ببنەوە بە کورد)) لە بیری دەچێتەوە کە پێی وایە کوردی باشووریش زمانی خۆیان نازانن و ((ئەتک بە زمانەکە دەکەن)):[٤٦]

- ((لە بواری کوردینووسیندا رۆژنامەوانەکانی کوردستان یەکجار کۆڵەوار و نەخوێندەوارن. بەرهەمەکەیشیان ئەو ئاژاوە بەدبەختانەیەیە کە یەخەی فەرهەنگ و زمان و نەتەوەی کوردی گرتووە)) (ل. ٢٣٣).
- ((لە کوردستاندا یەک ڕۆژنامە و حەوتەنامە و مانگنامە نییە کوردی بە شێوەیەکی راست بنووسێت. یەک دانە کتێبیش نییە سەرتاسەر ڕاست نووسرابێت)) (ل. ٢٣٣).

---

[٤٥] لە "پێشەکی" دا بە کورتی باسی ئەو دووبەرێتییەم کردووە.

[٤٦] ئەو دە خاڵەی خوارەوە لە ئەو سەرچاوە وەرگیراون: فەرهاد شاکەلی، ***زمانی گەرەلوول، خەونی شنەبا***. کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨.

• ((ئەمڕۆ بەشی هەرەزۆری سەرکردە و سیاسەتمەداری کورد بەڕاستی نەخوێندەوارن. نەک هەر ئەوەیش بگرە دژی خەڵکی خوێندەوارن تا بۆیان بکرێت دەیانەوێ دووریان بخەنەوە)) (ل. ٢٣٤).

• ((... لە وڵاتی ئێمەدا خەڵک بەگشتی و لە پێش هەموویشیانەوە نووسەران و رووناکبیران، لە ڕووی زانستییەوە شارەزای زمانی کوردی نین ...)) (ل. ٢٣٥).

• ((ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دەنووسن کوردییەکی زۆر خراپ و سەقەت دەنووسن، نە شارەزای ڕیزمانن و نە شارەزای ڕێنووس. بەڕاستی ئەتک بە زمانەکە دەکەن و ئەوپەڕی سووکایەتی بە فەرهەنگی کورد و خوێنەری کورد دەکەن)) (ل. ١٩٧).

• ((ئەمڕۆ شاعیری کورد یەکجار زۆرن... لەناو ئەم هەموو شاعیرەدا ئەوانەی کە بە ڕاستی شارەزای زمانی کوردین و جوان دەنووسن و کەرەستە هونەرییەکانیان بە تەواوەتی دەستەمۆ کردووە، یەکجار کەمن. شاعیرانی هەشتا و نەوەدەکان، سێ چوارێکی لێ دەرچێت، لە ڕووی زمانەوە کۆڵەوارن و زمانە کوردییەکە بە دەستیانەوە داماوە. شارەزای ڕێزمان نین، گەنجینەی وشەیان لە نیوە زیاتری هەر بە چۆڵی ماوەتەوە ...)) (ل. ١٧٠).

• ((بەشی هەرەزۆری، یا ڕەنگە هەر هەموو، ئەوانەی باسی زمان دەکەن و خۆیان دەخەنە ناو کێشەکەوە کەسانێکن هیچ پێوەندییەکیان بە زمانەوە نییە و تێی ناگەن و هیچی لێ نازانن)) (ل. ٢٣١).

• ((ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای نووسینەکانی مام هەژار و مام هێمن بکەین، لە ڕووی

ڕێزمانەوە، لە ڕووی سینتاکسەوە، دەیان و سەدان هەڵە دەدۆزینەوە)) (ل. ١٩٤).

• ((ئەو دەستگا فەرهەنگی و بەناو زانستییانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاریگەرن و چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت فەرهەنگ و زمانی کوردی بەرەو چاکبوونەوە و دواتریش پێشکەوتن و گەشەکردن ببەن، بەشی هەرە زۆریان خۆیان نەخۆش و سەقەت و رووخاون، خۆیان بێناوەڕۆک و بێبەرنامەن)) (ل. ٢٣١).

• ((ئەنیستیتووتە (بە ناو) کوردییەکەی پاریسیش ئەوە دە دوانزە ساڵە میلیۆنان دۆلار وەردەگرن، گوایە خزمەتی زمانی کوردی پێ دەکەن، بەلام ئەوەی ئەوان دەیکەن دژایەتیکردنێکی ئاشکرای زمانی کوردییە، ئەوەندەی ئەوان زیان دەگەیێننە کورد و زمانەکەی تەنانەت داگیرکارە فاشیستەکانیش نەیانتوانیوە بیکەن)) (ل. ١٩٦).

تا ئێستە کوتوومە ئەو بۆچوونانە لە زانستی زماناسی و لە مێژووی زمان بێگانەن، و بە تێگەیشتنی وا دەردی زمانەکەمان باش ناناسرێ و دەرمانێکیشی بۆ نابیندرێتەوە. بەلام ئەو بێگانەبوونە لە کوێوە دێ؟ لە دنیای ئەوڕۆدا، زانستیی زماناسی سووک و هاسان وەدەست دەکەوێ.[47] ئەوەندەی بمانەوێ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕێفۆرمی زمان و ئەلفوبێ و ڕێنووسی زمانی دنیای کۆن و نوێ لە بەردەست-

---

[47] ئەگەر زەمانی تۆفیق وەهبی، بە تایبەت لە دەیەکانی ٢٠ تا ٦٠، کتێب و گۆڤار بە زەحمەت و بە هەڵکەوەت وەدەست دەکەوتن، ئێستە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ئەو کەڵکی لێوەردەگرتن وێڕای زۆر چاپەمەنی دی هاسان پەیدا دەبن و بەشێکی لە ئینترنێتدا لەبەردەستدان.

دایە.[٤٨] مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونانە بە پێوانەی تیۆری و تەجرەبە و مێژوو، ئەو چەشنەی من تا ئێستە کردوومە، ناتوانێ گرێوگۆڵی ئەو گرفتە بکاتەوە. زمان دەکارهێنان بەتایبەت بۆ نووسین و هەر دەست تێوەردانێکی زمان هەمیشە کارێکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژییە. لە "ئیدەئۆلۆژی زمانیی" شاکەلیدا، نەتەوەی کورد و زمانەکەی سێ کۆڵەکەی بۆ داتاشراوە: "ئیسلامەتی"، "رۆژهەڵاتێتی"، و "ئێرانێتی"، و ئەلفوبێی عەرەبیش کاریتە و دەستەکی دارەڕاکردنی ئەو خانووبەرەیە لە سەر ئەو سێ کۆڵەکانە. لەئەو ئیدەئۆلۆژییەدا، ئەلفوبێی لاتینی ناتەواوە، عەرەبی "جوان" و "لەبارە" (ل. ١٨٧)؛ لاتینی ((پووچ و بێناوەڕۆکە)) (ل. ٢٣٩) و عەرەبی "رێکوپێکە" (ل. ٢٣٨)؛ لاتینی بێگانەیە، عەرەبی خۆماڵییە؛ لاتینی هەڕەشە لە زمان و نەتەوەی کورد دەکا، و عەرەبی زامنی پشکووتنی نەتەوە و زمانەکەیەتی؛ لاتینی رۆژاواییە و عەربی رۆژهەڵاتییە؛ عەرەبی ئیسلامییە و لاتینی نائیسلامییە. "رۆژئاوا" پیس و خراپە و "رۆژهەڵات" خاوێن و چاکە. بە کورتی یەکیان پاکە و ئەوی دی ناپاک. ئەگەر دەردەکە ئەوەیە، چارەکەی بە ناچار دەبێ پاککردنەوەی ناپاکی بێ.[٤٩]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٤٨] نزیکەی چل ساڵ لەوەی پێش، دەسکەوتەکانی بەرنامەرۆنانی ئەلفوبێ لە ئەو کتێبەدا هەڵسەنگێندرا:

Joshua Fishman, *Advances in the Creation and Revision of Writing Systems*. The Hague: Mouton, ١٩٧٧.

Peter Unseth, “The sociolinguistics of script choice,” *International Journal of the Sociology of Language*, ٢٠٠٨, No. ١٩٢.

[٤٩] لێرەدا پێویستە بڵێم مەبەستم لەئەو شیکردنەوەیە ئەوە نییە وەدوای پرۆژەی لاتینی کردنی نووسینی کوردی بکەوم. من پێم وایە کوردی لە ئێران و عێراق و تەنانەت لە سوورییەش (کە زۆرتر بەرەو لاتینی نووسین چووە) باشترە

ئەگەر ئەو ئیدیعا سەیروسەمەرانە (کوردی باکوور کوردی نازانن و کورد نین و کوردی باشووریان لە مەترسی خستووە) بە خەیاڵات و خەونی خراپ دابنێین، ئەوەی دەمێنێتەوە (لە باشوورهیچ کەس کوردی و ڕێزمان و ڕێنووسەکەی نازانێ) "ئیدەئۆلۆژی زمانی ستاندارد"ە کە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی زمان و کۆمەڵ لە ڕوانگەی گرۆیێک یان توێژێکی بەرتەسک چاولێدەکا، ئەویش گرۆیێکی بچووک لە خوێندەواری شارستانی و پیاو کە خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی نەتەوەی کورد دادەنێن.

زۆر کەس باسی قەیران و ئاژاوە لە زمانی کوردی لە باشوور دەکەن، چونکە هەڵەکردن لە ڕێزمان و ڕێنووس و وشەڕۆنان زۆرە، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی شاکەلی هۆی ئەو قەیرانە کوردی نەزانین نییە. لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، ئاخێوەرانی زمان، تەنانەت منداڵی تەمەن حەوت و هەشت ساڵیش، زمانی خۆیان -بە تایبەت ڕێزمانەکەی- باش دەزانن. ئەگەر بێتوو زۆربەی خەڵک، چ لە زمانی زارەکی چ لە زمانی نووسیندا، ڕێزمان نەزانن، زمانەکە لە زمانبوون دەکەوێ و لێدوان و تێگەیشتنی خەڵک لە یەکتر کۆتایی دێ. کە دەکوترێ ئاخێوەرانی هەر زمانێک ڕێزمانی زمانی خۆیان دەزانن، مەبەست ئەوە نییە دەتوانن لێکدانەوەی ڕێزمانیی بکەن. کە بێینە سەر زمانی نووسراو، ئەو ئاخێوەرانەی کە فێرە نووسین و خوێندنەوە دەبن، بە تایبەت لە زمانێکی وەک کوردیدا کە گوتن و نووسین زۆر لێک دوور نەکەوتوونەوە، ڕێزمانی زمانی نووسراوی خۆیان

---

بە ئەلفوبێی عەرەبی-کوردی بنووسرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ئەلفوبێیە کۆسپی بەرەوپێش چوونی زمانی کوردی نییە، نەک لەبەر ئەوەی ئەلفوبێی لاتینی بێگانە و ڕۆژاوایی و نائیسلامییە. هەروەها، پرۆژەی ڕێکخستنی باکوور و باشوور بە لاتینی کردنی ئەلفوبێ سەرناکەوێ، و هیچ ئەلفوبێیێک ناتوانێ ناکۆکی لەهجەکان و ناوچەکان داپۆشێ.

(چ زۆر ستاندارد بێ چ ناتەواو) دەزانن، دەنا ناتوانن لە مەتنێکی نووسراو یان گوتراو تێبگەن: ئاخێوەران لە گشت زمانێکدا ڕێزمانەکە دەزانن[٥٠]، بەڵام زۆربەیان ناتوانن ((لێکدانەوەی ڕێزمانی)) بکەن. بۆ وێنە، ئاخێوەران بە بیستن یان خوێندنەوەی ئەو چوار ڕستەیە

١. ئەمن دوێنێ بوو دانیشتبووم لە بەر بێلایێ...[٥١]
٢. دوێنێ بوو ئەمن دانیشتبووم لە بەر بێلایێ...
٣. * بێلایێ ئەمن لە بەر دوێنێ دانیشتبووم بوو...
٤. * دانیشتبووم ئەمن بوو دوێنێ بێلایێ لە بەر...

دەزانن ١ و ٢ ڕستەی ڕێکوپێکن و تێیدەگەن، بەڵام باش دەزانن ٣ و ٤ ناڕێکن و مەعنایان نییە. ئەو پێزانینەش لەبەر ئەوەیە کە ڕێزمان دەزانن و ڕستەکان بە پێوانەی ڕێزمان هەڵدەسەنگێنن. بەڵام زۆربەی ئەو ئاخێوەرانە ناتوانن بە ((لێکدانەوەی ڕێزمانی)) بە ئەو ئاکامە بگەن. لە بواری پێکهاتەی وشەش هەروایە:

١. بە جێ هێشتن
٢. * جێ بە هێشتن
٣. * هێشتن بە جێ
٤. * هێشتن جێ بە
٥. * بە هێشتن جێ

ئاخێوەران دەزانن ١ ڕێکوپێک و پەسندکراوە، بەڵام ئەوانی دی شێواون، یان هەڵەن یان مەعنایان نییە. لە زمانناسیدا بە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٥٠] مەبەستم قسەکردنی ئاسایی یان نووسین و خوێندنەوەی پەخشانە، چونکە لە داهێنانی شێعردا، دەکرێ بەعزە قاعیدەیێکی زمان ڕەچاونەکرێ.

[٥١] ئەو ڕستەیەم لە مەتنێکی بەیتی "سوارۆ" وەرگرتووە.

ئەو لێزانینە دەڵێن "شەمی زمانیی" (linguistic intuition)، ئەوەش لێزانین یان لێهاتووییێکە (competence) کە ئاخێوەر بە منداڵی فێری دەبێ. ئاخێوەر، خوێندەوار بێ یان نەخوێندەوار، دەزانێ چ رستەیێک راستە یان پەسندکراوە (لە پێکهاتەی وشە و مەعناشدا وایە). ئەوەش هەیە ئەگەر ئاخێوەرێک فێری ((لێکدانەوەی رێزمانی)) بێ و شارەزاییشی هەبێ، لەوانەیە نووسەرێکی باش نەبێ و هەڵەش بکا. لە روانگەی زماننناسییەوە هەڵەکردن بەشێک لە ژیانی زمانە. بەڵام با بڕوانینە ئەو هەڵانەی خوارەوە کە جیاوازییێکی زۆریان لەگەڵ هەڵەی ئاسایی ئاخێوەران هەیە:

* نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری
* بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی
* فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی
* قوتابخانەی مەولانا خالیدی سەرەتایی
* قوتابخانەی پەشێوی سەرەتایی تێکەڵاو
* بەرز و پیرۆز بێت ٤/١٤ رۆژی جینۆسایدی کورد
* یەکەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی کەلاری نێونەتەوەیی

هیچ کام لە ئەوانە هەڵەی ئاسایی ئاخێوەرێک نین کە لە کاتی قسەکردندا تووشی دەبێ. ئەو نموونانە لە تابلۆی مەدرەسە و نەخۆشخانە و چاپەمەنی چەند ساڵی رابردووی کوردستانی باشوور وەرگیراون. ئەو رێکخراوانە ئەو وشانەیان بە تێفکرین ریزکردووە، و لە وانەیە لە پێکهێنانی هەر کام لە ئەو کوتە رستانەدا بەلانی کەمەوە دووسێ کەس بەشدارییان کردبێ. پرسیاری دروست ئەوە نییە کە ((بۆچی کوردی باشوور کوردی نازانن؟)). پرسیاری بەجێ ئەوەیە کە ((سەرەڕای ئەوەی خەڵک زمانی خۆیان دەزانن، بۆچی خوێندەواران هەڵەی وا سەرسووڕێن دەکەن؟)) وەڵامدانەوەی

ئەو پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە هەیە. ئەوانە چەند تێبینی سەرپێیین: ١) وێدەچێ ئەو نموونانە هەڵەی ئاخێوەری خوێندەوار بن کە کوردی نەبووەتە زمانی رۆشنبیرییان و فکرکردنەوەیان بە زمانی دیکەیە، و پێکهاتەی زمانی دی دەکەن بە کوردی؛ لەوانەیە نەخوێندەواران لە قسەکردنیان یان لە هونەری زارەکیدا هەڵەی وا نەکەن؛ ٢) رۆشنبیران ئەوەندەی وەدوای پەتیکردنی فۆنیم، حەرف، ئەلفوبێ، و وشە کەوتوون، ئەوەندە بایەخ بە پێکهاتەی رستە و پەخشان و گوتاری زمانیی نادەن، جا مەرجی نووسینی باش ئەوەیە کە پەتی بێ، نەک لە باری رێزمانییەوە دروست بێ؛ ٣) بە تێکچوون و رووخانی دەسەڵاتی بەعس، دەرگا داخراوەکانی چاپەمەنی و رادیۆ و تلڤیزیۆن کرانەوە، و نووسینی هەمەچەشنە لە تابلۆی کووچە و کۆڵانان را بگرە هەتا پارلمان و پۆلیس بوو بە کوردی، بەڵام کوردییە عەرەبیکراوەکەی خوێندەواران نەیتوانی بە ئەو خێراییە ببێتە زمانێکی پوخت و رێکوپێکی نووسین؛ ٤) بەشێک لە خوێندەواران هەست بەو کێشەیە دەکەن و خۆیان لە هەڵەکردن دەپارێزن و ئی وا هەیە ئەو هەڵانە وەبەرچاودەخەن و وێنەیان لێهەلدەگرن و لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی و ئامڕازی کۆمەڵی بە تایبەتی لە فەیسبووک و سایتەکاندا پێشانیان دەدەن و رەخنەیان لێدەگرن؛ کە وا بوو، هەڵەکردن تەنیا رەوەند نییە و بە بێ هەڵەنەکردن ناتوانین باسی هەڵەکردن بکەین؛ ٥) قسەکردن و نووسین لە پارچەی دیکەی کوردستانیش پڕە لە هەڵە لە گشت بوارێکی زماندا (رستە، وشە، مۆرفۆلۆژی، مەعنا، فۆنۆلۆژی)، کە تەنیا لایێکی دەگەڕێتەوە سەر کارتێکردنی زمانە زاڵەکان – تورکی، فارسی، و عەرەبی؛ ٦) لە زمانی دیشدا هەردووک جۆر هەڵەکردن زۆرە؛ کێشەی ((راست

نووسین)) و ((راستکردنەوەی هەڵە)) لە زمانی وەک ئینگلیسی و فەرانسەییشدا لە ئارادایە؛ ٧) ئەگەر دەردەکە وەک ئاژاوە دیاری بکرێ، پێویستە ئاژاوە لە بەرامبەر نەزم و ڕێکوپێکیدا بەدی بکرێ، چونکە هەستکردن بە ئاژاوە بە بێ هەستکردن بە نەزم ئیمکانی نییە، و بەشێک لە دینامیسمی زمان ئەوەیە کە ئاژاوە دەبێتە نەزم و نەزم دەبێتە ئاژاوە، و ئەو دوو ڕەوەندە هەمیشە هەن و هەر جار یەکیان زاڵ دەبێ (لە دیالێکتیکدا پێی دەڵێن "یەکگرتوویی و تێکهەڵچوویی دژبەیەکان").

زمان نیزامێکی هەرە ئاڵۆزە و زیندووبوون و بەکارهاتن و گەشەکردنی بەستراوەتەوە بە دەئارادابوونی کۆمەڵە ناکۆکی وەکوو قاعیدە و بێقاعیدەیی، ساکاریی و ئاڵۆزیی، کۆنێتی (کۆنبوون) و نوێیی (نوێبوون)، هەڵەیی و دروستی، ئاژاوە و نەزم، گۆڕان و نەگۆڕان، وەستان و نەوەستان، خۆرسکێتی و ئاگایی، نووسین و کوتن، ژێردەستی و بەربەرەکانی، پەتیکردن و وەرگرتن، و زۆر ناکۆکی دی. ئەوانە زۆرتریان ناکۆکی ناوەکی زمانن و ناکۆکی دەرەکیش زۆرن — وەکوو زمان و کۆمەڵ، زمان و فکر، زمان و سیاسەت، زمان و دەسەڵات، زمان و تێکنۆلۆژی، و زمان و ئیدەئۆلۆژی. ئەگە زمان نەگۆڕێ، ناتوانێ وەڵامی نیازی هەمیشە بگۆڕی کۆمەڵ بداتەوە، و لە هەمان کاتدا ئەگەر بە خێرایی بگۆڕێ ڕێگە لە پێوەندیی ئاخێوەران دەگرێ و کۆمەڵی ئاخێوەر دەشێوێنێ. ئەوانەی زمان وەک کۆمەڵێک ناکۆکی نابینن، هەر لایێکی جووتە دژەکانیان وەبەرچاو دەکەوێ و تووشی هەڵەی زانین دەبن. بۆ وێنە، ئەوانەی دەیانەوێ وشەی "بیگانە" لە کوردیدا نەمێنێ، نازانن شتی وا نە دەبێ و نە، ئەگەر بکرێ، ئامانجێکی باشە، و ئەوەندەی تا ئێستا بە شێوەیێکی

سەرەڕۆیانە کراوە زمانەکەی هەژارکردووە.[٥٢] بەڵام پەتیکردنی وا تەنیا لەبەر پێنەزانین بە دینامیسمی زمان نییە. پەتیگەری، وێڕای نەزانین، دیاردەیێک یان ڕێبازێکی ئیدەئۆلۆژییە. جا ئەوە سەیر نییە کە پەتیگەری کوردستانی باشوور زۆرتر دژی عەرەبییە، پەتیگەری ڕۆژهەڵات دژی فارسییە، و پەتیگەری باکوور دژی تورکییە، بەڵام هیچ کامیان زۆر دەربەستی خوازتنەوە لە زمانی ئینگلیسی و زمانی دیکە نین. بۆ نموونەی سەرلێشێواوی لە مێژووی زمانناسی‌دا، ئیشارە بە دوو کتێب دەکەم کە لە بواری بەرنامەڕۆنانی زماندا دوو بۆچوونی دژ بەیکیان هەیە. یەکیان کتێبی ***لە کۆڵ زمانەکەتان بینەوە***، بەرهەمی "رابرت هاڵ"ە، کە لە ١٩٥٠دا لە ئەمریکا بڵاو بۆوە، و رەخنەی گرت لە خولیایی دروست نووسین و کوتن، و پێی وابوو کە زمان دەبێ لێی گەڕێی بۆ خۆی هەرچۆنێکی هەڵکەوت بگۆڕێ و

---

[٥٢] مامۆستا هێمن هەم خەڵکی گوند بوو و هەم لە شار (سابڵاغ) ژیابوو، و ئاخاوتنی خەڵکی لادێی، کە زۆر کەس پێیان وایە کەمتر تێکەڵاوی زمانە بەدەسەڵاتەکان بووە، باش دەزانی و لە ساڵانی کۆماری کوردستاندا لە بواری پەتیکردنی کوردی (دیتنەوەی وشەی پەتی بۆ وشەی خوازراو) زۆر چالاک بوو، بەڵام لە پەتیکردندا زۆر هێدی بوو، و هەم لە شێعر و هەم لە پەخشانە جوانەکەیدا دەربڕینی مەبەستی فیدای وشەی داتاشراو نەدەکرد. ئەو لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠دا، هۆنراوەی "بەهاری کوردستان"ی بۆ زۆر کەس دەخوێندەوە، و وەک نموونەی پەتی قسەکردنی لادێی دادەنا. جارێکی پێم کوت کە وشەی "هۆبە" و "سۆبە" لە بەندی ئاخری "بەهاری کوردستان"دا تورکی یان مەغوولین، زۆری پێ سەیر بوو. مەبەستم ئەوەیە بڵێم زۆر وشەی خوازراو تەواو خۆماڵی دەبن و ئاخێوەران، یان تەنانەت ئەو خوێندەوار و رۆشنبیرانەی وەدوای رەچەڵەکی وشان دەکەون، لەوانەیە نەزانن کامیان "بێگانە" و کامیان خۆماڵین:

(هێمن) لە سەرەخۆ بە
نەکەی بچی بۆ هۆبە
دەنا دەشکێنی تۆبە
ئاور دەگری وەک سۆبە. (هێمن، ***تاریک و روون***، بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣/١٩٧٤، ل. ١١١).

بە هەر لایێکدا وەڕێ کەوت بڕوا. ئەوی دی کتێبی "جاشوا فیشمەن"ە کە سەردێڕەکەی، ***لە کۆڵ زمانەکەتان مەبنەوە*** (چاپی ٢٠٠٦)، بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی "رابرت هاڵ"ە.[٥٣]

کێشەی کوردی ئێستا ئەوە نییە کە یان بەڕەڵا بکرێ بە شێوەی خۆڕسکی بگوورێ یان ببەسترێتەوە بە بەرنامەڕۆنانی تاقە ناوەندێک. بەرهەڵستێک ئەوەیە کە زمانەکە بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە و لە هەر وڵاتێک ناوەندی جۆراوجۆری هەیە. ئێستە ئەو ئاکادیمیایەی لە باشوور هەیە، دەسەڵاتی وەی نییە چارەنووسی زمانەکە دابین بکا (ئاکادیمیای زمان لە وڵاتی دیش دەستیان بەستراوە). دوای ساڵی ١٩٩١ کە زمانی کوردی لە عێراق و تورکییە ئازادی زۆرتری وەدەست کەوت، هێزی تازە سەریهەڵداوە و نیازی ئاڵۆز و تێکنۆلۆژی شوڕشیی (لە راگەیاندندا) پەیدابووە و شێواویی زمانیی پتر و بەرینتر بووە. لە ئەو بارودۆخەدا، دەست تێوەردانی بە بەرنامە پێویستە، بەڵام ئیمکانی کەمە، و وێدەچی لە درێژخایەندا نەزمێک لە ئەو "ئاژاوە"دا وەدەرکەوێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێستە ئەلفوبێ چاککراوە و، ئەگەر پەتیگەرەکان بەرببینگی بەربدەن، کێشەی ئەلفوبێمان نییە، باوەکوو ئەلفوبێیەکە تەواو فۆنیمیی نەبێ، بۆ وێنە فۆنیمی /ö/ بە دوو حەرف دەنووسرێ وەک لە <**گویز** göz>دا، یان حەرفی <ی> نوێنەریی دوو فۆنیمی /y/ و /î/ دەکا وەک لە /**یاریده** yarîde/دا، هەروەها <و> نوێنەریی دوو فۆنیمی /w/ و /u/ دەکا وەک لە /**وەفا** wefa/ و /**کورد** Kurd/دا، و بێجگەلە ئەوانە لە دایگراف (digraph) یان

---

[٥٣] Robert Hall, *Leave Your Language Alone*. Ithaca, N.Y.: Linguistica, ١٩٥٠; Joshua Fishman, *Do not Leave Your Language Alone: The Hidden Status Agendas within Corpus Planning in Language Policy*. Mahwah, N.J.: Lawrence Erlbaum Associates, ٢٠٠٦.

جووتەحەرفی <وو> بۆ نووسینی /û/، <وی> بۆ نووسینی /ü/، یان <ویٚ> بۆ نووسینی /ö/دا دەکاردێن.[٥٤] بەڵام ڕێنووس زیاتر لە گشت پێکهاتەی زمان ناستاندارد ماوتەوە، و هەر کەس بە مەیلی خۆی دەنووسێ.

کێشەی ڕێنووس لە گشت ئەلفوبێیێکی کە تەواو فۆنیمیی نەکراوە بەدیدەکرێ، بەڵام ئەلفوبێی عەرەبی-کوردی ئەگەر تەواویش فۆنیمی بکرێ، کێشەی ڕێنووسی بنەبڕ نابێ. ئەوەش زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، تەواوی حەرفەکانی یەک وشە دەبێ بەیەکەوە بلکێن، بەڵام نۆ حەرفی <ا، د، ر، ڕ، ز، ژ، و، ۆ، ە> ناهێڵن ئەو پێکەوەنووسانە تەواو وەدیبێ، چونکە ئەو نۆ حەرفانە لە لای چەپەوە بە حەرفی دی نالکێن، و تەنیا بە ئەو حەرفەی کە لە پێش خۆیاندا دێ دەلکێن، و وشەکە کوتکوت دەکەن. جا ئەو کێشەیە لە کوردیدا بەرینترە، نەک هەر لەبەر ئەوەی ئەلفوبێیەکە تەواو فۆنیمی نەکراوە (بە تایبەت لە بەر "اعراب بە حروف" کردن)، بگرە زۆرتر بەهۆی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی کە پڕە لە پێشگر و پاشگر و ناوبەند، و پێشکردار (preverb وەک وشەی هەوەل لە **ڕووناککردن**، **بانگ کردن**، **وەرسووڕاندا**)[٥٥] و پریپۆزیشنی سادە (**لە**، **بۆ**، **بە**، **بێ**...) و

---

[٥٤] ئەوانەی کە پێیان وایە ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی نابێ، دەتوانن هەر لە ئەو نموونانە دا توانایی ئەو ئەلفوبێیە ببینن، و ئەگە قەرار وابێ ئەلفوبێیەکە تەواو فۆنیمیی بێ، ئێستە ئەلفوبێی لاتینی-کوردی لە ئەلفوبێی عەرەبی-کوردی فۆنیمیترە.

[٥٥] کێشەکە بە وەی تەواو نابێ کە وشەی وەک **ڕووناک کردن** و **بانگ کردن** و**لێک هەڵ بڕین** بە بەیەکەوەلکاویی وەک **ڕووناککردن** و **بانگکردن** و **لێکهەڵبڕین** بنووسرێن. پێشکردارەکان جێگە دەکەنەوە بۆ مۆرفیمی جۆراوجۆر لە نێوان خۆیان و کردارەکە، بۆ وێنە **ڕووناک یان کردەوە**، **بانگ مان دەکەن**، **بانگ نەکردن**، **بانگی پیاوەکەیان کرد**، و **لێک یان مان هەڵبڕیبا**، و ئەگەر بێتوو

لێکدراو (**لەگەڵ، لەبەر...**) کە کێشەی پێکەوەلکانی حەرفەکان دەکەنە کێشەی ڕێزمان بەتایبەت مەعناناسی و مۆرفۆلۆژی. بۆ وێنە، **هەڵگرتن** فۆرمی وەک **هەڵیان نەگرتبایە**–مان دەداتێ، یان، شێخ محەمەدی خاڵ گوتەنی، **پێ لێ هەڵ بڕین** دەکرێ بە پێنج شێوەی دی بنووسرێ (**پێلێ هەڵ بڕین**، **پێلێ هەڵبڕین**، **پێلێهەڵ بڕین**، **پێ لێهەڵ بڕین**، و **پێلێهەڵبڕین**). ئەوڕەحمانی حاجی مارف کوتوویەتی بەسەریەکەوەنووسینی **گوێلێگرتن** لە سێ کوتکردنی وەکوو **گوێ لێ گرتن** باشترە، بەڵام کاتی تصریف و هاتنەگۆڕی پریێپۆزیشن و راناوەکان باشترە پێکهاتەی وەک **گوێم لێت گرت** بەسەریەکەوە نەنووسرێ. دیارە لە سی چل ساڵی رابردوودا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە حەولدراوە،[56] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردبوونەوەی تیۆرییش تا رادەیێک دەبینین، هێشتا ڕێنووسەکە یەکگرتوو یان ستاندارد نەبووە. بۆچوونێک هەیە کە دەیەوێ قاعیدەکانی ڕێنووس لە سەر بنەمای مەعناناسی[57] و ڕێزمان دابندرێن. بۆ وێنە، دەگوترێ کە لکاندنی **تر** بە ئەو وشەی کە لەپێشیدا دێ، دەبێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

ئەوانە بەسەریەکەوە بنووسرێن ئاوایان لێدێ: **رووناکیانکردەوە**، **بانگماندەکەن**، **بانگنەکردن**، **بانگیپیاوەکەیانکرد**، و **لێکیانمانەهەڵبڕیبا**. ئەگە بێتوو حەرفەکانی **لێکیانمانەهەڵبڕیبا** وەک **لێکهەڵبڕین** بە یەکەوە نەنووسێنین، دەبێ لێکدانەوەی مۆرفۆلۆژی بێنینە گۆڕێ.

[56] بۆ وێنە بڕوانە: ***ڕێنووسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عیراق دەستەی کورد***. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٧؛ کۆڕی زانیاری کورد، ***ڕێنوسی کوردی***. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦؛ کمیسیون آموزش و پرورش کۆمەڵە، ***ڕێنووس زبان کردی***. ١٣٦٢؛ طاهر صادق، ***رینوس: چۆنیەتی نوسینی کوردی***. کەرکوک، چاپخانەی شیمال، ١٩٦٩.

[57] بۆ وێنە پێشنیارکراوە پێکەوەلکان یان نەلکانی **بێ** بە ئەو ناوەی کە بە دوای دا دێ ببەسترێتەوە بە جیاوازیی لە نێوان دوو مەعنای **بێ** دا، وەک **مرۆڤی بێوڵات** و **کابرای بێ وڵات... بێ**ی هەوەل پێشگرە و ئەوی دیکە پریپۆزیشنە ("ڕێنووسی مامۆستای کورد"، ***مامۆستای کورد***، ژمارەی ١٠، پاییزی ١٩٩٠، ل. ٩).

**ببەستریتەوە بە باری ڕێزمانییەکەی، وەکوو جویکردنەوەی لە "کتێبێکی تر"دا (ئاوەڵناوی تر)، بەڵام پێکەوەلکاندنی لە "باشتر"دا (پاشگری بەراوردیی تر). بەڵام ئەگەر بێتوو ڕێنووس ببەستریتەوە بە ڕێزمان یان مەعناناسی، لە کێشەیێکی دەنگ/حەرف دەردەچێ و دەبێتە کێشەی ڕێزمان و مۆرفۆلۆژی و مەعناناسیی، و نووسەر دەبێ پێش نووسینی هەر وشەیێک، لە پێشدا لە باری ڕێزمانیی و مەعناییەوە لێکیبداتەوە، و دوایە ساغبێتەوە چۆنی بنووسێ. ئەوەش بارێکی گرانە لە سەر شانی نووسەر و خوێنەرەوە. ئەوانەی پێیان وایە زمانەکەمان بە فۆنیمیکردنی ئەلفوبێ هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە و کێشەی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی بۆ گەورە و بچووک چارەسەر کردووە، لەوانەیە پێ نەزانن کە ڕێزمانیی کردنی ڕێنووس هەنگاوێک بەرەو پاشەوەیە.[٥٨]**

**لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنووسێکی ستاندارد پێویستە (بۆ باشتر لێدوان و لێکتێگەیشتن)، ڕێنووس، وەک گشت بەشەکانی زمان، حەجمینی نییە و دەگۆڕێ، و پێداگرتن لە هەڵەنەکردن بەشیک لە ئیدەئۆلۆژی زمانییە. شاکەلی پێی وایە هەر بۆ خۆی ڕەمزی ڕاستنووسینی دیوەتەوە و هەڵە ناکا.[٥٩] لێرەدا تەجرەبەی ئینگلیسی دێنمە گۆڕێ کە ڕێنووسەکەی، دوای چوار سەدە**

---

[٥٨] مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە کە تەواوی کێشەکانی ڕێنووس لێکبدەمەوە.

[٥٩] لە وەڵامدانەوە بە پرسیارێک ("ئایا فەرهاد شاکەلی بەبێ هەڵە کوردی دەنووسێ") دەڵێ: ((لێتی ناشێرمەوە دەمویست هەروا سووک و ئاسان بڵێم (بەڵێ) و ئیتر بیبڕمەوە... کۆمەڵێ خەڵکمان هەن کە کوردییەکی جوان و بێ گرێ و پاراو دەنووسن... بەڵام هەر لە ناو ئەم دۆستە بەڕێزانەیشدا هیی وا هەن کە فریان بەسەر ڕێنووسەوە نییە و لێی نازانن. پەشێو، هێندەی من ئاگادار بم، چونکە زووزوو یەک دەبینین یا بە تەلەفۆن قسان دەکەین، لە هەموویان زێتر ئاگاداری ئەو وردەکارییانەی ڕێنووس و ڕێزمانە))، فەرهاد شاکەلی، ***زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا***. کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨، ل. ٢٤٠.

نووسینی بێ سنوور بە چاپ، لە سەدەی نۆزدەدا ستاندارد بووە، بەڵام هێشتا گرفتی زۆرە، و شەڕ و کێشەکانی گشت لایەنی ئەو ئیدەئۆلۆژییە وەبەرچاو دەخەن.[٦٠] بۆچوونێک پێی وایە ڕێنووسی ئینگلیسی نزیک لە سیستیمێکی هەرەباشە (optimal) بۆ نووسینی ئەو زمانە (نوام چامسکی و مۆریس هالیٚ) و بۆچوونێکی دی دەڵێ: ئەو ڕێنووسە ((سووکایەتیکردنە بە عەقڵی ئینسان)) (ماریۆ واندروزکا Mario Wandruszka). بۆچوونی دووەم وای دادەنێ کە ڕاستنووسی نیشانەی فکرێکی بەرزە و پێوانەی خوێندەواریی و تێگەیشتوویی و لێهاتووییە و کەسێکی ڕاست نەنووسێ تێنەگەیشتوو و نەزانە.[٦١] بۆ وێنە، کاتێکی تۆنی بلێر، سەرەک-وەزیری بریتانیا، لە نووسینی وشەی tomorrow دا (سبەینێ) هەڵەی کرد و toomorrowی نووسی، هەڵای لێ سازبوو. یاخۆ لە ساڵی ٢٠١٣دا، کاتێکی لە شاری دێڤن (Devon) لە بریتانیا پێشنیارکرا کە نیشانەی ' (ئەپاسترفی) لە نێوی کووچە و کۆڵانان لاببەن، ((شەڕی ڕێزمانیی)) وەڕێکەوت.[٦٢] لەو ڕووداوانەدا ناکۆکی یان شەڕی ئیدەئۆلۆژی و سیاسی بەدی دەکرێ: زمان دیاردەیێکی دینامیک و بگۆڕە، یان ئامرازێکی وەستاو و نەگۆڕی باری باو؟ زمان بۆ لێدوان و پێوەندیی جەماوەری خەڵکە یان ئامرازی ((کوولتووری بەرز)) و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری؟ زمان

---

[٦٠] Christopher Upward and George Davidson, *The History of English Spelling*. Oxford: Wiley-Blackwell, ٢٠١١.

[٦١] Simon Horobin, *Does Spelling Matter?* Oxford: Oxford University Press, ٢٠١٣; Romy Clark and Roz Ivanič, *The Politics of Writing*. London: Routledge, ١٩٩٧, pp. ١٨٧-٢١٦ (chapter ٨: "Issues of correctness and standardization in writing.")

[٦٢] Harvey Morris, "Dropped apostrophes spark grammar war in Britain," *http://rendezvous.blogs.nytimes.com/٢٠١٣/٠٣/١٦/dropped-apostrophe-sparks-grammar-war/*

www.zheen.org

ئامرازی ناوەندییکردنی دەسەڵاتە یان دیمۆکراتیکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟ زمانی ستاندارد ئامرازی تواندنەوەی لەهجەکانە یان هاوڕێیی و هاوپشتییان؟ زمان ئامڕازە، یان خۆی دیاردەیێکی کۆمەڵایەتییە کە نابێ بکرێ بە ئامڕازی هیچ شتێک؟

باری نالەباری کوردی هەروەها لەبەر نەبوونی بۆچوونێکی دروست سەبارەت بە فرەنۆرمیی زمانی کوردییە: هیچکام لە ئەو سێ لەهجانەی کە ئەدەبی کۆنتریان هەیە – کورمانجی، هەورامی و سۆرانی – لە سەر تاقە نۆرمێک ساغ نەبوونەوە.[٦٣] نۆرمی سۆرانی، کە دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ (١٩١٤–١٩١٨) لە چاپەمەنی و پەروەردە و رادیۆ دەکارهات، بن–لەهجەی سلێمانی بوو، بەڵام هەر ئەوکاتیش نووسەری واهەبوون کە نۆرمی سلێمانییان لە گەڵ نۆرمی موکریانی تێکەڵ کردووە، و ئێستەش کە هەولێر بووەتە پێتەختی حکوومەتی هەرێم، نۆرمی هەولێریی خەریکە جێی خۆی خۆشدەکا. بێجگە لەوانە، لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش نۆرمی موکری و نۆرمی سنەیی جێی خۆیان کردۆتەوە، و لە نووسینی موکریانیشدا فۆرمی سلێمانی دەبیندرێ. تاقە–نۆرمیکردنی سۆرانی کارێکی هاسان نییە، و سەرکەوتنی پڕۆژەیێکی وا تا رادەیێک پێوەندی بە ئەوەوە هەیە کە کام شار و ناوچە دەبێتە ناوەندی دەسەڵاتی فەرهەنگی و ئابووری و ئیدارەیی و سیاسی. تێکەڵکردنی نۆرمەکان نیشانەی کوردی نەزانین یان نەخوێندەواریی نییە، و زۆرتر بەرهەمی فرەنۆرمییە، کە ئەویش نە نیشانەی ناتەواویی ستانداردێتی،

---

[٦٣] بێجگە لە ئەو سێ لەهجانە، چەند لەهجەی دی وەکوو دملی (زازا) و کەلهوڕی لە سی چل ساڵی رابردوودا لە نووسین و چاپەمەنی و ئینترنێت دا دەکارهاتوون، و ئاخێوەرانی ئەو لەهجانە داوای مافی زمانیی وەکوو مافی نووسین و خوێندن دەکەن.

بەڵکوو فۆڕمێک لە ستانداردێتیە.[٦٤] با نموونەی نووسەری هەردوو لای سنوور بێنمەوە: لە ڕۆژهەڵات، هەژاری شاعیر و فەرهەنگنووس کە لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیی خۆیدا نۆرمی موکری دەکاردەهێنا، لە ساڵانی ١٩٧٠ بە ئەولاوە نۆرمی موکری و سنەیی تێکەڵ دەکرد. لە باشوور، نووسینی شاکەلی پڕە لە ئاژاوەی نۆرمیی: لە لایێک فۆرمی موکریانی وەک دیکە دەکاردێنێ و لە لایێکی دی فۆرمی سلێمانی وەک دان (لە باتی ددان).[٦٥] بیروبڕوای یەکانەیی – یەک زمان، یەک لەهجە، یەک نۆرم، یەک ئەلفوبێ – وەک باوەڕی "توحید" لە ئاییندا دیاردەیێکی ئیدەئۆلۆژییە.

تا ئێستا چەند جار باسی ((ئیدەئۆلۆژی زمانیی))م کردووە و پێویستە کەمێکی شیبکەمەوە. مەفهوومی ئیدەئۆلۆژی لە ئاستی تیۆرییەوە باسێکی زۆری لێکراوە، بەڵام لە لێدوانی ئاساییدا زۆر جار بە مەعنایێکی دەکار دێنن کە یارمەتی نادا بە تێگەیشتنێکی قووڵی کێشەکان. بە گوێرەی تێگەیشتنی ئاسایی، ئیدەئۆلۆژی دەزگا یان نیزامێکی فکریی تەواو داخراوە کە لە کۆمەڵێک بۆچوونی هەڵە و نەگۆڕ و ویشکهەڵاتوو پێکهاتووە، و بەعزە کەسێک بە بێ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن وەدوای دەکەون و دەیانەوێ بە زۆرەملی بەسەر خەڵکی دیدا دابسەپێنن. لە ئەو بۆچوونەدا، ئیدەئۆلۆژی دژی زانست و سیاسەت دادەندرێ و دەکوترێ ئیدەئۆلۆژی خراپە و زانست باشە، و پێویستە هەر کەس ئیدەئۆلۆژی هەبێ فڕێی بدا. بۆچوونێکی دی، کە بە زانستی

---

[٦٤] حەسەنی قازی، "زۆربەی زمانە زیندووەکان فرەستەندەرد و فرەناوەندن"، ٢٦ مایسی ٢٠٠٨، بڕوانە:
http://ruwange.blogspot.ca/٢٠٠٨_٠٥_٠١_archive.html

[٦٥] فەرهاد شاکەلی، ***زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا.*** کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨، ل. ٢١٨، د. ٦؛ ل. ١٩٤، د. ٥؛ ل. ٢٤١، د. ١٦

تیۆری پشتئەستووره، ئەوەیە: ئیدەئۆلۆژی نیزامێکی فکری و بۆچوون و تێبینی و جیهانبینییە کە ئاوات و ئارەزوو و داخوازیی چین یا توێژێک دەردەبڕێ. هەر کۆمەڵێک چین و توێژی جۆراوجۆری تێدایە کە هەم لە ناکۆکی و ناتەبایی دان و هەم پێکەوە دەژین، و ئیدەئۆلۆژییەکەیان هەم دژبەیەکن و هەم لە وانەیە تێکەڵ ببن. بۆ وێنە، ئارەزوو و ویستی جووتیارێک بۆ ئەوەی زوڵم و بێگاری و سووروسات و هەژاریی و نەداریی و برسێتی نەمێنی، ئیدەئۆلۆژی ئەو چینە کۆمەڵییە کە لە جێگە و پێگە و تەجرەبەی ژیانی جووتیاران لە نیزامی دەرەبەگیدا هەڵدەقوڵێ. ئەگەر بیر و بۆچوونێکی واهەبێ بڵێ خوڵا دنیای هەر وا داناوە، فەقیر و دەوڵەمەند هەیە، زۆردار و زۆرلێکراو هەیە، بەڵام لە ئەو دنیای حەق بە حەقداری دەگا، دەکرێ ئەوە بە ئیدەئۆلۆژی چینی دەرەبەگ دابنێین، جا با ئەو کەسەی باسێکی وا دەکا خۆشی دەرەبەگ نەبێ. یان کرێکارێکی ئارەزوو و ویستی نەمانی چەوساندنەوە بێ و بیەوێ باری ژیانی خۆی بگۆڕێ، ئەوە هەڵگری ئیدەئۆلۆژی چینی خۆیەتی، بەڵام دەتوانێ ئیدەئۆلۆژییێکی دی رەچاو بکا. ئیدەئۆلۆژی بڕوا و باوەڕ و ئیمانە و رێنوێنی دەدا بۆ رەفتار و کرداری کەسێک لە کۆمەڵدا. کە وابێ ئیدەئۆلۆژی جیاوازیی لەگەڵ زانست (عیلم) زۆرە، بەڵام ئیدەئۆلۆژی تەواو لە هەڵە و خەیاڵات پێک نەهاتووە. بۆ وێنە، ئیدەئۆلۆژی کۆمۆنیستی کە لەناوبردنی چینی کۆمەڵی و چەوساندنەوە و دامەزراندنی کۆمەڵی بێ چینی دەوێ، بە لێکدانەوەی مێژوویی بەو بۆچوونە گەیشتووە، بەڵام ئەوە هێشتا زانست نییە و ناتوانێ پڕۆژەیێکی وا وەدیبێنێ، چونکە وەدیهێنانی کۆمەڵێکی بێ چین و بێ چەوساندنەوە پێویستی بە زانست و تێگەیشتنی زانستی هەیە. ئیدەئۆلۆژی ئارەزوو و ئاواتەکە دەهێنێتە گۆڕێ، بەڵام بە بێ زانست ناتوانێ داهاتوویێکی وا وەدی بێنێ.

له ئەو نووسراوە و لە پێشەکیدا، من رەخنە لە سیاسەت و ئیدەئۆلۆژییێک دەگرم کە کێشەی سەرەکی زمانی کوردی بە کێشەی (بێگانە و خۆماڵی) دادەنێ و بە دووبەرێتی وەکوو (پاک و ناپاک)، (ئاریایی و سامی) و (کورد و دژکورد) و بە پێوانەی وا چاو لە کۆسپ و گرفتەکانی زمانی کوردی دەکا. ئەوە ئیدەئۆلۆژییە پشتەستوور بە زانست نییە و بگرە بە لای زانستی زمانناسیدا نەڕۆیوە. ئاواتێکی ئەو ئیدەئۆلۆژییە "پاککردنەوە"ی زمانی کوردی لە زمانی "بیگانە"یە و ئەو بێگانەش زۆرتر عەرەبییە؛ هەروەها ئارەزوودەکا بە رەسمی کردنی لەهجەیێک هەرچی کوردە بیکا بە نەتەوەیێکی یەک دەست و یەک زمان و یەک لەهجە. بەڵام ئیدەئۆلۆژی زمانیی وا هەیە کە سەرباقی بایەخدانی بە ناکۆکی دەسەڵات و بێدەسەڵاتی، سەرکوتگەریی و سەرکوتکراویی، یان زمانکوژیی و زمان گەشاندنەوە، دژایەتی هیچ زمان و لەهجە و ئەلفووبێ و دەنگ و حەرفێک ناکا، و بۆ بەرابەریی زمانەکان تێدەکۆشێ، و دەیەوێ زمان بگەشێنێتەوە و ئامادە بێ بۆ بەرەنگاربوونی دنیای ئاڵۆزی ئەورۆ.

له سێ چوار دەیەی رابردوودا، لە تیۆری کۆمەڵی ( social theory) و تەنانەت لە راوێژ و لێدوانی ئامرازی راگەیاندنی گشتیدا، مەفهوومی "گوتار" (discourse) زۆرتر لە "ئیدەئۆلۆژی" باو بووە، و لەگەڵ ئەوەشدا لە زانستەکانی زماندا "گوتار" لە روانگەی تیۆری جۆراوجۆرەوە زۆر دەکارهاتووە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆر پرۆسە و دیاردەی زمانی-کۆمەڵایەتی پێویستی بە مەفهوومی ئیدەئۆلۆژی هەبووە، و" ئیدەئۆلۆژی[یەکانی] زمان" ئێستە بووەتە بوارێکی زانستی زمان.[٦٦] لە روانگەی

---

[٦٦] Kathryn Woolard, “Language ideology as a field of inquiry,” in *Anthropological Linguistics: Critical Concepts in Language Studies, Vol.*

تیۆرییەوە، "ئیدەئۆلۆژییەکانی زمان بڕوای خەلک دەردەبڕن سەبارەت بە ئەوەی کە زمان چییە و چۆن دەبێ دەکار بێ".[٦٧] هەروەها، ئیدەئۆلۆژی زمان "سیستیمێکی کوولتووری (یان بن–کوولتووری) ئیدەیە (ideas) سەبارەت بە پێوەندییە کۆمەڵی و زمانییەکان، وێڕای تێکەڵاوێک لە بەرژەوەندییە ئەخلاقی و سیاسییەکان".[٦٨] یان دەکرێ بڵێین ئیدەئۆلۆژییەکانی زمان وەک "فیلترێکی لێکدانەوەن" (filterinterpretive) کە یارمەتی دەدەن خەڵک پێوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ ببینن و تێیبگەن و شیبکەنەوە.[٦٩]

گۆڕانی بارودۆخی کوردستان (بە تایبەت ئاواڵەتر بوونی سنوورەکان و دامەزرانی حکوومەتی هەرێم) و پەرەئەستاندنی ئینترنێت و ئامرازی کۆمەڵیی و تلڤیزیۆنی ساتلایت جیاوازیی رۆژهەڵاتی بوون و باشووری بوونی کەمرەنگتر کردووە، و تێکەڵاویی نۆرمەکان پتر دەکا.[٧٠] بیری زمانێکی تەواو ستاندارد خۆی ئیدەئۆلۆژییێکی زمانییە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*II, Thinking About Language: Part II* (edited by Bambi Shieffelin and Paul Garrett), London, Routledge, ٢٠١١, pp. ١٩٥–٢٤١.

٦٧ Marko Dragojevic, Howard Giles and Bernadette Watson, “Language ideologies and language attitudes: A foundational framework,” in Howard Giles and Bernadette Watson (eds.), *The Social Meanings of Language, Dialect and Accent: International Perspectives on Speech Styles*. New York: Peter Lang, ٢٠١٣, p. ٣.

٦٨ J.T. Irvine, “When talk isn’t cheap: Language an political economy,” *American Ethnologist*, Vol. ١٦, No. ٢, May١٩٨٩, p. ٢٥٥.

٦٩ K.A. Woolard and B.B. Schieffelin, “Langauge ideology,” *Annual Review of Anthropology*, Vol. ٢٣, ١٩٩٤, p. ٦٢.

٧٠ Michael Clyne (ed.), *Pluricentric Languages: Differing Norms in Different Nations*. Berlin: Mouton de Gruyter, ١٩٩٢.

نایەتەوە.[٧١] لە سەدەی بیستدا، زمانی گەورە و گرینگی وەکوو ئینگلیسی، فارسی، عەرەبی و ئیسپانیایی هەرکامەی چەند ستانداردیان لێ پەیدا بووە. لە بارودۆخێکی وادا، بۆچوون و سیاسەت سەبارەت بە بەرنامەڕۆنانی زمانی کوردی، ئەگەر بکرێ بەرنامەی بۆ دابنێی، دەبێ ڕێبازێکی نوێی هەبێ، و لە ڕێگەی تۆفیق وەهبی و هاوفکرانی لابدا، و وەپێشیان بکەوێتەوە. هەم بارودوخی مێژوویی گۆڕاوە و هەم زمانەکە و ئاخێوەرانی. لە پێشەکیدا باسی ئەوەم کردووە کە کێشەی زمانی کوردی کێشەی ڕەگەز و ناسنامە نییە، و دەردی زمانەکەمان تا کاتێکی باش نەناسرێ دەرمانێکیشی بۆ نابیندرێتەوە. داوای من لە ئەوانەی خەریکی چاککردنی زمانی کوردین ئەوەیە: بەربینگی ئەلفوبێیەکە بەربدەن![٧٢] پەتیکردن بەسە! پەتکردنی زمانەکەمان بەسە! چیدی زمانەکەمان هەژار و کۆڵەوار مەکەن! دەست لە ئەوێستا و پەهلەوی و ماسی سوراتی و سومێری هەلبگرن و وەدوای لێکۆڵینەوەی زمانناسییانەی لەهجەکان و زمانی ئەدەبیی کوردی بکەون! ئەگە بەرژەوندیی زمانەکەتان دەوێ، تێبکۆشن بۆ چاککردنی

پێگەی ژین
www.zheen.org

---

[٧١] بۆ باسی زۆرتر سەبارەت بە ئیدەئۆلۆژی زمانی بڕوانە:
Paul Kroskrity (ed.), *Regimes of Language: Ideologies, Polities, and Identities*. Santa Fe, NM: School of American Research Press; Oxford: J. Currey, ٢٠٠٠; Mark Sebba, “Ideology and alphabets in the former USSR,” *Language Problems and Language Planning*, Vol. ٣٠, Issue ٢, ٢٠٠٦, pp. ٩٩–١٢٥; Bombi Schieffelin, Kathrryn Woolard and Paul Kroskrity (eds.), *Language Ideologies: Practice and Theory*. New York: Oxford University Press, ١٩٩٨.

[٧٢] سوداد ڕەسول پێیوایە ((کێشەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ ئەلفوبێی لاتینی ئەمڕۆ بە گرینگترین کێشەی زمانی کوردی دادەندرێت))، بڕوانە "ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی" لە:
http://www.dengekan.info/dengekan/١١/standard/٧٣٨١.html

ڕێنووس، بۆ ڕێککەوتوویی نۆرمیی، خولقاندن و وەرگێڕانی زانستی نوێباو، دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر (بەتایبەت فەرهەنگی تێروتەسەلی کوردی-کوردی)، دانان و وەرگێڕانی زانستی نوێ بۆ خوێندنی بالاّ، لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی ئامار سەبارەت بە زمان و لەهجەکانی و چۆنێتی و چەندێتی دەکارهێنانیان، دانانی ئەتڵەسی زمانیی، دۆزینەوە و چاپکردنی هەرچی بەرهەمی دەستنووسە، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری زارەکی گشت لەهجەکان، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دەکارهێنانی کوردی لە ئامرازە کۆمەڵییەکان و پێوەندییەکانی کوردی و زمانی دی لە بارودۆخی ئێستەدا، و زۆر بابەتی ئاوا. ئەوانە ئەرکی گرانن بەڵام بەربینگی ئەلفوبێ گرتن کارێکی هاسان، ساکار، پڕزەرەر و بێفایدەیە.[٧٣] کوردی پێش ئەوەی لە دنیای مۆدیرن دا پێهەڵبگرێ و بتوانێ بەرەنگاری ژیانی مۆدێرن بێ، تووشی زمانکوژیی چوار دەوڵەتان بوو و پشووی لێبڕا. زمانێکی وا بریندار بە پەتیکردنی دەنگ، حەرف، وشە، و دەست تێوەردان و گۆڕینی ئەلفوبێیەکەی نابووژێتەوە و کۆڵەوارتر دەبێ.

---

[٧٣] نموونەی ئەرکی گران و گرینگ بەرهەمی سەلاح پایانیانی، ***فەرهەنگی زارەکی موکریانە*** کە بە بێ یارمەتی هیچ دەزگایێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی تا ئێستا چوار بەرگی بە ڕێکوپێکی بڵاوکردۆتەوە.

## پێشەکی:

## تەقەللا بێسوودەکانی دوێنێ و ئەورۆ

ئەو وتووێژە لەگەڵ تۆفیق وەهبی لە بارودۆخێکدا بڵاودەبێتەوە کە باری سیاسی وڵات زۆر گۆڕاوە، بە تایبەتی لە بیست ساڵی رابردوودا، و زمانی کوردیش گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتووە.[٧٤] بۆ وێنە، کوردی وەک عەرەبی ئێستە زمانی رەسمی دەوڵەتی عێراقە، بەلانی کەمەوە لە سەر لاپەڕەکانی دەستووردا. هەروەها، پێوەندی دوو لەهجەی هەرە گەورە، کورمانجی و سۆرانی، گۆڕاوە. کورمانجی لەگەڵ ئەوەشدا، وەک ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست (١٨٩٨–١٩٢٣)، لە پلەی دەسەڵاتدا نییە، ماوەیێکە خێرا بەرەو پێگەی دەسەڵات دەڕوا. کورمانجی، دوای هەشتا ساڵ سەرکوتکرانی دڕندانە لە تورکییە، ئێستە لە هەرمەنستان و خوراسانەوە هەتا سوورییە و ئەستەمبووڵ و دیاسپۆرایێکی (دوورەوڵات) جیهانی، لە نووسین و خوێندن و رادیۆ و تلڤزیۆن و سینەما و ئینترنێت و ئامرازی کۆمەڵی

---

[٧٤] ئەو پێشەکییە بۆ ئەو کتێبە نووسرا: ***گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی و خوێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە*** (وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەمیر حەسەن پوور، نووسینەوەی و پەراوێز و خوێندنەوەی (بابی لالۆ) کەمال رەئووف محەممەد. سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١)، بەڵام لەوێدا بڵاونەبۆوە و لێرەدا بە گۆڕانێکی زۆر کەم بڵاودەبێتەوە. دوو پاراگرافی هەوەڵی ئەو نووسراوەم کە باسی بارودۆخی نووسینی ئەو پێشەکییە دەکا، لابردووە.

(social media) دەکاردێ و ئاخێوەرانی لە کوردستانی عیراق داوای مافی زمانی – بەرابەری لەگەڵ سۆرانی – دەکەن.[٧٥] هەروەها، ئاخێوەرانی لەهجەی دی، لە هەورامیڕا بگرە هەتا دملکی، داوای مافی زمانی خۆیان دەکەن.

گۆڕانێکی گرینگ دەکارهێنانی تێکنۆلۆژی تازەی زمانە، بەتایبەت ئینترنێت و تلڤیزیۆنی ساتلایت و ئامرازی کۆمەڵی.[٧٦] ئەو تێکنۆلۆژیانە هەم ئاخێوەرانی لەهجەکان لێک نزیک دەکەنەوە و هەم لە یەکتریان دادەبڕن. گۆڕانێکی دی، پەرەئەستاندنی خوێندەوارییە لە گوند و لە شار، ئەویش لە کاتێکدا هەزاران گوندی وێرانکراو لە باکوور و باشوور تەواو ئاوەدان نەکراونەوە و شارەکان، نەک لە بەر گەشانەوەی ئابووری، بەڵکوو بەهۆی تێکرووخانی ئابووریی کشتوکاڵ، گەورەتر دەبن و هەژاری و نەداری زۆرتر دەبن. لە بوارێکی دید-ا، باسی زمان و کێشەی زمان تا ئێستە، وەک ناسیۆنالیسم، پرۆژەیێکی تەواو پیاوانە بووە، بەڵام توێژێکی رۆشنبیری ژن پەیدا بووە و دەور دەگێڕێ لە ژیانی زمانی و ئەدەبی و هونەریدا. لە باری سیاسییەوە، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەکارهێنانی کوردی لە پەروەردەی سەرەتاییڕا

---

[٧٥] بۆ زانیاری سەبارەت بە مێژووی سەرکوتکران و خۆڕاگرتن و کۆڵنەدانی ئاخێوەرانی کورمانجی لە ١٩٢٥ هەتا ١٩٦٠، بڕوانە تێزی دوکتورای مەتین یووکسەل:

Metin Yüksel, *Dengbêj, Mullah, Intelligentsia: The Survival and Revival of the Kurdish-Kurmanji Language in the Middle East ١٩٢٥-١٩٦٠*. Ph.D. dissertation, Department of Near Eastern Langauges and Civilizations, University of Chicago, ٢٠١١.

[٧٦] بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەوری تلڤیزیۆنی ساتلایت، ئینترنێت و ئامرازی کۆمەڵیی لە گۆڕانی زمانی کوردیدا بڕوانە ئەو کتێبەی د. جەعفەری شێخولئیسلامی:

Jaffer Sheyholislami, *Kurdish Identity, Discourse, and New Media*. New York, Palgrave Macmillan, ٢٠١١.

بگرە هەتا باڵا و لە کارگێڕیدا، هەم پلەی زمانەکەی بەرز کردووە و هەم بەرهەڵستی پێکهێناوە. دیارە ئەوانە و زۆر گۆڕانی دی لە وتووێژەکەدا باسیان لێ نەکراوە و لە ١٩٧٦دا نەدەکرا باسیان بکرێ. بەڵام من لە کێشەکانی زمانی کوردی و باس و بۆچوونەکانی ٢٠١٠دا، سای تۆفیق وەهبی و هاوبیرەکانی ٢٠ەکان و ٣٠ەکان بەدیدەکەم.

لەئەو پێشەکییەدا، من باسی چەند ناکۆکی دەکەم. یەکیان بە بۆچوونی من، ناکۆکی سەرەکییە لە بواری زمانی کوردیدا، ئەویش ناکۆکی نێوان بەرینبوونی بنکەی کۆمەڵیی زمانی نووسین (شارنشینی زۆرتر، تیکەڵاوتر بوونی پارچەکانی کوردستان، پەرەئەستاندنی خوێندەواریی لە شار و لە دێ، دەکارهێنانی تێکنۆلۆژی تازەی زمان، شلبوونەوەی سنوورەکان، پەیدابوونی جەماوەری خوێنەرەوە، جەماوەری بیستەر بە تایبەت بە رادیۆ، جەماوەری بینەر بەتایبەت بە تلڤیزیۆن و ئینترنێت...) و تەسکبوونی مەودای دەکارهێنانی زمانەکەیە (دابەشبوونی سیاسی و ئیدارەیی زمانەکە، دەسەڵاتخوازی بۆ لەهجەی سۆرانی و بێدەسەڵاتکردنی کورمانجی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا، ڕێگەنەدان بە دەکارهێنانی زمانی کوردی لە گشت بوارێکدا بەتایبەت لە تورکییە و ئێران و سوورییەدا...). زۆر بەکورتی، دەکارهێنانی زمان لە نووسین و لە کوتندا بەرینتر بووە و ئەو بەرینبوونە پێداویستی نوێ و داخوازی تازە دەهێنێتە گۆڕێ کە –بە بۆچوونەکانی وەهبی و ڕۆشنبیرانی ٢٠ەکان و ٣٠ەکان– وەڵام نادرێنەوە.[٧٧] ڕۆشنبیران و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم

---

[٧٧] لەئەو نووسراوەدا، مەبەستم لە "ڕۆشنبیر" توێژێکی کۆمەڵییە کە زۆرتر کاری فکریی (سیاسی، ئەدەبی، هونەری، زانستی... ) دەکا. هەروەها لە ئەو وشەیەدا، "ڕۆشن" (یان "ڕووناک" لە "ڕووناکبیر"دا) مەعنای "باش"، "ڕاست"،

ئێستەش بە ڕێباز و بۆچوونی سالآنی بیست و سی بەرەنگاری کێشەکان دەبن. ئامانجی من لەئەو نووسراوەدا ئەوەیە کە ئەو ناکۆکییە بخەمە بەر چاو.

کێشەکانی زمانی کوردی ئێستا کامن؟ کام گرێ پووچکەیە ئەگەر بکرێتەوە گرفتی دی دەکاتەوە؟ ئەگەر پرسیاری وا بکەین ئیدی ناکرێ بە پرسیاری وەک ((چ بوو؟))، ((کێ چی کرد؟))، یان ((کێ چی کوت؟)) رازی بین. پێم وایە گرینگتر لەئەو پرسیارانە ئەوەیە کە بپرسین: ((بۆ وا بوو؟))، ((بۆ وا کوترا؟))، ((بۆ ئەو ڕێبازە هاتەگۆڕێ نەک ڕێبازێکی دی؟))، ((بۆ ئێستە زمانی کوردی، بەو گشتە خەباتەوە، هێشتا پێی هەڵنەگرتووە و ناتوانێ لە سەر پێی خۆی راوەستێ؟))، ((بۆ رۆشنبیران، نەوەد ساڵ دوای دەستپێکردنی چاککردنی کوردی، هێشتا وەلآمی سەرکوتکرانی زمانەکە بە پەتیگەری دەدەنەوە؟))، ((بۆ زۆربەی رۆشنبیری کورد پێی وایە کێشەی زمانی کوردی کێشەیێکی رەگەزییە و پێیان وایە زمانی کوردی دەبێ پاکتاوی بکرێ (لە ئێران پاکتاوی وشەی فارسی، لە عێراق و سوورییە پاکتاوی وشەی عەرەبی، و لە تورکییە پاکتاوی وشەی تورکی؟) من ئەو پرسیارانە وەک ئاخێوەرێک دەکەم کە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانی تەرخانی تێگەیشتنی پرۆسەی ستانداردێتی زمانی کوردی کردووە. بۆ من، مێژووی ستانداردێتی زمانی کوردی مێژوویێکی سەرڕاست – لە تاریکییەوە بەرەو رووناکی – نییە. بەپێچەوانە، ئەو مێژوویە تەواو ئاڵۆزە و هەم پسانەوەی تێدایە و هەم بەردەوامی، و هەم پێشکەوتنی تێدایە و هەم وەپاشکەوتن. تێدەکۆشم بە بۆچوونێکی تەواو رەخنەگرانەوە ئاوڕ لە رابردوو بدەمەوە و

---

"بەهۆش"، "تێگەیشتوو" و شتی وای نییە. رۆشنبیر دەتوانێ باش لە کێشەیێک تێبگا، یان سەرەدەری لێنەکا، یان خراپی بۆ بچێ.

چاو لە ئێستە بکەم و رووم لە داهاتوو بێ. تۆفیق وەهبی دەیەویست، دوای ماڵاوایی ئاخری، لە دوندی پیرەمەگروونەوە بڕوانێتە سلێمانی و کوردستان. ئارەزووی هەرچی بووبێ، لە دوندی چیا بێ یان لە بناری، رێبازە زمانییەکەی هێشتا لە نێو رۆشنبیراندا دەنگدەداتەوە. بەڵام ئەورۆ ئاسۆی زمانیی ئاخێوەری ژن و پیاو، لادێیی و شارستانی، و زارۆک و تەمەندار لە پیرەمەگروون تێپەڕیوە. ئێستە شوانەوێڵەی بنار و بەندەنان بە تەلەفوونی دەستییەوە بە سەر کۆسپی زەمان و مەکاندا زاڵ دەبێ و دەبیستێ و دەڵێ و دنیای ئەوپەڕی مەکانی خۆی دەبینێ و خەڵکی دوور و نزیک دەدوێنێ. زمان لە تەنگایی نووسین و کاغەز دێتەدەرێ و ئاخێوەران بە ئازادییێکی زۆرتر دەپەیڤن و دەنووسن و دەبیستن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئارەزوو و داخوازیی ئاخێوەران گۆڕاون و دەگۆڕێن، قورسایی رابردوو پشووی ئێستەی بڕیوە و تارمایی دەخاتە سەر ئاسۆی زمانی کوردی.

بەشێک لەئەو پێشەکییە باسی بارودۆخی لێکۆڵینەوەی خۆم لە مەڕ ستانداردکردنی زمانی کوردییە کە، کاتی خوێندنی زمانناسی لە زانکۆی تاران لە ساڵانی ١٩٦٨ هەتا ١٩٧٢، فکرم لێدەکردەوە، بەڵام لە بەر نەبوونی ئازادیی ئەکادیمیک و ئازادیی سیاسی نەمدەتوانی تخوونی لێکۆڵینەوەی ببم. ئەو لێکۆڵینەوەم کاتی درێژەدان بە خوێندن لە ئەمریکا دەست پێکرد و وتووێژ لەگەڵ وەهبی بەشێک لەئەو پڕۆژەیە بوو. مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو باسە (بڕوانە خوارەوە) ئەوەیە کە ئەو مێژوویەی کە وەهبی خۆی تێیدا بەشداریکردووە و گێڕاویێتەوە، بیخەمە بڕگەی مێژوویی ٧٠کان، کاتێکی ئەو لە دوورەوڵات دەژیا و منیش، خەڵکی موکریان و لە بەرەیێکی دی و لە بارودۆخێکی دیدا، وەک ئاخێوەری زمانێکی سەرکوتکراو، بەشێک لەئەو مێژوویە بووم و دەمەویست ئەو رابردوویە بدۆزمەوە و

پێیدابچمەوە و تێیبگەم. ئەگەر ستانداردکردنی کوردی کارێکی سیاسی بوو و دەوڵەتەکان بە تەواوی توانای خۆیانەوە بەربەرەکانیان دەکرد، لێکۆڵینەوەی پرۆژەی ستانداردکردنیش ئەرکێکی سیاسی بوو و کەند و کۆسپ و رێلێگیرانی خۆی هەبوو. ئەوەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بوو و بڵاوبۆوە باسی رێزمان و بنەچەکەی بوو، نەک تۆمارکردن و لیکۆڵینەوەی لایەنە کۆمەڵی و سیاسییەکانی. تەنانەت ئێستا کە کیشەی زمانی ستاندارد و رەسمی هێشتا چارەسەرنەکراوە و پێویستە لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەرینی لێبکرێ، و ئیمکانی لێکۆڵینەوەش یەکجار زۆرە، هێشتا زۆر پرسیاری گرینگ وەڵامی نەدراوەتەوە. بۆ وێنە، بیست ساڵ دوای دامەزرانی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" هێشتا جوغرافیای لەهجەکان و بنلەهجەکان و ژمارەی ئاخێوەرانیان نازانین؛ هێشتا نەخشەیێکی بەکارهاتووی ئەو زمان و لەهجانەی کە لە هەرێمدا باون لە بەردەستان نییە. هێشتا رەچاوکردنی سیاسەتی زمانی پشتگەرم بە لێکۆڵینەوە نییە و زۆر کەس دەیانەوێ کێشە زمانییەکان بە بڕیاری حکوومەتی-کارگێڕی چارەسەربکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کورتی بکەمەوە، بۆ من باسی ئەو وتووێژە، باسی تێکۆشانی تۆفیق وەهبی لە بواری زماندا، کای کۆن بەباکردن نییە. لەئەو پێشەکییەدا، باسی ئەو رابردوویە باسی ئەورۆ و داهاتوویە. لێرەدا، کەمتر دەڕوانمە بۆچوون و کرداری سیاسی وەهبی (بەشداریکردن یان نەکردنی لە بزووتنەوەی سیاسیی "کوردایەتی"دا) و زۆرتر دەپەرژێمە ئەو سیاسەتە زمانییەی کە رەچاوی کرد و خەباتی بۆکرد و خەباتی پێکرد. ئەوەش بۆ من ئاشکرایە کە دەستتێوەردان لە زمان خۆی کردەوەی سیاسییە، بە تایبەتی لە بارودۆخی کوردستاندا کە سیاسەتی زمانکوژی لە ئارادا بووە. هەروەها ئەوانەی کوردایەتییان کردووە نە لە سیاسەتدا و نە لە زماندا، بۆچوونێکی وێکچوویان نەبووە. بۆ

**وێنە، هێمن و گیوی موکریانی لە سیاسەت و زماندا لە مەیدانێکدا بوون، بەڵام لە دوو سەنگەری جیاوازدا.**

* * *

**لە ساڵی ١٩٧٦دا لە زانکۆی ئیلینۆی دەستم کرد بە کاری لێکۆڵینەوەی تێزی دوکتورا سەبارەت بە پرۆسەی ستانداردبوونی زمانی کوردی.[٧٨] دوای ئەوەی پێشنیاری تێزەکەم پەسندکرا، لە گۆڤارێکدا خوێندمەوە کە س. ج. ئیدمۆندز، ئەفسەری سیاسیی حکوومەتی ئینتیداب لە کوردستان، ئەو چاپەمەنییە کوردییەی کە لە عێراق کۆیکردبۆوە، پێشکەشی کتێبخانەی سواس (مەدرەسەی دیراساتی رۆژهەڵات و ئەفریقا) لە زانکۆی لەندەنی کردووە.[٧٩]**

**رێککەوتی وام بە خەیاڵیشدا نەدەهات. لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی ستانداردبوونی زمانی کوردی لە ٧٠کاندا کارێکی هاسان نەبوو. ستانداردبوون گۆڕانێکی بەرچاو لە دەکارهێنانی زمان پێکدێنێ، هەم لە خوێندن/نووسین و هەم لە قسەکردندا. جا بۆیە لێکۆڵینەوەی ستانداردبوون بەبێ لە**

www.zheen.org

---

[٧٨] ئەو تێزە لە ساڵی ١٩٨٩ دا تەواو بوو بە ژێردێڕی "فاکتۆری زمان لە گەشەکردنی نەتەوەیی دا: ستانداردکردنی زمانی کوردی، ١٩١٨-١٩٨٥" و لە ساڵی ١٩٩٢دا وەکوو کتێب بە ژێردێڕی "ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستاندا، ١٩١٨-١٩٨٥" بڵاوبۆتەوە و لە ١٩٩٧ دا بە تورکی لە لایەن ئەوێستا لە ئیستامبوول بڵاوکراوەتەوە:

*The Language Factor in National Development: The Standardization of the Kurdish Language, ١٩١٨–١٩٨٥*, University of Illinois at Urbana–Champaign, ١٩٨٩.

*Nationalism and Language in Kurdistan, ١٩١٨–١٩٨٥*, San Francisco, Mellen Research University Press, ١٩٩٢.

(http://amirhassanpour.com/?page_id=٢٤).

*Kürdistan'da Milliyetçilik ve Dil ١٩١٨–١٩٨٥*, Istanbul, Avesta, ٢٠٠٥.

[٧٩] SOAS, School of Oriental and African Studies, University of London.

بەردەستدابوونی بەرهەمی نووسراو، بە تایبەت چاپکراو، ئیمکانی نییە. بەڵام لە هیچ کتێبخانە و ئارشیوێکدا تەواوی چاپەمەنی کوردی، یان تەنانەت بەشێکی زۆری، پەیدانەدەبوو. هەروەها، ئاخافتی ستاندارد، وەک بەرنامەی هەواڵەکان و لێکدانەوەی سیاسی لە رادیۆدا، ئەگەر تۆماریش کرابا، وەدەست لێکۆڵەرەوە نەدەکەوت.

لێکۆڵینەوە تەنیا کارێکی فکری و کولتووری نییە و ئەرکێکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیشە. بۆ وێنە، لە ساڵانی ١٩٧٠دا، لە ئێران و تورکییە و سوورییە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە ئازادیی ئەکادێمیک و سیاسی نەبوو. ئەو کاتی لە زانکۆی تاران زمانناسیم دەخوێند (لە بەرنامەی ماجێستر و دوکتورا لە ١٩٦٨ هەتا ١٩٧٢)، رێگەیان نەدەدا کوردی وەک زمان باس بکرێ و ئەگەر باسی کرابا دەبوو پێی بگوترێ "گویش" یان "لەهجە".[٨٠] کۆسپێکی دی کەم بوونی سەرچاوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٨٠] لە ١٩٧٢دا، "گروه آموزشی زبانشناسی (دانشکده ادبیات، دانشگاه تهران)"، ئەو جێیەی من دەرسم لێ دەخوێند، دوو دەرسی زمانی کوردی دەست پێکرد. بەڵام ئەو دەرسانە بە بڕیاری مامۆستاکان یان "دانشکده ادبیات" دانەندران و بە بەرژەوەندیی حکوومەت دامەزران. لە بیرمە یەکێک لە مامۆستاکان دەیکوت ئەو کەسەی بۆ دەرسکوتن دیاری کراوە ((زمانناسی نازانێ)) و ((ناتوانێ دەرسێکی وا بڵێ)) و حکوومەت رای ئەسپاردووە بۆ دەرس کوتن. دانانی ئەو دەرسانە نیشانەی گۆڕانی سیاسەتی زمانیی حکوومەت یان سیاسەتی پەروەردەیی "دانشگاه تهران" نەبوو و زۆرتر پێوەندی هەبوو بە بەرنامەی شا و ئەمریکا بۆ پەرەپێدان بە دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا و دەست-وەردانیان لە کاروباری بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق. یەکێک لەئەو دەرسانە، "زبان کردی آغازی" بوو (٢ واحد، سال چهارم) کە ئامانجەکەی ئاوا دیاری کرابوو: ((حفظ زبان کردی از نسیان و فراموشی، زیرا زبان کردی یکی از زبانهای اصیل ایرانی است و جلب توجه کردهای خارج از کشور به سرزمین اجدادی خود ایران)). ئەوە ئامانجێکی تەواو سیاسییە: پاراستنی زمانی کوردی ((لەبەر ئەوەی کە زمانێکی رەسەنی ئێرانییە)) و دانانی گشت پارچەکانی

بوو. کتێبخانەکانی ئەو وڵاتانە بەرهەمی چاپی کوردییان زۆر کەم بوو و ئەوەندەی کە هەبوو، بۆ وێنە، چاپەمەنی پێش ١٩٢٣ لە تورکییە، بە هاسانی وەبەردەستی لێکۆڵەرەوە نەدەخرا.[٨١] لە یەکێتیی سۆڤیەت، کتێبخانەکان سەرچاوەی چاپکراو و دەستنووسی کوردیی زۆریان هەبوو، بەڵام سەفەرکردن و مانەوە لەئەو وڵاتە بۆ من نەدەگونجا. لە عێراق سەرچاوەی چاپەمەنی و ئەو خەڵکەی کە خۆیان لە گۆڕانی زماندا بەشدارییان کردبوو و دەکرد، زۆر بوون، بەڵام دیسان سەفەرکردن بۆ عێراق، بەهۆی سیاسی (بەربەرەکانیکردنم لە دژی ڕیژیمی بەعس)، بۆ من ڕێک نەدەکەوت.

بێجگە لە سەرچاوەی نووسراو و کوتراو، لێکۆڵینەوەی ستانداردبوونی زمانی کوردی یان هەر زمانێکی دی پێویستی بە زانستی تیۆری هەیە. بۆ وێنە، پرسیاری سەرەکی لە بواری تیۆری ئەوەیە: (ستانداردبوونی زمان چییە، چۆن و بۆچی پێکدێ؟) و ئەوەش خۆی کۆمەڵێک پرسیاری دی دێنێتە گۆڕێ کە لێرەدا جێگەی پێداچوونەوەیان نییە. کتێبخانەی زانکۆی

www.zheen.org

---

کوردستان بە بەشێک لە ئێران. دەرسەکەی دیش، "زبان کردی (پیشرفته)"، هەر ئەو ئامانجەی ڕەچاوەدەکرد. بڕوانە ***راهنمای دانشگاه تهران، سال تحصیلی ٥٤–١٣٥٣***، دفتر مطالعات آموزشی دانشگاه تهران، امور آموزشی دانشگاه تهران، چاپخانه موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، [بدون تاريخ]، صص. ١٥١–١٥٢.

[٨١] بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٦دا، داوام لە کاک بورهان ئێلتووران، خوێندکارێکی کورد کە لە زانکۆی ئێندیانا دەرسی دەخوێند، کرد کاتی سەفەری بۆ تورکییە فۆتۆکۆپی چەند گۆڤاری کوردی کە لە کتێبخانەیێکی تورکییە هەبوو بۆم بێنێ. ئەویش سەرباقی مەترسیی لێپرسینەوە و گیران، فۆتۆکۆپی ژمارەی هەوەڵی ***کرد تعاون و ترقی غزتەسی*** بۆ هێنام. هەروەها داوام لێکرد کە چەند بەرنامەی ڕادیۆ ئێریڤان و ڕادیۆ بەغدام بۆ تۆمار بکا؛ ئەوەشی کرد و شریتێکی کاسێتی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەو کارانە پڕ لە ریسک بوون، چونکە چاپەمەنی و شریت و قەوانی کوردی لە تورکییە قەدەغە بوون.

ئیلینۆی کانگاییکی دەوڵەمەندی کتێب و گۆڤار، بە زمانی جۆراوجۆر، سەبارەت بەو بابەتە بوو. هەروەها، یەکێک لە مامۆستاکانم، لادیسلاو زگووستا، پسپۆرێکی ناسراوی تیۆری ستانداردبوونی زمان بوو.[٨٢]

لە ئەمریکا و وڵاتە رۆژئاواییەکان کتێبخانەی گەورە و زۆر باش هەن کە هەر سەرچاوەیێکی بە زمانە رۆژئاواییەکان بڵاو بووبێتەوە وەبەر دەستی خوینەرەوە دەخەن. ئەو کتێبخانانە شتی وایان تێدایە کە لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەگیرناکەون. بۆ وێنە، بەشێک لە چاپەمەنیی کوردی سەردەمی عوسمانی و بەشێکی گرینگی کەلەپووری دەستنووس لە دەرەوەی وڵات پارێزراون.[٨٣] کتێبخانەی زانکۆی ئیلینۆی کە سێهەم کتێبخانەی گەورەی زانکۆیی ئەمریکا بوو (دوای هاروارد و یەیل)، کانگاییکی دەوڵەمەندی گشت چەشنە زانستێک بوو، و لە ساڵی ١٩٧٦دا نزیکەی شەش ملیۆن کتێب و نەوەد هەزار گۆڤار و رۆژنامەی هەبوو. کتێبخانەی زانکۆی میشیگان (لە "ئەن ئاربر") لەگەڵ ئەوەشدا وەک کتێبخانەی ئیلینۆی گەورە نەبوو، چاپەمەنیی کوردی زۆر هەبوو، ئەوەش لەبەر ئەوەی بوو کە "ئرنست مەک کاروس"، کە کتێبی *رێزمانی کوردی* لە ساڵی ١٩٥٨دا

---

[٨٢] Ladislav Zgusta (١٩٢٤–٢٠٠٧).

[٨٣] "کۆمەڵە دەستنووسی کوردیی لێنینگراد" بەشێکی هەرە گرینگی ئەو دەستنووسانەن کە ئەلیکساندر ژابا لە ٦٠ەکانی سەدەی نۆزدەدا کۆی کردبوونەوە و زۆربەیان لە یەکێتی سۆڤیەت چاپکران. د. کەماڵ فواد تێزی دوکتۆراکەی تەرخانی دۆزینەوە و ناساندنی دەستنووسی کوردی لە کتێبخانەکانی ئەڵمان کردووە. کتێبخانەی وڵاتەکانی دیش بە تایبەت بریتانیا دەستنووسی کوردییان هەیە بەڵام تا ئێستا کاتالۆگی سەربەخۆیان (وەک کتێبەکەی کەمال فواد) بۆ دانەندراوە.

**بڵاوکردبۆوه[٨٤] و له سەرەتای ساڵانی ٦٠ەوە لەئەو زانکۆیە خەریکی دانانی کتێبی دەرسیی کوردی بوو، چاپەمەنیی کوردی کۆکردبۆوە. کاتێکی بە مەک کارووسم کوت کە تێزەکەم سەبارەت بە ستانداردبوونی زمانی کوردییە، کۆمەڵێک لە چاپەمەنییە کوردییەکانی خۆی دا بە من. بەڵام هەرچەند ئەو کتێبخانە و کتێبخانەکانی دی لە ئەمریکا سەرچاوەی گرینگیان بە زمانی کوردی یان سەبارەت بە زمانی کوردی هەیە،[٨٥] دیسان بۆ**

---

[٨٤] Ernest McCarus, *A Kurdish Grammar: Descriptive Analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq*. N.Y.: American Council of Learned Societies, ١٩٥٨.

[٨٥] **بۆ وێنە، بەشێک لە چاپەمەنییەکانی کۆماری کوردستان کە لە جێی دی نەپارێزرابوون، لە کتێبخانەی کۆنگرە و کتێبخانەی زانکۆی پرینستن وەدەست دەکەوتن. کتێبخانەی زانکۆی پرینستن ژمارەی ٧–٨–٩ی *نیشتمان*، سێ ژمارەی *گڕوگاڵی منداڵانی کورد*، چوار ژمارەی گۆڤاری *کوردستان*، *ئاڵەکۆک*، و *هەدیەی کوردستان*ی هەبوو. شەش ژمارەی *نیشتمان* لە سواس هەبوو، بەڵام ژمارەی ٧–٨–٩ تەنیا لە پرینستن پارێزراوە (جەماڵ نەبەز کە لە ١٩٨٥ دا ژمارەی ١ هەتا ٦ی *نیشتمان*ی لەسەرڕا بڵاو کردبۆوە باسی ژمارەی ٧–٨–٩ی کردبوو، بەڵام نەیزانیبوو لە پرینستن وەدەست دەکەون). ئەوانە ئەو چاپەمەنییانەن کە کاربەدەستانی کۆمار لە کاتی دیداری ئارچی رووزڤێلت لە کۆمار وەک دیاری دابوویانێ و ئەویش دوایە بە دیاری دابووی بە کتێبخانەی زانکۆی پرینستن. من هەر ئەو وەختی فۆتۆکۆپی ئەو چاپەمەنیانەم بۆ چەند ئاشنایێک لە ئورووپا نارد. کاک حەسەنی قازی ئەو شیعرانەی سەیفولقضات کە لە گۆڤاری *کوردستان* دا بڵاوببوونەوە، وەک نامیلکەیێک چاپکرد (*سەر سەوزە باغی ئارەزوو*، رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران، ١٩٧٥؟، ٦٧ لاپەڕە). لە ٧٠کاندا، لە عێراق و لە دوورەوڵات، چەند کەسێک دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان و ئێستە بەشێک لەئەو کەلەپوورە وەدەست دەکەوێ، بەڵام هێشتا پرۆژەیێکی گەورەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو کەلەپوورە (بە چاپ یان بە شێوەی دیجیتال) دانەڕێژراوە.**
[*(بنکەی ژین) کە لە کۆتاییی ٢٠٠٤ەوە وەک ئەرشیڤێکی کۆکردنەوەی سامانی بەڵگەنامە و دەستنووس و کتێب و بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆنی کوردی لە سلێمانی دامەزراوە، جگە لە کۆکردنەوە و دیجیتاڵکردن و خستنە سەر ڤلیمی زۆربەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆنی کوردی و سەدان دەستنووس و هەزاران بەڵگەنامە و وێنە، تا ئێستا توانیویە بەشی هەرەزۆری گۆڤار و ڕۆژنامەی*

لێکۆڵینەوەی بابەتەکە بەس نەبوون.[٨٦] بۆ وێنە، ڕۆژنامە و گۆڤاری تازەی کوردی ئابوونە نەدەبوون، تەنانەت ئەوانەی کە بە ئاشکرا بڵاودەبوونەوە، وەکوو ***کاروان***، ***برایەتی***، ***ڕۆشنبیری نوێ*** (لە عێراق) یان ***ڕیا تەزە*** (یەکێتی سۆڤیەت)، بەڵام من لە ڕێگەی کتێبفرۆشی "ڤیکتر کەمکین"ەوە[٨٧] کە کتێبی چاپی سۆڤیەتی دەفرۆشت، توانیم ڕۆژنامەی ***ڕیا تەزەی*** چاپی یێریڤان ئابوونە ببم (ساڵێک بە نۆ دۆلار). لە ئەمریکا و ئورووپا، کتیبخانەیێک دەتوانێ لە کتێبخانەی وڵاتی دی کتێب بە ئەمانەت وەربگرێ و من جاروبار بەو شێوەیە کتێبم وەدەست دەکەوت. جا لەئەو بارودۆخەدا، وەدەستکەوتنی کۆمەڵە کتێبی ئیدمۆندز کێشەی سەرچاوەکانی چارەسەرکرد. من لە مانگی ٧ دا بەرەو لەندەن وەڕێکەوتم.

---

*کوردی تا ١٩٩٠ کۆبکاتەوە و دیجیتاڵ بکا و بخاتە سەر فلیم و پتر لە ٣٥ ناونیشانی ڕۆژنامەوانیی کوردیشیان لێ ئامادە بکا و لەچاپ بداتەوە و ئەم پڕۆژەیەیشی بەردەوامە– سدیق]*

[٨٦] بۆ وێنە، بەشیکی زۆری گۆڤاری "کوردستان میشنری" ( *Kurdistan Missionary*) کە لە ساڵی ١٩١٠دا لە شیکاگۆ دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، لە کتێبخانەی زانکۆی ئیلینۆی ڕاگیراوە. ئەو گۆڤارە لە هیچ بیبلیۆگرافیایێکی کوردی یان لە هیچ سەرچاوەیێکی کە سەبارەت بە کوردستان نووسرابوو، باسی نەکرابوو و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو میسیۆنەی کە گۆڤارەکەی بڵاوکردبۆوە، لە شاری سابڵاخ بوو و من –ەوەندەی خەڵک باسیان دەکرد–دەمزانی میسیۆنێکی وا هەبووە، بەڵام نەمبیستبوو گۆڤارێکی وایان بڵاوکردبێتەوە. دیارە ئەو گۆڤارە لە موکریان وەدەست خەڵکی نەکەوتووە، چونکە زۆربەی خوێندەوارەکان، کە ژمارەیان زۆر کەم بوو، ئینگلیسییان نەدەزانی. تەنانەت "کۆمەڵەی ژ.ک" کە لە ***دیاریی کومەلەی ژ.ک بۆ لاوەکانی کورد*** (١٩٤٣–١٣٢٢، ل. ٩٠–٩٣)دا باسی ئەو میسیۆنەی کردووە، ئاگای لە گۆڤارەکە نەبووە. کاک حەسەنی قازی چەند ساڵە خەریکی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و ناساندنی کەلەپووری ئەو میسیۆنەیە (بڕوانە: سایتی ڕوانگە http://ruwange.blogspot.com ).

[٨٧] Victor Kamkin Bookstore.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له لەندەنێ میوانی کاک حەسەنی قازی بووم. ئەو یەک دوو ساڵ لە پێش مندا بۆ دەرس خوێندن هاتبووە ئورووپا و چالاکیی سیاسی و زمانی و کولتووری دەکرد، لە نووسین و وەرگێڕان بۆ زمانی کوردیدا شارەزا بوو، و لەئەو بوارانەدا لە تێبینی و بۆچوونەکانی کەڵکێکی زۆرم وەردەگرت، و بۆ دیتن و پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەوانەی کە بۆ کاری لێکۆڵینەوەکەی من دەکاردەهاتن، یارمەتی دەدام. ئێمە هاوشاری بووین و یەکترمان دەناسی، و ئەو پێش ئەوەی بێتە ئورووپا، خەریکی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و مێژووی کوردستان بوو و یارمەتی دەدا بەوانەی بەو ڕێیەدا دەڕۆیشتن. کاک حەسەن لە تارانێ کتێبی ***تحفه مظفریه***ی ئۆسکارمانی دا بە من. ئەو کتێبە نایابەی، کە لە تاران تەنیا لە "کتابخانه مجلس شورای ملی" وەدەست دەکەوت، لە کتێبخانەی پێشەوا قازی محەمەدی خزمی دیتبۆوە. کاک حەسەن، خزمێکی دیکەی خۆی محەمەدی قازی، کە وەرگێڕی هەرە بەناوبانگی ئێران بوو و بەرهەمی ئەدەبی لە فەرانسەییڕا دەکردە فارسی، هاندابوو کە خەریکی کەلەپووری کوردی بێ، و پێکەوە نووسراوەییەکیان لەمەڕ بەیتی لاس و خەزاڵ بە فارسی بڵاوکردەوە.[88] لە نەبوونی ئازادی سیاسی و ئەکادمیکدا و لە بارودۆخی هەژاریی چاپەمەنی و نەداریی و سانسۆرگەریی کتێبخانەکان ئەو پێوەندییانە یکجار بەکەڵک بوون.

من ڕۆژانە بەیانی بە کۆڵێک سکەوە دەچوومە سواس و هەتا ئێوارێ کە کتێبخانەکە دادەخرا خەریکی فۆتۆکۆپیکردنی چاپەمەنییەکان دەبووم (هاوینان کتێبخانە هەتا کاتژمێری پێنج ئاواڵەبوو). تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانم (وەک ***ژیان***،

[88] حسن قاضی با همکاری محمد قاضی، "سخنی چند درباره منظومه (بیت های) کردی"، ***جهان نو***، سال ٢٤، شماره ١ ، ١٣٤٨، صص ٢٦-٣٦.

***زبان***، ***گەلاوێژ***، ***بانگی کوردستان***، ***نیشتمان***، ***زاری کرمانجی***، ***روناکی***، ***دیاری کوردستان***، ***کوردستان***ی ١٩٤٦...) فۆتۆکۆپی کرد و کتێبەکانیش –ئەوەندەی بۆم کرا– کۆپیم کردن (وەکوو ***دیاری ی کومەلەی ژ.ک بۆ لاوەکانی کورد*** و رۆژئەژمیری **تایبەتی کۆمەلەی ژ. ک.** و زۆر شتی نایابی دی) و ئەوانی دی هەر وەفریای کۆپیکردنی پێش و پاشی کتێبەکە و چەند لاپەڕەییکی هەوەڵ و ئاخری کەوتم. کە گەڕامەوە ئیلینۆی لە کتێبخانەی زانستگام داوا کرد کە بۆ کاری لێکۆڵینەوەکەم میکرۆفیلمی تەواوی کتیبە دەرسییە کوردییەکانی سواسم بۆ وەربگرن. من لیستی کتێبەکانم دا بە کتێبخانە و ئەوانیش دەستبەجێ داوایان کرد و دوای دوو مانگان ئاڵقەی میکرۆفیلمەکە گەیشتە کتێبخانە. کتێبەکانی ئیدمۆندز شتی وایان تێدابوو کە لە کوردستانی عێراقیش وەدەست نەدەکەوتن، وەک **تەعلیمی تاقم** کە تۆفیق وەهبی نووسیبووی و حکوومەتی شێخ مەحموود بڵاوی کردبۆوە (***تعلیم طاقم***، سلیمانی، مطبعە حکومت، ١٣٣٨) و ***دوو تەقەلای بێسوود*** کە لە بەغدا چاپکرابوو، بەڵام سانسۆری حکوومەت نەیهێشتبوو بڵاوببێتەوە.[٨٩]

رۆشنبیران لە ستانداردکردنی زماندا دەورێکی گرینگ دەگێڕن. زمان خۆی لە خۆیەوە بە شێوەیێکی خۆڕسکی ستاندارد نابێ و ستانداردبوون پرۆسەیێکی خۆڕسکی گۆڕانی

---

[٨٩] ***گەلاوێژ*** لە ١٩٤٤دا (ساڵی ٥، ژمارەی ٧، لاپەڕەی ٥٧) نووسی: (("دوو تەقەلای بی سود" کتیبیکی بچکولەیە تەنها مطالب و احتیاجاتی کورد بیان ئەکا چاپ کراوە بەلام داخی بە جەرگم بلاونەکرایەوە، خوزگە ایمرو هەمو کوردە خویندەوارەکان ئەیان خوێندەوە بەراستی هەلێکە هەڵکەوتوە.)) بەڵام گۆڤارەکە ناڵێ کە ئەو کتێبە بڵاونەکراوەیە چۆن وەدەست دەکەوێ. لە ١٩٨٤دا، سەباحی غالب، کتێبەکەی لە رووی نوسخەی سواس بڵاوکردەوە (***دوو تەقەلای بێ سوود***، لەندەن، چاپخانەی هەڵوێست).



بنکەی ژین
www.zheen.org

زمان نییه و، بەپێچەوانە، بە شێوەیێکی وشیارانە، بە دەست-تێوەردانی بە بەرنامە پێکدێ، بەڵام لە هەمان کاتدا گۆڕانی نائاگایانە و بەبێ بەرنامەش لە ئارادایە. بۆ لێکدانەوەی بەسەروبەری ئەو پرۆسەیە دەکرێ جیاوازی دابنێین لە نێوان ستانداردبوون وستانداردکردندا. زمان هەم ستاندارد دەکرێ و هەم ستاندارد دەبێ. ستانداردبوون بارودۆخی تایبەتی دەوێ وەک نووسین، چاپەمەنی، پەروەردە، و بوونی بنکەی کۆمەڵی بۆ نووسین و خویندنەوە و دانان و کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی نووسراو. دەکرێ زمانی کۆمەڵێکی عەشیرەیی بخرێتە نووسین بەڵام ئەو زمانە، بەبێ گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵی، پێ هەڵناگرێ. بۆ وێنە، لە سەدەی ١٧ تا ١٩ەوە، ئەدەبی هەورامی لە سنووری خۆی تێپەڕی و لە بەشێک لە ناوچەی سۆرانی–ئاخێوانیشدا باوبوو، بەڵام خوێندەوار یەکجار کەم بوون (مەلا و فەقێ و شێخ و بەشێک لە ئاغاوەت و تاجرەکان) و هەورامی ئەدەبی قەت بنکەی کۆمەڵی بەرینی پەیدا نەکرد. بەبێ بنکەی کۆمەڵی، ئەگەر فۆرمی زمانیش قاعیدەبەندی بکرێ (ئەلفووبێ، رێنووس، وشەگەل، رێزمان...)، زمانەکە لە نێو کۆڕێکی بچووکدا سووڕدەخوا (لە خوارێ دێمەوە سەر ئەو باسە). هەروەها، ستانداردبوونی زمان پێویستی بە رادەیێک گۆڕانی کۆمەڵی وەک شارنشینی و خوێندەواری هەیە، و هەر وەک لە ئەزموونی گەلی کورددا دەردەکەوێ، دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەتی) دەتوانێ ئەو پرۆسەیە بشێوێنێ یان پەرەی پێبدا.

لەگەڵ ئەوەشدا روونە کە ئاکامی ستانداردبوون بەرهەمە چاپکراوەکان و ئاخافتنی سەر رادیۆ و مەدرەسە و دەزگای کارگێڕییە، ناتوانین تەنیا بە بەرهەمی چاپکراو پرۆسەی ستانداردبوون باش تۆماربکەین و لێی تێبگەین و لێکیبدەینەوە. بۆ وێنە، تەنیا بە لێکدانەوەی سەرچاوە چاپییەکان، مەبەستم ئەوانەیە کە بە کوردی نووسراون، ناتوانین خەبات بۆ چاککردنی

ئەلفووبێی کوردی تەواو روونبکەینەوە. چاپەمەنییە کوردییەکان، بۆ نموونە، ئەوەیان تۆمارکردووە کە نیشاندانان لە سەر حەرفی <ل>، <ر> یان <و> کەی دەستی پێکرد و چی بە سەرهات، بەڵام ئەوەمان باش بۆ دەرناخەن کە خەباتی سیاسی و فکری بۆ ئەو گۆڕانە چۆن بەڕێوەچووە.[٩٠] زانیاری وا زۆرتر لە رێگەی وتووێژکردن، پرسین و باسکردن، نامەنووسین، بەڵگەی ئارشیوەکان، یان بیرەوەرییەکان وەدەستدەکەون. زمانی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بە تایبەت دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ، دەستی بە ستانداردبوون کرد و لەساڵی ١٩٧٦دا زۆرکەس لەوانەی لەئەو خەباتەدا چالاک بوون، هێشتا مابوون. یەکێک لەوانە تۆفیق وەهبی بوو کە لە لەندەن دەژیا. من لە ساڵی ١٩٦٨ کە بۆ ماوەیێکی لە ئەمریکا دەرسم دەخوێند، لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ وڵات چاوم بە تۆفیق وەهبی کەوت (٥ی تەمووز) و یەکێک لە نووسراوەکانی خۆی دامێ و لە سەری نووسی، بەڵام زەمانی پاشایەتی پەهلەوی بوو و نەدەکرا بیبەمەوە ئێرانێ و بۆ ئاشناییێکی ئەمریکاییم نارد کە بۆم راگرێ و ئێستەش لە بەردەست دایە. لە١٩٧١ یان ١٩٧٢دا، لە تاران دەرسم دەخوێند و رۆژێکی لە بەرنامەی بەیانی بەشی فارسی رادیۆ لەندەن (بی. بی. سی.) وتووێژێکم لەگەڵ تۆفیق وەهبی گوێ لێبوو و دەمزانی هێشتا لە لەندەن دەژی. بەڵام لە ١٩٧٦دا، کە چوومە لەندەن ئەوەندە بەو چاپەمەنییانە خەنی بووم، زۆرم فکر لە وتووێژکردن نەدەکردەوە. پێموابوو دەبێ پاداران بگرم، چونکە بێپێیان ئی خۆمن. بۆ من کە لە لەندەن نەدەژیام، پادارەکان چاپەمەنییەکان بوون. بەڵام پادارەکان وەهبی و ئەوانە بوون کە لەئەو خەباتەدا بەشداربوون و هێشتا مابوون و لەبەر دەستان بوون. کاک

---

[٩٠] بە داب و رەسمی فۆنۆلۆژی، لێرەدا حەرف یان گرافیم لە نیوان < > و دەنگ یان فۆنیم لە نێوان // دەخەم.

بنکەی ژین www.zheen.org

**عەزیزی ژیان کە بۆ درێژەدان بە خوێندنی هاتبووە بریتانیا و ئەو کات لە لەندەن بوو، پێی کوتم کە هاتوچۆی تۆفیق وەهبی دەکا و پێی خۆش دەبێ پێکەوە بچینە دیتنی. من هەر لەئەو سەفەرەدا، لەگەڵ سادق بەهائەدین ئامێدی کە بۆ سەردان هاتبووە بریتانیا، وتوویژم کرد، بەڵام دەکرا لەگەڵ ئێدمۆندز و زۆر کەسی دی ئەو باسانە بکەم.**

**لە پێشدا کوتم ستانداردبوون بەرهەمی دەکارهێنانی زمانە لە نووسینی هەمەچەشنە و خوێندنەوەدا و هەروەها لە قسەکردندا، بەتایبەت لە شوێنی رەسمیی وەک مەدرەسە و پارلمان و ئامرازی راگەیاندنی گشتی وەک رادیۆ و تلڤیزیۆن.[٩١] ستانداردبوونی لەهجەیێک لە لەهجەکانی زمان، پێوەندی نێوان لەهجەکان دەگۆڕێ و دەسەڵات دەدا بەو لەهجەیەی کە ستاندارد دەکرێ. هەروەها پێوەندی زمانەکە لەگەڵ زمانەکانی دی دەگۆڕێ. بەڵام دەستوەردان لە زماندا کارێکی هاسان نییە و سنوورەکانی دەستتێوەردانی ئاگایانە لە هەر زمانێکدا بە زەبری تایبەتێتی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**[٩١] چەندێتی و چۆنێتی ستانداردبوون لە زمانەکاندا زۆر جیاوازن، بەڵام زمانێک کە ستاندارد بێ، تێی ڕادەبیندرێ کە لە گشت بواری رەسمی و خسووسییدا دەکاربهێندرێ. بۆ وێنە، نامەنووسینی خسووسی و رەسمی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئێستە دەتوانێ چۆنێتی و چەندێتی ستانداردکردنی زمانی کوردی پێشان بدا. نامەنووسان، وەک رۆژنامەنووس و نووسەری دی، هەم دەوریان گێڕاوە لە ستانداردکردندا و هەم بە ستانداردکرانی زمانەکە نووسینیان گۆڕاوە. زمانی کوردی پێش سەدەی بیست، زۆر کەم نامەی پێ نووسراوە و پەرەسەندنی نامەنووسین بە کوردی خۆی بەشێک لە پرۆسەی ستانداردبوونە. لەهجە ئەدەبییەکان لە نامەنووسینی رەسمیدا دەکارنەدەهاتن، بەڵام جاروبار نامەی خسووسییان پێ نووسراوە ئەویش زۆرتر بە هەڵبەست. بە پەیدابوونی هەوەڵ رۆژنامەی کوردی (*کوردستان* ١٨٩٨)، نامەی خوێنەرەوە وەک مەتنێک یان دەقێکی گشتی و پەخشانی بڵاوبۆوە. بۆ ئاگاداری لە نامەنووسینی کوردی بڕوانە: کەماڵ رەئووف محەمەد (بابی لالۆ)، *ئەدەبی نامەنووسینی کوردی*، جزمی ١ و ٢ و ٣، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٤.**

زمانەکە و لە بارودۆخی مێژوویی تایبەتی ئەو زمانە دەکێشرێن. جاری وا هەیە ئەوانەی کە قامووسێک دادەنێن یان بەرهەمێکی ئەدەبی (رۆمانێک، کۆمەڵە شیعرێک...) دەنووسن یان کتێبێک وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆیان (وەک مارتین لووتر کە ئینجیلی کردە ئەلمانی) یان رۆژنامە و گۆڤارێک بڵاودەکەنەوە، لەوانەیە پێنەزانن کە بە دانانی ئەو بەرهەمانە پرۆسەی ستانداردکردن وەرێدەخەن یان بەهێزدەکەن. ستانداردکردنی زمانی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و سەختدا دەستی پێکرد. کوردی دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ بە سەر پێنج وڵاتدا دابەش کرا: لە تورکییە و ئێران کە زوربەی کوردی-ئاخێوەکانی لێ دەژیان، زمانەکە قەدەغەکرا و لە سووریە بێدەنگ کرا و تەنیا لە دوو وڵات هەلی بۆ هەڵکەوت کە تێدانەچێ و تەنانەت بەرەو ستانداردبوون بڕوا - لە عێراق و یەکێتیی سۆڤیەتدا.

لە کوردستانی عێراق، کە فرە-لەهجەیی باوبوو و دوو لەهجەی کورمانجی و سۆرانی لە باری نفووسەوە ئاخێوەریان زۆرتربوو، کاتێکی چاپەمەنی و خوێندن و کارگێڕی حکوومەتی دەستی پێکرد، کێشەی هەڵبژاردنی لەهجە لە سەرەتاوە نەهاتە گۆڕێ و تەنیا سۆرانی دەکاردەهات. ئەو دەکارهێنانەی سۆرانی هەڵبژاردنێکی ئاگایانە و بە بەرنامە و پشتئەستوور بە لێکۆڵینەوەی زانستی نەبوو. وانەبوو کە دەوڵەتی داگیرکەری بریتانیا (١٩١٨-١٩٢٠) و حکوومەتی ئینتیداب (١٩٢٠-١٩٣٢) لە سەر ئەوە ساخببنەوە کە لەهجەی سۆرانی لە لەهجەکانی دی باشتر و جوانتر و رەسەنتر و پێشکەوتووترە. ئەگەر پێوانەی هەڵبژاردنی لەهجەی ستاندارد و رەسمی، پێشکەوتوویی و پێشینەی نووسین و چاپەمەنی بووبا، دەبوو کورمانجی لە عێراق ببێتە لەهجەی رەسمی، چونکە لە ساڵی ١٨٩٨ەوە (بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ***کوردستان***) هەتا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، چاپەمەنیی کوردی زۆرتر بە

کورمانجی بوو. رۆشنبیری وەک پیرەمێرد یان تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی پێش دامەزرانی دەوڵەتی عێراق بەشێک لە توێژی رۆشنبیری کوردی وڵاتی عوسمانی بوون و زۆر باش ئاگایان لێبوو کە پێش ساڵی ١٩١٨ لەهجەی کورمانجی لە چاپەمەنی کوردی و کۆڕ و کۆمەڵی کورددا باندەست بوو. کە وابێ، دەکارهێنانی سۆرانی لە کوردستانی عێراق لە بەر ئەوەی بوو کە، لە سنووری دەوڵەتی تازەداتاشراوی عێراقدا، ناوچەی سۆرانی-ئاخێو زۆرتر شارنشین و خوێندەوار بوو، و بزووتنەوەی نەتەوەیی لەئەوێدا چالاکتر بوو و داوای مافی سەربەخۆیی دەکرد (لە بەڵگەکانی حکوومەتی ئینتیدابدا سلێمانی وەک کانگای سەربزێویی باس کراوە). هەر لە ئەو بەری سنووری رۆژئاوای عێراق، لە وڵاتی تازەداتاشراوی سووریيەدا، چاپەمەنی، ئەوەندەی کە رێگەیان دەدا، بە کورمانجی بڵاودەبۆوە، لەبەر ئەوەی تەواوی کوردی سووریيە کورمانجی-ئاخێون. لە هەر پێنج پارچەی زمانی کوردیدا، چارەنووسی زمانەکە - ستانداردکردن و ڕەسمیکردنی - وەک کێشەی نێوان دەوڵەتەکان و گەلی کورد وەگەڕکەوت. نە لە عێراق نە لە سووریيەدا، کێشەکانی زمانی کوردی لە باری تیۆرییەوە لێکنەدەدرانەوە و دەوڵەتەکان رێگەیان نەدەدا کە کێشەی زمانی کوردی بە شێوەیێکی ئازاد و کراوەوە و جەماوەریی باسی لێبکرێ و چارەسەربکرێ. لە عێراقدا، لە ٢٠ەکاندا جاروبار بە رۆشنبیرەکان پرس دەکرا، بەڵام دەوڵەتی بەغدا گوێی نەدەدا بە بۆچوون و داخوازییەکانی ئەوان، و مەندووبی سامیش گوێی لێ دەئاخنی (ساطع الحصری، مودیری مەعاریفی عیراق، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی فڕوفێڵی خۆی لە تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ دەکا). لە سەرەتاوە، کێشەکە وەک ناکۆکیی نێوان ئەو دەوڵەتانە و رۆشنبیرانی کورد دەستی پێکرد و درێژەی پێدرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له قەفقاز (هەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجان)، دوای دامەزرانی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٢١ بەولاوە، سیاسەتی دەوڵەت ئەوە بوو کە نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی کوردی سۆڤیەت کورمانجی-ئاخێو بوون و بە پێویستیان نەدەزانی کە کێشەی جیاوازیی لەهجەیی بێتەگۆڕێ، بە پێچەوانەی کوردستانی عیراق، پرۆژەی ستانداردکردن لە بواری تیۆری و سیاسییەوە موناقشەی لێکرا. بۆ وێنە لە کۆنفەرانسی ١٩٣٤ی یێریڤاندا باسی زمانی ئەدەبیی کوردی و نۆرمەکەی (norm) کرا و لە سەر ئەوە ساخبوونەوە کە زمانی ئەدەبیی (ستانداردی) کوردی سۆڤیەت لە سەر بنچینەی مەکتەبی ئەحمەدی خانی و بە نۆرم یان شێوەی ئاخافتنی چینی کرێکاری کورد لە هەرمەنستان دامەزرێ.[٩٢] لە یەکێتی سۆڤیەت، بە پێچەوانەی عێراق، کە توێژێکی رۆشنبیری کورد (تەواویان پیاو بوون) لە ئاخری سەدەی نۆزدەوە سەری هەڵێنابوو، زۆربەی خەڵک نەخوێندەواربوون بەلام نەخوێندەواریی، بە پێچەوانەی عێراق کە تا ئەورۆ درێژەی هەیە، زۆر زوو بنەبڕکرا (لە سەرەتای ٤٠ەکاندا)، و توێژێکی رۆشنبیر کە ژنیشیان تێدابوو پەیدابوو. کوردی -ئاخێوان لە سۆڤیەت، بە پێچەوانەی عێراق، پرش وبلاو بوون و کەم بوون - ٦٩١٨٤ کەس لە سۆڤیەت (ساڵی ١٩٢٦) و ٤٩٩٣٣٦ لە عێراق (ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٠).[٩٣]

---

[٩٢] بۆ کورتە باسێکی زمانی ئەدەبیی کوردی سۆڤیەت بڕوانە: ئۆ. ل. ڤیلچێفسکی، "دەربارەی یەکەمین کۆنفرانسی کوردناسیی سۆڤێەتی ساڵی ١٩٣٤ لە ئێرڤان و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی،" ***چەند وتارێکی کوردناسی***، ٢، ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسییەوە کردوونی بە کوردی، ستۆکهۆلم، ٢٠٠١، ل.٢٧-٤٠.

[٩٣] ژمارەی کوردی سۆڤیەت لە سەرژمێری دەوڵەت وەرگیراوە و ژمارەی کوردی عێراق تەخمینی حکوومەتی بریتانیایە:

"Observations of His Majesty's Government on the petition dated the ١٩th April, ١٩٣١, from Taufiq Beg Wehbi, related to the position of the Kurds in 'Iraq," in *Minorities in the Middle East: Kurdish Communities*

بنکەی ژین www.zheen.org

پڕۆسەی ستانداردکردن لەعێراق و سۆڤیەت، جیا لەیەکتر، دەستی پیکرد و بەڕێوەچوو.

لە گشت زمانێکدا، ستانداردکردن ئەرکی سەرشانی ئەو رۆشنبیرانە بووە کە زمانیان لە بواری فکری و رۆشنبیری و زانست و ئامرازی راگەیاندنی گشتی و پەروەردەدا دەکارهێناوە. لە کوردستانی عێراق، بە پێچەوانەی سۆڤیەت کە دەوڵەت یارمەتی دەدا بە ستانداردکردنی زمانە نەنووسراوەکان دەولەتی بەغدا کۆسپێک بوو لە ریگەی ستانداردکردندا.[94] لەئەو بارودۆخەدا، ئەرکی سەرشانی رۆشنبیران قورستر دەبوو. دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی-زمان خەریکی دامەزران بوو و نەیدەویست زمانی کوردی گەشەبکا و، ئاگایانە و بە بەرنامە تەنگی بەو تێکۆشانە هەڵدەچنی. وتووێژەکەم لەگەڵ تۆفیق وەهبی گۆشەیێک لە سەرەتای ئەو ناکۆکییانە وەدەردەخا. بۆ دەوڵەتی عێراق کە لە پرۆسەی دامەزران و سەقامگرتندا بوو، ئەو تەنگپێهەڵچنینە بە زمانی کوردی بەشێک لەئەو پرۆسەیە بوو. دەوڵەتی بریتانیا، وەک میعماری ئەو پرۆژەی دەوڵەترۆنان و نەتەوەرۆنانە، زۆرتر لایەنی دەوڵەتی بەغدای دەگرت. رۆشنبیران ئاگایان لەئەو سیاسەتە بوو. جارێ بەکورتی باسی ئەو وشیارییە سیاسییە دەکەم و دوایە دێمەوە سەر نەبوونی ئاگایی تیۆری.

کاتێکی لە ساڵی ١٩٣٠دا دەوڵەتی ئینتیداب پەیمانێکی لەگەڵ دەولەتی بەغدا بەست بۆ ئەوەی عیراق سەربەخۆ بێ، رابەرانی کورد و ئاشۆری و تورکمەن نارەزایی خۆیان دەربڕی و گوتیان

---

*١٩١٨–١٩٧٤*. Vol. ٢, ١٩٣١–٤٠, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦, p. ٢٤٤.

[٩٤] M. I. Isayev, *National Languages in the USSR: Problems and Solutions*, Moscow, Progress Publishers, ١٩٧٧.

ئەو پەیمانە هیچ مافێکی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی دابین ناکا. جا ئەو دوو دەوڵەتە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە بەڵێنیان دا کە مافی زمانیی کورد و ئاشۆری دەپارێزرێ. ئەوەش قەراربوو بە دانانی "قانون لغات محلی" وەدیبێ. کاتێکی ئەو باسە هاتە گۆڕێ و لە ١٩٣١دا لایحەی ئەو قانوونە بڵاوبۆوە، ئەمین زەکی بەگ لە عەریزەیێکدا کە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ بۆ مەلیک فەیسەڵی نارد، و هەروەها لە دیدارێک لەگەڵ مەندووبی سامیدا، رەخنەی لە سیاسەتی دەوڵەت و لە قانوونەکە گرت. دوایەش لە ٢٠ی مایسی ١٩٣١دا رەخنەکانی خۆی لە عەریزەیێکدا بۆ مەندووب نارد. ئەو دوو عەریزانە لە سالی ١٩٣٥دا لە ژێردێڕی ***دو تەقەلای بیسود***دا (بەغدا، چاپخانەی مەریوانی، ٦٩ لاپەڕە) چاپکران، بەڵام دەوڵەتی بەغدا ڕێگەی نەدا کتێبەکە لە چاپخانە بچێتەدەر و بڵاوبێتەوە. لەئەو دوو عەریزانەدا، وردبینی و تێگەیشتنی نووسەر و لێکدانەوە و رەخنەیێکی گرینگی سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی ئینتیداب و عێراق تۆمارکراوە.[٩٥] س. ج. ئیدمۆندز لە نووسراوەیێکی نهێنی حکوومەتی ئینتیدابدا دەڵێ:

> هیچکام لە میوانە کوردەکانم هەروا لە خۆیانەوە باسی [قانوونی لۆغاتی محەللی] ناکەن. کاتێکی پرسیاریان لێدەکەم هیچ پێخۆشبوونێک دەرنابڕن بە پێچەوانە، رەخنەیانگرتووە لە کەموکوورییەکانی. ئەوە زۆر جێی سەرنجە، چونکە ئەو [قانوونە] لە زۆر لایەنەوە بەڵێنێکی هەرە کۆنکرێتە کە تا ئێستە [بە کوردەکان] دراوە. بەڵام کوردان بە

[٩٥] لە هەمان کاتدا، زۆرکەس پێخۆشبوونی خۆیان دەربڕی و بە حکوومەتیان ڕاگەیاند. بڕوانە پەراوێزی ٢٥.

دەلیل دەزانن کە کەنداوێکی گەورە لە نیوان بەڵێن و کردەوەدا هەیە."[96]

وەهبی لە وتووێژەکەدا نارەزایی خۆی لە قانوونی لوغاتی محەلی دەردەبڕێ، بەڵام دەڵێ ((من لە وەزعێکدا نەبووم سیاسەت بکەم)). سەرباقی ئەو خۆدوورخستنەوە لە سیاسەت، لە بەڵگەکانی حکوومەتی ئینتیدابدا وا دەردەکەوێ کە لە کێشەی ئەو قانوونەدا بێدەنگ نەبووە و بگرە دەورێکی چالاکی گێڕاوە. وەهبی بە (قانوونی لوغاتی مەحەللی) رازی نەبوو و داوای لە "کۆمەڵی نەتەوەکان" کرد کە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا بە کوردان بدرێ. لە ۱۹ نیسانی ۱۹۳۱دا، وەهبی کۆپی ئەو داخوازییەی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا نارد. لەئەو داخوازییە کە بیست لاپەڕەیە و حەوت پێوەستی هەیە، وەهبی خۆی وەک "نوێنەری دەسەڵاتپێدراوی (authorized) گەلی کورد لە عێراق" و "موتەسەریفی پێشووی سلێمانی" ناساندووە. یەکێک لە پێوەستەکان وەکالەتنامەیێک بوو کە ۱۷ کەس ئیمزایان کردبوو و وەهبییان وەک نوێنەری خۆیان و نوێنەری "کوردی دانیشتووی پاشایەتی عێراق" بۆ پێشکەشکردنی داخوازی بە "شووڕای کۆمەڵی نەتەوەکان" یان "کۆمیسیۆنی دایمی ئینتیدابی کۆمەڵی نەتەوەکان" دیاری کردووە. نامە بیست لاپەڕەییەکە داخوازی کوردی عێراق لە "کۆمەڵی نەتەوەکان" ئاوا دەست پێدەکا:

[96] C. J. E[dmonds], “Kurdish Policy,” Secret, F[ile] No. ۱۳/۱٤, Vol. X, Kurdistan Policy, p. ۳۱.

## داخوازی گەلی کوردی کوردستانی باشوور

## کە ئێستە دانیشتووی عێراقن

بۆ ئەوەی حکوومەتی-خۆیی محەلی (local self-government) پێبدرێ لە ژێر حاکمییەتی عێراقدا هەتا ئازادی تەواو مسۆگەربکرێ بۆ:

زمان،
پەروەردە،
سەربەستی و پێشکەوتنی کۆمەڵی و ئابووری،
ئازادبوون لە زۆڵم و زۆرداری.

لە دیمیشقەوە، خۆیبوون نامەیێکی بە ئیمزای جەلادەت عالی بەدرخان بۆ "کۆمەڵی نەتەوەکان" نارد و پشتیوانی خۆی لە داخوازییەکانی وەهبی راگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵی نەتەوەکان لە ١٩٢٠ بەو لاوە مافی "حکوومەتی محەلی" یان "مافە سروشتییەکانی" کوردی عیراقیان بە رەوا دادەنا و داوایان لە حکوومەتی ئینتیداب دەکرد کە ئەو مافانە دابین بکەن، بریتانیا و حکوومەتی ئینتیدابەکەی پێیان وابوو کە دابینکردنی ئەو مافانە ((بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عیراق لە مەترسی دەخا)).[٩٧] کاتێکی کومیسیۆنی ئینتیداب لە ژنێو کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی باری ئینتیداب لە عێراقدا دەست پێکرد (کۆبوونەوەی بیستەم لە حەزیرانی ١٩٣١)، نوێنەری حکوومەتی

---

[٩٧] *Report by His Majesty's Governement in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the Administration of 'Iraq for the Year ١٩٣١*, Colonial No. ٧٤, London, His Majesty's Stationaery Office, ١٩٣٢, pp. ١٨–١٩.

ئینتیداب ئەو داخوازییە و هەرچی داخوازی دی بوو، رەدی کردەوە. نوێنەری ئینتیداب لەئەو وەڵامانەدا کە بە نووسین و بە قسەکردن پێشکەشی کۆبوونەوەی کرد، باسی دوو خاڵی کرد. یەکیان پەسەندنەکردنی وەکیل و وەکالەتنامەکە بوو. نوێنەری ئینتیداب لە پێشدا بە وردی باسی ١٧ کەسی کرد و ئیستیدلالی کرد کە ئەوانەی نوێنەرایەتییان داوە بە وەهبی، ناتوانن نوێنەری کوردی عێراق بن. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە هەر کاتێکی نوێنەرانی حکوومەتی ئینتیداب لە "کۆمەڵی نەتەوەکان"دا باسی وەهبییان کردووە، وەک کەسێکی بێبایەخ و لێنەهاتوویان ناساندووە. بۆ وێنە، لەئەو کۆبوونەوەیەدا، کوتیان کە وەهبی لە ساڵی ١٩٣٠دا کرابوو بە موتەسەریفی سلێمانی، بەڵام لە بەر "ناکارامەیی" (inefficiency) هەڵپەسێردرا. خاڵی دووەم ئەوەبوو کە کوردی عێراق ئەو مافانەیان پێدراوە کە "کۆمەڵی نەتەوەکان" پێی رەوا دیون و ئەگەر کەموکوورییێک لە ئارا دابووبێ، قانوونی تازە پەسندکراوی "لوغاتی محەلی" چارەسەری دەکا.[٩٨] کۆمیسیۆنیش وەڵامەکانی نوێنەری ئینتیدابی قبووڵکرد و دوایە نامەی بۆ داخوازیکەران (عەریزەنووسەکان) نارد و نووسیی کە "کۆمەڵی نەتەوەکان" هەمیشە لایەنگری مافی کوردان بووە و لە داهاتووشدا پشتیوانیی خۆی درێژەپێدەدا، بەو مەرجەی کە کوردان یارمەتی بدەن بە ئەمنییەت و ئاسوودەیی دەوڵەتی عێراق.[٩٩]

---

[٩٨] نامەکانی وەهبی و وەڵامەکانی حکوومەتی ئینتیداب لە ئەو سەرچاوەدا بڵاو بوونەتەوە:

*Minorities in the Middle East: Kurdish Communities ١٩١٨–١٩٧٤*. Vol. ٢, ١٩٣١–٤٠, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦, pp. ١٥٧–١٩٧, ٢٣١–٢٧٧.

[٩٩] سەرچاوەی ٢١، ل. ١٩.

ئەو تێکۆشانەی وەهبی لە چوارچێوەی داب و رەسمێکدا بوو کە "کۆمەڵی نەتەوەکان" و دەوڵەتی بریتانیا دایانڕشتبوو و بە خەڵکی عیراقیان راگەیاندبوو کە هەر کەسێکی سکاڵای لە حکوومەتی ئینتیداب هەبێ، دەتوانێ سکاڵاکەی بۆ حکوومەت بنێرێ و حکوومەتیش رەوانەی "کۆمیسیۆنی دایمی ئینتیداب" لە ژنێوی بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەهبی خۆی ماوەیێک لە حکوومەتدا بوو و باش ناسرابوو، کاتێکی حکوومەتی بەغدا پێی زانی کە شکایەتی کردووە، پۆلیسی بەغدا هێرشیان بردەسەری و ماڵەکەیان پشکنێوە. ئاسیا تەوفیق، هاوژینی وەهبی، لە نامەیێک بۆ "کۆمیسیۆنی دایمی ئینتیداب" لە ١٦ مایسی ١٩٣١دا نووسیی:

> ... کە حکوومەتی عێراق پێی زانی بە داخوازییەکە [ی تۆفیق وەهبی]، فەوری دەستوور بە پۆلیس درا کە مالی ئێمە بپشکننەوە، و بەو شێوەیە پۆلیس لە پڕڕا ماڵەکەمانی گەمارۆ دا، لە کاتێکیدا ئێمە هێشتا لە خەودا بووین، لە ٤ی بەیانی رۆژی ٥ مایسی ١٩٣١، و ئەو پشکنینەوەش کە حەوت سەعات و نیوی خایاند ... من نەمدەتوانی بەرگەی زەبری ئەو دیمەنە ترسناکە بگرم و لە هۆش چووم، لەبەر ئەوەی پۆلیس لە گۆشەیێکی دوورکەوتەی ماڵی خۆمان بۆ ماوەیێکی زۆر رایگرتم و ریگەیان نەدەدام بجووڵێمەوە و تەنانەت هەستیان بە ژنبوونی من نەدەکرد. دوای تەواوکردنی پشکنینەوە درێژخایەنەکە، مێردی منیان گرت و بردیانە زیندانی پۆلیس. من هیچ نازانم چۆنی لەگەڵ دەجووڵێنەوە، چونکە ڕێگەم نادەن ببینم.

www.zheen.org

**لە درێژەی ئەو نامە سێ لاپەڕەییەدا، نووسەر دەڵێ:**

> **مێردی من، کاتێکی موتەسەریفی سولێمانییە بوو، لە کاری حکوومەت وەدەریان نا، تەنیا لە- بەر ئەوەی کە لە ئەو کاتیدا پێشی سکاڵانووسەکانی (کوردەکان) نەدەگرت کە سکاڵای خۆیان بە کومیسیۆنی بەڕێزتان پێشکەش بکەن. لەبەر ئەو جورمە – جورم لە قانوونی عێراقدا – ئەو مەجبوور کرا کە لە سلێمانی نەمێنێ و لە بەغدا بژی ...**[١٠٠]

---

[١٠٠] Assya Taufiq to The Secretary, The Permanent Mandate Commission, ١٦ May ١٩٣١, in *Minorities in the Middle East: Kurdish Communities ١٩١٨–١٩٧٤*. Vol. ٢, ١٩٣١–١٩٤٠, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦, pp. ٢٠٧–٢٠٩.

وادیارە ئەو بۆچوونەی ئاسیا وەهبی ڕاست بێ. نووری سەعید لە نامەیێکی مەحرەمانەدا دەنووسێ: ((ئەو وەزعە سەیرەی کە لە پڕڕا [لە سلێمانی] پێشهات، لەئەو ماوەیەدا بوو کە موتەسەریفییە [ی سلێمانی] لە دەست تۆفیق وەهبی بەگ دابوو، کەسێکی کە، بە قسەی مستر ئالبان ...، توندڕەوە کوردەکان وەک یەکێک لە قارەمانەکانیان چاویان لێدەکرد. ئێمە ناتوانین بە شێوەیێکی بێگومان بڵێین کە موتەسەریفی پێشوو [وەهبی] وەدوای سیاسەتێکی تایبەتی کەوتبوو، لەبەر ئەوەی کە هاوسۆزیی شەخسیی خۆی بوو یان هاندەریی دیکەی هەبوو کە، وێڕای هۆکاری دی کە کوتراوە، پێویست نییە ئێستە باسی بکەین. بەڵام ڕووداوی سەردەمی موتەسەریفێتی [وەهبی]، ئەو بڕوا بەهێزە دەسەلمێنێ کە، ئەگەر ئەو لە ڕاستیدا بەرپرس نەبووبێ دەوری هەرە گەورەی گێڕا لە ورووژاندنی ئەو ئاژاوە و هێنانە کایەی ئەو بارەناخۆشەی کە بە دەستپێکردنی کاری ڕەسمیی وی کەوتەڕێ ...)). نووری سەعید لە درێژەی ئەو نامەیەدا باسی ئەو کارە ((ناشایستانە)) دەکا کە، بە بۆچوونی وی، وەهبی کردوویەتی کە یەکیان بڵاوکردنەوەی سکاڵا و عەریزە لە ڕۆژنامەی سلێمانیدا بوو. بڕوانە:

Confidential despatch No. ٢٩٥٧ from Nuri as–Sa'id, Prime Minister of Iraq, Baghdad, ١٨th October, ١٩٣٠ to The Political Secretarty, The Residency, in *Minorities in the Middle East: Kurdish Communities ١٩١٨–١٩٧٤*. Vol. ١, ١٩١٨–٣٠, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦, pp. ٤٨٣–٨٢.

www.zheen.org

وەهبی تەنیا کەسێک نەبوو کە رازی بە "قانوون لغات محلی" نەبێ و داوای ئۆتۆنۆمی بکا. لە کاتێکدا هێندیک پشتیوانی خۆیان لەئەو قانوونە دەردەبڕی، هێندێکی دی داوای سەربەخۆیی کوردستانی عێراق یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد لە ژێر چاودێری "کۆمەڵی نەتەوەکان"یان دەکرد. ئەو داخوازییانە و کوشتاری بەردەرکی سەرا لە سلێمانی، ناکۆکییان خستە نێوان کاربەدەستانی ئینتیداب و حکوومەتی عێراق. بەغدا دەیەویست هەر داخوازییێک بۆ سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بە زەبروزەنگ سەرکوت بکا، بەڵام لە ١٩٣٠–١٩٣١دا کاربەدەستانی ئینتیداب پێیان وابوو ئەگەر کوردان راپەڕن، دەوڵەتی عێراق ناتوانێ سەرکوتیان بکا. کۆرنوالیس، راوێژکەری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لە نامەیێکی نهێنیدا (١٨.٨.١٩٣٠) بە وەزیری ناوخۆی راگەیاند: ئەگەر بەغدا زەبروزەنگ دەکاربێنێ ((خەرجی عەمەلیاتی عەسکەری و راگرتنی سەربازگەی دایمی لە لیوا کوردەکاندا، ئەوەندە زۆر دەبێ کە دەوڵەتی عێراق دەرەقەتی نایە)).[١٠١] کاربەدەستانی ئینتیداب توانییان سیاسەتی خۆیان کە رازیکردنی کوردان بە قانوونی زمانە محەلییەکان بوو، بە بێ دەکارهێنانی چەک دابین بکەن. ئەوە باسێکی مێژوویی گرینگە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەڵگەکانی دەوڵەتی عێراق لە شەڕی ٢٠٠٣دا فەوتان، هێشتا دەکرێ بە مێتۆدی مێژووی زارەکی، و بە یارمەتی بەڵگەکانی حکوومەتی ئینتیداب زۆر لایەنی ئەو دەورە لە مێژووی زمانی کوردی روون بکرێنەوە. عێراق لە ١٩٣٢دا "سەربەخۆ" بوو، بەڵام هەتا رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە تەمووزی ١٩٥٨دا لە ژێر دەسەڵاتی

[١٠١] Secret Note by Sir K. Cornwallis, Advisor to the Ministry of Interior, to Ministry of Interior, ١٨ August ١٩٣٠, in *Minorities in the Middle East: Kurdish Communities ١٩١٨–١٩٧٤. Vol. ١, ١٩١٨–٣٠*, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦, p. ٣٢٠.

بریتانیا ماوە. ئەگەر وەهبی پێی وابوو بە تێکۆشان لە چوارچێوەی قانوون یان بڕیارەکانی "کۆمەڵی نەتەوەکان" دەتوانێ مافی حکوومەتی خۆیی یان مافە زمانییەکان دابین بکا، بەشێک لە رۆشنبیران بۆیان روون بۆوە کە دەوڵەتی بریتانیا دەیەویست حکوومەتێکی ناوەندی عەرەبی دامەزرێنێ و مافی دابینکردنی چارەنووسی گەلی کوردی پێشێل کرد و تەنانەت بۆ مافە زمانییەکانی لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژەدا سنووری دادەنا. ئەگەر بە زمانێکی دی بڵێم، دیسان روون بۆوە کە دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەتی) سنوورەکانی ماف و قانوون هەڵدەچنێ، و لە ئەنجامدا دەسەڵاتی سیاسی بە سەر دەسەڵاتی قانووندا زاڵ دەبێ. تەنانەت ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٨٩٧–١٩٣٥)، کە بەرەوپیریی (قانوونی لوغاتی مەحەللی) چووبوو،[١٠٢] کوتی:

ئەم قەراری عوصبەیە وا خەلکی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١٠٢] نێوی ٦٠ کەس لە وانەی پشتیوانییان لە قانوونی لوغاتی محەلی کردووە، لە نامەی نووری سەعیددا هاتووە (بڕوانە پەراوێزی ٢٢). بەشێک لە ئەو نێوانە ئەوانەن: ئەحمەد موختار بەگ، عەبدولحەمید بەگ، حوسین بەگ، حەسەن فەهمی بەگ (لە هەلەبجە)، عەزمی بەگی بابان، عەبدولقادر حەفیدزادە، تەوفیق قەزاز، ئەوڕەحمان بەگی ئەحمەد پاشا... (لە سلێمانی)، ئەشرەف خورشید، مەلا یۆسف، شێخ عەبدوڵا ئەفەندی ... (لە رەواندز). نووری سەعید لەئەو نامەیەدا (١٨ ئۆکتۆبی ١٩٣٠) دەڵێ: ((دوای ئەو رووداوانەی ماوەی کورتی رابردوو، داخوازی کوردەکان لە پڕرا گۆڕا. لە پێشدا نارەزایی خۆیان دەردبڕی لەمەڕ چەند کاربەدەستی ئینگلیسی؛ دوایە ئەوە بوو بە نارەزایی لە ئەوەی کە لە پەیمانی تازەدا [پەیمانی ئینگلیس و دەوڵەتی عیراق بۆ سەربەخۆیی عیراق] مافی کوردەکان دابین نەکراوە؛ دوایە ئەوە بوو بە داخوازی سەبارەت بە باری ئیدارەیی ئێستەی ناوچە کوردییەکان، و ئەوەش بوو بە داواکردنی حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ و لە ئاخریدا داوای جیاوازیخوازیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە ژێر سایەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا)) (بڕوانە لاپەڕەی ٤٨٥ی سەرچاوەی دیاریکراو لە پەراوێزی ٢٤دا).

هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە![١٠٣]

یا خۆ شێخ سەلام ئەحمەد عازەبانی لە هەڵبەستێکدا، "بۆ کۆمەڵی ئەقوام – عصبة الامم"، کوتی:

عصبەالامم، کۆمەڵی گەورە
بە پێچ و پەنا، بە فێڵ و دەورە
لە دوور بە دوور و بۆ حەقی کوردان
تەکانت ئەدا، خۆت دائەشرنگان
بە جۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەتکوت ئەو قەومە ئەکەم رەستگار...
... مەنشەئی فیتنە، کۆمەڵی تەزویر!
وا ئەدەی حەقی ئەقوامی صەغیر؟
کارخانەی فەساد، کۆمەڵی میحەن!
کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن![١٠٤]

لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیران باش لە سیاسەتی زمانی لەندەن و بەغدا تێدەگەیشتن و بە ئەو مافە بەرتەسکەی کە بە زمانی کوردی درابوو رازی نەبوون، لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا بۆ گەشەپێدانی زمانەکە تێدەکۆشان. دوای "سەربەخۆیی" عیراق لە ١٩٣٢دا، سیاسەتی تەعریب درێژەی هەبوو، بەڵام دیسان رێگەدەدرا بە دەکارهێنانی کوردی لە چاپەمەنی، رادیۆ، هێندێک لە مەدرەسە سەرەتاییەکان، و کەمێک لە ئیدارەکاندا. جا لێرەوپاش، لەئەو برگەدا،

---

[١٠٣] علاءالدین سجادی، **مێژوی ئەدەبی کوردی**. بەغداد، چاپخانەی معارف، چاپی دووەم، ١٩٧١، ل. ٥٥٣.

[١٠٤] ***دیوانی سەلام***، بەغدا، چاپخانەی تەمەدون، ١٩٥٨، ل. ١، ٤. (ئارثر هێندرسن Arthur Henderson لە ساڵی ١٩٢٩ هەتا ١٩٣١ وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی بریتانیا بوو، و پشتیوانیی لە عصبە الامم دەکرد.)

کۆسپێکی گەورە سیاسەتی رۆشنبیرەکان بوو. ستانداردکردنی زمانێکی وەکوو کوردی، کە هێشتا پێی هەڵنەگرتبوو و سەرکوت دەکرا، پێویستی بە رێبازێکی سیاسی- زمانی وابوو کە بە سەر دواکەوتوویدا زاڵ بێ و گۆڕانی بە ئەسپایی زمان بکاتە پشکووتنێکی خێرا - تێگەیشتنێکی سیاسی کە لەگەڵ زانستی زمانناسی و تیۆری زمانی ستانداردا بێتەوە و لەگەڵی هەڵبکا. لە ۳۰کاندا، چەمکی "زمانی ستاندارد" لە کوردستان وە سەر زاران نەکەوتبوو، بەڵام دیاردەکە و تیۆرییەکە هەبوو.[١٠٥] دەکرێ بڵێین کە لەباتی "تیۆری"، رۆشنبیران "مۆدێل"یان هەبوو و مۆدێلیش جێگەی تیۆری ناگرێتەوە ("مۆدێل" پێشاندانێکی کاڵ و کرچی واقعییەتە و "تیۆری" تیگەیشتنێکی قووڵ و هەمەلایەنەیە). مۆدێلێکی کە بۆ زمانی کوردییان رەچاودەکرد، ئەوە بوو کە لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بەدییان کردبوو. لە روانگەی ئەوانەوە کوردی دەبوو وەک ئەو سێ زمانانەی لێ بێ (دیارە بێجگە لە ئەلفوبێی عەرەبی-فارسی). بەڵام ئەو زمانانە لەگەڵ ئەوەشدا پێشینەی ئەدەبیی دەوڵەمەند و کۆنیان هەبوو و لە مێژبوو قاعیدەبەندی کرابوون، خۆیان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پرۆسەی ستانداردکردنیان دەستی

---

[١٠٥] رەنگە هەوەڵ جار کە زاراوەی "ستاندارد" بۆ زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق دەکارهاتبێ لە راپۆرتێکی ساڵی ١٩٣٠ حکوومەتی ئینتیدابدا بووبێ کە دەنووسێ "کوردی تازە وەک زمانێکی نووسراو ستاندارد کراوە":

((… Kurdish has only just been standardized as a written language…,)) in K. Cornwallis (Advisor to Ministry of Interior (Baghdad), memorandum sent to "The Secretary to His Excellency the High Commissioner for Iraq" (Baghdad), with an attachment about the Kurdish question written in Baghdad on ١٢th May ١٩٢٩, in Kurdistan Policy File No. ١٣/١٤ VII, Secret, Kurdistan Policy, pp. ١٧١-١٥٧ (High Commission File, National Archives of India, New Delhi).

پێکردبوو. پرسیارێکی گرینگ ئەوەبوو: زمانی کوردی بۆ لە عەرەبی و فارسی و تورکی وەدواکەوتووە و چۆن دەتوانێ بگاتەوە وان؟ ئەوە پرسیارێک بوو کە ئەحمەدی خانی، پێش پەیدابوونی دیاردەی نەتەوە و سیاسەتی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیسم)، کردی و حاجی قادری کۆیی لە سەرەتای پەیدابوونی ناسیۆنالیسمی کوردیدا دووپاتەی کردەوە. وەڵامی خانی ئەوەبوو کە کوردی دەبێ پێی بنووسرێ و بخوێندرێ و گەلی کورد دەسەڵاتی دەوڵەتی هەبێ. حاجی قادریش وەڵامەکەی "شیر و قەڵەم" بوو. بەڵام لە مەیدانی قەڵەمدا، حاجی پێی وابوو شەڕگەی هەرە گرینگ نووسین بە چاپ (جەریدە و کتێب)، وەرگێڕانی زانستی نوێباو، و داڕشتنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی بە کردنی ئەدەبی زارەکی بە بنەمای ئەدەبی نووسراو. حاجی لە نەبوونی شیر (دەسەڵاتی دەوڵەتی)دا، ئەوەی پێیکرا کردی - شیعرکوتن. لە عێراقدا، رۆشنبیران دوای قانوونی لوغاتی محەلی تا رادەیێک بۆ نووسین و چاپکردن و خوێندن تێکۆشان، بەڵام -بە پێچەوانەی خانی و حاجی- قورسایی خەباتەکەیان خستەسەر پاکتاویکردنی زمانی کوردی و، زەبیحی گوتەنی، کەویان لێ بوو بە زڕەکەو. لە چاپەمەنی ٣٠ەکان هەتا ١٩٥٨دا، دوو رەوەند قوت بوونەوە: یەکیان، لۆمەکردن و سکاڵاکردن لە کەمتەرخەمی کوردی-ئاخێوان لە مەڕ زمانی خۆیان، و ئەوی دی تێکۆشان بۆ "بژارکردنی" زمانی کوردی لە وشەی "بێگانە". رۆشنبیران وایان دانا کە کێشەی سەرەکی زمانی کوردی ئالوودەبوونێتی بە وشەی خوازراو.

لە پێشدا کوتم کە فارسی و تورکی و عەرەبی مۆدێلی رۆشنبیران بوون. لە تورکییەی کەمالیستی بەرنامەی پاکتاویی زمانی تورکی و لاتینیکردنی ئەلفووبێ بەڕێوەچوو و لە ئێرانی رەزاشای پەهلەویشدا (١٩٢٥-١٩٤١) ئەو پرۆژەیە لە ئارادابوو. بەڵام

له ئێران، ئەلفووبێیەکە نەگۆڕدرا و پەتیکردنەکەش زۆر بەرین نەبوو. ئەدەبیاتی فارسی قەڵاییکی پتەو بوو کە بەرگەی ئەو بایەی دەگرت و هەر جارەی هێرشێکیان دەهێنا، پەتیگەرە سەرەڕۆیەکانی سەر شۆڕدەکرد. لە ئەوەدا شک نییە کە ئەو سێ زمانە دەبوو بگۆڕدرێن، بەڵام لەئەوەدا گومان هەیە کە ئەو گۆڕانە دەبوو بە ڕێگەی پەتیگەریدا بڕوا. ئەو باسە پێویستی بە شیکردنەوەی جیاوازی نێوان زمانی ئەدەبی کلاسیک وەکوو عەرەبی، چینی، لاتینی، فارسی و زمانی ستاندارد وەکوو فەرانسەیی و ئینگلیسی و ئەڵمانی هەیە. زمانە ئەدەبییە کلاسیکەکان کە زۆربەیان لە کۆمەڵی دەرەبەگی گەشانەوەیان دەست پێکردبوو، تەواو قاعیدەبەندیکرابوون – لە دەنگ، حەرف، ڕێنووس، وشە، وشەرۆنان، ڕستەدانان و شێوازی نووسین و خوێندنەوەدا. لە زمانی ستانداردیشدا دەبێ ئەو قاعیدەبەندییە یان کۆدیفیکەیشنە (codification) هەبێ، بەڵام جیاوازی نێوانیان زۆرە: ١) دابی زمانە کلاسیکەکان ڕازاندنەوەی لەڕادەبەدەری وشە و شێوازی دەربڕینی مەبەست بوو و نەیاندەویست بە بێ پێچ و پەنا مەبەست دەرببڕن، ئەوەش لە کۆمەڵی پێش–دەسمایەداریدا کە نەخوێندەواری باو بوو و خوێندن و نووسین کاری کەمایەتییێکی زۆر بچووک بوو، دەگونجا. ڕازاندنەوەی زمانی نووسین پێویستی بە کۆمەڵێک قاعیدە بوو کە ئامانجەکەی ئاڵۆزکردن بوو بۆ ئەوەی زمانی نووسین لە زمانی ئاخافتنی جەماوەری خەڵک دووربکەوێتەوە و خوێندن و نووسین ببێتە شتێکی ڕەمزی، جادوویی، ئینحیساری، و پارێزەری دەسەڵاتی سیاسی و دینی وجینسێتی؛ ٢) ڕێبازی زمانی ستاندارد ئەوەیە کە مەبەست بە هاسانی و بە بێ پێچ و پەنای دەستکردی دەرببڕدرێ و زمانی نووسین و قسەکردن لێک نزیک ببنەوە. قاعیدەبەندی لە زمانی ستانداردا لە سەر بنچینەی زمانی ئاخافتنی خەڵکە (زۆرتر زمانی بورژوازی شار) و ئامانجەکەی ساکارکردن و هاسانکردنە نەک ڕازاندنەوە و ئاڵۆزکردن. ئەوەش

پێویستێکی مێژووییە لە بەر ئەوەی خوێندەواریی لە کۆمەڵی دەسمایەداریدا (لە "نەتەوە"دا) پەرەدەستێنێ و زمانی رازاوە و ئاڵۆز دەبێتە بەرهەڵست لە ژیانی کۆمەل و نەتەوەدا؛ ٣) لە عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی پێش سەدەی نۆزدەدا، قاعیدە و شێوە و شێوازی نووسین بە وردی داندرابوون و ریبازی نووسینیش رازاندنەوە و ئاڵۆزیی بوو بەڵام ساکارکردنەوەی ئەو زمانانە لە ئاخری سەدەی نۆزدەدا بە وەرگێڕانی کتیب لە زمانە ئورووپاییەکان و بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار دەستێ پێکرد. زمانی ستاندارد دەبێ زمانێک بێ کە خەڵک لە گشت بوارێکدا پێی بنووسن و پێی بدوێن و دەکاری بێنن نەک زمانی کەمایەتییێکی خوێندەوار. هەر بۆیە بە "زمانی ستاندارد" دەڵێن "زمانی ستانداردی نەتەوەیی" و "زمانی نەتەوەیی" و نەتەوەش لە کۆمەڵی دەسمایەداریدا پێکدێن کە رێگە دەکاتەوە بۆ جووڵانەوەی ئاخێوەران و تێکەڵاوییان.

لەهجە ئەدەبییەکان –هەورامی، کورمانجی و سۆرانی–، بە پێچەوانەی عەرەبی و فارسی و تورکی، پەخشانێکی زۆر کەمیان هەبوو. کەلەپووری هەڵبەستیش قاعیدەی "عروض و قافیە"ی فارسی و عەرەبیی رەچاوکردبوو. کوردیی ئەدەبی، بە پێچەوانەی ئەو سێ زمانانە، تووشی ئاڵۆزی و رازانەوەیێکی زۆر نەببوو و ساکارکردنەوەی زۆر بە هاسانی بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی ***کوردستان*** لە ١٨٩٨دا جێگیربوو. رۆژنامەگەری، کە خۆی بەرهەمی چاپ بوو، داری پەخشانی چەقاند و دوای نیو سەدە هەڵبەستیش گرێوگۆڵی عەرووزی کردەوە. بەرهەڵستی گەورە هەژاریی وشەیی بوو. کوردیی ئەدەبی، بە پێچەوانەی سێ زمانە بەدەسەڵاتەکان، وشەگەلی دنیای کۆنباوی کەم بوو و بە توێشوویێکی مەمرەمەژی بەرەنگاری دنیای نوێباو بوو.

له مەیدانی خەباتی زمانییدا، ئەو کوردانەی کە لە مەدرەسەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەرسیان خوێندبوو، زمانێکی ئوروپایی وەک فەرانسەیی یان ئەڵمانی فێرببوون و یەکێک لەئەوانە، تۆفیق وەهبی، زمانی ئینگلیسی و فەرانسەیی کردبوو بە مۆدێلێک بۆ دانانی رێزمانی کوردی، بەڵام ئەوانەی لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندبوویان رێزمانی عەرەبییان دەکردە مۆدێلی زمانی کوردی (بۆ وێنە سعید صدقی کە رێزمانی کوردی بە پێوانەی صرف و نحوی عەرەبی دادەنا: ***مختصر صرف و نحوی کوردی***، جزء ١، طبع اول، بغداد، نجاح، ١٩٢٨). جا لە بارودۆخی نەبوونی بەرنامەدانانی زمانی و ئاگایی تیۆری و لە ژێر سیاسەتی تەعریبی بەغدادا، رۆشنبیران سیاسەتێکیان رەچاوکرد کە زۆرتر بەربەرەکانی تەعریب بوو، نەک گەشاندنەوەی زمانی کوردی، یان دەکرێ بڵێم گەشاندنەوەی زمان لە پەتیکردندا پەنگی خواردەوە و نەیتوانی لەئەو ئاڵقەیە بێتەدەرێ. تۆفیق وەهبی لە ئەوانە بوو کە رێگای پەتیگەریی خۆشکرد.

حکوومەتی ئینتیداب، بەتایبەت دوای چارەسەرکردنی کێشەی مووسڵ (١٩٢٥) و تەنانەت لە پێشتریش، دوای دامەزرانی حکوومەتی سۆڤیەت لە قەفقاز لە ١٩٢١دا، نیگەرانی "ناسیۆنالیسمی کوردی" بوو و لە کێشەی زماندا زۆرتر لایەنی دەوڵەتی بەغدای دەگرت. بۆ وێنە، ئیدمۆندز لە نووسراوە نهێنییەکانیدا کە ئێستە لە ئارشیوەکاندا لە بەردەستدان، رەخنەی لە سیاسەتی تەعریبی بەغدا دەگرت. لە نووسراوەیێکی نهێنیدا کە لە مایسی ١٩٢٩دا بۆ مەندووبی سامی ناردووە، هەم لە سیاسەتی خۆیان رەخنە دەگرێ و هەم لە سیاسەت و کردەوەی بەغدا بەتایبەت لە وەزارەتی مەعاریف و سیاسەتی تەعریب. لە بەشێکی ئەو بەڵگەدا دەنووسێ:

من ناڵێم کە وەزارەتی مەعاریف لە هەر وەزارەتێکی دی خەتابارترە، بەڵام چەند نموونەی چەشنە چالاکییێکی کورتبینانە وەبەرچاو دەخا کە تەنیا هەستی توندڕۆیی کوردان دەورووژێنێ. نموونەی ئەو کردەوانە ئەوانەن: (ئەلف) حەولدان بۆ ئەوەی کە خەڵکی سلێمانی لەباتی کوردی زمانی عەرەبی بۆ خوێندن لە مەدرەسەی ناوەندی دەکاربێنن، (ب) خۆلادان لە کردنەوەی مەدرەسەیێکی ناوەندی لە هەولێر، مەگەر ئەوەی کە خەڵک زمانی عەرەبی بۆ دەرس خوێندن قبووڵ بکەن، (ج) دوایەش حەولیان دا کە زمانی دەرس خوێندن لە کلاسی ٥ و٦ لە هەولێرێ لە کوردیڕا بکرێ بە عەرەبی، (د) لابردنی زمانی کوردی لە مەدرەسەی کچان لە هەولێرێ، (ه) وەدرەنگی خستنی نابەجێی پەسندکردنی کتێبە دەرسییەکان کە دراون بە وەزارەت، و دانەمەزراندنی کەسانێکی تەواو–وەخت بۆ وەرگێڕانی کتێبە دەرسییەکان، و هتد. دەبێ نموونەیێکی شایستەی گاڵتەپێکردن بە وردییێکی زۆرتر بگێڕمەوە. دانەری کتێبێکی ئەلفووبێی کوردی سەرەتایی، کە لە پێشدا لە لایەن وەزارەتەوە پەسند کرابوو، لەئەو ئاخرانەدا تەبعی دووەمی بڵاوکردەوە.[١٠٦] ئێستە کوردی بێجگە لە ر و ل ێ ئاسایی، جۆری دەماندنیی (variants aspirated) ئەو دوو حەرفانەی هەیە کە بە دانانی نوختەیێک لە ژێر ر و لە سەر ل

---

[١٠٦] ئەو کتێبە دەبێ ***الفبای کوردی*** دانراوەی "احمدی عزیز اغا" بێ کە طبعی دووەمی لە مطبعة الفرات لە بەغدا چاپ کرابوو.

دیاریدەکرێن. ئێستە کە تیپ [حەرفی چاپخانە] لە بەغدا وەدەستدەکەوێ، دانەری کتێبەکە داوای لە مودیری مەعاریف کرد کە ئیجازەی بدرێتێ ئەو دوو حەرفانە دەکاربێنێ. هەڵبەت ڕەدکردنی ئەو داخوازییە، وەک دژایەتی لەگەڵ پەروەردەی کوردی چاوی لێکرا و زیانێکی زۆری هەبوو. تێگەیشتنی ئەوە زەحمەتە کە چۆن دانانی دوو نوختە، یان تەنانەت پەنجا نوختە، دەتوانێ زیان لە دەوڵەتی عێراق بدا. دیارە زۆربەی ئەو نموونانە ئی هەولێرن. ئەوەش ئاکامی جیاکردنەوەی هەولێرە لە خوشکەلیواکانی کەرکووک و سلێمانی و هاویشتنی هەولێر، بۆ مەبەستی ئیدارەکردنی مەدرەسەکان، لە ژێر مودیری مەعاریفی مووسڵ کە کەسێکی لە رادەبەدەر دژی کوردە. ئەوە بۆ خۆی پێشێلکردنی وشە و رۆحی بەڵێنەکانە.[١٠٧]

بەڵام ئەوەی ئێدمۆندز لەئەو بەڵگە نهێنییەدا نووسیوێتی، قەت لە نووسراوە چاپکراوەکانیدا وەسەر کاغەزی نەدەخست و لە نووسینی ئاشکرادا لە سەر سیاسەتی لەندەن و بەغدایەی دەکردەوە. مەندووبی سامی و لەندەنیش رەخنەکانی ئیدمۆندزیان وەپشت گوێ دەخست. سیاسەتی بریتانیا ئەوە بوو کە دەوڵەتی عێراق لە سەرپێی خۆی راوەستێ، لە ژێر فەرمانی لەندەندا بمێنێتەوە، و بتوانێ بەربەرەکانی

[١٠٧] C. J. E[dmonds], “The Kurdish question,” attached to Secret No. S. A. ٣٢١ (Ministry of the Interior, Baghdad, the ١٢th May, ١٩٢٩, to The Secretary to His Excellency the High Commissioner for Iraq, Baghdad) in Kurdish Policy File No. ١٣/١٤ VI, Secret, pp. ١٨٩–١٩٩ (quotation from p. ١٩٤), Baghdad High Commission File, National Archives of India, New Delhi.

"کۆمۆنیسم" بکا. بزووتنەوی ناسیۆنالیستیش دەبوو لغاو بکریّ بۆ ئەوەی –لە روانگەی ئەوانەوە– نەبێتە هاودەستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.[١٠٨] لە سووریيەش سیاسەتی فەرانسە هەر وا بوو.

رۆشنبیرەکان توێژێکی کۆمەڵایەتی بوون کە پێکهاتبوون لە نووسەر، رۆژنامەنووس، مامۆستا، وەرگێڕ، هۆنەر، فەرهەنگنووس، لێکۆڵەرەوە و هتد. هێندێکیان، مەلا و فەقێ، لە حوجرەی مزگەوتەکان پێگەیشتبوون و ئەوانی دی لە مەدرەسە نوێباوەکانی عوسمانی فێری زانستی نوێباو (مۆدێڕن) ببوون. ئەو رۆشنبیرانە بە شێوەیێکی رێکخراو، وەک ئەندامانی رێکخراوەیێکی "بەرنامەڕۆنانی زمان" ( language planning) یان ئاکادیمییێکی زمان، چالاکییان نەدەکرد. ناکۆکییەکان زۆر بوون، یەکیان ناکۆکی بەرەی تازەپێگەیشتووی نوێباو و بەرەی سونەتی (تەقلیدی) بوو کە لە بۆچوونی تۆفیق وەهبیدا بۆ سەعید صیدقی کابان دەردەکەوێ: وەهبی لە وتووێژەکەدا دەڵێ ئەو مەلایە ((هیچ نازانێ... مەلاکە ترکی خوێندبوو، فارسی ئەزانی.. عەرەبیشی ئەزانی، کابرایەکی مۆدێرن نەبوو..)). لە باری سیاسییەوە، بە پێچەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت کە لە سەرەتادا رێبازی سۆسیالیستی رەچاوکرد، لە کوردستانی عێراق ناسیۆنالیسم رێنوێنی رۆشنبیرەکان بوو. ئەو ناسیۆنالیسمە خۆی تازە وەڕێکەوتبوو و لە بواری زماندا دەگوورا و زمانیشی دەگووراند. لە سەرەتاوە دوو رەوەندی ستانداردکردن رەچاو کرا:

---

[١٠٨] بەشێکی زۆر لەئەو بەڵگانە لەئەو کتێبەدا بڵاو بوونەوە:

*Minorities in the Middle East: Kurdish Communities ١٩١٨–١٩٧٤*. Vol. ١, ١٩١٨–١٩٣٠, Vol. ٢, ١٩٣١–٤٠, Vol. ٣: ١٩٤١–١٩٦٧, edited by Bjtullah Destani, Slough: Archives Editions, ٢٠٠٦.

# مختصر صرف ونحوی

## کوردی

جزء

١

لەسر قراری وزارة معارف بوصنف چوارم و پنجم ابتدائی لەچاپ دراوە

## طبع اول

لەکردە وەی

معلم مکتب اول سلیمانی

سعید صدقی

بنکەی ژین
www.zheen.org

حق لەچاپ دانەوەی بو مؤلفە

لەسر نفقەی مؤلف طبع کراوە

---

چاپ خانەی نجاح * بغداد

١٣٤٧ ﻫ ـــ ١٩٢٨ م

# الفبای کوردی

کردەوەی

احمدی عزیز آغا

مزی چاپ پاریزراوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی بە ( ۲۰ ) فلسە

چاپی سەیەم

چاپخانەی فرات * بغداد

۱۹۳٦

چاککردنی ئەلفووبێ و وشەڕۆنان. وشەڕۆنانەکەش زۆرتر پەتیکردن بوو، ئەویش بە فڕێدانی وشەی عەرەبی و، لە رادەییێکی کەمتردا، تورکی و فارسی. پەتیکردنەکەش دوو شێوەی سەرەکی هەبوو، یەکیان دەکارهێنانی ئەو وشانەی کە لە زمانی زارەکیدا باوبوون و لە نووسیندا دەکارنەدەهاتن، ئەوی دیش داتاشینی وشە بوو. لە چاککردنی رێنووسیشدا، سیاسەتی کوردیکردن یان پەتیکردن رێنوێنی رۆشنبیران بوو: بە دژی دەوڵەتی بەغدا، زمانی کوردی دەبوو ئەوەندەی دەکرێ لە زمانی عەرەبی هەڵاواردرێ. هەتا دەوڵەتی عێراق زۆرتر جێگردەبوو و سیاسەتی تەعریبی زۆرتر رەچاودەکرد، پەتیکردنیش توندوتیژتر دەبوو. بەشێکی زۆری وتوووێژەکەم لەگەڵ وەهبی باسی سەرەتاکانی ئەو شەڕەیە لە نێوان ناسیۆنالیسمی کورد و دەوڵەتی بەغدادا.

لە وتوووێژەکەدا، وەهبی باسی ناکۆکی خۆی و ابوخلدون "ساطع الحصری" (مودیری مەعاریفی عام، ۱۹۲۱–۱۹۲۷) لە کێشەی چاککردنی ئەلفووبێ کردووە. لە ۱۹۲۳دا، وەزارەتی مەعاریف داوای لە وەهبی کرد کە رێزمانێکی کوردی بۆ مەدرەسە سەرەتاییەکان دابنێ. بەڵام کاتێکی دەستی بەکارکرد، بەو بڕوایە گەیشت کە ئەلفووبێی عەرەبی بۆ نوسینی کوردی کەموکووڕی هەیە و دەبێ چاک بکرێ و، بۆ ئەو مەبەستە، دەبێ چەند نیشانە و نوختە لە حەرفە عەرەبییەکان زیادبکرێ. ساطع الحصری بەتوندی بەربەرەکانیی ئەو بەرنامەی کرد و کوتی: عەرەبی زمانی قورعانە و دانانی نیشانە و زیادکردنی نوختە لە سەر حەرفەکانی کوفرە. وەهبیش بەرەنگاری مودیر بوو و کوتی کاتێکی قورعانی زارەکییان نووسییەوە، حەرفی عەرەبی نە ئیعرابی هەبوو و نە نوختە، قورعانە دەستنووسە هەرە کۆنەکانیش ئیعراب و نوختەیان نەبووە، و زمانی فارسیش هەم نوختەی لە ئەلفووبێیەکە زیادکرد و هەم نیشانە. وەهبی ئەو باسەی

لەپێشدا، لەساڵی ١٩٧٣دا بە نووسین گێڕابۆوە، بەڵام من نووسراوەکەم نەدیتبوو و خۆی کۆپییێکی دامێ.[109] ساطع الحصریش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو کێشەی کردبوو، بەڵام لە کاتی وتووێژەکەدا من هێشتا ئەو بیرەوەرییەم نەخوێندبۆوە،[110] و ئەگەر ئەو سەرچاوانەم خوێندبووباوە و بە ئامادەیی پرسیارم کردبا، لە وانە بوو وتووێژەکە زانیاری و تێبینی تازەی لێهەڵوەریبا.

لە مێتۆدۆلۆژی لێکۆڵینەوەدا، وتووێژکردن وەک شێوەیێکی گرینگی وەدەستهێنانی زانیاری باسی لێدەکرێ: بۆ وێنە، پێوەندی نێوان دوو لایەنی پرسیارکەر و وەڵامدەر لە روانگەی دەسەڵاتەوە، جێگە و برگەی وتووێژ، مەبەستی وتووێژ، چونێتی زانیاری وتووێژیی، شێوەی پرسیارکردن (وەکوو پرسیاری لە پێشدا ئامادەکراو، پرسیاری بەربڵاو، رێگەدان بەوەی کە وەڵامدەر ببێتە پرسیارکەر...)، پێوانەکانی هەڵبژاردنی وتووێژکراو (interviewee)، و زۆر باسی دی. بۆ وێنە، لە "لێکۆڵینەوەی بەشداریکەرانە" (participatory research)دا، دەبێ دەرفەت بدرێ کە وتووێژکراو خۆی پرسیاربکا و باسی وا بێنێتەگۆڕێ کە پرسیارکەر نەیویستووە خۆی لێبدا یان رەنگە بە خەیاڵیدا

---

[109] تۆفیق وەهبی، "حول مقال مسؤولية الاديب الكردی الكبری للاستاذ عبدالمجيد لطفی"، لە *التأخی* (العدد ١٢٧٨) دا بڵاوبۆتەوە و مطبعة التأخی لە ١٩٧٣دا وەک نامیلکە (مستلة) لە١٩ لاپەڕەدا بڵاوی کردبۆوە (هەروەها لە ***پەروەردە و زانست***، ژمارەی ٥، ساڵی ٣، بەغدا، ١٩٧٣، ل. ٨١–٩١).

[110] ابوخلدون ساطع الحصری، ***مذكراتي فی العراق ١٩٢١–١٩٤١. الجزء الاول ١٩٢١–١٩٢٧***، منشورات دار الطيعة، بيروت، ١٩٦٧. نووسەر فەسڵێک لەئەو کتێبەی تەرخانی ئەو باسەکردووە: "قضية كتابة اللغة الكردية"، صص٤٥٧–٥٥١. بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بەو کێشەیە بڕوانە: کەماڵ رەئووف محەممەد، "کێشەیێکی سیاسی بە نێوی نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە" لە ***دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو*** (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل ١٣٣–١٧٢.

نەهاتبێ؛ هەروەها، وەڵامدەر دەبێ بەشدار بێ لە دیاریکردنی کێشەکانی لێکۆڵینەوە: لێکۆڵەرەوە نابێ تەنیا کەسێک بێ کە بڕیاربدا چ کێشەیێک شایەنی لێکۆڵینەوەیە. کە وا بێ کێشەی مێتۆد، کێشەیێکی تیۆری و سیاسییە. بۆ وێنە، لە لێکۆڵینەوەی ستانداردکردنی زمانی کوردیدا، ئەگەر پێمان وابێ رۆشنبیران تەنیا هێزی ستانداردکردنن و ئاخێوەرانی دی دەورێک ناگێڕن، لە مێتۆدی کۆکردنەوەی زانیاریشدا هەر وەدوای رۆشنبیران دەکەوین. لێکۆڵینەوەییێکی پشت بە تیۆری و سیاسەتی دێمۆکراتی و رادیکال ببەستێ، دەبێ لەگەڵ ئەوانەی لە مەدرەسەکان دەرسیان دەخوێند و دەرسیان دەکوت، ئەوانەی نەخوێندەوار و گوێگری رادیۆ بەغدا بوون یان لە مەودای دیدا ئاخافتنی ستانداردیان دەبیست، ژن و پیاو، خەڵکی شار و دێ، و زۆر گرووپی دی وتووێژ بکا؛ چونکە ستانداردکردن هەر ئەوە نییە کە ستانداردکەرەکان دەیکەن. بەبێ رەدای جەماوەری ئاخێوەر و بە بێ پەسندیی ئەوان و دەکارهێنانی زمانە دەستتێوەردراوەکە، هەرچی بکرێ لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە. زمانی ستاندارد بەبێ بنکەیێکی کۆمەڵایەتی بەرین بەدی نایە. هەر بۆیە، کێشەکە، کێشەیێکی تەنیا زمانی نییە و زمانی–سیاسی و کۆمەڵی–زمانییە. ئەگەر کێشەکە تەنیا زمانی بایە، دەکرا بە دانانی رێزمان و وشەڕۆنان و فەرهەنگنووسین چارەسەربکرێ. لێرەدا پێویستە لە سەری بڕۆم و دیسان دەست راکێشم بۆ جیاوازی نێوان زمانە کلاسیکەکان و زمانی ستاندارد. زمانە کلاسیکەکان وەک لاتین، چینی، عەرەبی، یان فارسی تا رادەیێکی یەکجار زۆر بە قاعیدەبوون، واتە یەک رێزمان و ئەلفووبێ و رێنووس و شێوازی نووسین و وشەگەلیان هەبوو. بەڵام باشترە بە ئەو زمانانە نەڵێین ستاندارد، چونکە پێداویستیێکی ستانداردبوون ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک بە زمانەکە بدوێ و لە ژیانی رۆژانەدا لە نووسین و خوێندن دەکاریبێنێ. زمانە کلاسیکەکان زمانی کەمایەتییێکی خوێندەوار بوون کە زۆرتر لە مزگەوت و کەنیشتە و

دەربار و دیوەخانان دەکاریاندەهێنان. بەڵام زمانی ستاندارد لە گشت بوارێکی ژیانی ڕۆژانەدا دەکاردێ و ئاخێوەرەکانی زۆربەیان خوێندەوارن. ئەو زمانانە "زمانی ستانداردی نەتەوەیی" یان "زمانی [ئەدەبی] نەتەوەیین"، بەڵام زمانە کلاسیکەکان، لەبەر نەبوونی بنکەی کۆمەڵیی بەرین، "نەتەوەیی" نەبوون.

ئەو لێکۆڵینەوەی من تێکۆشانێک بوو بۆ ساغکردنەوەی گشت پرۆسەکانی ستانداردبوون لە روانگەی کۆمەڵناسی زمان، زمانناسی کۆمەڵی و سیاسەتی زمانییەوە.[١١١] ئەو کاتی من ئەو لێکۆڵینەوەم دەست پێکرد (١٩٧٦)، زۆر بابەتی وەک مێژووی رادیۆ، سینەما، قەوان، یان پەروەردەی کوردی لێکۆڵینەوەی لێنەکرابوو.

وتووێژەکە لە ماڵی وەهبی بەڕێوەچوو. مامۆستا ئێواران لە ماڵێ دادەنیشت و میوانان دەهاتن بۆ دیداری و بە قسە و باس رایاندەبوارد. لە وتووێژەکەدا، زۆر باس هاتەگۆڕێ و لێرەدا هەر ئەوەندەم پێدەکرێ لەباتی پێداچوونەوە بە تەواوی باسەکان، وتووێژەکە بخەمە ناو بارودۆخی گشتی لێکۆڵینەوەکە و دەست رابکێشم بۆ یەک دوو بابەت و چەند بۆچوون و تێبینیێکی خۆم سەبارەت بە رابردوو و ئێستە و داهاتووی زمانی کوردی. وەهبی قسەکانی بە خەباتی خۆی بۆ چاککردنی ئەلفووبێی کوردی دەست پێکرد و کوتی کە وەزارەتی مەعاریف داوای لێکردبوو کە رێزمانێکی کوردی بۆ مەدرەسەکان دابنێ:

---

[١١١] لە مانگی ئابی ١٩٨٠دا، جەماڵ جەلال عەبدوللا، تێزی دوکتورای سەبارەت بە "چەند لایەنێکی پەتیگەری زمانیی لە نێو ئاخێوەرانی کوردیدا" تەواوکرد (زانستگای یۆرک، بریتانیا). ئەوە لێکۆڵینەوەیێکی زۆر بەنرخە، بەڵام تەنیا باسی پرۆسەیێکی ستانداردکردن، واتە پەتیگەری لە سۆرانیدا دەکا:

Jamal Jalal Abdulla, *Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers*, unpublished doctoral dissertation submitted to the Department of Language, University of York, August ١٩٨٠.

> ... لەگەڵ نامە رەسمییەکەدا کە وەزارەتی مەعاریف ناردبووی، گرامێرێکی ئینگلیزیشیان ناردبوو بۆم کە پەیڕەویی بکەم لە نووسینی گرامێرەکەمدا، بەڵام من لە ئەندێشەی نووسینی دەنگەکاندا بووم، ئەو ئەندێشەیە بە راستی داگیری کردبووم. لەو وەختەدا خواوڕاستان نامیلکەیێکم دی لە نامەفرۆشی مەکەنزیدا، مەکەنزی نامەفرۆشی ئینگلیز بوو لە بەغدا؛ لەو نامیلکەیەدا گشت ئەو زمانانەی کە ئینجیلیان [پێ] تەرجومەکردووە، نموونەیان لێ نووسرابوو؛ ئەوانە کە بۆ نموونە ئایەتەکانی ئینجیلیان نووسیبوو، لە گشت ئەمانەدا نیشانەی پێویست دانرابوو... لە سەر دەنگە تایبەتییەکاندا، یەعنی ئایەتەکانی ئینجیل بۆ هەر زمانێک ئایەتێکیان نووسیبوو، لەو ئایەتانەدا بەپێی دەنگەکانی ئەو زمانەنیشانەیان دانابوو لەسەر حەرفەکان. ئەوەم دی. موهیم بوو ئەمە بۆ من، منیش کەوتمە بەستی ئەوەوە، بەندی ئەوەوە، بەسترام، دەربەست بووم نیشانە دابنێم لە سەر تیپە عەرەبییەکان بۆ نووسینی کوردی...

لە تەرجومە کوردییەکانی ئینجیلدا کە لە سەرەتای سەدەی یستەوە بە حەرفی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، نیشانەیێکی کە ئەورۆ لە نووسینی کوردیدا لە سەر<ل> و لە ژێر<ر> دادەندرێ و دەیانکاتە <ڵ> و <ڕ> بۆ هەوەڵ جار دەکارهاتووە. بەڵام ئەوە جێی سەرنجە کە وەهبی ئەو ئینجیلە کوردییانەی نەدیبوون و لە نامیلکەیێکدا کە بەهەڵکەوت وەدەستی کەوتبوو و نموونەی تەرجومەکانی تێدابوو، ئەو نیشانانە دەبینێ. هەوەڵ جار

نیشانەی سەر <ڵ> لە کتێبی **ئینجیلی مەرقوس** کە لە ساڵی ۱۹۰۹ دا بڵاوببۆوە، دەکارهات و دە ساڵ دوایەش لە ئەو چوار ئینجیلەی کە لە ساڵی ۱۹۱۹دا بڵاوبوونەوە (**انجیل متی، انجیل مرقوس، انجیل یوحنا، انجیل لوقا**، نیویۆرک، چاپی "بیبل سوسائیتی امریکا و بریتیش و فورن بیبل سوسائیتی")، رەچاوکرا (ئەو پێنج کتێبانە بە کوردیی موکری بوون و لە لاپەڕەی هەوەڵ نووسرابوو کە "لە زمانی اصلی یونانی ترجمە کراوە"). تەنانەت لە عێراقدا، کە کتێبی کوردی قەدەغە نەبوو، کەمبوونی سەرچاوە، نەبوونی کتێبخانەی گشتی و زانکۆیی و، بە کورتی، بەرتەنگبوونی ژیانی کولتووری، وەک کۆسپێک بوو بۆ گەشەپێدان بە زمانی کوردی. بە هەڵکەوت لە ئێران، کە لە ساڵانی ۱۹٦۰دا کتێبی کوردی قەدەغە بوو، لە کتێبفرۆشییێکی خەیابانی قوام السلطنەی تاران کە چاپەمەنیی مەسیحی دەفرۆشت، داوای ئینجیلی کوردیم کرد و هەر چوار ئینجیلەکانی چاپی ۱۹۱۹یان هەبوو و دایانمێ.

لە سەرەوە باسی نەبوونی ئاگایی تیۆریم کرد. لێرەدا بەکورتی باسی ئەوەی دەکەم کە نەبوونی ئەو ئاگاییە چ دەورێکی گێڕا لە پرۆژەی چاککردنی زمانی کوردیدا، کە هەرکام لە رۆشنبیران بەپێی تێگەیشتنی خۆیان و بەبێ بەرنامەیێکی گشتی و ناوەندی بەرێوەیان دەبرد. وەزارەتی مەعاریف گرامێرێکی ئینگلیسی بۆ وەهبی دەنێری کە بیکا بە بنەمای دانانی رێزمانی کوردی بۆ مەدرەسەکان. بەڵام وەهبی لە مەدرەسەی عەسکەری زمانی فەڕانسەیی خوێندبوو و دەیەویست رێزمانی کوردی بە پێوانەی گرامێری ئەو زمانە بنووسێ.[112] دوایە کە دەست بە

[112] وەهبی لە وتوویژەکەدا باسی گرامێری فەرانسەیی دانراوەی لاریڤ و فلوێری چاپی ۱۹۱۰ دەکا و دەڵێ دەیەویست گرامێری فەرانسەیی کە لە ئەو کتێبەدا گەڵاڵە کراوە، بکا بە مۆدێلی رێزمانی کوردی. بڕوانە:

نووسین دەکا و حەرفە تازەداندراوەکانی ئینجیلی کوردی دەبێنێ، زۆرتر هەڵوەدای چاککردنی ئەلفوبێ دەبێ. کە وەزارەتی مەعاریف وەهبی وەلادەنێ و کاری دانانی رێزمان بە سەعید صدقی دەسپێرێ، ئەو جار صرف و نحوی عەرەبی دەبێتە بنەمای دانانی رێزمانی کوردی. بەڵام لە ئەو ساڵانەدا (ساڵانی ١٩٢٠)، زمانناسی کە زانستێکی نوێ بوو، بەو بڕوایە گەیشتبوو کە رێزمانی هەر زمانێک دەبێ بەپێی قاعیدەکانی خودی زمانەکە دابندرێ، نەک بەپێوانەی زمانێکی دی، بەڵام ئەو بۆچوونە هێشتا باونەبوو، و تەنانەت گرینگی پێکهاتەی رستەش باش روون نەببۆوە.[١١٣] ئەو کەموکووڕییە دەوری گێڕا لە بەرتەنگکردنی پڕۆژەی ستانداردکردن. بۆ وێنە، لە وتووێژەکەدا دەردەکەوێ کە خەمی گەورەی وەهبی چاککردنی ئەلفووبێ و پەتیکردنی وشەی کوردی بوو؛ ئەوەش بۆچوونی زۆربەی رۆشنبیران بوو. "ماموستا حەقی شاویس" لە ١٩٢٥دا نووسیی: ((... بە دەستووری عەرەبی نووسین و خوێندن بۆ ئێمە موعەمایە: هەم موعەمایێکی زۆر گەورەیە... هەر شکڵێک هەر حەرفێک مەتەڵێکە ...)) (***دیاری کوردستان***، ١٩٢٥، ژمارەی ١٠، ل. ١٢). رەنگە کەس نەیپرسیبێ کە ئەدەبیاتی کوردی لە چوار سەدەی پێشتردا چۆن بە ئەلفووبێی عەرەبی دەنووسرا و کەس کەموکووڕییەکانی نەدەکرد بە موعەما یان خسڵەتێکی رەگەزی. ئێستە، نەوەد ساڵ دوای ئەوەی کە ئەلفووبێیەکە تا رادەیێکی زۆر چاککراوە، دەکرێ بپرسین

---

Larive et Fleury, *L' année préparatoire de grammaire*. Paris, Librairie Armand Colin, ١٩١٠.

http://ia٦٠٠٣٠٢.us.archive.org/١١/items/grammaire٠١lariuoft/grammaire٠١lariuoft.pdf

http://archive.org/stream/grammaire٠١lariuoft#page/n٩/mode/٢up

[١١٣] زمانناسی (linguistics) زانستێکی سەدەی بیستە و جیاوازە لە فقه اللغة (philology) کە زانستێکی کۆنە، بەڵام گشت بۆچوونەکانی لەگەڵ تیۆری زمانناسی یەک ناگرنەوە.

دەستکەوتەکەی چییە؟ فارسی کە وەدوای بەرنامەی وا نەکەوت، چ بەڵاییکی بەسەرهات، یان تورکی کە ئەلفووبێی عەرەبی وەلانا و ئەلفووبێی لاتینی وەخۆگرت، چ دەستکەوتێکی لە باراندا هەیە؟ پتر لە هەزار ساڵ لەوەی پێش، فارسی بە زیادکردنی نوختە لە سەر سێ حەرفی <ب، ج، ز> و دانانی نیشانەیێک لەسەر <ک>، چوار حەرفی تازەی دانا (<پ، چ، ژ،گ>) و ئەو ئەلفووبێیەی وەرگرت و ئەدەبیاتێکی مەزنی خوڵقاند و بوو بە هاوشانی عەرەبی و ئێستەش لە تورکی، بە خۆی و بە ئەلفووبێیە لاتینییە فۆنیمیکەکەی، دەوڵەمەندتر و بەتواناترە. لە ئاخری سەدەی نۆزدەدا، بە پەیدابوونی ناسیۆنالیسمی عەرەب و فارس، باسی گۆڕینی ئەلفووبێی عەرەبی-فارسی و تەنانەت لاتینیکردنیان هاتەگۆڕێ. لە زمانی ئینگلیسیشدا، پڕۆژەی چاککردنی رێنووس وەلانەندراوە، بەڵام هیچکام لە ئەو پڕۆژانە ئیمکانی سەرکەوتنیان نییە. کەلەپووری نووسین لە هەرکام لەئەو زمانانەدا، قەڵاییکی بەرزە کە پێویستی بەو رازاندنەوە نییە. ئینگلیسی کە زمانی هەرە گرینگی ئەوڕۆیە، رێنووسی لە رێنووسی کوردی پێش ساڵی ١٩١٨ ناتەواوترە. ئینگلیسی ستانداردی بریتانیا، کەReceived Pronunciation یشی پێدەڵێن، ٤٤ فۆنیم (دەنگی سەرەکی)[١١٤] هەیە، بەڵام ئەلفووبێیەکەی لە ٢٦ حەرف پێکهاتووە.[١١٥] ئەو ناتەباییەی

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[١١٤] بۆ باسی فۆنیم بڕوانە: د. کەماڵ فۆئاد، فۆنێمەکانی زمانی کوردی، سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ . هەرەها بڕوانە ئەمیری حەسەنپوور، "بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن!"، لە: عەلی کەریمی، ***ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)***، گۆتنبێرگ، سوێد، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، ل. ٤٤٦-٤٦٣.

[١١٥] دوو سەرچاوەکە لیستی ئەو فۆنیمانەی تێدایە و هاسان وەدەست دەکەون، ئەوانەن:

ژمارەی دەنگەکان و ژمارەی حەرفەکان، ویڕای چەند هۆی مێژوویی دیکە، ڕێنووسی ئینگلیسی تەواو ئاڵۆزکردووە. بۆ وێنە، حەرفی <x> لە سەرەتای وشەی xorex دا نوێنەری دەنگی /z/ یە، بەڵام هەر ئەو حەرفە لە ئاخری وشەکەدا نوێنەری دوو دەنگی/ks/ دەکا (زیراکس). حەرفی وا هەیە دەنووسرێ، بەڵام نوێنەری هیچ دەنگێک نییە وەک لە through دا کە لە سێ فۆنیم پێکهاتووە /θru/، بەڵام بە حەوت حەرف دەنووسرێ.

دیارە لە ساڵانی چاککردندا، تیۆری خوێندنەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو و لە وڵاتیش کەس ئاگای لەئەو باسانە نەبوو، بەڵام ڕۆشنبیران دەکرا بە وردبوونەوە لە ڕێنووسی فارسی و عەرەبی کە مۆدێلی ڕێنووسی کوردی بوون، ئەوە بزانن کە چاککردنی ئەلفووبێ بە شێوەیێکی سەرەڕۆیانە پێویستیێکی مێژوویی نییە. ئەوەی پێویست بوو بکرێ، ئەوەبوو کە کوردی لە مەیدانی نووسینی هەمەچەشنەدا، شێوازی نووسین، وشەڕۆنان، دانان و وەرگێڕانی سەرچاوەی زانستی، قامووس دانان، کۆکردنەوەی زمان و ئەدەبی زارەکی، و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری دەستنووس هەنگاو هەڵبگرێ. لە باری تیۆرییەوە، ئێستە روون بۆتەوە کە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، خوێنەرەوە وشەکان حەرف-بە-حەرف ناخوێنێتەوە و هەر وشەیێک وەک یەک شکڵ یان وێنە دەبینێ و دەیخوێنێتەوە. جا بۆیە لە زمانی فارسی و ئینگلیسی و زۆر زمانی دیدا، سەخڵەتی ڕێنووس وەکوو کۆسپێک چاوی لێناکرێ و منداڵیش دەتوانێ، بە مێتۆدی باش، هەر ڕێنووسێک لە ماوەیێکی کەمدا فێرببێ. زمانی چینی ئەلفووبێی نییە و بە چەند هەزار نیشانە دەنووسرێ، بەڵام

---

S. Hornby, *Oxford Advanced Dictionary of Current English*, Oxford, Oxford University Press, ١٩٧٧ .

http://en.wikipedia.org/wiki/Received_Pronunciation

هەم منداڵان باش فێریدەبن و هەم زمانەکە لە کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی دەوڵەمەندترە و تەنیا زمانی ئەدەبییە کە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ مێژووی نەپساوەی هەیە. بە کورتی، بە لێکدانەوەی من، رۆشنبیری کورد لە سەرەتاوە تا ئەورۆ ((وەدوای کڵاوی لار کەوتووە)).

با وای دابنێین ئەو دوو پرۆژەیە پێویست و بەجێ بووبن. دیسان لێنەزانینی تیۆری دەوری گێراوە لە سەرەڕۆییێکی سیاسی-زمانی کە تا ئێستە بەردەوامە. زۆر جار وابوو کە چاککەرانی ئەلفووبێ لە پێوەندی نێوان حەرف و دەنگ تێنەدەگەیشتن و نەیاندەزانی کە ئەو پێوەندییە زاتی و فیتری نییە و بە قەرارومەدار دامەزراوە: هیچ دەنگێک ماڵی خۆی لە قاڵبی هیچ حەرفێکدا نەکردووە و هەر حەرفێک بە قەراردانان نوێنەریی دەنگ دەکا. هەر زمانێک دەکرێ بە هەر ئەلفوبێیێک بنووسرێ. کوردی تا ئێستە بە ئەلفووبێی هەرمەنی، سوریانی، عەرەبی، سیریلی، و لاتینی نووسراوە.

هەروەها، چاککەرانی ئەلفووبێ لە باری تیۆرییەوە نەیاندەزانی کە فۆنیمی کوردی چۆنن و چەندن، و زۆر جار فۆنیم و ئەلۆفۆنیان تێکەڵدەکرد. بۆ وێنە، دەنگی /ڵ/ لە کوردی سۆرانیدا فۆنیمە، چونکە جیاوازی مەعنایی لە نێوان **/کەل/** و **/کەڵ/** و زۆر جووتۆکەیان کەمینە-جووتەی (minimum pair) وا پێکدێنی، بەڵام دەنگێکی وا لە ئینگلیسیدا هەیە کە بە فۆنیم داناندرێ و ئەلۆفۆنە (شێوە-فۆنیم)، چونکە جووتە وشەیێکی وا لە ئەو زمانەدا ناتوانین ببینینەوە کە دوو /ل ڵ/ یێیەکە بتوانێ جیاوازی مەعنایی لە نێوانیاندا پێکبێنێ.[١١٦] گیوی موکریانی

---

[١١٦] فۆنیم واحیدی سەرەکی سیستێمی دەنگی زمانە کە لە جووتەکەمینەی وەک /پار/ و /بار/ دا جیاوازیی مەعنایی پێکدێنێ. لێرەدا ئەو دوو وشە

بنکەی ژین www.zheen.org

دەیەویست بۆ چەند ئەلۆفۆن حەرفی تایبەتی دابنێ، بۆ ئەوەی لە یەکتریان جیاواز بکا، وەکوو [گ] لە /گێزەر/ و [گ] لە /گورگ/دا.[117] بەڵام ئەلفووبێیێکی ئەلۆفۆنەکانیش بە حەرف نیشان بدا بەکاری نووسین وخوێندنەوە نایە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی رۆشنبیران پرۆژەی چاککردنی ئەلفووبێیان وەک چارەسەرکردنی "کەموکووڕی" یان "سەخڵەتی" ئەلفووبێی عەربی دەنواند، واهەبوو لە روانگەیێکی رەگەزخوازییەوە دژایەتی ئەو ئەلفووبێیەیان دەکرد. بۆ وێنە، هەر زۆر زوو نووسەرێک لە ***دیاری کوردستان*** دا ("کوردی بە چە حەرفی بنوسری،" ژمارە ١١–١٢، کانوونی هەوەڵی ١٩٢٥، لاپەڕەی ٩) نووسی: ((ئەساسەن میللەتی کورد ئارییە و لیسانیشی شوعبەیێکی ئارییە. لەبەر ئەمە باوەڕ ناکەم حرووفی لیسانێکی سامی کە زادەی رووح و عیرقی سامییە بە عەمەلی ئێمە بێت.)) بۆچوونی وا لە زمانناسی ئەوروودا جێگەیێکی نییە و وەکوو خەیاڵاتی رەگەزپەرستانە دادەندرێ، بەڵام خەیاڵاتی وا هێشتا لە کوردایەتیدا باون. بەڵام تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٥یشدا، لە دنیای سیاسەت و زانستدا بەربەرەکانی ئەو رەگەزپەرستییە دەکرا. ئێستە ئاشکرایە کە نە کورد میللەتێکی "ئارییە" نە لیسانەکەی؛ هەروەها زمانی

---

"جووتەکەمینەن" لەبەر ئەوەی ئەو دەنگانەی کە پێکیان دێنن وەک یەکن و تەنیا لەدەنگی هەوەڵ دا جیاوازییان هەیە و ئەو جیاوازیی دەنگییە جیاوازیی مەعنایی پێکدێنی. بەڵام زۆربەی فۆنیمەکان بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕدرێن، ئەوەش هۆی جۆراوجۆری هەیە. یەکیان ئەوەیە کە فۆنیمێکی لەپاش و پێشی دێ دەتوانێ کوتنەکەی بگۆڕێ، بۆ وێنەلە کوردی موکریدا ئەگە /گ/ لەپێش بزوێنی /ی، وێ، ێ/ دا بێ کوتنەکەی جیاوازیی دەبێ لەگەڵ ئەوەی لەپێش بزوێنی /و، وو، ە، ا/ بێ. ئەو دوو جۆرە[ک] یە پێی دەڵین ئەلۆفۆن (allophone شێوە–فۆنیم).

[117] گیوی مۆکریانی، ***ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی***، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٧٢، ل. ١٢–١٣.

عەرەبی و ئەلفووبێیەکەشی هیچ پێوەندییێکیان بە رەگەز و "سامی"بوونەوە نییە و "رووح و عیرق"یش پێوەندییێکی بە ئەلفووبێوە نییە. دابەشکردنی خەڵکی دنیا بە سەر "رەگەز"ی وەک "سامی" و "ئاریایی"ش خۆی پرۆژەیێکی رەگەزخوازانەیە.

ئێستە، نزیکەی سەدەیێک دوای دەستپێکردنی پڕۆسەی ستانداردکردن لە کوردستانی عێراق و نزیکەی چوار دەیە دوای وتووێژەکە لەگەڵ وەهبی، کارنامەی ئەو خەباتە هەڵدەسەنگێنم:

**١- چاککردنی ئەلفووبێ و پەتیکردنی:** ئەلفووبێیەکە تا رادەیێکی زۆر چاککراوە و زۆربەی بزوێنەکان حەرفی جیاوازیان بۆ دانراوە، بەڵام لە چەند جێدا ئەسڵی "یەک حەرف بۆ یەک فۆنیم" رەچاو نەکراوە (بۆ وێنە دەنگێک کە لە کوردیدا زۆرە و لە ئەلفووبێی لاتینیدا بە /ö/ نوێنەری دەکرێ، ئێستە بە دوو حەرفی <وێ> دەنووسرێ).[١١٨] هەروەها فۆنیمێک کە لە ئەلفووبێی لاتینیدا بە /ü/ دەنووسرێ و زۆر کەمە، بە دوو حەرفی <وی> دەنووسرێ وەک لە هەنگوێندا). حەرفی <و> و <ی> ش هەر یەکەی نوێنەری دوو فۆنیمن (بۆ وێنە /u/ بزوێن لە /کورد/ دا و /w/ ی نەبزوێن لە /وەستان/ دا). لە کەلەپووری دەستنووسیشدا حەولێک دراوە بۆ کردنی ((ئیعراب بە حەرف))، بەڵام لە ١٩٢٠ەکانەوە بەولاوە ئەو ئەسڵە وەک دانانی یەک نیشانە یان حەرفی جیاواز بۆ هەر کام لە فۆنیمە بزوێنەکان رەچاوکرا. هەروەها ئەو حەرفە عەرەبییانەی کە لە عەرەبیدا

---

١١٨ لە لێکدانەوەی ئەو فۆنیمەدا، بۆچوونی جیاواز هەیە. مەککێنزی (*Kurdish Dialect Studies*, Vol. ١, ١٩٦١, pp. ١٠-١١) پێی وایە ئەو فۆنیمە هەم تاقە بزوێنە وەک لە /گوێز/ دا و هەم جووت بزوێنە وەک لە /بلوێر/دا. کەماڵ فوئاد پێی وایەکە ئەو دەنگە ((لە زمانی ئەدەبیی ئێستاماندا نەماوە... باشترە بە [دوو] تیپی عەرەبی بنووسین... خوێن، سوێر، توێژ...)) (ل. ١٠، ***فۆنیمەکانی زمانی کوردی***).

نوێنەری فۆنیمی نەبزوێنی عەرەبین، فرێدراون وەکوو <ص>، <ض>، <ط>، <ظ>، <ذ> و <ث> لەبەر ئەوەی ئەو فۆنیمانە، بێجگە لە ئەوەی کە بە <ص> دەنووسرێ، لە کوردیدا نین (فارسی و تورکی عوسمانی و زمانەکانی دی ئەو کارەیان نەکرد).

دەستتێوەردان لە نووسینی فۆنیمە بزوێنەکان چاککردنێکی بەجێ بووە، بەڵام فرێدانی <ص>، <ض>، <ط>، <ظ>، <ذ> و <ث> هیچ دەردێکی زمانی کوردی دەرمان نەکردووە. نووسینی کوردی ئەوەندە تێکەڵاوی عەرەبی و فارسییە کە زۆر جار پێویستی بە دەکارهێنانی ئەو حەرفانەیە.

دەکرا بە ئەو چاککردنەی کە بە کورتی باسم کرد کێشەی ئەلفووبێ تەواو بووبا، بەڵام جیهانبینی ناسیۆنالیستی رێگەنادا زمانەکە لە ئەو کۆسپە تێپەڕێ و وەدوای چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی بکەوێ. با بەکورتی ئەو کێشەیە شیبکەمەوە.

ئەگەر ڕیژیمی کەمالیستی حەرفی کوردی وەکوو <w> و <q> و <x> قەدەغەدەکا، زۆربەی رۆشنبیری کورد ئەوەندەی کە بۆیان بکرێ حەرفی وەکوو <ح>، <ع>، <ق> و <غ> رەجم دەکەن. کەماڵیستەکان <q> (بۆ نووسینی <ق>) فڕێدەدەن لەبەر ئەوەی لە تورکیدا نییە، و ناسیۆنالیستی کورد بەو بەهانەی کە <ق> لە عەرەبی وەرگیراوە. جا بە ئەو بۆچوونە **عێراق** دەکەنە **ئێراک** یان **قەفقاز** دەکەنە **کاوکاس**. تەنانەت کاتێکی ئەدەبیاتی کلاسیک بڵاودەکەنەوە، دەست لە نووسینەکە وەردەدەن و ئەلفووبێیەکە پەتی دەکەن. ئێستە کە دەبوو چاککردنی ئەلفووبێیەکە تەواو بووبا، هەر جار کۆسپێکی دی دادەتاشن و سەرێکی کە نایێشێ پرێسکەی لێ دەبەستن. ماوەیێکە دەست لە ریزی ئەلفووبێیەکە وەردەدەن. بۆ وێنە، ***فەرهەنگی هەرمان***، کە بەرهەمێکی هەرە باشی فەرهەنگنووسیی یەکزمانییە دەنووسێ:

بنکەی ژین www.zheen.org

> به داخەوە زمانی کوردی هەتا ئێستا خاوەن ئەلفووبێیەکی رێک و پێک و تایبەتی و ستاندارد نیە. هەر چەند زمانەوانان بۆ دانانی ئەلفووبێ بۆ نووسینی زمانی کوردی زۆر شارەزایانە و بە جوانی ئەم ئەرکەیان بەڕێوە بردووە، بەڵام کاری هەرە سەرەکیان وەپشت گوێ داوە و ریزی پیتەکانی کوردیان [پیتە کوردییەکانیان] نەنووسیوە، ئەوەیە کە نووکە تووشی ئەم گرفتە هەین.[119]

بەڵام ریزی ئەلفووبێی کوردی نە ((گرفتە)) و نە ((کاری هەرەسەرەکییە)). ئەلفووبێی کوردی – عەرەبی – فارسی ریزی خۆی هەیە کە لە فەرهەنگی فارسی و کوردی (وەک فەرهەنگە کۆنەکان و فەرهەنگی تازەتری وەک خاڵ و زەبیحی و هەژار)دا رەچاوکراوە و ئێستە دامەزراوە و هیچ کۆسپێکی بۆ زمانی کوردی پێک نەهێناوە. ***فەرهەنگی هەرمان*** دەیەوێ هەرچۆنێکی بێ ریزی ئەلفووبێی کوردی لە ریزی ئەلفووبێی فارسی–عەڕەبی جیاواز بکا: <ئا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش،ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ئو، ئۆ، ئوو، ە، ئە، ی، ئی، ئێ، ئیی، ء> (بەرگی یەک، ل. ٢٣). ئامانجی ئەو جیاوازیخوازییە چییە؟ دانەری ئەو فەرهەنگە دەڵێ لە ئەو زمانانەی کە ئەلفووبێی عەڕەبی دەکاردێنن، "پیتە بزوێنەکان" بە حەرف نانووسرێن و ئەگەر بیانەوێ بیاننووسن بە "سەر و ژێر و بۆر" دەیاننوێنن. زمانی کوردی "رچەشکێنی" کرد و ئەو کێشەی چارەسەر کرد و دەنگە بزوێنەکانی بە حەرف نووسی (ل. ٢١):

---

[119] ***فەرهەنگی کوردی هەرمان***، بەرگی یەکەم، (ئا–ب)، عەلی نانەوازادە، تاران، تەوەکولی، ١٣٨٠.

بنکەی ژین www.zheen.org

بەختەوەرانە کورد ئەم گرفتەی چارەسەر کرد و پیتەکانی بزوێنی [پیتە بزوێنەکانی] هێنا نێو ئەلفوبێ و نووسینەوە و هەنگاوێکی زۆر شارەزایانەی لەم بابەتەوە هەڵگرت. بەڵام هەر وەکی گوترا ریزی ئەلفووبێیەکەی دیاری نەکرد و هەر کەس بەپێی لاسایی کردنەوە لە عەرەبی یا فارسی کە پیتی بزوێنیان دە ریزی ئەلفوبێیەکەیان دا نیە، ریزێک دیاری دەکەن. من پێموایە کە بۆ ئەلفوبێی کوردی پێویستە کە هەتا رادەیەک ئەم شێوازە بشکێنین. ئێمە کە بۆ سازکردنی نووسین بە زمانی کوردی ئەم رچەمان شکاند، بۆ دەبێ ستانداردی ئەلفوبێیەکەش نەشکێنین؟ (ل. ٢٢)

لێرەدا، بورهانی سیاسی و زمانی (زمانناسی) تێکەڵاون و جوێکردنەوەیان هاسان نییە. ئەوەی کە بورهانی زمانی بێ (پێویستیی نووسینی دەنگی بزوێن بە حەرف)، لە باری زانستی زمانناسییەوە جێی بڕوا نییە. ئەگەر ئەوە راست با، دەبوو زۆربەی ئەلفووبێیەکانی دنیا بگۆڕدرێن. ئەو ئەلفووبێیانەی کە بە "ئەبجەد" ناسراون (عەرەبی، سوریانی و عیبری)، حەرفیان تەنیا بۆ دەنگە نەبزوێنەکان داناوە و بەپێویستییان نەزانیوە کە بۆ بزوێنەکان یان بۆ گشتیان حەرف تەرخان بکەن.[١٢٠] ئینگلیسی، زمانی هەرە پێشکەوتووی دنیا، بیست دەنگی بزوێن و جووت بزوێنی هەیە، بەڵام ئەلفووبێیەکەی تەنیا پێنج "حەرفی بزوێن"ی تێدایە. کە وابێ ئەو ئەلفووبێیە زۆر لە ئەلفووبێی عەرەبی-فارسی ناتەواوترە، چونکە فارسی شەش دەنگی بزوێن و دوو دەنگی جووت بزوێنی هەیە، بەڵام نیوەی ئەو دەنگانە، بەپێچەوانەی بۆچوونی ***فەرهەنگی هەرمان***، بە حەرف

---

[١٢٠] http://www.omniglot.com/writing/alphabetic.htm (٦.٧.٢٠١٣)

دەنووسرێن، وەکوو <آ–ا> "آهن، دارا"، <و> "دور"، و <ی> "دیر". عەرەبیش لە ژمارەی دەنگ و حەرفی بزوێن و نووسینیان زۆر وەکوو فارسی دەچێ و نووسینی ئەو بزوێنانە لە فارسی و عەرەبی‌دا زۆر لە نووسینی بزوێنان لە ئەلفووبێی زمانی ئینگلیسی کارامەترە. بەڵام با وای دابنێین پرۆژەی "ئیعراب–بە–حەرف"کردنی نەوەد ساڵی رابردوو ((هەنگاوێکی زۆر شارەزایانە)) بووبێ و زمانی کوردی هەزار هەنگاو وەپێش خستبێ. دیسان پرسیار ئەوەیە کە تێکدانی ریزی ئەلفووبێیەکە چ سوودێکی بۆ ئەو زمانە کۆڵەوارە سەرکوتکراوە هەیە؟ ***فەرهەنگی هەرمان*** هیچ وەڵامێکی زمانی یان زمانناسییانەی نییە و تەنیا ئامانجێکی سیاسی هەیە: ئەوەندەی دەکرێ رچەشکێنی درێژەی پێبدرێ و هەر چۆنێکی بێ "ستانداردی ئەلفووبێی" عەرەبی–فارسی تێکبدرێ بۆ ئەوەی کوردی و عەرەبی ئەوەندەی دەکرێ وەک یەک نەچن.

رەنگە خوێنەرەوەیێکی وەدوای ئەو باسانە کەوتبێ بڵێ کە کێشەکە سیاسی نییە و دەگەڕێتەوە سەر جێگە و پایەی حەرفی هەمزە لە نووسینی کوردیدا و ***فەرهەنگی هەرمان*** جێگەی هەمزەی لە ریزی وشەکاندا گۆڕیوە. دیارە باسی حەرفی هەمزە لە سی چل ساڵی رابردوودا زۆرکراوە و بۆچوونێکی ناسیۆنالیستی هەیە کە ئەو حەرفە و تەنانەت ئەو دەنگەی کە بەو حەرفە دەنووسرێ بە بێگانە (عەرەبی) دادەنێ و دەیەوێ پاکتاوی بکا. بەڵام ئەو باسانە لە سەر بنچینەی تیۆری زمانناسی دانەڕژاون: لەئەو باسانەدا، جیاوازی نێوان حەرف و دەنگ دانادرێ و بگرە تێکەڵ دەکرێن. ***فەرهەنگی هەرمان*** یان ئەو فەرهەنگانەی کە بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراون، ناتوانن حەرفی هەمزە فڕێ بدەن، بەڵام ئەوەندەی بتوانن لە عەرەبی- بوونی دوور دەخەنەوە؛ پرۆژەکە لە دووبەرێتی (dualism) (کورد و ناکورد) و (خۆ و بێگانە)دا دەخولێتەوە. عەرەب (و

زمان و ئەلفووبێیەکەی) خراپن، چونکە کورد نین، کورد باشن، چونکە عەرەب نین.

زمانی کوردی بەو ((ڕچەشکاندنانە)) هەناسەبڕکراوە.[١٢١] ئەگەر بێتوو لە زمانی وەک سوێدی و فەڕانسەیی و ئینگلیسیدا ریزی ئەلفووبێ تێکبدەن، تەنانەت ئەوەندەی ***فەرهەنگی هەرمان*** و ***فەرهەنگی کوردستان*** (گیوی موکریانی) و چەند فەرهەنگێکی دی کردوویانە، ژیانی ئابووری و سیاسی و تەنانەت پێوەندی نێونەتەوایەتیشیان دەشێوێ. لە ئەو وڵاتانەدا، ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵی، ئابووری، و حکوومەتییەکان (لە کتێبی تەلەفونڕا بگرە هەتا سیستیمی کتێبخانە، بانک، کارخانە، نەخۆشخانە، مەدرەسە، ئیدارەی دەوڵەتی و زۆر شتی دی) بە ریزی ئەلفووبێ گرێدراوە. ڕەنگە لە بەر نەگەشاوەیی ئابووری و کۆمەڵی کوردستان، ژیانی خەڵک بە تێکدانی ریزی ئەلفووبێی کوردی لە بەر یەک نەترازێ، و ئەو ((ڕچەشکاندنە)) تەنیا خوێنەرەوەی ***فەرهەنگی هەرمان*** ئازاربدا و ڕچەشکێنان دڵخۆش بن، بەوەی کە زمانەکە سەد هەنگاو لە عەرەبی دوور بۆتەوە، بەڵام ئەو ڕێبازە درێژەی مەنتیقی ئەو سیاسەتەیە کە تۆفیق وەهبی و هاوفکرەکانیان لە ٢٠ەکاندا گەڵاڵەیان کرد: **کێشەی زمانی کوردی کێشەی ڕەچەڵەکە، کێشەی ڕەگەزە، و کێشەی "عیرقە"، نەک کێشەی نەگەشاوەیی یان دواکەوتوویی لە دنیای نوێباو و ژیانی کولتووری و سیاسی و ئابووریی ئەو دنیایە.**

٢- ڕێبازی پەتیکردنی وشەی کوردی. تۆفیق وەهبی و هاوبیرانی لە هەمان کاتدا کە ئەلفووبێیەکەیان چاکدەکرد،

---

[١٢١] تێکدانی ریزی ئەلفووبێ بەو شێوەیەی کە لە ***فەرهەنگی هەرمان***دا کراوە، لە پێشدا لە فەرهەنگێکی کوردی-ڕووسیدا دەستی پێکرد، بەڵام بە مەبەستێکی دی: ق. کوردو ، ز. یوسف، ***فەرهەنگی کوردی-ڕووسی (سۆرانی)،*** مۆسکۆ، دەزگای چاپەمەنی "زمانی ڕووسی"، ١٩٨٣.

خەریکی پەتیکردنی وشەکان بوون. هەرچی وشەی بە ڕەچەڵەک عەرەبی و تورکی و فارسی با، فڕێیاندەدا، بەڵام لێرەشدا بۆچوونی ڕەگەزی و ناسیۆنالیستی جیاوازی دادەنا لە نێوان ئەو سێ زمانانەدا. ئامانجی سەرەکیی پەتیکردن، واتە ((بژارکردن))ی وشەی عەرەبی بوو، چونکە کوردی باشوور کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی عەرەبی کە سیاسەت و پراتیکەکەی تەعریب بوو. ڕۆشنبیرەکان کە زۆربەیان لە ڕیژیمی عوسمانیدا دەرسیان خوێندبوو، تازە کەوتبوونە ژێر پەنجەی ڕێژیمێکی عەرەبی، تورکییان دەزانی و وشەی تورکیشیان وەلادەنا. بەڵام ئەوەندە دژایەتی وشەی فارسییان نەدەکرد و، لە ڕوانگەیێکی ڕەگەزییەوە، پێیان وابوو فارسان و زمانەکەیان "ئاریایی"ن و "هاوڕەگەزی" کوردن.

لێکۆڵینەوەی د. جەماڵ جەلال عەبدوڵڵا سەبارەت بە پڕۆژەی پەتیکردن لە ١٩٢٤ەوە هەتا ١٩٧٣، دەریدەخا کە ئەو پڕۆژەیە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە ئامانجی خۆی گەیشت و سەرکەوت. لە ١٩٢٤ەوە هەتا ١٩٣٩، ٤٦.٤% ی وشەی کوردی خوازراو بوو. لە بیست ساڵی دوایەدا، واتە لە ١٩٣٩ هەتا ١٩٥٨، وشەی خوازراو زۆر کەم بۆوە و گەیشتە ٩.٥٨%. لە بڕگەی سێهەمدا، واتە لە ١٩٥٨ هەتا ١٩٧٣، تەنیا ٤.٤٦% وشەی کوردی خوازراو بوو.[١٢٢]

لێرەدا، سەرکەوتنی پڕۆژەی پەتیکردن بەدیدەکەم، سەرکەوتنێکی کە دواکەوتوویی تێدا نەخشاوە. چۆن بوو ئەو پڕۆژەیە سەرکەوت؟ زمانی نووسینی کوردی لە سای دوو زمانی بە دەسەڵاتی عەرەبی و فارسیدا هاتە دنیا، ئەویش لە حوجرە

---

[١٢٢] Jamal Jalal Abdulla, *Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers*, Ph.D. dissertation, Unviersity of York, ١٩٨٠.

و خانەقا و تەکیەکان و دیوەخانی خان و ئاغا و پاشایاندا. رۆشنبیرانی ئەو سەروبەندی (مەلا و فەقێ و شێخ و دەربەگ و میرزاکانیان) عەرەبی و فارسی و (لەئەو ئاخریانەدا لە عوسمانی) تورکییان دەخوێند و عەرەبیشان بە زمانی خودای دادەنا و دژایەتی هیچ زمانێکیان نەدەکرد. ئەگەر فارسی پڕبوو لە وشەی عەرەبی و بەو پێوەندییە نزیکەوە ببوو بە هاوشانی عەرەبی، بۆ کوردی دەبێ ڕێبازیکی دی رەچاوبکا؟ بە پەیدابوونی ناسیۆنالیسم لە ئاخری سەدەی نۆزدەدا، دوژمنایەتیی زمانی دەستی پێکرد. نەتەوە-دەوڵەتەکان زمانی رەسمی خۆیان کردە ئامرازێکی تواندنەوەی زمانی کوردی و گەلی کورد. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیش بە پەتیکردن بەرەنگاری سیاسەتی زمانکوژی بوو.

پرۆژەی پەتیکردن ئەوەندەی کە وشەی کوردیی لە زمانی زارەکی وەردەگرت، سەرکەوتوو بوو. بەشێک لە وشەی خوازراوی زمانی نووسراو لە زمانی زارەکیدا بەرابەری (معادل) هەبوو (وەک "حتی: تەنانەت"؛ "بالاخص: بەتایبەت"؛ "مشرق: رۆژهەڵات"؛ "مغرب: رۆژئاوا"). ئەو وشانە خوێندەوار و نەخوێندەوار دەیانزانی و هەر ئەوەندە دەدۆزرانەوە و دیاریدەکران و دەکاردەهاتن، جێ‌ی لێژکردن بە وشەی خوازراو دەستی پێدەکرد. یەکێک لەئەو ئاغایانەی کە، ئێدمۆندز گوتەنی، ((خوێندەواری بە فارسی و بە شێوەی مەلایانە بوو)) کوتبووی:

> چاوم تەواو پێڕانەهاتووە بە بوولتەنە خەبەرییەکان؛ بەڵام کاتێکی بە دەنگی بەرز دەیان خوێننەوە زۆر لە گوێیان خۆش دێن و مەعناکەی بۆ هەموومان تەواو روونە؛ راستی کاتێکی وشەی بەکارهاتوو لە رۆژنامە

> عەرەبییەکان لە ناو کەوانە دادەندریٚ بۆ ئەوەی وشەیێکی تازەی کوردی شیبکاتەوە، ئەنجامەکەی بەپێچەوانەیە، و لە ڕۆشنایی وشە کوردییەکەدایە کە بۆ هەوەڵ جار مەعنای دەقیقی وشەی عەرەبیم بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە پێشدا بە لێڵی وەبەرچاوم دەکەوت ...[١٢٣]

تا ئێرە باش بوو، بەڵام کاتێکی وشەی پێویست لە زمانی زارەکیدا وەدەست نەدەکەوت، پەتیکردن بە داتاشینی وشە بەڕێوە دەچوو. گشت زمانێک دەزگای وشەڕۆنانی هەیە و وشەی نویٚ دادەتاشیٚ و لە هەمان کاتدا وشە دەخوازیٚ. ئەو دوو پڕۆسانە دژی یەکتر نین و پێکەوە پێکدین. بەڵام لە کوردستانی عێراق، ڕێبازی پەتیکردن هێز و توانای وشەخواستنی لە زمانی کوردیدا کوشت. ڕێبازێکی هەرە وێرانکەر و بێهێزکەر پاکتاویکردنی ئەو وشانەیە کە لە رابردوویێکی دووردا خوازراون و بوون بە کوردی وەک "قەڵەم"، "کاغەز"، "کتێب"، "دەفتەر"، "مەنتیق"، و"عیرفان" کە دەیانکەنە "پێنووس"، "تێنووس"، "پەڕتووک"، "پەڕاو"، "ژیربێژیٚ"، و"زانایی".

ئەو پەتیکردنە سەرەڕۆیانە زمانی کوردی لە کۆمەڵە وشەیێک کە لە باری کولتووری و زانستییەوە زۆر گرینگن، بێبەشکردووە. لەباتی ئەوەی زمانەکە بە دانان و وەرگرتنی وشەی نویٚ بەهێزتر بیٚ، بە ئەو پاکتاوییە هەژاردەکریٚ. بۆ وێنە، با باسێکی فەرهەنگە کوردییەکان بکەم.

فەرهەنگ دەورێکی گرینگ دەگێڕیٚ لە ستانداردکردنی زماندا، بەڵام فەرهەنگە کوردییەکان، بێجگە لە بەرهەمی

---

[١٢٣] C. J. Edmonds, "A bibliography of Southern Kurdish, ١٩٣٧–٤٤," *Journal of the Royal Central Asian Society*, Vol. ٣٢, No. ٢, p. ١٨٧.

زەبیحی، هەر کامەی بە زۆرەملی زمانەکە پەتیدەکەن و زمانە پەتیکراوەکەش، بە نۆرەی خۆی، فەرهەنگەکە دەشێوێنێ. وای لێهاتووە فەرهەنگنووسی کورد لە ترسی وشەی خوازراوی عەرەبی، حەجمینی نییە و هەتا بەرهەمەکەی تەواو پەتی نەکا، سەری نانێتە سەر سەرین.[١٢٤] وشەیێکی زۆر لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا لە عەرەبی و فارسی خوازراون، بەڵام هیچ فەرهەنگێکی کوردی (بێجگە لە قامووسی زەبیحی یان ئەوانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت بڵاوبوونەوە، یان ئەوانەی دانەرەکەیان کورد نین)، ئەو وشانە وەخۆناگرن. با چەند نموونە لە فەرهەنگە تازەکان بێنمەوە.

لە کوردیدا وشەی بە رەچەڵەک کوردی (ئەگەر شتی وا هەبێ) بۆ **"قانوون"** نییە و ئەو وشە لە عەرەبی وەرگیراوە و عەرەبیش خۆی "قانوون"ی لە یوونانی وەرگرتووە. جا پەتیگەران دێن "قانوون"، کە زۆر لە مێژە لە کوردیدا دەکارهاتووە و بووەتە وشەیێکی خۆماڵی، فڕێدەدەن و وشەی "یاسا"ی لە باتی دادەنێن و ئاگایان لێ نییە کە "یاسا" لە زمانی مەغوولییەوە وەرگیراوە. بۆ وێنە **جاف: فەرهەنگی گیرفانیی ئینگلیزی-کوردی"** (چاپی سێهەم ٢٠٠٣) بۆ ئەوەی وشە لە عەرەبی وەرنەگرێ، وشەی "یاسا"ی بۆ سێ وشەی جیاوازی ئینگلیسی (rule, regulation, law) دەکارهێناوە. زمانی فارسیش وەک کوردی وشەی بە رەچەڵەک فارسی بۆ ئەو زاراوانە نییە، بەڵام بە خواستنەوەی وشە لە زمانی عەرەبی سێ وشەی جیاوازی بۆ داناون: **قاعدە**، **مقررات**، **قانون**. با نموونەیێکی دی بێنمەوە: پەتیگەرەکان لە چاپەمەنیی کوردیدا، وشەی **تاوان** لە باتی **جرم**، **جنایت**، **جریمە**

---

[١٢٤] ئەگەرخوێنەرەوەی ئەو باسە ئەو قسەی پێ سەیر بێ با چاوێک لە قامووسەکان بکا بزانێ وشەی "حەجمین"یان تۆمارکردوە یان "بژارکردووە".

و **اتهام** دەکاردێنن بەڵام ئەو وشانە یەک نین و مەعنای جیاوازیان هەیە. ئەوانە تەنیا دوو نموونەن، بەڵام ئەوە بەسەرهاتی تەواوی وشە و زاراوەکانە. دەمەوێ بڵێم زمانێکی کە ڕێگەی پێ نەدرێ جیاوازی مەعنایی وا بە وشەگەلی جیاواز دەرببڕێ، بە کاری تێکۆشانی فکری و ڕۆشنبیری نایە و هەستی ورد و ئاڵۆز و زانستی نوێباوی پێ دەرنابڕدرێ. سیاسەتی پەتیگەری سەرەڕۆیانە سیاسەتی ناڕۆشنبیرانەکردنی (deintellectualization) زمانی کوردییە. ناسیۆنال شۆڤینیستەکانی تورکیە و ئێران و سووریە و عێراقیش، لە سەرەتای دامەزرانی نەتەوە-دەوڵەتەکانیانەوە تا ئێستا، پڕۆژەی نارۆشنبیریکردنی زمانی کوردییان لە باراندا بووە و دەڵێن کوردی لەهجەیێکی "محەلی"یە و کاری کولتووری و زانستی و پەروەردەیی پێناکرێ.

ڕەنگە بگوترێ کە فەرهەنگی ناوبراو (**جاف**) بەرهەمێکی جیدی نییە، بەڵام لە وەڵامدا دەڵێم فەرهەنگە جیدییەکانیش یەخسیری دێوەزمەی پەتیگەری بوون. بۆ وێنە، دوو فەرهەنگی هەرە گرینگی دووزمانی کە لە چەند ساڵی رابردوودا بڵاو بوونەوە، نەیانتوانیوە لە ئەو پرۆژە سیاسی و ئیدەئۆلۆژییە دووربکەونەوە.[١٢٥] مەبەستم ئەو دوو فەرهەنگەیە:

ماجد مردوخی روحانی، ***فرهنگ فارسی-کردی***، جلد اول ١٣٨٥، جلد دوم ١٣٨٦، جلد سوم ١٣٨٧، سنندج، دانشگاه کردستان، ٢٥٢٧ لاپەڕە.

---

[١٢٥] Amir Hassanpour, "Book review: Politics and language ideology in Kurdish lexicography," *International Journal of the Sociology of Language*," Issue ٢١٧, ٢٠١٢, pp. ١٨٩–١٩٤.

د. حەمەرەشید قەرەداخی، ***فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی-کوردی***، دەزگای چاپ و نەشری احسان، ٢٠٠٦، ١٢٤١ لاپەڕە.

ئەو دوو بەرهەمانە لە باری تێکنیکی فەرهەنگنووسییەوە (لێکسیکۆگرافی) لە زوربەی فەرهەنگەکان پێشکەوتووترن، و تێکۆشان و لێهاتوویی دانەرەکانیان لە سەر هەر لاپەڕەیێکدا نەخشاوە: وشەیان زۆرە، دەوری ڕێزمانیی هەر وشەیێک دیاریکراوە، مەعناکانی هەر وشەیێکی فرەمەعنا جوێ کراونەوە، هێندێک لە مەعناکان شاهیدیان بۆ هێندراوەتەوە، لاپەڕەکان جوان رازاندراونەتەوە، هەڵەی چاپی کەمە، و بە ڕێکوپێکی چاپکراون. بەڵام ترس لە وشەی خوازراو ئەو گشتە ریسەی لێکردوونەوە خوری. لێرەدا دەبێ بڵێم کە دانانی فەرهەنگی دووزمانی ئینگلیسی-کوردی و فارسی-کوردی ئەرکێکی یەکجار گرانە. ئەو دوو زمانانە لە باری وشەوە زۆر دەوڵەمەندن و دۆزینەوەی بەرامبەری کوردی بۆ وشەکان و مەعناکانیان کارێکی یەکجار ئەستەمە. بەڵام پەتیگەری ئەو ئەرکەی سەد ئەوەندە گرانتر کردووە و لە باتی ئەوەی ئەو فەرهەنگانە زمانەکە بە راگرتنی وشەی خوازراو و وەرگرتنی وشەی نوێ لە زمانە دراوسییەکان و زمانی دی بگەشێننەوە، لە جێی خۆیدا پاکوتکێی پێدەکەن. با چەند نموونە بێنمەوە.

وشەی exception بەرابەرێکی نییە کە بە ڕەچەڵەک کوردی و فارسی بێ. ***فەرهەنگی ئازاد*** سێ مەعنای بۆ ئەو وشەیە دیاریکردوە و چەند وشەی کوردی بۆ داناوە کە هیچکامیان پڕ بە پێست نین و مەعناکانی وشەکە ناگەیێنن:

(١) جیاوازی؛ جیاکردن؛ لێدەرکردن
(٢) جیا؛ نائاسا
(٣) پەسند نەکردن

دیاره لێرەدا، دانەر حەولیداوە هیچ وشەی خوازراو دەکار نەهێنێ و، لە ئاکامدا، ئەو بەرابەرە کوردیانەی دایناون دروست نین. بێجگە لە وەش، لە کاتێکیدا وشە ئینگلیسیەکەی لە باری ڕێزمانییەوە بە دروستی وەک ناو دیاری کردووە، لە بەرابەرە کوردییەکاندا سێ کرداری دەکارهێناوە: "جیاکردن"، "لێدەرکردن" و "پەسەند نەکردن". با بزانین فەرهەنگێکی ئینگلیسی–فارسی ئەو وشەیەی چۆن کردۆتە فارسی. ***فرهنگ معاصر پویا انگلیسی–فارسی*** (محمد رضا باطنی، دو جلد در یک جلد، ویراست سوم، تهران، فرهنگ معاصر، ١٣٨٥) سێ مەعنای دیاریکردووە و بەرابەرەکانی ئاوا داناوە:

١– استثنا ٢– مورد استثنا ٣– اعتراض

هیچکام لەئەو وشانە بە ڕەچەڵەک فارسی نین و لە عەرەبی وەرگیراون، بەڵام زمانی فارسی وەک بێگانە لە گەڵیان ناجووڵێتەوە و ئەو وشەخوازراوانەی دایناوە لە بەرابەرە کوردییەکان دروستترن. لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، کاتێکی وشەی خوازراو وەرگیرا و دەکارهات، ئیدی بێگانە نییە و دەبێتە وشەی ئەو زمانەی کە دەکاری دێنێ. با بزانین ***فرهنگ فارسی–کردی*** چ لە وشەی **استثنا** ی فارسی دەکا:

> ١. هاوێر؛ هەڵاوێر؛ بەدەر؛ کار یا ڕەوتی بەدەرکردنی ئەندام یان ئەندامگەلێک لە کۆمەڵەیەکدا لە بڕیار یان کارێک < کشاورزان را باید از شمول این قانون **استثنا** کرد: جوتیاران دەبێ لە بەرکەوتنی ئەم قانوونە **هاوێر** بکرێن>
> ٢. /–ات/ جودا؛ جیا؛ جیاواز؛ ئەوەی لە دەرەوەی وەبەرکەوتنی بڕیار یان کارێکەوە بێت. بەرانبەرر: **قاعده** <در میان بچەهایش بهار **استثنا** است: لەنێو منداڵەکانیدا بەهار **جیاوازە**>

دیسان هیچکام لەئەو وشە کوردییانە مەعنای وشە فارسییەکە یان ئینگلیسییەکە دەرنابڕن. بێجگە لە وەش، لەبەر ئەوەی کە وشەیێکی کوردی نییە کە لە باتی دابنێ، بە دوو کوتەڕستە مەعنای دەکاتەوە ("کار یا رەوتی بەدەرکردنی ئەندام یان ئەندامگەلێک لە کۆمەڵەیەکدا لە بڕیار یان کارێک" و "ئەوەی لە دەرەوەی وەبەرکەوتنی بڕیار یان کارێکەوە بێت"). ئەوەش مێتۆدێکی نادروستە، چونکە لە فەرهەنگی دووزمانیدا، بە پێچەوانەی فەرهەنگی یەکزمانی (کوردی-کوردی)، وشەی زمانی سەرچاوە نابێ تەعریف بکرێ و دەبێ تەنیا وشەی کوردی بۆ دیاریبکرێ. با نموونەیێکی دی بێنمەوە. ***فەرهەنگی ئازادی*** بۆ وشەی synthesis، کە لە باری رێزمانییەوە 'ناو"ە، لە پێشدا سێ وشەی کرداری دێنێتەوە ("پێکهێنان، یەکخستن، یەکگرتن"). دوایە دەنووسێ "شتی پێکهاتوو لە چەند شتێکی تر" کە تەواو هەڵەن و "پێکهاتنی ئاوێتەی کیمیائی، ئاوێتەی ناسادە" و "لێکدانەوە یا ئەنجامکاری لە بەشێکەوە بۆ گشت وە لە سادەوە بۆ ناسادە (فەلسەفە)". دەمەوێ ئەو پرسیارەبکەم: چۆن بە یارمەتی ***فەرهەنگی ئازادی*** دەکرێ رستەیێکی ساکاری وک رستەی خوارێ بکرێتە کوردی؟

"Hegel never used the words 'thesis, antithesis, synthesis,' as we all know."[١٢٦]

من دەتوانم ئەو رستەیە ئاوا وەربگێڕم بە کوردی: ((گشتمان دەزانین کە هێگێل قەت وشەگەلی 'تێز، ئانتیتێز، سینتێز'ی دەکارنەهێنا)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٢٦] http://libcom.org/forums/thought/thesis-antithesis-synthesis (١٦.٧.٢٠١٠).

بەڵام ئەگەر بە قسەی ***فەرهەنگی ئازادی*** بکەم، دەبێ لەباتی "سینتێز" کوتە رستەی "لێکدانەوە یا ئەنجامکاری لە بەشێکەوە بۆ گشت وە لە سادەوە بۆ ناسادە" دەکاربێنم و بۆ دوو وشەکەی دیش دەبێ هەروا بکەم. بەو پێیە وەرگێڕانەکە وای لێدێ کە خوێنەرەوە سەری لێ دەرناهێنێ:

((گشتمان دەزانین کە هێگێل قەت وشەگەلی 'تێز، ئانتیتێز، 'لێکدانەوە یا ئەنجامکاری لە بەشێکەوە بۆ گشت وە لە سادەوە بۆ ناسادە' ی دەکارنەهێنا)).[127]

***فرهنگ معاصر پویا*** وشە ئینگلیسییەکەی ئاوا کردووە بە فارسی:

١- ترکیب، تلفیق، التقاط، سنتز ٢- ساخت، تولید ٣- ساخت مصنوعی، تولید مصنوعی

لێرەدا، تەنیا وشەی ساخت بە رەچەڵەک فارسییە، بەڵام گشتیان باشتر و دروستتر لە ***فەرهەنگی ئازادی*** مەعنای وشە ئینگلیسیەکە دەردەبڕن و گشتیشیان، وەک وشە ئینگلیسیەکە، ناون. با بگەڕێمەوە سەر باسی وشەی **استثنا** کە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردیدا وەک فارسی لە نووسین و قسەکردندا دەکارهاتووە، فەرهەنگە کوردییەکان (تەنانەت زەبیحی کە ئەو وشە خوازراوانەی راگرتووە) رەجمی دەکەن. کاتێکیش زەبیحی وشەی خوازراوی وای لە قامووسەکەی‌دا دەهێناوە (وەکوو **ئیسپاتکردن، ئیستڕاحەت، ئیستیخدامکردن، ئیستیعداد،**

---

[127] ***فەرهەنگی ئازادی*** وشەی thesis و antithesis یشی هەر والێکردووە. زاراوەی "تێز" دەکا بە "بیرورایەکی نەسەلمێنراو" (ژیربیری)؛ گریمانەکی؛ بیردۆزێکە کە پێویستی بە بەڵگەیە" و "ئانتیتێز"یش دەکا بە "بەراوردی یا پێچەوانەیی بیر لە دوو رستەدا..."

**ئیستیعفادان و هتد) هێرشیان دەبردە سەری و دەیانکوت زمانی کوردی دەشێوێنێ.**

**با نموونەیێکی دی بێنمەوە. وشەی possibility لە ئاخافتنی رۆژانەدا دەکاردێ و لە هەمان کاتدا بووەتە زاراوەییێکی فەلسەفەیی. *فەرهەنگی ئازادی* و *فرهنگ معاصر پویا* ئەو وشەیە وەک ناو دیاری دەکەن، بەڵام فەرهەنگە کوردییەکە، لەبەر وەسوەسەی پەتیگەری، ناتوانێ وشەی کوردی دروست و بەپێزی بۆ دابنێ:**

**(١) لە وانە بوون؛ ڕێ تێچوون؛ شیان؛ بۆهەبوون؛ رەنگ-بوون؛ (٢) شتی ڕێ تێچوو؛ شتی شیاو**

**هیچکام لەئەو وشانە مەعنای وشە ئینگلیسییەکە ناگەیێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، دانەر وشە ئینگلیسییەکە بە ناو دادەنێ، لە مانای (١)دا کرداری کوردی بۆ داناوە؛ هەروەها، سەرباقی ئەوەی ئەو وشەیە دەلالەت بە "شت" ناکا، لە (٢)دا کردوویە بە "شت". با بزانین فەرهەنگە فارسییەکە چی کردووە:**

**١– امکان ٢. احتمال ٣. پیشامد، اتفاق**

**ئەو وشانە، بێجگە لە "پیشامد" کە بە رەچەڵەک فارسییە، لە عەڕەبی وەرگیراون و مەعنای وشە ئینگلیسییەکە دروستتر دەردەبڕن و لە باری رێزمانییشەوە ناون.**

**فەرهەنگە کوردییەکان بەو رێبازە ناسیۆنالیستییە بەرچاوتەنگە زمانی کوردی هەژارتر دەکەن و رێگەنادەن ببێتە زمانێکی رۆشنبیری و فکری و زانستی و پەروەردەیی. زۆر وشەی سەرەتایی، بەڵام سەرەکیی وەکوو abstract (وەک ئاوەڵناو) کە مەعنای گرینگ دەردەبڕن، وەبەر جەنجەڕی پەتیگەری کەوتوون و ئاداریان بە سەر پاداری نەماوە. بۆ**

نموونه، ئەو وشەیە هەم لە زمانی رۆژانەدا و هەم لە زانست و فەلسەفەدا دەکاردێ، بەڵام ***فەرهەنگی ئازادی*** بەلایێکی ئاوای بەسەرهێناوە:

رووت؛ نەبینراو؛ نادیار؛ بەدەست نەگیراو؛ مانایی

هیچ کام لەئەو وشانە مەعنای وشە ئینگلیسییەکە دەرنابڕن و بگرە تەواو لێی دوورکەوتوونەوە. با بزانین ***فرهنگ معاصر*** چی کردووە:

**١- مجرد، انتزاعی ٢- نظری ٣- مطلق، آرمانی ٤- مبهم**

لەئەو شەش وشانەدا، تەنیا "آرمانی" بە ڕەچەڵەک فارسییە، بەڵام مەعنای هەرە گرینگی وشەکە بە "مجرد، انتزاعی" دەربڕاوە کە هەردووکیان وشەی خوازراون. بەڵام فەرهەنگنووسی کورد، زمانی کوردی لە ئەو چەمکە گرینگە و هەزاران چەمکی وا بێبەش دەکا، لەبەر ئەوەی پێی وایە کوردی بە وشەخواستن لە زمانی عەڕەبی "گلاو" دەبێ. بڕوانە ***فرهنگ فارسی-کردی*** و وشەی **مجرد** (صفت):

www.zheen.org

١. تەنیا؛ تەنها؛ تەنێ؛ قوتار؛ سەڵتە؛ ٢. /-ان؛ -این/ هورم؛ رەبەن؛ ڕەبەنۆک؛ سۆبا؛ سەڵت؛ زگوردی؛ بێ هاوسەر؛ قازاخ؛ (بۆ کچ)؛ زگورد؛ زۆگۆرد؛ ٣. جیا؛ جیاواز؛ بەدوور

لە فارسی‌دا، **مجرد** مەعنای ١ و ٢ ی هەیە و ئەو وشانەی کە ***فرهنگ فارسی- کوردی*** بۆ مەعنای ١ و ٢ی داناوە (سەڵتە، رەبەن، بێ هاوسەر...) باشن، بەڵام کە لە ٣ دا دێتە سەر مەعنای **مجرد** و **انتزاعی**، وەک ***فەرهەنگی ئازادی***، تێدادەمێنێ و دیسان تووشی هەڵەی پەتیگەرانە دەبێ و ناتوانێ، وەکوو فارسی، وشەی خوازراوی **"مجرد"** (بە کوردی **موجەرەد**)

دەکاربێنێ و چارەی نامێنێ وشەی نادروستی وەکوو "جیا؛ جیاواز؛ بەدوور" ریزدەکا.

***فەرهەنگی گیرفانیی جاف*** بۆ وشەی abstract "واتایی (مەعنەوی)" داناوە و ***فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ*** (سەلام ناوخۆش، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، ۲۰۰۳) "تەجریدی" دەکاردێنێ، بەڵام بزانە دوو مەعناکانی دی چۆن کردۆتە کوردی:

١- هەبوون تەنها وەک بیرۆکە نەک بوونی لاشەیی ٢- ئەبیستراکت (رووت) ٣- تەجریدی

بەڵام تەنیا فەرهەنگە گشتییەکان نین کە زمانی کوردی وا هەژار و کۆڵەوار دەکەن. بۆ وێنە، ***زاراوەی ئەدەبی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی*** (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦) لە بەشی عەرەبیدا (لل. ١٠٩-٢١٣) وشەی "مجرد" تۆمار ناکا، بەڵام لە بەشی ئینگلیسیدا وشەی abstract وەک ناو و بە مەعنای "پوختە، کورتی" دەهێنێ، و دوایە لە بەرامبەر زاراوەی abstract poetry (الشعر المجرد)دا "شیعری ئەبستراکت، شیعری ڕووت" دادەنێ. لێرەدا، دانەران "ئەبستراکت" و "ڕووت"یان پێ باشترە لە "موجەڕەد"، چونکە پێیان وایە خواستنەوە لە زمانی ئینگلیسی رەوایە، بەڵام لە عەرەبی کوفرە، ئەوەش بۆچوونێکە هاندەرەکەی تەنیا دەتوانێ رەگەزخوازی بێ. دانانی "رووت"یش لە باتی abstract خۆ لە قەرەی کەمتەرخەمی دەدا. دوایەش ئەوەندەی دی خراپتری دەکا و لە بەرامبەر abstract terms (المصطلحات المجردة)دا دەنووسێ: "زاراوە پەتییەکان، زاراوەگەلی هەستی" و ئەوەش تەواو هەڵەیە. دانەرانی ***فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی***ش (بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، سلێمانی، دەزگای چاپ و

پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢)، هەر وادەکەن و بۆ پاکتاویکردنی زمانی کوردی، وشەی abstract دەکەنە "دەرهەست".

لە سەرەوە کوتم کە فەرهەنگە دووزمانییەکان لە باتی دانانی وشەی کوردی لە بەرامبەر وشەی ئینگلیسی و فارسیدا، وشەکە بە کوردی مەعنا دەکەنەوە. بۆ وێنە، یەکێک لە مەعناکانی evolution ئاوا هاتووە:

(١) گۆڕانی زیندەوەر؛ پەیدابوون و گۆڕانی ووردە ووردەی زیندەوەر؛ بار گۆڕین (زیندەوەر)

بەڵام ***فرهنگ معاصر پویا*** لە باتی مەعناکردنەوە، تاقە وشەیێکی بۆ داناوە، "تکامل"، کە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە و وەکوو زۆربەی وشەکانی دی لە مێژە لە فارسیدا هەیە. ***فەرهەنگی ئازادی*** بۆ rationalism وشەی کوردی دادەتاشێ: "هۆشپەرستی، بیرپەرستی، مێشکپەرستی". بەڵام وادیارە دانەر دەزانێ کە هیچکامیان بەکارنایەن و دوایە وشەکە مەعنا دەکاتەوە: ((بیروڕایەکە کە دەڵێت بیر و هۆش سەرچاوەی زانینە نەک خودا)). (لێرەدا پێویستە بڵێم کە وەرگێڕانی پاشگری ism– بە –پەرستی بڕیارێکی دروست نییە). بە پێچەوانە، ***فرهنگ معاصر پویا*** لە باتی مەعناکردنەوە، یەک وشەی داناوە: "خردگرائی" کە لە وشەیێکی باوی فارسی و پاشگری نوێی –گرائی پێکهاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا پەتیگەری سەرەڕۆیانە ئێستە زاڵە و بە بۆچوونی من کۆسپێکی گەورەی سەرەڕێی زمانی کوردییە، ئەو ڕێبازە تەنیا چارەی زمانی کوردی نییە. لێکۆڵینەوەی د. جەعفەری حەسەنپوور سەبارەت بە "وشەی خوازراوی ئورووپایی و فارسی و عەرەبی لە سۆرانی ستانداردا" دەریدەخا کە پەتیکردن دیاردەیێکی تەنیا زمانی نییە و ڕێبازێکی سیاسی–زمانییە کە سیاسەتی جۆراوجۆر بەڕێوەی دەبا. بۆ وێنە، هێمنی

شاعیر بە شێوەیێکی پێویست و لەسەرخۆ زمانی نووسراوی پەتیدەکرد و هاندەرەکەی قینهەڵگرتن و تۆڵەئەستاندنەوە لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبوو.[١٢٨]

کورتی بکەمەوە، تۆفیق وەهبی و هاوفکرەکانی لە سەدەی بیستدا ڕێبازێکیان ڕەچاوکرد و پراتیکێکیان دامەزراند کە ئێستە بە بنبەست گەیشتووە و پێویستە دوای نەوەد ساڵان بە شێوەیێکی ڕەخنەگرانە پێیدابچینەوە و هەڵیبسەنگێنین. ئاشکرایە کە کوردی بە نەوەد ساڵان چاککردن وەک فارسی و عەرەبی لێنایە، بەڵام نەوەد ساڵیش ماوەیێکی کورت نییە بۆ ئەوەی زمانێکی وەکوو کوردی، کە مێژووی پێنج سەدە نووسینی هەیە، بتوانێ لە رادەی باکالۆریای زانکۆ بە بێ گرفتێکی زۆر دەکاربێ. بە هەڵسەنگاندنی من، لە پرۆسەی ستانداردکردندا، پەتیکردنی سەرەڕۆیانە کۆسپی هەرەگەورەی پەرەسەندنی زمانی کوردییە.

ئەلفووبێیکە، ئەگەر پەتیگەرە سەرەڕۆیەکان بەربینگی بەربدەن، تا ڕادەیێکی زۆر چاکگراوە و گرفتێکی وای نییە کە بە هاسانی چارەسەرنەکرێ. بەڵام ڕێنووس هێشتا ستاندارد نەکراوە و لە کێشەی هەمەچەشنەی زمانی و سیاسیدا نوقم بووە. ئەو ڕێبازەی کە لە چاککردنی ئەلفووبێدا ڕەچاوکراوە، لە قاعیدەبەندیکردنی ڕێنووسیشدا ڕەچاودەکرێ: ئەگەر لە ئەلفووبێدا دەبێ بۆ هەر فۆنیمێک حەرفێک دابندرێ، لە ڕێنووسیشدا دەبێ هەر مۆرفیمێک و هەر وشەیێک بەپێی جێگەی خۆی لە ڕێزماندا، لە سەر بنچینەی قاعیدەکانی ڕێزمان و

---

[١٢٨] Jafar Hasanpoor, *A Study of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani*, Department of Asian and African Languages, Uppsala University, Uppsala, Sweden, ١٩٩٩.

مەعناناسی (semantics) بنووسرێ. بۆ وێنە، "کۆڕی زانیاری کورد" لە ١٩٧٣دا کۆمەڵە بڕیارێکی سەبارەت بە ڕێنووس دا کە ئەگەر ڕەچاوبکرێن، ڕێنووس دەکەنە کێشەیێکی ڕێزمانی و مەعناناسی. لە یەکێک لەئەو بڕیارانەدا، کۆڕ دەڵێ:

> کە ئەمرازی (نەفی و نەهی و موزارەعە و ئەمر) چوە سەر فیعلی سادە ئەوا، وەک دەستورێکی گشتی، ئەمرازەکە بە فیعلەکەوە دەلکێنرێت، وەک **دەکوژێ** ... **مەکوژە** ... **نەنوست** ... ئەگەر ئەمرازی (نەفی و نەهی و موزارەعە و ئەمر) کەوتنە میانی پێشگر و فیعلی (مرکب)ەوە پێشگرەکە بە تەنها دەنووسرێت و ئەمرازەکەش بە فیعلەکەوە دەلکێت، وەک:
>
> **هەڵدەگرێ، هەڵبگرە، هەڵبفرێ، هەڵبخا هەڵناگرێ، هەڵنەگرێ...**[١٢٩] [من وشەکانم ڕەش کردووە]

بەڵام ئەو جیاوازیدانانە لە نێوان نووسینی فیعلی سادە و مرکب، تەواو بێجێیە و ئەگەر **نەنوست** بەسەریەکەوە دەنووسرێ **هەڵ دەگرێ**ش دەبێ بەیەکەوە بلکێ. با نموونەیێکی دی بێنمەوە. کۆڕ بۆ بڕیاردان سەبارەت بە نووسینی چ و چی، مەعناکانی ئەو وشەی لێکداوەتەوە و لەسەر ئەوە ساخ بۆتەوە کە:

> ... هەردوو جۆر واتە (چی) و (چ) بە جیا بنووسرێن و سروشتی ئەسڵی سەربەخۆیان

---

[١٢٩] بڕوانە "ڕێنوسی کوردی"، ***گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد***، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، ل. ٣٧٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەدۆڕێنن بەوە کە بلکێن بە وشەی دوای خۆیانەوە؛ تەنها لە حاڵێک نەبێ کە ئەو وشەیەی لە دوایانەوە دێ راناوی لکاو بێ ئەوسا پێیەوەبلکێن وەک: چتان دیت... [130]

ئەگەر بێتوو رێنووسی کوردی ئاوا ستاندارد بکرێ، هەر کەسێکی دەست بەرێتە نووسین، دەبێ لەپێشدا رێزمانی کوردی و لێکدانەوەی رێزمانی (grammatical analysis) باش فێربووبێ و بۆ نووسینی هەر وشەیێک لە پێشدا لە باری رێزمانەوە هەڵیبسەنگێنێ، لێکیبداتەوە، و بێ ئەوەی تووشی هەڵە بێ، ساخ ببێتەوە کە چۆن رێنووسەکەی بە گوێرەی قاعیدەکانی رێزمان بنووسێ. ئەوەش بارێکی یەکجار گرانە و رێنووس دەکاتە بەرهەڵستێک بۆ نووسین.[131]

زۆر بەکورتی، (۱) ئەلفووبێ گرفتێکی نییە، (۲) رێنووس گرفتی هەیە، بەڵام چارەسەردەکرێ، ئەویش بە رێبازێکی پشتئەستوور بە زمانناسی، و (۳) وشەی تازە و زاراوە گرفتی سەرەکین و بەبێ لادان لە رێبازی پەتیگەری سەرەڕۆیانە ،چارەی ناکرێ. زمانی کوردی دەتوانێ بە بڕێک ئاڵوگۆڕی رێنووسیی لەگەڵ دنیای نوێباو هەڵبکا، بەڵام ناتوانێ بە پەتیگەری سەرەڕۆیانە بەرەنگاری ئەو دنیایە بێ. لە بواری وشە و زاراوەی زانستیدا، زمانی کوردی هێشتا یەکجار هەژارە. دانان و وەرگێڕانی کتێبێکی زانکۆیی لە بابەتی وەک کۆمەڵناسی، زمانناسی، ئابووری، فیزیک، بیۆلۆژی، یان

---

[130] هەر لەوێ، ل. ٣٦٩.

[131] ئاخێوەری هەر زمانێک، رێزمانی زمانەکەی خۆی، واتە دوروستکردن و تێگەیشتنی رستە، باش دەزانێ، دەنا ناتوانێ لەگەڵ ئاخێوەری دی بدوێ. بەڵام هیچ ئاخێوەرێک ناتوانێ راستی و ناراستیی رستەیێک یان بەشێک لە رستەیێک لێکبداتەوە، مەگەر رێزمانی خوێندبێ و فێری لێکدانەوەی رێزمانیی بووبێ.

شیمی بە فارسی، تورکی، و عەرەبی کارێکی ئاساییە، بەڵام بە زمانی کوردی هێشتا ئەرکێکی گرانە.

هەژاریی کوردی دیاردەیێکی تەنیا زمانی نییە و لە هەمان کاتدا ئابووری-کۆمەڵی، سیاسی، کولتووری، و ئیدەئۆلۆژییە. من لێرەدا زۆرتر باسی لایەنە زمانی و سیاسییەکەم کردووە. چەند ساڵ لەئەوەی پێش ئەو پرسیارەم کرد کە پەتیگەرە سەرەڕۆیەکان کەنگێ بەربینگی زمانی کوردی بەردەدەن؟[132] لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆشنبیری کورد گشتیان سەرەڕۆ نین، پەتیکردن وەک تۆپەڵە بەفرێکی لێهاتووە، لە سەر دوندی کێوێکی بەفرین_ڕا بەردەدرێتەوە خوارێ، هەر قەڵەمبازان دەدا و قورستر دەبێ و هیچ ناپارێزی و کەس ناوێرێ بەرەنگاری بێ. ستانداردێتی، چ لە زماندا چ لە کاڵا و بەرهەمی پیشەییدا، وەدوای یەکبوون دەکەوێ. بۆچوونی باو ئەوەیە کە زمانی ستاندارد یەک دەستە فۆنیم، یەک ئەلفووبێ، یەک ڕێنووس، یەک سیستێمی مەعنایی، یەک ڕێزمان، و یەک شێوازی نووسینی هەیە و گشت کەس دەبێ ئەو یەکێتییە ڕەچاوبکا (وەک سیستیمی پێوانی قورسایی و ئەندازە کە دەبێ لە تەواوی نەتەوە-دەوڵەتدا یەک بێ). ئەو یەکەتییە زمانییە هەر لە دنیای خەیاڵاتدا هەیە و کەس لە دنیای دەرەوەی مێشکی ئینساندا نەیدیوە. زمان و کولتووری هیچ نەتەوەیێک ئاوا یەکدەست و یەکگرتوو نییە و یەکێتی نەتەوەش بە یەکێتی زمانیی ئاوا پێک نایە. لەگەڵ ئەوەشدا زمانێکی وا یارمەتی دەدا بە پێوەندی نێوان ئاخێوەران، ستانداردێتی لایەنی سەرکوتگەرانەشی هەیە. پەتیگەری خزمەت

---

[132] ئەمیری حەسەنپوور، "بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن!"، لە عەلی کەریمی، ***ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)***، گۆتنبێرگ، سوێد، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆش، ١٩٩٩، ل. ٤٤٦-٤٦٣.

به سیاسەتی وەک یەک لێکردن دەکا. پەتیگەری جیاوازیی نێوان زمانی ئەدەبی (نووسراو) و زمانی زارەکی پتەوتر دەکا و ئەوەندەی بتوانێ جیاوازیی نێوان ئیدیۆلێکتەکان (لەهجەی تاقەکەس) و سۆسیۆلێکتەکان (لەهجەی گرۆی کۆمەڵی) دەسڕێتەوە.[١٣٣] د. جەعفەری شێخولئیسلامی ماوەیێک لەوەی پێش سەرنجی منی بۆ زمانی رۆمانی کوردی راکێشا و کوتی کە لەئەو رۆمانانەدا گشت کەس وەک یەک و بە یەک شێواز قسەدەکەن – منداڵ و گەورە، ژن و پیاو، لادێیی و شارستانی، و خویندەوار و نەخوێندەوار بە سۆرانی ستاندارد دەدوێن. کە باگردانی پەتیگەری وەگەڕکەوت، ورد و درشت، ویشک و تەڕ، و خوار و راست هەرچی وەسەررێی بێ، دەیکوتێتەوە و پان و پۆڕی دەکا و یەک دەنگ و یەک رەنگی لێدەردێنێ. لێرەدا پەتیگەری هەر زمانەکەی کۆڵەوار نەکردووە و هونەرێکی گرینگیشی پێشێلکردووە. رۆمان وەک فەرهەنگی وشە و بگرە پتر لەئەویش، دەورێکی گرینگ لە ستانداردبوونی زمان و ریشەداکوتان و جێگربوونیدا دەگێڕێ. بەڵام کاتێکی رۆمان خۆی ببێتە قوربانی پەتیگەری، دیارە کە زمانەکە تووشی نەخۆشی بووە و نەخۆشییەکە دەبێ دەرمان بکرێ.

گشت زمانی زیندوو پێویستی بە وشەڕۆنان هەیە و هەم وشەی تازە دادەتاشێ و هەم لە زمانی دی وەردەگرێ. ئەگەر تۆفیق وەهبی و هاوفکرانی بە پرۆژەی چاککردنی زمان توانییان کوردی هەنگاوێک بەرەو پێش بەرن، ئێستە، درێژەپێدان بەو پرۆژەیە زمانەکە هەنگاو بەرە و پاشەوە دەبا. ئێستە زمانی کوردی لە پشوو کەوتووە و کاتی وەی هاتووە کە لەباتی

---

[١٣٣] بۆ مەعنای ئەو زاراوانە، بڕوانە ***وشەنامەی زمانناسیی کۆمەڵایەتی***، پیتر ترادگیل، وەرگێڕانی حەسەنی قازی:
http://komelnasiziman.blogspot.com/٢٠٠٩/١١/blog-post.html

www.zheen.org

دابێژتنی وشە بە بێژینگی رەگەزی، پەتیگەری لغاوبکرێ و ئەو لغاوە چیدی شل نەکرێ. شێواندنی ئەلفووبێ و رەجمکردنی وشەی خوازراو بۆ هەر کەسێکی دەستی بگاتە قەڵەم، کارێکی هاسانە. ئەوەی کە دەتوانێ زمانی کوردی ببووژێنێتەوە، دانانی بەرهەمی پەخشانی ئەدەبی و زانستی باڵایە کە ئەوەش بە رێبازی پەتیگەری سەرەڕۆیانە پێک نایە و پێویستی بە تێگەیشتنێکی زمانی دێمۆکراتی وەکوو گۆران و هێمن هەیە. من هێشتا بە ئومێدی ئەو رۆژەم کە پەتیگەرە سەرەڕۆیەکان بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن و زمانەکە چیدی کۆڵەوار نەکەن.

پێویستە لێرەدا باسی جێگەی زمانی کوردی لە نێو نەزمی زمانیی جیهانیدا بکەم. ئەوە هیچ شانازی نییە کە کوردی یەکێک لە زمانە هیندوئورووپاییەکانە. هیندوئورووپاییبوون و هاوڕەچەڵەک بوون لەگەڵ زمانی وەک سانسکریت و رووسی و ئینگلیسی نیشانەی باش بوون، جوان بوون، پێشکەوتووبوون، یان "رەسەن"بوونی زمانەکە نییە. زمانە هیندوئورووپاییەکان هیچ شتێکیان لە زمانەکانی دی باشتر نییە. جێگەی کوردی لە نێو زمانەکانی دنیادا بە پێوانەی رەچەڵەک دیاری ناکرێ.

زمانەکانی دنیا کە نزیکەی ٦٦٠٠ هەتا ٧٠٠٠ن بە پەرژینێکی قایم لێک هەڵنەبڕاون و پێوەندی جۆراوجۆریان بە یەکەوە هەیە و وێکڕا نیزام، نەزم (order)، سیستیم، یان ریژیمێکی زمانیی پێکدێنن. پێوەندییەکان لەئەو نیزامەدا لە سەر بنچینەی نابەرابەری دامەزراون. زمانەکان لە باری ژمارەی ئاخێوەران نابەرابەرن: چینی و ئینگلیسی و ئیسپانیایی هەر کام چەند سەد ملیۆن ئاخێوەریان هەیە و زمانی وا هەن کە بیست سی کەس زیاتر قسەی پێ ناکەن و زۆر زوو لە ناودەچن. هەروەها لە باری پلە و پایەی سیاسی و ئابوورییەوە نابەرامبەری زۆرە: لە

زمانی جیهانی وەکوو ئینگلیسی را بگرە هەتا زمانی ناوچەیی (regional) وەکوو سواحیلی، و زمانی قەدەغەکراو و سەرکوتکراوی وەکوو کوردی. نابەرابەری دی لە رادەی گەشانەوەی کولتووری‌دایە: زمانی وەک ئینگلیسی زمانی سەرەکی زانست و کولتووری مۆدێرنە و زمانی وا هەیە هێشتا پێی نەنووسراوە و زوربەی زمانەکان هێشتا لە سینەما و تلڤیزیۆن و ئینترنێتدا دەکارنایەن.

زمانی کوردی لە باری ژمارەی ئاخێوەران چلەمین زمانی دنیایە و لە زمانی وەک سوێدی و دانمارکی و هولەندی و فنلاندی لە سەرترە، بەڵام لە باری کولتوورییەوە (دەکارهێنانی لە زانست و ئەدەبیات و پەروەردە و هونەرەکاندا) لەئەو زمانانە یەکجار وەدواکەوتووە. بە گۆڕانی دنیا و پەرەسەندنی دەسمایەداری و جیهانیبوونی نەپساوەوەی، هەر وەک لە ژیانی ئابووریدا ناوەندیگەری لە ئارادابووە، لە نەزمی جیهانیشدا ئەو ناوەندیگەرییە بە شێوەی ئینحیساری سەریهەڵێناوە. زمانی ئینگلیسی دەسەڵاتێکی ئینحیساری لە زانست، هونەر، ئینترنێت، میدیاکان و "کوولتووری بەرز"دا پێکهێناوە و خەریکە پشوو لە زمانی دی، تەنانەت زمانی بەهێزی وەک فەرانسەیی و ئیتاڵیایی و ئەڵمانیش دەبڕێ. جا سەیرنییە کە لەگەڵ ئەوەشدا زمانە بچووکەکانی ئورووپا (بچووک بە پێوانەی ژمارەی ئاخێوەران) توانایی وەیان هەیە خوێندنی رادەی باڵا بەڕیوەبەرن، بەرەو ئەوە دەڕۆن ڕێگە بدەن بە لێکۆڵینەوە و پەروەردەی باڵا بە زمانی ئینگلیسی.[١٣٤] کوردی نە ئەوەندە گەشاوەتەوە کە، وەک ئەو

---

[١٣٤] بۆ باسی دەکارهێنانی هێندێک لە زمانەکانی هیندووستان و فیلیپین و مالێزیا لە پەروەردەی بەرزدا بڕوانە:

Johan Pride (ed.), *Language for the Third World Universities*, New Delhi, Bahri Publications PVT LTD, ١٩٨٤.

زمانانه، بتوانێ ببێته زمانی پەروەردەی باڵا و نە سیستیمێکی لێکۆلینەوە و بڵاوکردنەوە و کتێبخانەی هەیە کە بتوانێ لە سەر پێی خۆی رابوەستێ. تەنانەت زمانی وەکوو فارسی و عەرەبی و تورکیش بە زەحمەت بەرگەی لێشاوی زمانی ئینگلیسی و تۆفانی شۆڕشی تێکنۆلۆژی و زانستی دەگرن. ئەگەر فارسی و عەرەبی و تورکی دەتوانن بڵێن کڵاومان دەگرین هەتا با نەیبا، کوردی هێشتا کڵاوێکی نییە کە با بیبا. رەسمیبوونی کوردی لە عێراق و دەوڵەتی بوونی لە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان"دا، یارمەتی دەدا بە مان و نەفەوتانی، بەڵام بەو رێبازەی کە ناسیۆنالیسمی کورد بۆ زمانەکەی رەچاوکردووە، ئێستەش کە دەسەڵاتی سیاسیی وەرگرتووە، وەک زمانێکی ژێردەست دەمێنێ. ئەگەر پێش ۱۹۹۱ عەرەبیکردن زمانی کوردیی دەخستە مەترسی، ئێستە کوردیکردن (پەتیکردن) پشتی دەشکێنێ. رەنگە بگوترێ ئەوە تاریکبینییە و کوردی ئێستە پتر لە دە کاناڵی تلڤیزیۆنی ساتلایت و سەدان ئامرازی راگەیاندنی دیکەشی هەیە و زمانی پەروەردەی باڵا و ئینترنێت و سینەمایە. من خۆم لە مێژە ئەو گۆڕانە گرینگانەم لە بەرچاو بوە و خەریکی لێکۆڵینەوەیان بووم، و دەزانم ئەو ئامرازانە پلەی زمانەکەیان بەرزتر کردووە، بەڵام پرسیارەکانی من هێشتا بەجێن: ئاخۆ کوردی دەکرێتە زمانێکی لێهاتووی پەروەردە لە رادەی زانستی دەورەی باکالۆریا؟ وەختی وەی هاتووە لە باتی باسی رەگەزییانەی «هەمزە کوردییە یان عەرەبی؟»، باس و جەدەلی زانستیی بە زمانی کوردی بکرێ؟ ئاخۆ ئاسۆیێکی وا دەبێ لە بەرچاو بێ یان، لە نیزامی زمانیی دنیای ئەوڕۆدا، زمانی وەکوو کوردی دەبێ زمانی پەروەردەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامرازی راگەیاندنی گشتی بێ، بەڵام پەروەردەی باڵا بە زمانی دی بەڕێوەبچێ؟ ئاخۆ دەکرێ یان پێویستە گشت زمانێک یان تەنانەت گشت زمانە نێونجییەکان (نێونجی بەپێی ژمارەی ئاخێوەران، واتە پترلە دە ملیۆن) وەک پەشتوو، کوردی، و تورکی ئازەربایجانی

زاراوەی زانستی خۆیان دابنێن؟ تەنانەت ئەگەر گشت زاراوە زانستییەکان داندران، ئاخۆ کەس دەکاریان دێنێ؟ زمانی عەرەبی کە زمانی رەسمی بیست وڵاتە و زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، ماوەییێکە بەرەو نزمی دەڕوا و لە دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاردا لە زۆر وڵات و ناوچەی دنیا وەدواکەوتووە. ئەگەر عەرەبی، کە ماوەی هەزار ساڵ زمانی هەرە بە دەسەڵاتی ئاسیای رۆژاوا و ناوەڕاست بوو، وای بەسەرهاتووە، چارەنووسی کوردی چییە و جێگەی لەئەو نیزامە زمانییەدا لە کوێیە؟ کێشەڕۆنانەکان (problematization) و باسەکانی سەدەی رابردوو (رێبازی تۆفیق وەهبی کە تا ئەوڕۆ بەردەوامە) رێگانیشاندەری ئەو سەردەمە نین. پڕۆژەی ستانداردکردنی کوردی لە پەتیگەریدا پەنگاوی خواردۆتەوە و دەرفەتی دەرچوونی نییە. زمانی کوردی، لە ناوەوە یەخسیری جیهانبینی ناسیۆنالیستییە، و لە دەرەوە تووشی ناسیۆنالیسمی زمانکوژانەی نەتەوە-دەوڵەتەکان بووە (تورکییە، ئێران، سووریيە) و دەبێ لە هەمان کاتدا بەرەنگاری "ئیمپریالیسمی زمانی" لە نەزمی زمانیی جیهانی ببێ.[١٣٥]

www.zheen.org

وەهبی بۆ ئەوەی وشەی خوازراو "بژار" بکا، لە گۆڤاری ***گەلاوێژ***دا (ساڵی ٣، ١٩٤٢، ژمارەی ٥-٦ بەولاوە) گۆشەیێکی بە ژێردێڕی "فەرهەنگی گەلاوێژ" کردەوە و لە هەر ژمارەیێکدا لیستێکی وشەی پەتی بڵاودەکردەوە. بەڵام بیست ساڵ دوایە، ئەو دەمی لە لەندەن دەژیا، لەگەڵ ئیدمۆندز دەستی کرد بە دانانی ***فەرهەنگێکی ئینگلیسی-کوردی*** و لەئەو بەرهەمە هەرە گرینگەی ژیانی خۆیدا دەستی لە بژاری سەرەڕۆیانە هەڵگرت (دەزگای بڵاوکردنەوەی زانکۆی ئاکسفۆرد ئەو فەرهەنگەی لە

[١٣٥] Robert Phillipson, *Linguistic Imperialism*, London, Oxford University Press, ١٩٩٢.

١٩٦٦دا چاپکرد). وەهبی لەئەو بەرهەمەدا وشەی خوازراوی "تەواو خۆماڵیکراو" یان "پێویست بۆ نیازێکی واقیعی" تێهاویشتووە، بەڵام بەشێکی زۆری وشەی داتاشراوی بژارکردووە. لە سەرەتای فەرهەنگەکەدا (ل. [v]) دەنووسن:

> ... لەبەر ئەوەی ئومێدمان ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە تا رادەیێک یارمەتی بدا بە ستانداردکردنی زمانی ئەدەبی، بە پێویستمان زانیوە (ناچاربووین) هێندێک [وشەی] سەیروسەمەرە (eccentricities) کە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەعزە بەشێکی چاپەمەنی کوردیدا زۆر وەبەرچاودەکەون، دەرهاوێژین، چونکە [ئەو وشانە] لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی نایەنەوە و فەرامۆش دەکرێن.[١٣٦]

وەهبی و ئیدمۆندز وشەی خوازراو لە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی، "ئورووپایی"یان بە دانانی نیشانە دیاری کردووە. من لە لێکۆڵینەوەکەم سەبارەت بە ستانداردبوونی زمانی کوردی، ژمارەی وشەی خۆماڵی و وشەی خوازراوم لە ئەو فەرهەنگەدا بژارد و نیسبەتەکانیانم حیسابکرد و ئاکامەکەی ئەوەیە:

وشەی خۆماڵی: ٥٨٩٦ (٨٦.١%)
وشەی خۆازراو: ٩٤٥ (١٣.٨%)
عەرەبی: ٧١٦ (١٠.٤%)
ئورووپایی: ١٠٠ (١.٤%)
فارسی: ٧٣ (١.٠%)

---

[١٣٦] Taufiq Wahby and C.J. Edmonds, *A Kurdish-English Dictionary*, Oxford at the Clarendon Press, ١٩٦٦, p. [v].

**تورکی: ٥٦ (٠.٨%)**
**تێکڕا: ٦٨٤١ (١٠٠%)**[١٣٧]

بەو حیسابە نزیکەی ١٤%ی وشەی کوردی لە ئەو فەرهەنگەدا خوازراون، ئەوەش زۆر زیاترە لە میزانی وشەی خوازراو لە چاپەمەنیدا، کە بە حیسابی جەماڵ جەلال عەبدوڵا، لە ئەو ساڵانەدا (١٩٥٨–١٩٧٣) تەنیا ٤.٤٦% بوو.[١٣٨] لە ئەو ژمارانە دەردەکەوێ کە وەهبی لە ٦٠ەکان بەولاوە، بەتایبەت لەئەو فەرهەنگەدا، ڕێبازێکی هێمنانەی وەک گۆران و هێمنی ڕەچاوکردبوو.[١٣٩] بەڵام ئەگەر وەهبی دەستی لە سەرەڕۆیی

---

[١٣٧] Amir Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan ١٩١٨–١٩٨٥*, p. ٣٩٧.

[١٣٨] ژمارەی وشەکانی ئەو فەرهەنگە لە٦٨٤١ پترن، بەڵام زۆربەی وشەکان لە ژێر یەک وشەی سەرەکیی یان مەدخەل (lemma, entry) ریزکراون. بۆ وێنە، بەلانی کەمەوە ٣٠٠ وشە لە ژێر وشەی سەرەکیی "سەر" هاتووە. ژمارەی ٦٨٤١ تەنیا وشە سەرەکییەکان دەگرێتەوە.

[١٣٩] زمان تەنیا بە وشەوە زیندوو نییە. وشە لە سیستیمێکی یەکجار ئاڵۆزدا کە ڕێزمان و گوتار (discourse بە مەعنا زمانناسییەکەی) دەورێکی گرینگی تێدا دەگێڕن، ژیانێکی دینامیکی هەیە و مەعناش تەنیا لە قالبی وشەدا نەوەستاوە. مەعنا لە ساختی وشەیی (lexical)، ڕێزمانی (grammatical)، گوتاریی (discursive)، مەعریفەتی (cognitive) و لە بارودۆخی مێژووییدا پێکدێ و ناوەستێ و دەگۆڕێ. زمانێکی بەکاری ڕۆشنبیری بێ، دەبێ بێجگە لە ئازادیی وشەڕۆنان و وشەخواستن، لە گشت بوارێکی ئاخافتن و نووسیندا، لە خاڵدانان را بگرە هەتا شێوازی نووسین (style)، لە زانست و هونەر و لێکۆڵینەوە و پەروەردەدا، دەکاربێ. بەڵام تیری پەتیگەریی زۆرتر وشە دەئەنگێوێ؛ پەتیگەری مەعنا لە قالبی وشەدا رادەگرێ، و وشە لە خۆماڵێتیدا نوقم دەکا، و بە دابێژتن و بژارکردنی هەناسەی زمانەکە دەبڕێ. کارتێکردنی زمانە بە دەسەڵاتەکان (فارسی و عەرەبی و تورکی) لە کوردی، تەنیا لە تاقە وشەدا نییە و لە رادەی ڕێزماندا یەکجار بەرچاوە، بەڵام پەتیگەرە سەرەڕۆیەکان کەمتر پێی دەزانن. بۆ وێنە، لە ئێران پێکهاتەیێکی زمانی فارسی وەک "بەیتەکانی فۆلکلۆری" (بیت های فۆلکلۆری) زۆر باوبووە. بەیتەکانی فۆلکلۆری سەردێڕی کتێبێکە (محی الدین برشان، پیرانشهر، سامرند، ١٣٨٥–١٣٨٦) کە دەبوو

هەڵگرت، زۆربەی نووسەری کورد پێی لێدادەگرێ. بەسەرهاتی وشەی "بەروار" رووناکی دەخاتە سەر ئەو باسە. عەبدورەحمانی زەبیحی لە سەرەتای ***قامووسی زبانی کوردی*** دا دەنووسێ:

> ئێستا کە باسی داتاشینی ووشە هاتۆتە پێشێ، ڕەنگە خراپ نەبێ بەسەرهاتی داتاشینی ووشەیەک بگێڕمەوە کە سی ساڵێکی بەسەرچووە. ساڵی ١٩٤٣ بوو لە شاری تەورێز، خەریکی چاپ- کردنی گۆڤاری "نیشتمان" بووم، لە سووریاڕا ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو)م بۆ هاتبوو، ووتارێکی تێدا بوو کە لە دواییەکەیدا نووسرابوو: "بەرواری — ر — ر ١٩٤٣" و پاشانیش ناوی (نووسەری ووتارەکە)، لەو سەردەمەدا ڕەسم وابوو نووسەرانی ئێران یا شاعیرەکان لە دوایی نووسینەکانیاندا ووشەی (بتاریخ) و پاش ئەویش رۆژ و مانگ و ساڵی نووسینی ووتار و شیعرەکانی خۆیان دادەنا. کاتێ ئەم دووانەم پێکەوە بەراوەردکردن، ووشەی (بەرواری) دەگەڵ (بتاریخ) بەرامبەر دەوەستان، من بێ خەبەر لەوەی (بەرواری ناوی مەڵبەندێکە)، (کەو)م لێبوو بە (زڕەکەو) و (بەروار) بە (تاریخ)، ئیتر لەو سەعاتەوە هەروەک دوو (ڕێوی)م دەکونێکدا

---

نووووسرابا بەیتە فۆلکلۆرییەکان. یان لە کورمانجی باکووردا، پێکهاتەی ڕێزمانیی تورکی وەک ل کوردستانا باکوور و ل ترکیيە رۆژنامەگەرییا کوردی (ئەوە سەردێڕی کتێبێکە کە دەبوو ئاوا بێ: رۆژنامەگەرییا کوردی ل کوردستانا باکوور و ل ترکییە) ئەوەندە باوە کە لەوانەیە کەس نەتوانێ دەستی لێ هەڵبگرێ. ئێستە کە چاپەمەنی بە کورمانجی باکوور زۆر بووە و پێوەندی باکوور و باشوور بەرینترە، ئەو پێکهاتە تورکییە خەریکە لە کورمانجی بادینانیشدا پەیدا دەبێ. لە کوردستانی باشووریش جێپێی پێکهاتەی عەڕەبیی "هەڵسان بە..." لە زمانەکەدا دیارە.

دۆزیبێتەوە وابوو، هەرچی بە دەستی من چاپ دەکرا، پێویست با یا نەبا وام ڕێک دەخست ئەم ووشە نایابەی خۆم دۆزیبوومەوە جێگایەکی دەست کەوێ خۆی تێ پەستێوێت.

وەکوو دەبینن، ئەم ووشە بێ دایک و بابە، دایکی (جەهل و نەزانین) و باوکی (تعصبی کوێرانە)یە و خۆم لەو ڕۆژەوە کە هەستم پێکردووە، وازم لە بەکارهێنانی هێناوە و ئەم چیرۆکەشم بۆ گەلێ کەس گێڕاوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا خەڵک هەن دەست بەرداری نەبوون. جا ووشەی لەم بابەتە کەم نەکەوتوونە زمانەکەمان... .[١٤٠]

ئێستە زمانی کوردی بۆ وشەی سەرەتایی بەڵام زۆر پێویستی "تاریخ" بەرامبەرێکی خۆماڵی نییە و کەس ناوێرێ وشەی خوازراوی "تاریخ" دەکاربێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا زەبیحی لە ١٩٧٧دا ئەو چیرۆکەی گێڕاوەتەوە، هێشتا نووسەر و فەرهەنگنووس لە وشەی خۆماڵیکراوی "تاریخ" دەسڵەمێنەوە. بۆ وێنە، ***فەرهەنگی ئازادی*** (ئینگلیسی-کوردی، ٢٠٠٨) لەباتی وشەی dateی ئینگلیسی "بەروار"ی داناوە. ***فەرهەنگی کوردستان*** (کوردی بە کوردی، گیوی موکریانی، ١٩٩٩) و ***ئەستێرە گەشە: فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی*** (فاضل نظام الدين، بەغدا، ١٩٧٦) "تاریخ"یان بژارکردووە و لەباتی "بەروار"یان داناوە. مەعنای ئەو وشە داتاشراوە لە ***فەرهەنگی کوردستان*** دا "مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵە". ***فرهنگ فارسی-کردی*** (دانشگاه کردستان، ١٣٨٥=٢٠٠٦) وشەی "تاریخ"ی فارسی بە "بەروار" مەعنا دەکاتەوە. فەرهەنگی

---

[١٤٠] ***قامووسی زبانی کوردی***، بەرگی ١، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧، ل. ٦١-٦٢.

کوردی–ئینگلیسی/ ئینگلیسی–کوردی، باران رزگار (١٩٩٣) هەم "تاریخ"ی تێدایە هەم "بەروار" بەڵام "بەروار" بە "تاریخ (رۆژ، مانگ، ساڵ)" دادەنێ.[١٤١] فەرهەنگی کوردی–ترکی و ترکی–کوردی (تۆری، ١٩٩٢) وشەی tarixی تۆمارنەکردووە و berwarی بە مەعنای تاریخی رۆژ و مانگ و ساڵ داناوە.[١٤٢] ***القاموس المنیر/Ferhenga Ronak*** وشەی "تاریخ"ی تۆمار نەکردووە و berwar یش بە"طریق جبلی متعرج" مەعنا دەکاتەوە.[١٤٣] ***فەرهەنگا کوردی–ئەلمانی کورمانجی*** (فەریاد فازیل عومەر، ١٩٩٢) "تاریخ"ی بە مەعنای حیکایەت و زانستیی مێژوو (geschichte) و "بەروار"ی بە مەعنای datum (وەک "بتاریخ" لە فارسیدا) هێناوە.[١٤٤] ***فەرهەنگی شارەزوور*** (کوردی–ئینگلیسی، ٢٠٠٠) "تاریخ"ی تێدایە، بەڵام بایەخی زۆرتری بە "بەروار" داوە. ***فەرهنگ ماد–کردی بە فارسی*** (صدیق صفی زادە بۆرەکەیی، جلد دوم، ١٣٦٩) "بەروار" دەکاتە "تاریخ، رقمی کە زمان را نماید". ***فرهنگ فارسی–کوردی*** شکراللە بابان (١٣٦١) "تاریخ" دەکا بە"بڕوار– دیاریکردنی رۆژ و مانگ". وادیارە کەس نەماوە، زەبیحی گوتەنی، کەوی لێ نەبووبێتە زڕەکەو.

تا ئێستە کەس نەیکوتووە کە "بەروار" وەک "غلط مشهور" یان "غلط مصطلح" یان "غلط عام"ی لێهاتووە، واتە وشەیێکی هەڵە کە باوبووە و سەرچاوەکەی هەرچی بێ (نێوێکی جوغرافیایی)

www.zheen.org

---

[١٤١] Baran Rizgar, *Kurdish–English/English–Kurdish Dictionary*, London, M.F. ONEN, ١٩٩٣.

[١٤٢] Torî (Mehmet Kemal Işık), *Ferheng: Kurdî–Tirkî, Türkçe–Kürtçe*, Istanbul, Koral, ١٩٩٢.

[١٤٣] سیف الدین احمد عبدو، ***القاموس المنیر/Ferhenga Ronak***، کردی– عربي باللهجة الکورمانجیة، دمشق، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع، ٢٠٠٦.

[١٤٤] Feryad Fazil Omer, *Kurdisch–Deutsches Wörterbuch*, Berlin, Kurdische Studien Berlin im Verlag für Wissenschaft und Bildung,١٩٩٢.

ئێستە نابێ یان پێویست نییە مەعنا تازەکەی (کە زەبیحی بە هەڵە بۆی دانابوو) نەفی بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا من "بەروار" دەکار ناهێنم، پێم وایە دەکرێ وەک "غلط مشهور"ی چاولێبکەین. دیاردەی وا لە زماندا هەیە و لە روانگەی زمانناسییەوە وشەی وا کە باو دەبێ، ئیدی هەڵە نییە؛ ئەو دیاردەیە دژی سروشتی زمان و دەزگای وشەڕۆنانەکەی نییە و بگرە بەشێک لە دینامیسمی لەبن-نەهاتووی زمانە (ناو دەکرێتە کردار، ئاوەڵناو دەبێتە ناو و هتد). بەڵام باسەکەی من رەخنەگرتن لەئەو دیاردە یان پڕۆسەیە نییە. باسەکە لە سەر ئەوەیە: چ شتێک رۆشنبیران هاندەدا کە وشەی وەکوو "تاریخ" وەلابنێن و بۆ ماوەی ٧٠–٨٠ ساڵان تێدابمێنن و نەتوانن وشەیێکی دی لەباتی دابنێن؟ بۆ وەهبی و زەبیحی دەست لە پەتیگەری سەرەڕۆیانە هەڵدەگرن، بەڵام زۆربەی نووسەران درێژەی پێدەدەن؟ بۆ سەرێکی نایێشێ پرێسکەی لێ دەبەستن؟ ئەوە چ جیهانبینی یان ئیدەئۆلۆژییێکە کە دواکەوتوویی یان نەگەشاوەیی زمانی کوردی دەکاتە کێشەی ((بێگانەبوون یان خۆماڵیبوون؟))

**سەرەڕۆیی یان ئیدەئۆلۆژی؟** من تا ئێستە کێشەکەم وەک کێشەی سەرەڕۆیی و هێمنی لە پەتیکردندا لێکداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی نێوان ئەو دوو بۆچوونە بەدیدەکرێ و تێگەیشتنەکەی بەکەڵکە، پەتیگەری سەرەڕۆیانە تەنیا سیاسەتێکی توندڕۆیانە نییە و ئیدەئۆلۆژی یان جیهانبینییێکە (worldview, weltanschauung) کە زمان و کۆمەڵ و سیاسەت و مێژوو (رابردوو و ئێستەو داهاتوو) دەکاتە کێشەی رەچەڵەک و رەگەز. بەپێی ئەو ئیدەئۆلۆژییە، هەر دیاردەیێک، زمان و غەیری زمان، لە دووبەرێتی خۆ/بێگانە دا لەنگەری هاویشتووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لە سەرەتادا باسی ئیدەئۆلۆژی بە گشتی و ((ئیدەئۆلۆژی زمانی)) بە تایبەتیم کردووە. ئیدەئۆلۆژی چۆنیی دیتنی دنیا و کۆمەڵ و تێگەیشتنی پێوەندییە کۆمەڵییەکانە (لێکدانەوەی باری ئێستا)، ڕوانینە لە داهاتوو (بۆ کوێ دەچین؟)، چاو لە رابردووکردنە (چۆن گەیشتووینە ئێستا؟)، ئامانج و ئارەزوو و ئەخلاقە (دەبێ چ بکەین؟ راست و ناڕاست چییە؟)، و دیاریکردنی رێ و شوێن و شێوەی رەفتار و کردارە (چۆن دەکرێ بە ئامانجمان بگەین؟). گشت ئینسانێک ئیدەئۆلۆژی هەیە، بەڵام ئیدەئۆلۆژییەکان جۆراوجۆرن و پڕن لە ناتەبایی. ئیدەئۆلۆژی وا هەیە کە سەرچاوەی تەواوی کێشەکان (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵی... ) لە دژایەتی یان ناکۆکیی نێوان رەگەزەکان، قەومەکان، نەتەوەکان، دینەکان، یان کولتوورەکاندا دەدۆزێتەوە. ئەوە جیهانبینی "خۆ و بێگانە" یە. خۆ چاکە، جوانە، رەسەنە، پاکە، راستە... و بێگانە خراپە، دزێوە، چەوتە، ناپاکە، و درۆیە.**

**ئەو ئیدەئۆلۆژییەی کە لە سەردەمی تۆفیق وەهبی و هاوفکرەکانییەوە تا ئێستا باوبووە، زمانی کوردی وەک زمانێکی توانا و بەهێز چاولێدەکا کە ئەگەر کەمایەسی و کەم-وکووڕیشی هەبێ، لە دەرەوەڕا بەسەریدا براوە – کوردی دەستبەستەی زمانی عەڕەبی و فارسی و تورکیی بووە؛ جا چارەی ئەو سەرشۆڕییە خاوێنکردنەوەی تانوپۆی کوردییە لە ئاسەواری ئەو سێ زمانانە، تەنانەت بە داتاشینی مێژووی نەتەوە و زمان، ئەلفوبێ، شێعر، و شاعیرەکانی،[145] و بە**

---

**[145] بۆ وێنە، شیعری "هورمزگان رمان ئاگران کوژان..." کە دەڵێن دەگەڕێتەوە سەردەمی هێرشی عەرەب و لەشکری ئیسلام، داتاشراوی حوزنی موکریانییە؛ هەروەها ئەنوەر مایی دوو شاعیری داتاشیوە؛ شیخ محمد مردوخ کردستانی (*تاریخ مردوخ*، تهران، نشر کارنگ، ١٣٧٨، ص. ٥٢–٥٣) دەڵێ**

بنکەی ژین www.zheen.org

پاکتاوی‌کردنی رابردووی نەتەوە لە هەر رووداوێکی دزێو و رازاندنەوەی بە کردەوەی جوان و قارەمانانە. جا نەتەوەیێکی رابردوویەکەی ئاوا کۆن و خاوێن بێ، تاقانەیە، وڵاتەکەی یەکە، زمانەکەی یەکە، ئەلفوبێیەکەی یەکە، ستانداردەکەی یەکە، فکرکردنەوەی یەکە، ئاڵایەکەی یەکە، و ئەوەی شکی بێ لەئەو یەکەتییە دوژمنی نەتەوەیە. ئەوە ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستییە کە هەم لە نەتەوەی ژێردەست و هەم لە نەتەوەی دەسەڵاتداردا باوە.

ئەو ئیدەئۆلۆژییە لە وڵاتە رۆژئاواییەکان لەمێژە هەیە، هەم بەتوندی و هەم بەهێمنی، و لە ئاخری سەدەی نۆزدە بە ئەولاوە وەک پڕۆژەیێکی سیاسی گەڵالەکرا – رەگەزخوازی (racism)، چاککردنی رەگەز (eugenics)، فاشیسم، نازیسم، ناسیۆنال شۆڤینیسم، بێگانەترسی (xenophobia)، و ئەپارتاید – و جاروبار دەکرا بە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەتی). کاتێکی دووبەرێتی "خۆ و بێگانە" ببێتە رێبازی نەتەوەڕۆنانی دەوڵەتێک یان هێزێکی نادەوڵەتی، بەرەو پڕۆژەی ژێنۆسید و پاکتاوی قەومی و رەگەزی و نەتەوەیی دەڕوا، وەکوو (ئەڵمانی "نازی"، "خمێر رووژی" کامبۆج، ئیسرائیلی سەهیوونیستی، تورکییەی عوسمانی و کەمالیستی...). دوای شەڕی جیهانیی دووەم، خەباتێکی زۆر لە دژی جیهانبینی رەگەزیی کرا و ئێستە لە حقووقی نێونەتەوەییدا ژێنۆسید و ئەپارتاید وەک جینایەتی دژی بەشەرییەت دادەندرێن.

بەڵام ئەگەر پاکتاوی رەگەزی و نەتەوەیی و قەومی لە دنیای سیاسەتدا قەدەغەکراون و وەک جینایەت چاویان لێدەکرێ،

---

کوردان پێش ئیسلام بە ئەلفوبێی "ماسی سوراتی" نووسیویانە، بەڵام هیچ بەڵگەیێک نییە ئەو ئیدیعایەی بسەلمێنێ.

پاکتاوی زمان[١٤٦] تەنیا وەک پڕۆژەیێکی ناسیۆنالیستی لە قەڵەم دەدرێ کە هەم لایەنی باشی هەیە و هەم خراپ.[١٤٧] من لەپێشدا، باسی لایەنی باشی پەتیگەریم کردووە – وەکوو دەکارهێنانی ئەو وشە کوردییانەی کە لە زمانی زارەکیدا هەن، بەڵام لە زمانی نووسیندا دەکارنەهاتوون – بەڵام باسی من ئەوەیە کە لە مێژە لایەنی مەنفی و خراپ بە سەر لایەنی موسبەت و باشدا زاڵ بووە و وەلای ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ پەتیگەری لە ریزی فاشیسم و نازیسمدا دابندرێ، وێکچوونی رێباز و جیهانبینی پەتیکردن و رەگەزخوازی لە دووبەرێتی یان دژایەتی خۆ و بێگانەدا خۆی دەنوێنێ. باری ئێستەی نووسین بە کوردی وەهایە کە نووسەر هەر وشەیێکی دەینووسێ، دەبێ بە پێوانەی رەچەڵەک هەڵی-بسەنگێنێ و ئەگەر خۆماڵی و پەتی و "رەسەن" نەبوو، دایبێژێ و شتێکی بۆ داتاشێ، یان لە زمانێکی دی (بێجگە لە عەرەبی و فارسی و تورکی) بۆی بخوازێ،[١٤٨] یان کاری سەیرتر بکا وەک ئەو بەلایەی بە سەر وشەی "رەگەز"یان هێناوە. لە پرۆسەی پەتیکردندا، وشەی "رەگەز" لە بەرامبەر race دەکارهات و جێگەی خۆی کردەوە. بۆ نموونە، فەرهەنگی وەهبی و ئێدمۆندز بۆ "رەگەز" ی root, ancestry, race داناوە؛ ***هەنبانە بۆرینە*** "بنیچە، نەژاد"ی دەکارهێناوە؛ ***فەرهەنگا کوردی–ئەڵمانی***

---

[١٤٦] زاراوەی "پاکتاویی زمانی" ئێستە لە باسی سیاسەتی زماندا دەکار دێ. بۆ وێنە بڕوانە:

Keith Langston, “Linguistic cleansing: Language purism in Croatia after the Yugoslav breakup,” *International Politics*, ١٩٩٩, ٣٦ (٢), ١٧٩–٢٠١.

[١٤٧] بۆ لێکدانەوەی پەتیگەریی لە روانگەی تیۆرییەوە بڕوانە:

George Thomas, *Linguistic Purism*, London, Longman, ١٩٩١.

[١٤٨] کاتێکی نووسەر و وەرگێڕ لە باتی وشەی خوازراوی وەک "ئیستیدلال" یان "لەهجە"، وشەی "ئارگیومنت" و "دیالێکت" ی زمانی ئینگلیسی دەکاردێنن، بۆچوونی رەگەزیی بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

***کورمانجی***، وەک وەهبی و ئیدمۆندز، کردوویە بە rasse, vorfahren, volk و وشەی "ڕەگەزپەرستی"ی کردۆتە rassismus، و زۆربەی فەرهەنگی دیش "ڕەگەز"یان بە مەعنای "نژاد" (فارسی) و race (لە ئینگلیسی و زمانە ئورووپاییەکان) هێناوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە وشەی genderی ئینگلیسی بە مەعنا تازەکەی کە لە تیۆری فێمینیستیدا دەکاردێ، گەیشتۆتە زمانی کوردی، نووسەر و وەرگێڕی کورد بۆ ئەوەی بەلای وشەی "بێگانە"ی "جینس" و "جینسیەت"دا نەڕۆن (ئەو جۆرەی کە فارسی کردوویەتی) وشەی "ڕەگەز"ی لە باتی دادەنێن و دەڵێن "ڕەگەزی مێ" و "ڕەگەزی نێر". بە بۆچوونی من زمانێکی نەتوانێ جیاوازی دابنێ لە نێوان مەفهوومی زۆر گرینگی وەکوو race و gender، بە کاری ژیانی ڕۆشنبیری نایە. ئەو ناڕۆشنبیریکردنەش پیلانی بێگانە نییە و پرۆژەی سەدساڵەی ڕۆشنبیری کوردە. ناڕۆشنبیریکردنی زمانی کوردی بەرهەمی "تەعریب" و "تەتریک" و "تەفریس" نییە و وەڵامدانەوەیێکی ناسیۆنالیستیە بەو پرۆژانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## وتوویژێک لەگەڵ "تۆفیق وەهبی"

## لەندەن، ٢٨ تەمووزی ١٩٧٦[١٤٩]

**تۆفیق وەهبی:** لە مانگی حەزیرانی ١٩٢٣دا دەستم کرد بە نووسینەوەی دەستووری زمانی کوردی لەسەر [بنچینەی] دەستووری زمانی فەرەنسی. فەرەنسیی پێ ئەڵێن وا نییە، ئێوە؟[١٥٠]

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئێمە فەرەنسزی ئەڵێین، کە [لە] لایەن "لاریڤ ئێ فلوێری"یەوە نووسرابوو. کتێبەکەی لای من بوو، کتێبێکی بچووک بوو، ١٠٧ لاپەڕە بوو. کتێبێکی سەرەتایی بوو وە ناوی ساڵی سەرەتایی گرامێر بوو وە لە ١٩١٠دا لە پاریس چاپ کرابوو. خۆم لە پۆلەکانی ئیعدادیی عەسکەری و کۆلێجی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٤٩] جێگەی ئەو چاوپێکەوتنە ماڵە تۆفیق وەهبی و ئاسیا وەهبی لە لەندەن بوو. وتوویژەکە لە سەر شریتی کاسێت تۆمار کرا. ئەوانەی لە وتوویژەکەدا بەشدارییان کرد بە ڕیزی قسەکردنیان لە شریتەکەدا ئەوانەن: تۆفیق وەهبی، ئەمیر حەسەن پوور، عەزیز ژیان و ئاسیا خانم. عەزیز ژیان و ئەمیر حەسەن پوور خەڵکی سابلاغ/ مەهابادن و لە ١٩٧٦ خوێندکار بوون. محەمە دتەقی هاشمی دایبەزاندووە و ئەمیری حەسەن پوور پێیدا چۆتەوە.

[١٥٠] پێش ئەوەی دەست بە تۆمارکردنی وتوویژەکە بکەم، باسی لێکۆڵینەوەکەم سەبارەت بە پرۆسەی ستانداردکردنی زمانی کوردی کرد، و داوام لە مامۆستا تۆفیق وەهبی کرد کە بارودۆخی زمانی کوردی لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و تێکۆشانی خۆی بۆ گەشاندنەوە و ستانداردکردنی کوردی باس بکا. ئەویش وەڵامەکان و باسەکانی بە چاولێکردن لەو سەرچاوەیە دەست پێکرد: تۆفیق وەهبی، "حول مقال مسؤولية الاديب الكردي الكبرى للاستاذ عبدالمجيد لطفي"، *التآخي*، ژمارەی ١٢٧٨؛ مطبعة *التآخي* وەک نامیلکە یان "مسئلة" لە ١٩٧٣دا بڵاوی کردبۆوە و مامۆستا ئەوەی بە دەستەوە بوو.

جەنگی هەموو ساڵەکانی گرامێری "لاریڤ ئێ فلوێری"م خوێندبوو، چاکم ئەزانی، شارەزای بووم. ڕەوشتەکەی کە شارەزای بووم، کردم بە ڕێبەری خۆم.[١٥١] بە پێی ئەوەوە نزیکەی دوو دەفتەر، دوو دەفتەری بچووکم لە دەستوورەکە، لە دەستووری کوردی نووسییەوە. دەفتەری یەکەمم دا بە دوکتۆر "پاکیزە ڕەفیق حیلمی" لە ساڵی ١٩٧٠دا لە لەندەن وە دەفتەری دووەم ئێستە لێرەیە، لە لام ماوەتەوە. لەم نووسینانەدا نیشانەی تایبەتیم بۆ دەنگی کوردی بەکار نەهانیوە، هەر چەندە لە بەرەوە تێگەیشتم کە تیپەکانی عەرەبی بەس نین بۆ نووسینی دەنگەکانی کوردی.

لەم کاتەدا وەزارەتی مەعاریفی عیراق، بە نامەیێکی ڕەسمی داوای نووسینی قەواعیدێکی زمانی کوردیی لێ کردم، بۆ ئەوەی لە دەرسخانەکاندا – من بە مەدرەسە ئەڵێم دەرسخانە...

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ... لە دەرسخانەکانی کوردیدا بخوێنرێ. ئەمە ساڵی ٢٣ [١٩٢٣]. لەگەڵ نامە ڕەسمییەکەیدا کە وەزارەتی مەعاریف ناردبووی، گرامێرێکی ئینگلیزیشیان ناردبوو بۆم کە پەیڕەوی بکەم لە نووسینی گرامێرەکەمدا، بەڵام من لە ئەندێشەی نووسینی دەنگەکاندا بووم، ئەو ئەندێشەیە بە ڕاستی داگیری کردبووم. لەو وەختەدا خواوڕاستان نامیلکەیەکم دی لە نامەفرۆشیی مەکەنزیدا، مەکەنزی نامەفرۆشیی ئینگلیز بوو لە بەغدا. لەو نامیلکەیەدا گشت ئەو زمانانەی کە **ئینجیل**یان تەرجومە کردووە، نموونەیان لێ نووسرابوو؛ ئەوانە کە بۆ نموونە ئایەتەکانی ئینجیلیان نووسیبوو، لە گشت ئەمانەدا

---

[١٥١] Larive et Fleury, *L'Anné préparatoire de grammaire*. Paris: Librairie Armand Colin. ١٩١٠ .


COURS ELEMENTAIRE
de Grammaire
LARIVE & FLEURY
Theorie
Elocution
Redaction
223 Exercices

نیشانەی پێویست دانرابوو. تەبیعی کوردییەکەم ئەوەندە ڕاست نییە کە من قسە ئەکەم، چونکی لێم تێکئەچێ، نووسیومە، لەبەر ئەوە گوێ مەدەرێ. تێئەگەی، وا نییە؟

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ، تەواو تێدەگەم.

**تۆفیق وەهبی:** لەسەر دەنگە تایبەتیەکاندا، یەعنی ئایەتەکانی دەنگەکانی ئەو زمانە نیشانەیان دانابوو لەسەر حەرفەکان؛ ئەوەم دی. موهیم بوو ئەمە بۆ من، منیش کەوتمە بەستی ئەوەوە کە، کەوتمە بەستی، ئەمە تەعبیری منە، یەعنی کەوتمە بەندی ئەوەوە، بەسترام، دەربەست بووم، نیشانە دابنێم لەسەر تیپە عەرەبییەکان بۆ نووسینی کوردی. فارسەکان نیشانەی تایبەتییان دەمێ بوو دانابوو بۆ خۆیان لەسەر چوار تیپی عەرەبی کە بریتی بوون لە سێ خاڵ بۆ دەنگەکانی **پێ**، **چیم**، **ژێ**، وە سەرێکی دووەم بۆ دەنگی **گاف**. تورکەکان، بێجگە لەمانە **هێ**ی ڕەسمییان دانابوو لەجیاتی زەبەری فارسی؛ **هێ**ی مودەوەر، یەعنی لە هەردوو زمانەکەدا، چونکە دەنگی **واو** وەکوو **ڤێ** دەپەڕتێنرێ. ئەم تیپە ئیشارەتی بۆ دانەنرابوو، چونکە خۆیان واوەکە وەکوو **ڤێ** ئەخوێننەوە، فارسی وا نییە؟ **ڤە**، "ڤە مەن هەم ڕەفتم، و من هم رفتم". ئێمە ئەڵێین وە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** لە پێش ئەوەدا کە دەست بدەمە دەستووری زمان نووسین، بەپێی نامە ئینگلیزییەکە هۆشم دایە سەر دۆزینەوەی دەنگەکانی زمانی کوردی، بەڵام چونکە ئینگلیزییەکە فۆنۆلۆژیی نەکردبوو بە سەرەتاکەی خۆی، منیش باسی فۆنۆلۆژیم دانابوو بۆ دوای ڕستەبەندی، یا ڕستەسازی، یەعنی نەحوو.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئا ئەمانە شتی تر زیادن، تەفسیلاتە... پچڕپچڕ پێت ئەڵێم. هەر چۆنی بیخوێنمەوە پێت ئەڵێم. دانانی

نیشانە لەسەر وشەکانی قورئانی کەریم: ئەوانیش کردوویانە لە پێش ئێمەیا، قورئانی پیرۆز لەو کاتەدا بە خەتێ نووسراوە کە – وەکوو ئەزانی– هیچ نیشانەیەکی لەسەر نەبوە، وەختێ کە هاتۆتە خوارەوە، نوخشە کەسانێ کە نیشانەیان داناوە لەسەر تیپی قورئانی کەریم، زاناکانی ئیسلام خۆیان بوون نە عەرەب، عەرەب ئحتیاجی نەبوو، و نیشانەی نوختەیان لە زمانی سریانی وەرگرت. خەتی سریانی نوختەی هەیە، لە وێوە فێربوون، ئەوە هیچ، من کتێبم لە لایە لە کوتوبخانەکەی خۆما، کتێب بەبێ نوختەیە، کتێبی کۆن، موخەتتەت، چاپ نەکراوە، ئێستا داومە بە "ئەنجومەنی زانشتیی کوردی"... من لەسەر گرامێرەکە ڕۆیشتم وە هەموو ساڵێ نیشانەکانم ئەگۆڕی بۆ تەجروبە. لە ساڵی ۱۹۲٦دا حکوومەتی عیراق بیستی کە من ئەم ئیشە ئەکەم. حکوومەتی عیراق نووسیی بۆ هەموو کوردستان، بۆ هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد کە لە بەغدا و لە وڵاتی عەرەبیشدا بوون، کە تۆفیق وەهبی ئیشارەتی داناوە لەسەر حرووفی قورعان و ئەمە کفرە و بە کفریان ئیعتیبار ئەکرد. لەبەر ئەوە باوکی ئەو منالانەی کە ئەم کفرەی ئەخوێندەوە لە مەدرەسەکانا، عەجەبا ڕەئییان چییە؟ دەوام بکەن لەسەر ئەمە؟

ئێمەشیان بانگ کرد، چەند جارێک کۆمیتەمان دروست کرد. جارێکیان ڕەئیسی وزەرا خۆی حازر بوو وە من هەر ئیصرارم کرد، تەقریرێکی ئەم ئیجتیماعاتە ئێستە لەلامە، فۆتۆکۆپیەکەی لەلامە، لە مزەکەراتی مدیری مەعاریفی عیراقی ئەوسا کە ناوی "ساطع ئەلحوصەری" بوو، عەرەبێک بوو، بیتتەبع ئەو بە لای خۆیا دائەتاشێ. [١٥٢] لەگەڵ ئەمەشا ئەگەر

---

[١٥٢] بسام طیبي لە لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بە ناسیۆنالیسمی عەرەب، ساطع الحصری وەک "تیۆریدانەری" ناسیۆنالیسمی عەرەب دادەنێ و دەڵێ لە پێش شەڕی جیهانی هەوەڵدا (۱۹۱٤–۱۹۱۸) ئەو ناسیۆنالیسمە، کە رۆشنبیرانی لیبنانی و

ئێوە بیخوێننەوە، ئەبینن کە کابرا ڕقی لە ئێمەیە، هەرچەن ئەڵێ بۆ چاکیی ئێوە من ئەمەوێ، ئەم ئیشارەتانە نووسینەکەتان سست ئەکا، چاک نییە بۆ ئێوە، درۆی ئەکرد، ئەمە کفرە لە قورئانا، درۆی ئەکرد. حەتتا ڕۆژێ چوومە سەری بە جلی عەسکەرییەوە. من لێفتنانت کەڵەنێڵ بووم ئەو وەختە، بە جلی عەسکەری و چزمە و هەڵلا هەڵلاوە، بە سواری چوومە دائیرەکەی، دابەزیم، چوومە سەری، چوومە ژوورەکەی؛ گوتم: تۆ ئەڵێی من کفرم کردووە، چونکی ئیشارەتم داناوە لەسەر قورئان، من موسڵمانم، ئیعتیقادم بە ئیسلامییەت هەیە، بە قورئانی کەریم هەیە، وە لاکین ئیعتیقادم بە قورئانێکی وا نابێ کە مانیعی خۆندنی من بێ. ئەگەر تۆ وای ئەزانی، من قورئانەکان کۆ ئەکەمەوە، ئەیخەمە سەر حوشترەکان، ئەیاننێرمەوە بۆ حیجاز. لە دائیرەی ڕەسمی پێم وت، هاتمە دەرەوە، ئەنووسێ خۆی، ئەڵێ: ((هاتە سەرم، زۆر تووڕە بوو))، ئەم باسە ناڵێ، بەڵام ئەڵێ ((زۆر بە حیددەت قسەی ئەکرد)).[153]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

سوورییەیی لە بواری ئەدەب و زماندا دایانڕشتبوو، ئامانجەکەی پێکهێنانی ئازادی لیبرالی و دیمۆکراسی بوورژوایی لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا بوو، بەڵام دوای شەڕی جیهانی وەک ئیدەئۆلۆژییێکی کۆنەپەرستانە، خەڵک پەروەرانە (populist)، و زۆر جار شەڕانی سەری هەڵهێنا و لە نیوان دوو شەڕی جیهانی (١٩١٨ هەتا ١٩٣٩) و دوای شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩–١٩٤٥)، ((ساطع الحصری و میشل عفلق ئەو شێوە نوێیەی ناسیۆنالیسمی عەرەبیان گەڵاڵە کرد...)) و هەردووکیان بە شێوەیێکی کاریگەر هەتا سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ دەوریان گێڕا لە فکری سیاسی عەرەبیدا:

Bassam Tibi, *Arab Nationalism between Islam and the Nation–State*. Third Edition, New York, St. Martin’s Press, ١٩٩٧, p. ١١٦.

[153] بڕوانە: ابوخلدون ساطع الحصری، ***مذکراتي في العراق ١٩٢١–١٩٤١. الجزء الاول ١٩٢١–١٩٢٧***، منشورات دار الطیعة، بیروت، ١٩٦٧. نووسەر فەسڵێک لەئەو کتێبەی تەرخانی ئەو باسەکردووە: "قضیة کتابة اللغة الکردیة"، صص٤٥٧–٥٥١.

مابەینمان تێکچوو، ئەوەتا ئە لەوێیە، نازانم چیی لێ هات فۆتۆکۆپییەکەی. من کە موتەعەهیدی حکوومەت بووم گرامێریان بۆ بکەم، دەرچووم لێی، مەلایەکیان بانگ کرد، وتیان وەرە بینووسەوە، دووسەد ڕووپیەیان دایێ، مەلاکە شتێکی نووسی ***موختەصەری صەرف و نەحوی کوردی*** ناوی نا ئەوە. "مەلا سدقیی کابان"، شتێکی وایە ناوی. لە ساڵی ١٩٢٨ کە تەسبیتم کرد. لەگەڵ ئەمەشا، من بازێ حەرفم لەبەر خاتری ئەوان ئیشارەت بۆ دانەنا، مەسەلا ئوو، دەنگی ئوو، یەعنی بزوێن – ڤۆیس[١٥٤]، ئوو بە دوو واو نووسیم، نەک ئیشارەت. تەبیعی ئوو ئیشارەت دابنێی ئاسانترە. ئی بە دوو یێم ئەنووسی، ئیی درێژ. چوار بزوێن نیشانەم بۆ دانەنا لەبەر خاتری ئەوان، وە ناردمە میسر پەنجا لیرەی ئاڵتوون. تەبیعی ئەو وەختە لیرەی ئاڵتوون هەبوو، بە واسیتەی مەطبەعەی حەدیثە هەبوو لە بەغدا، حرووفیان بۆ هێنام، چاپم کرد. ئەوەتا چاپەکە لێرەیە، لەژێر ئەو کتێبەدایە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** دەستووری زمانی کوردی، ١٩٢٩.

**تۆفیق وەهبی:** ئا، ١٩٢٩ من کە ئەمەم بڵاو کردەوە، حکوومەت ئەهەمییەتی نەدایێ، بە پارەی خۆم، پارەی چاپ هەموو لە خۆم. بە منداڵەکانی ئەگوت هیی مەلاکە بخوێنن، کە هیچ نازانێ مەلاکە؛ مەلاکە تورکیی خۆنووە وەختی خۆی، پیر بوو، فارسیی ئەزانی حەقیقەتەن، عەرەبیشی ئەزانی، وە لاکین کابرایەکی مۆدێرن نەبوو. لەپاشا منیان کردە موتەسەڕیفی سلێمانی، من سیاسەتم ئەکرد. لە ساڵی ١٩١٩دا لە سلێمانی بووم، لە عەلەیهی حاکمی سیاسی بووم، لە زددی بووم. لەژنەیەکم هەبوو لە کوردەکان، لە گەنجەکان ئەهاتنە ماڵ، قسەمان ئەکرد. کابرا حەزی لە کورد ئەکرد، دۆستی من بوو، منی

---

[١٥٤] Voice.

**زۆر خۆش ئەویست وە کابرا ئەیویست کە کەلیمەی عەرەبی لە کوردییا نەمێنێ. ئەو حاکمە سیاسییە ناوی میستەر سۆن بوو، وە لاکین مەعامەلەی لەگەڵ کوردەکانا مەعامەلەی نە ئەم بەعسیانە، نە هیتلەر، مەعامەلەی شایە کۆنەکان کە دەموچاوی خۆیان دائەپۆشی، کەس چاوی پێیان نەکەوێ، لە پشت پەردەوە حوکمیان دەکرد؛ ئەو لەو چەشنە بوو.**[155]

**عەزیز ژیان: مێجەر سۆن نییە، مامۆستا؟**

**تۆفیق وەهبی: مێجەر سۆن، بە بازاڕا کە ڕائەبورد، ئەبوایە هەموو کەس هەڵسێتە سەر پێیان، ئیشەکەی خۆی تەرک بکا، زۆر درێژە حیکایەتی ئەمە. بیتتەبع هەر چەنە من ئەمەم ئەبیست، موتەئەسیر ئەبووم. مەجلیسێکی بەلەدییەی تەشکیل کرد، من داخڵی ئەو مەجلیسە بووم، ڕەئیسی بەلەدییە هەبوو، ئەشرافی سلێمانی هەشت نۆ دە کەس. ژوورێکی وا، دەرگاکە وا بوو؛ خۆی لێرە دائەنیشت، مێزێک لەبەردەمیا بوو، ئەوانە**

---

[155] سۆن (Ely Bannister Soane, ١٨٨١–١٩٢٣) لە سەرەتای سەدەی بیستدا بۆ ماوەییێک لە ئێران (بوشهر و شیراز) دەژیا، لە شیراز بوو بە موسڵمان (١٩٠٥)، دوایە بۆ ماوەیێک لە بانکی شاهی لە کرماشان کاری دەکرد و لەوێ فیری کوردی بوو، لە ١٩٠٩ وەک ئێرانییێک (بە جلوبەرگی ئێرانی و بە نێوی "میرزا غوڵام حسین شیرازی") سەفەرێکی باشووری کوردستانی کرد (کوردستانی عوسمانی)، بۆ ماوەیێک لە هەڵەبجە میوانی عادڵە خان بوو، و حیکایەتی ئەو سەفەرەی لە کتێبێکدا (*To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise*, ١٩١٢) گێڕاوەتەوە. سۆن لە ساڵانی شەری جیهانی هەوەڵ (١٩١٤–١٩١٨)دا، لە دەم و دەزگای عەسکەری و جاسووسی دەوڵەتی ئینگلیسدا کاری دەکرد، و لە ئاداری ١٩١٧ دوای ئەوەی ئینگلستان بەغدای داگیرکرد، سۆنیان نارد بۆ خانەقین بۆ پێوەندیگرتن لە گەڵ سەرۆک عەشیرەت و ئاغاوەت و شێخی کورد و هاندانیان بۆ بەشەڕهاتن لە دژی تورکییەی عوسمانی. سۆن لە ١٩١٩دا کرا بە ئەفسەری سیاسی ئینگلیس لە ناوچەی سلێمانی. بەرهەمی نووسین و لێکۆڵینەوەی نزیکەی ١٢ کتێب و نووسراوەیە سەبارەت بە زمان و شیعری کوردی و باری سیاسی و ئیدارەیی کوردستانی باشوور. هەروەها دانانی کتێبی *Kitab i Awalamin i Qiraat i Kurdi* (Baghdad ١٩٢٠) و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ***تێگەیشتنی راستی*** (١٩١٨–١٩١٩) بەڕێوەبردووە.

هەموو کورسی بوون، سکرتێرەکەشی لێرە کوردێک دائەنیشت. من لەپێش هەموویانا ئەچوومە ژوورەوە. کە من ئەگەیشتمە بەردەمی، بە فەرەنسزی ئەیگوت دانیشە. هەردوکمان دائەنیشتین، ئنجا ئەشرافی سلێمانی ئەهاتن. یەعنی ڕوویەکی وای دا بە من. ئەم پیاوە، لەگەڵ ئەوەشا من مەمنوون نەبووم، چونکی مەسەلا سمێڵی ڕەئیسی بەلەدییەی ئەگرت، ڕای ئەکێشا بۆ تەحقیر. ئێ دەری کە، تۆ کردووتە ڕەئیسی بەلەدییە. ئەمە چی شەرەفێکی ئەمێنێ ئەم کابرایە، وا نییە؟ عاجز بووم لێی. منی نەفی کرد، چوومە لای، گوتم زۆر مەمنوون بووم. تۆ چاکیت لەگەڵ من کرد، لێرە بمایایەوە بە خوا چیم بەسەرا ئەهات؟ گوتی نەوەڵڵا، خراپیم لەگەڵ کردی، کەیفی خۆتە ... گوتم ئەمەوێ لە وڵاتی خۆما بم، لاکین بە من چاکییە، چونکی ئەوەی ئەیبینم، مەمنوون نەبووم لێی، وە هەرچی بمگوتایە ئەبوو، هەموو هەفتەیەک جەدوەلێکم ئەهێنا، لە فلان جێیا ئەوە بکرێ، حەمامەکان خەزێنەکانی ئەبێ دابخرێ، نابێ کەس بچێتە ئاوەوە، نەخۆشی تیایە، ئەمە وایە، هەمووی ئەکرد بۆم. گوتم: خوا حافیز.

چووم، منیان بردە جێیە کە من لەوێ حاکم بووم لە زەمانی عوسمانلییا، منیان کرد بە مەئمووری ئاخوڕ، قنگی ئەسپەکانیان پاک ئەکردەوە، گەنەی تیا بوو؛ ئەبێ بچم ڕاوەستم بە سەریانەوە، بە سەر سەربازەکانەوە، کە ئەوە چۆن پاک ئەکەنەوە، تەماشایان کەم، یەعنی مەسئوولییەت، بۆ تەحقیر وە منیش گوێم نەئەدایە، چونکی من، حەقیقەتەن، کە هاتمەوە لە تورکیا، مەوقیفم گەورە بوو لە تورکیا. من زانیم کە شێخ مەحموود ئەوا حوکمدارە و دۆستی منە و ئینگلیزەکانیشم زۆر خۆشئەویست، چونکی ئەزانم عادیلن، چاکن، حەقیقەتەن بە غەڵەت نەچووم هەتا ئێستا. لاکین ئەم کابرایە ئەم مەعامەلەیەی، لەگەڵ ئەوەشا کە منی خۆشئەویست، کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دەستوور ی زمانی کوردی .

جیزمی یەکەم .

تەوفیق وەهبی .

www.zheen.org

بەغـــدا .
دار الطباعـــة الحديثة .
١٩٢٩

خۆش ئەویست، ئەیگوت تابیعی عیراق مەبن، شەڕی ئەکرد بۆ ئێمە، ئا ئەوەیشی ئەکرد، سمێڵی ڕەئیسی بەلەدییەی ڕائەکێشا، تەبیعی ئەمە ئیستیبدادێکی زۆر خراپ بوو، وە نییە؟ من وا تەربییەت نەکرابووم لە دەوڵەتی عوسمانییا، تەحەمولم نەئەکرد. هیچمان نەکردبوو، هەر قسەمان ئەکرد، کەوا دائەنیشتین بە شەو هەر قسەمان ئەکرد، ئەمانخواردەوە.

لەپاش ئەوە شەڕی عیراق بوو، سەورەی عیراق، شۆڕشی عیراقی مەشهوور (١٩٢٠). شۆڕش تەواو بوو، عەفووی عموومی هات، تەبلیغی منیان کرد، کە تۆش عەفوو کراوی. منیان بردەوە بۆ بەغدا، چووینە دائیرەی حاکمی عام. کاپتەنێک هات، گوتی دانیشە، دانیشتم، کاپتەنەکە عەرەبیشی ئەزانی. پاشان بووین بە دۆست، هاتە سوپای عیراقەوە، بە منی گوت، تۆ چی ئەکەی؟ بۆ کوێ ئەچی؟ گوتم نازانم، هاتوومەتە ئێرە. گوتی ئەوا حکوومەتی عیراق دروست ئەبێ وە سوپای عیراق دروست ئەبێ، من، ئەگەر حەز ئەکەی، نەسیحەتت بکەم، بچۆ ئەوێ، ئەگەر ئەتەوێ، جەعفەر پاشاش ئەبێتە وەزیری دیفاع؛ بووە، ئەمر دەرچووە، بچۆ ببینە. وەلحاصڵ ئێمە چووینە جەیشی عیراقییەوە، ئووردووی عیراق.

لە ساڵی (١٩٢٢)ا من چووم بۆ سلێمانی. دوو مانگ مامەوە لە سلێمانی، تەبیعی سیاسەت تەصادوفەن لەو وەختەدا "حەمدی پاشای بابان" مرد، شەو لە ماڵی حەمە ئاغا، ڕەمەزان بوو، لەوێ بۆ ئیفتار بانگ کرابووم. لەوێ مودیری تەلغراف، ئەویش بانگ کرابوو، هات چونکی دوا کەوت، هات گوتی: بە خوا تەلغرافێکی وا هاتووە.

گوتم: بنووسن، هەمووتان تەلغراف بۆ بەغدا بە کوردی، حەتتا ئەو وەختە تەلغراف نەبوو بە کوردی، ئەمما کوردییەکەش چی بوو، عەرەبی بوو، تەقریبەن: "ئیشتیراکی تەعزییەتان ئەکەین". هەر ئەوەندە، دوو کەلیمە، هەموو

نووسییان، بەغدا، بۆ حەمدی بەگ بابان، ئەوی لێرە مرد. سبەینێ ئەمە بڵاو بووەوە بۆ دێیەکان، بۆ ناحیەکانی سلێمانی، بۆ قەزاکان. هەندێ کەس نووسیبوویان: پرنس حەمدی بابان، ئیتر حەماسەتێکی زل گرتنی، حەمدی پاشا [بەگ] خۆی گێڕایەوە، گوتی: ئەلەرزیم لە ترسانا، ئینگلیزەکان چیم پێ ئەڵێن، ئەڵێ ئەمە تۆ کردووتە، ئەمە من کردم. هەر ئەو شەوە لە ماڵی حەمە ئاغا، حەمە ئاغا ئەزانی کێیە؟ کچەکەی حەمە ئاغا ژنی "ئیدریس"ە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** ئیدریس کێیە؟

**تۆفیق وەهبی:** ئیدریس بارزانی. لە ماڵی ئەوان. ئەو دۆستم بوو. تەبیعی من دوو مانگ لەوێ بووم، تەواو بوو، گەڕامەوە بۆ بەغا. کەس لێی نەپرسیم چییە و چی نییە، لەوێش کەس لێی نەپرسیم. ڕۆژێک بانگیان کردم لە دائیرەی سیاسییەوە، مەندووبی سامی، چووم مەندووبی سامی خۆی چوو بۆ لەندەن، وەکیلەکەی لەوێ بوو، گوتی: ئێمە شتێک ئەکەین بۆ ئێوە، تۆ کێ حەز ئەکەی بیکەین بە ڕەئیسی ئەم ئیشە. گوتم: حەمدی بەگی بابان، گوتی: حەمدی بابان خۆی نایەوێ. ئنجا ڕاستی کرد، درۆی نەکرد لەگەڵم. نایەوێ، شێت بوو، نەمئەزانی شێتە، گوتی: خۆی نایەوێ، گوتم: تەها، سەیید تەها، ئەوی لە تاران مرد. گوتی: سەید تەها لەگەڵ سمکۆ مەشغووڵە، خەڵک تاڵان ئەکەن، سابڵاغ تاڵان ئەکەن، نازانم کوێ تاڵان ئەکەن، دەستمان ناکەوێ. گوتی: ئەی چۆنە ڕەئیت بۆ شێخ مەحموود، گوتم: نەء، گوتم: شێخ مەحموودتان تەجروبە کرد، شەڕی لەگەڵ ئێوە کرد، بریندار بوو، ئێستە حەپس بوو، مەحکووم بە ئیعدام بوو، عەفووتان کرد، ئێستا لە هیندستانە. گوتم: ئەگەر ئێوە هەر حەز ئەکەن شێخ مەحموود بێتەوە، ئێستە مەیهێننەوە، بیهێننە عیراق، لە جێیەک داینێن، ئێمە ئەچین، من ئەچم، زابتەکان لەگەڵما ئەچین، ئیدارەیەکی کوردی موختەڵەط دروست ئەکەین لە سلێمانی وە

ئێوەش، تەبیعی، زابتی ئینگلیزیم ئەدەنێ بۆ موعاوەنەت، لەشکرێک دروست ئەکەین هیی کورد لەوێ، وە کردیان حەقیقەتەن، خۆیان کردوویانە ئەساسەن، کە شێخ مەحموود قووەتی نەبێ بە واسیتەی عەشایەرەوە بەسەر لەشکرەکەدا، زەعیف بمێنێ. ئەو وەختە پاش شێخ مەحموود قانوونی هەموو شتێ دروست ئەبێ، قەیناکە. گوتی: باشە. هاتمە دەرەوە.

شێخ مەحموودیان هێنایەوە، منیش پێنج زابتم لەگەڵ خۆم هەڵگرت وە چووم بۆ سلێمانی، درێژە ئەم حیکایەتە، نایکەم، ئەیبڕمەوە لێرە. شێخ مەحموود بەرقییەیەکیان بۆ نارد لە بەغداوە. زستان بوو، مەندووبی سامی وە مەلیک هەردوکیان، ئینگلیز و عەرەب، ئەڵێن ئێوە ئیستقلالتان ئەدەینێ، تەواو بووە، وەفدێ بنێرن، هەیئەتێ بنێرن، لە ناو خۆتان ئیتتیفاق بکەن، حودوود تەعیین بکەین و چی بکەین و چی بکەین. شێخ مەحموود بەمە ڕازی نەبوو، شێخ مەحموود ترسا، نەوەکوو خۆی بچێ بیگرن، چونکی یاخی بوو و گوێی نەئەدانێ، لەوە ئەترسا. تووڕە بوون ئینگلیزەکان، ئینزاریان کرد. سمکۆ هاتە سلێمانی، ئیستقبالیان کرد. سمکۆ لە مارتا ڕۆیی، هەر لەو مانگەدا ڕۆیی، گوتی: زستان بڕوا من نامێنم لێرە، ڕۆیی. من دوو زابتم لەگەڵ سمکۆ نارد، لەگەڵ سمکۆ، هەڵمبژارد دوو زابت لە مەعییەتیا بچێ، دوو ملازم. لەو وەختەدا ئینگلیزەکان ئینزاریان کرد، گوتیان ئێمە سلێمانی بۆمباردمان ئەکەین بە تەیارە، بە هەواپەیما، فڕۆکە.

منیش حاڵم زۆر خراپ بوو، ویستیان بمکوژن؛ شەوێک جەماعەتێ دانیشتن لەگەڵ شێخ مەحموودا، ئەشرافی سلێمانی، پاش نانخواردن. من لەوێ نەبووم وە پیاوێکیش، زەنگەنە، "عەلی ئاغای زەنگەنە" عەشیرەتە، خزمی مێردی پوورمە، ئەویش لەوێ بووە. ڕەئیسی شورتە – پۆلیسی عامی کورد – کە ئەویش خزمی شێخ مەحموودە، هاتووە، لە

دەرگاکەوە تفەنگی بەدەستەوەیە و دەمانچەی لێرەیە و فیشەک و پۆلیسی لە پشتەوەیە، گوتی: وا ئەڕۆین. ئەوانیش گوتیان: بۆ کوێ ئەچن ئەمانە؟ ئەو جوابی یایەوە، گوتی: تۆفیق وەهبی وە جەماعەتێ دانیشتوون عارەق ئەخۆنەوە، لە منەوەرەکان. منەوەر، ئێستە پێیان ئەڵێن ڕۆشنبیر؛ ئەچین لە سەربانەوە ئەیانکوژین، لە هەیوانی ماڵی ڕەشید جەودەت عارەق ئەخۆنەوە، ئەیانکوژین. ئەوانیش وتیان مەکە، چۆن ئەبێ، تۆفیق وەهبی پیاوێکە ئەوەنە خۆنوویەتی، ئێمە ئەوانە هەموو خوێنەواری ئێمەن، یەعنی نامێنێ، کە وابێ هیچ کەس نامێنێ، نابێ ئەمە، خوا هەڵناگرێ. ئەو عەلی ئاغایە زۆر هینی کردووە، مومانەعەی کردووە، خزمی پوورم، لە پاڵیشیەوە ئەحمەد بەگێک هەبوو شاعیر، مەشهوور ساحێبقڕان، شیعرەکانی ئەزانن؟

**ئەمیر حەسەن پوور:** ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان.

**تۆفیق وەهبی:** ئا ئەوە، ئەوە گوتی من شاهیدم تۆفیق وەهبی تۆی ئەوێ، وەسیقەت بۆ ئەهێنم، حەقیقەتەن کە هاوینێ چوومەوە سلێمانی، دوو مانگ چوومە ئەوێ، منیان ئیجبار کرد کە مەزبەتەیێ ئیمزا بکەم کە شێخ مەحموود بێننەوە، بۆم ئیمزا کردن. سبەینێ چوو هێنایەوە، گوتی: فەرموو ئەمە کێ ئیمزای کردووە، تۆفیق وەهبی عەلیهیی تۆ نییە، مەیکوژە.

ئەوە وەزعم بوو، من ئەساسەن لەپاش یەکدوو ڕۆژ کە ئەو خەبەرەم بیست، ویستم ڕابکەم، هەموو شتێکم حازر کرد. من خزمم هەیە لە هەڵەبجە، خزمم هەیە لە ناو جافا، عەشیرەتی نەورۆڵی خزمی منن، لەوێوە بچم بۆ بەغا، بگەڕێمەوە. لە پڕێکا پیاوێک هات، وسوو ئاغای پێ ئەڵێن. وسوو ئاغا من لە زەمانی ئینگلیزا بە واسیتەی "مێجەر سۆن"ەوە چاکیم لەگەڵ کردووە، دەوڵەمەنم کرد، قۆنتەراتێکم دایێ، گوتم: بیدە بەو، دایێ. هات، گوتی: هەستە با بچین بۆ لای شێخ، گوتم: من بچم بۆ لای شێخ؟

www.zheen.org

گوتی: بە من باوەڕ ناکەی؟ کێ ئەتوانێ دەست درێژ کا بۆ تۆ. جا ئەوە یەکەپیاوی سلێمانی بوو، لە مەعاریف بوو، تەبعەن لای مێجەر سۆن کە تەقدیمم کرد، گوتی قۆنتەراتەکە تەواو بوو، ئەیزانی کە پێی ئەکرێ، بەقووەت بوو. چووم لەگەڵیا، ئەمە حازر بووم کە ئەو شەوە بڕۆم، چووم لەگەڵیا. تەبیعی شێخ مەحموود ئیستقبالی کردم، گوتی: فڵان و فڵان تۆیان خۆش ناوێ، لە عەلیهی تۆ قسە ئەکەن لای من. گوتم: ئەگەر تۆ یا بەرەڵام کە بڕۆم وە ئەگەر ئەترسی لە من، لە ماڵی خۆتا ژوورێکم بەرێ، لەوێ دانیشم، من ئیشت بۆ بکەم، من ناچمە دەرەوە، ئەمە دوو ڕێی هەیە. گوتی: نەء تۆ قانوون و مانوونی عەسکەریم بۆ دروست کە و هیی تەعلیم و مەعلیم، کردم، بیلفیعل چاپ کرا وە من هەر لەشوێن فرستەتێکا ئەگەڕێم ڕابکەم.

ئینگلیزەکان کە گوتیان ئێوە بۆمباردمان ئەکەین، هاتن سێچوار بۆمبای بچووکیان فڕێ دا لە قەراغ شاری سلێمانی وە بەیاناتیان فڕێ دا، گوتیان ئەمانە بچووکن، ئەگەر شێخ مەحموود دەرنەچێ لە سلێمانی، لە پاش سێچوار ڕۆژی کە دێینەوە، بۆمبای گەورە فڕێ ئەدەین. حەقیقەتەن هاتنەوە، من نوستبووم. بەیانی نوستبووم، ژنێک هات بە پەلە، گوتی: هەستە. گوتم: چییە؟ گوتی: تەیارە هاتووە، خەڵقیش منیان بە دۆستی ئینگلیز ئەزانی، ماڵی تەلغرافچییەکان کە تەلغرافیان بۆ هاتبوو لە چەمچەماڵەوە، وا تەیارە هات، ئیتیجاهی ماڵی منیان کردووە، گوتوویانە ئینگلیز نایهاوێژێ بۆ ئەوێ، منیان بە دۆستی ئینگلیز ئەزانی. هاتمە خوارەوە، هاتمە حەوشەکە، بەس نەبوو هاتمە حەوشەکە، ئەگەنا کوژرابووم، بۆمبا هات، بە بەردەمی مندا هات، هینەکان چوون بە عاسمانا، دای لە پەنجەرەکان، هەمووی شکاند، یەکێ تر لەولا، یەکێکی تر لەولا. خانوویەک لە پێشمەوە بوو، دووقات بوو، وەکوو کەللەیەکی شەکر لە هین دروست

بنکەی ژین
www.zheen.org

کرابێ لە وردە، فڕێی یەیتە ناو ئاوەوە، چۆن بڵاو ئەبێتەوە؛ ئەو خانووە چاوم لێی بوو من، هاتە خوارەوە، لێی دا، خانووەکە بوو بە عەرز، بەڵام بەر خانووی ئێمە نەکەوت.

دەرحاڵ سواری ئەسپ بووم، ڕامکرد، چوومە دەرەوەی سلێمانی. لەوێوە چووم بۆ بەغا. حیکایەتەکە درێژە؛ چۆن چووم، چۆن چوومە بەغا، منیان خستە حەپسخانەوە. چیم کردووە؟ حەپسخانە کەسیش من نابێ ببینێ، من چیم کردووە؟ گوتیان: تۆ پیاوی تورکی، پیاوی تورک! من لای تورک بووم، پیاوی تورک بوومایە، بۆچی ئەهاتمە ئێرە؟ نەئەهاتم، چل-ودوو ڕۆژ مامەوە لە حەپسخانە. ئینگلیز زۆر عاقڵە، یەعنی هەروا لە خۆیەوە ئیش ناکا، تەحقیقاتیان کرد. ڕۆژێک وەزیری داخلییە بانگی کردم لە حەپسخانەوە، چووم، گوتی: عەفوومان بکە، ئێمە غەڵەت بووین، تۆ پیاوی چاکی، ئەوا ئێستە ئێمە حازرین، بۆ تۆ چیت ئەوێ بۆت بکەین، ئێمە غەڵەتمان کردووە. گوتم: من پیاوێکی عەسکەرم، ئەمەوێ عەسکەری بکەم، ئەچمەوە جێی خۆم. منیان تەعین کرد بە قوماندان، فەرماندەی "مەدرەسەی تەدریب"، تەدریبی زابتە تورکەکان کە ئەهاتنەوە، کۆنەکان فێرمان ئەکردن بە ئوسووڵی ئینگلیزی. منیان کرد بە قوماندانی ئەوێ. ئیتر من ئەو وەختە، ئەو ساڵە ساڵی ٢٣ [١٩٢٣] بوو کەوا ئێستە ئەڵێم، دەستم کرد بە گرامێر نووسینەوە.

ئەویشم بە ئێوە گوت کە حکوومەتی ئینگلیز قەراری وابوو کە کوردی بخوێنن. ساڵی ٢٩ [١٩٢٩] ئەوەم نووسییەوە، قیسمێکی مابوو، هاتمە لەندەن بۆ مەدرەسەی عەسکەری، سێ مانگ مامەوە وە ناجیح بووم، ناجیحێکی وا کە تەبریکنامەیان بۆ هات، بۆ حکوومەتی عیراق، کە زابتە ئینگلیزەکان ئیحترامی ڕەئیی منیان ئەگرت بۆ تەعبییە و ستراتیژ و شتی وا.

لەپاشا مەلیک فەیسەڵ منی کرد بە موتەسەڕیفی

www.zheen.org

سلێمانی، که من زابتێ بووم، وا نییه؟ ئێسته بوومه موتەسەڕیف، بوومه سیاسی. لاکین ڕجای لێ کردم، که چووم تەشەکورم کرد، گوتی: مەیکه، سیاسەت مەکه، ئەیزانی ئەیکەم، چونکی موعاهەده هەبوو وه عیراق ئیستیقلالی وەرئەگرت، ئەچووه "عوصبەتول ئومەم"ەوه. ئێمه حوقووقمان هەبوو، ویلایەتی مووسڵ به شرووت دراوه به عیراق، هەروا نەدراوه. شێخ مەحموود حەربی کردووه، چیی کردووه، من نەفی کراوم، ئەو وا بووه، ئەو وا بووه.

چوومه سلێمانی، ئەهالی مەمنوون نەبوو له حاڵی ئەم خەبەره که ناوی ئێمه نییه له موعاهەدەکەدا، تەلغرافیان لێ دا بۆ بەغدا، داوای مەطاڵیبێکی زۆر سووکیان کرد، هیچ، نه موختارییەت، نه هیچ. بەغدا تووڕه بوو، ئەمه چییه بابه؟ بەرقییه بۆ من سیڕڕی، به شفره، من جوابم دایەوه خۆم، گوتم له (بەسره) هەزار جار شتی وا ئەبێ، ئێوه تووڕه نابن، بۆ جەماعەت تووڕه ئەبن، ئێوه با بیڵێن، وەلحاصڵ موەفەق نەبووم لەگەڵیان.

من لەژێرەوه تەحریکم ئەکردن، کردیان به موختارییەت، ئەووەڵ جار شتی سووکیان ئەویست، ئەمجا کردیان به موختارییەت، موختارییەتمان ئەوێ. له بەغداوه جەریده ئەهات، پڕه له جنێو بۆ من، ((نەفەرون)). نەفەروون، یەعنی مەقسەدیان من بوو، ئەیانزانی من ئەیکەم، تەبیعی به ئەوانیش قۆمیتەیەکم کردبوو له یانزه کەس، ئێمه "دوانزه سوارەی مەریوان"مان هەیه. ئەمانه یانزه سواره بوون، باشه.

**ئەمیر حەسەنپوور**: بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی**: ئنجا من گوتم سەوره ئەکەم، هەیئەتێک هات له بەغداوه، وەکیلی مەندووبی سامی، وەکیلی ڕەئیس وزەرا، وەزیری داخلییه، وەزیری عەدلییه هاتن، له ماڵی من میوان بوون بەعزێکیان، وه کۆ بوونەوه، ئەشرافی سلێمانی له ساڵۆنی سەرا. منیش جێگەی خۆم دا به ڕەئیس وزەرا،

موتەسەڕیف بووم. خۆم لەوێ دانیشتم، بوو بە موناقەشە، وەکیلێکیان تەعیین کردبوو، "ڕەمزی فەتاح" ڕەفیقصنفی من بوو، ئەوەیان تەعیین کردبوو، ئەو موناقەشەی ئەکرد لەگەڵی.

حاصڵی تەواو بوو، ڕۆیشتن ئەمانە، من لەگەڵیان نەچووم، گوتم: نەخۆشم، ئەبوو بچم هەتا حودوود، حودوودی لیواکەی خۆم یەعنی، پرۆڤێنسەکەی خۆم، نەچووم، قەرارم دا سەورە بکەم، یەعنی شۆڕش بکەم، هەستام چوومە هەورامان، "جەعفەر سوڵتان"م دۆزییەوە، لە ماڵی کوڕێکی هەبوو لە (تەوێڵە)، لە ماڵی ئەو میوان بووم. شەو قومارمان کرد، ئەو ئەبێ قومار بکا دائیمەن، خوا عافووی کا، بردمە لایەکەوە، گوتم: من هاتووم کە تۆ هەڵسێنم وە لەگەڵتان بم، ناچمەوە سلێمانی. گوتی: بەڵێ، باشە، ئەمر ئەکەی، نە سیلاحمان هەیە، نە پارەمان هەیە، نە فیشەکمان هەیە. گوتم: تۆ ئەیخۆی لە ئاخرییا. ئەوە بوو خواردی، لە برسانا مرد لە بەغا. گوتی: بە خوا حاڵمان وایە، چی بکەین. تەماشام کرد نییەتی نییە، گەڕامەوە سلێمانی. من گەڕامەوە. تەلغرافێک لە سەر مێزەکەم دانراوە، ئەڵێ: ئێستە ئەبێ بێی بۆ بەغا.

ئەو ڕۆژە سلێمانی خەریک بوو شۆڕش بکا، خەبەرم نارد؛ لە ڕێی خوایا هیچ مەکەن، ئەمکوژن لە ئاخرییا. لە سلێمانییا شۆڕش چۆن ئەکرێ؟ ئای، دوو فەوج لەوێیە، دوو بەتالیۆن عەسکەر لەوێیە، تەبیعی ئیمکان نییە هیچ بکرێ. سوار بووم، خاڵم لەگەڵما هات، ئەچین بۆ کەرکووک، لەوێوە ترێن هەیە، ئەچین بۆ بەغدا. لە نیوەی ڕێ تەماشام کرد، عەشیرەتێک وەستاوە، سواری ئەسپ بوون، ڕێیان پێ گرتم، "خەلیفە یوونس" مەشهوور ڕەئیسی گەلاڵی، موحاریب لە سکۆچ ئەچوو، درێژ، ڕیشی سوور، سمێڵی سوور، چاوی شین، نێرەکەرێک.

گوتی: بۆ کوێ ئەچی؟ گوتم: ئەچم بۆ بەغدا. گوتی: نابێ بچی. گوتم: چی بکەم؟ گوتی: سوار بە، بڕۆین. گوتم: بۆ کوێ؟

بنکەی ژین www.zheen.org

گوتم: ئێوە دەشتەکین، جا عەشیرەتی جاف لە دەشت ئەژی، من لە هەورامان بۆم نەکرا، ئەگەر بڵێم نایەم؟ گوتم: ڕجات لێ ئەکەم خەلیفە یوونس، واز لە من بێنە. گوتم: ئینشائەڵڵا ڕۆژێک دێ من ئەو وەقتە تۆ بانگ ئەکەم.

تەبیعی نەیئەتوانی ئیجبارم کا. گوتی خوا حافیزت بێ. هاتمە کەرکووک، سواری ترێن بووم. لە ماڵی موتەسەڕیفی کەرکوک نانم خوارد. هاتم بۆ بەغدا، لەپاش چەند ڕۆژێ منیان خستە حەپسخانەوە، ئەوە بوو بۆم گێڕانەوە، ئەوە حەپسخانەی ترە، ئەمجارە حەپسخانەی عوموومی بوو. ئەو وەختە تەوقیفخانە بوو. ئەمە حەپسخانەی عوموومی بوو ئەمجارە. دایکی سزا تەلغرافی لێ یا بۆ "عوصبەتول ئومەم"، کە مێردەکەم گیراوە، نەخۆشە، هیچ قەباحەتی نییە. جوابی بۆ هاتەوە مەترسە.

**ئاسیا خانم** [بە پێکەنینەوە]: مەترسە، هیچ نابێ.

**تۆفیق وەهبی:** لە پاشا منیان بانگ کرد بۆ محاکەمە، ئەیانبردم لە ئوتومبێلی ڕەشا، پەنجەرەی نییە، گەرما، مانگی حەزیران، گەرما بوو زۆر، ئاسنە هەمووی، هیی حەپس، هیی موجریم، ئەیانبردم. ئەو ساڵە کە هاتم. . نە.. ساڵی.. نە نە، ئەمە حەپسیان نەکردم، عەفوو، ئەمجارە حەپسیان نەکردم، ئەمجارە گوتیان ئەبێ لە ماڵی خۆتا دانیشی بە نیو مەعاش.

**ئاسیا خانم:** بعد چم شهر حبسوە.

**تۆفیق وەهبی:** منیش قەرارم دا کە بچمە بێرووت شکات بکەم، چونکە لە بەغدا ناکرێ، زەحمەتە، ئەهات مانگی نیسان چوومە بێرووت، ئەوا ئێستا لامە، ئەو عەریزەیە لێرە دەستم کەوتەوە، مەرکەزێک هەیە ئێستا ئەتوانێ پیاو لەوێ وەریگرێ.

**عەزیز ژیان:** مەرکەزی ئەسناد.

**تۆفیق وەهبی:** شتی کۆنەی زانیوە، ئێ ئێستە لامە. ئەوەم دا و گەڕامەوە. گوتم صوورەتەکەی بۆ عیراق، پێش ئەمە قسەم

کرد. که گەڕامەوە لەپاش دووسێ ڕۆژ دایان بەسەرمانا پۆلیس. گوتم بابە ئەوەتا لەسەر مێزەکەم داناوە، بیبەن و وازم لێ بێنن، من یێم لەگەڵتانا، لاکین کتێبەکانم تێک مەدەن، گوێیان لێ نەگرتم. چووم حەپسیان کردم لە جێیەک کە میزیان تیا ئەکرد، پیس، تەحقیر، سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە، پاشان بردمیانە مەحکەمە، جارێ لەگەڵ ئەو شەوە کێ سەرخۆش بوو، کێ پیاوی کوشتبوو، ئەیانگرتن، ژووری موجرمین، منیان خستە لای ئەوان، سەرسەری... هیچ عاجز نەبووم قەتعییەن قەتعییەن، هەر پێ ئەکەنیم. لە پاشا منیان بردە مەحکەمە. ڕەئیسی مەحکەمە شەهابەددین وا نییە؟

**ئاسیا خانم:** شەهابەددین گەیلانی.

**تۆفیق وەهبی:** گوتی تۆفیق تۆ وات کردووە، وات کردووە، ئەوەت کردووە. گوتم: شەهابەددین بەی، من وام کردووە، وام کردووە. من دەرئەچم لەم حەپسخانەیە، من دەوام ئەکەم، وا ئەکەم وا ئەکەم، وا ئەکەم. هەتا حەقی کورد وەرئەگرم. گوتی کاتبەکە ئەمە ئەنووسێ، تۆ چۆن...؟ من گوتم ئای... ئەی بۆچی وا ئەڵێم؟ هەتا بینووسێ، کاتبی، تەبیعی، زەبت، زەبتی ئەکا. گوتم: ئەی ئەم قسانەم بۆ کێ ئەکەم، کە بینووسێ، کە خەبەرتان ببێ، کورد واز لە حەقی خۆی، ئەبەدی، ناهێنێ. گوتی: دە بڕۆ خوا حافیز. منیان خستە ئەو دیو ئاسنەوە، بردمیان بۆ حەپسخانە.

**ئاسیا خانم:** گتلە، انت ما عندک حق تحاکمنی، انت مدعی علیە وانا المدعی.

**تۆفیق وەهبی:** ئێ، ئنجا نانی موجریمەکانیان بۆ هێنام، بۆم ناخورێ، چۆن ئەیخۆم، شتی پیس، چەرپایەکیان هێنا، بەتانیی حەپسەکان، ئەوی پیاویان کوشتووە، ئەوانەیان لەسەر دانابوو. ئەبێ بنووی، گوتم نانووم. وەڵڵا بۆ سبەینێ

سیاسەتیان گۆڕی لەگەڵما، گوتیان نوێنی خۆت بێنە لەماڵی خۆت، چی ئەهێنی بهێنە. با نانیشت بۆ بێ.

**ئاسیا خانم**: ان شاء الله ثلاث أیام.

**تۆفیق وەهبی**: ئنجا ئەیانبردم بۆ مەحکەمە، ئەهاتم و ئەچووم، درێژە ئەویش. نەتیجە ئەوراقەکەیان بردە لای مەلیک فەیسەڵ، ناڵێم پیاو بوو، بە منی گوت مەچۆ... بە منی گوت مەکە، من کردم. لە پاشا کە کردم، تەبیعی ئەوراقەکەی منیان بردە لای ئەو. ئەبێ دوژمنی من بێ، وانییە؟ سەیید ئەحمەدی ڕاوی، ئێستە ماوە لە بەغایە، دوو جار بۆ منی گێڕاوەتەوە. ئەڵێ، چووم تەنیسی یاری ئەکرد، کە لێ بووەوە، گوتی: ((ئەحمەد شکو عندک؟)) بۆچی هاتووی؟ گوتم: سەییدی، ئیشی تۆفیق وەهبی چییە؟ گوتی: ئیفادەکەی وایە. من نووسیومە لە ژێر سێبەری تاجی مەلیک فەیسەلێ موختارییەتمان ئەوێ، ئەوی ئێوە و جەریدەکان ئەنووسن ئینفیصاڵی، بۆچی وا ئەنووسن؟ ئەم بەسەزمانە ئەڵێ لەژێر تاجی مەلیک فەیسەلێ، کوا ئینفیصاڵی؟ نابێ، ئەمە سەیید ئەحمەد دوو جار بۆی گێڕاومەتەوە، ئەمە پیاوەتییە، وە نییە؟ ئاخری بەبێ محاکەمە دەرچووم. کە دەرچووم، ئەمجارە بێئیش مامەوە چەند ساڵێک، برسی، بێئیش، قۆنەرەکانم پینە ئەکرد. حەز لە گەڕان ئەکەم، گەنج بووم، ئەبێ بگەڕێم، پیاسە بکەم، من عەسران چا ئەخۆمەوە، وەکوو ئێستا ئەهەمییەت بە چا نادەم، ئەو وەقتە هەموو عەسرێک پارەی چام نەبوو، لەسەر حەمووشی دەرچوو باسی منیان ئەکرد کە من لە ئینگلیز ((الذهب الوهاج))، زێڕی بریسکەدار وەرئەگرم. من برسیم بوو، ئاخری هەتا ڕەفیقێکی صنفم کوودەتای کرد، جەعفەر پاشای کوشت، بوو بە دیکتاتۆری عیراق. بەکر صدقی ڕەفیق صنفمە، وەکوو برام وا بوو، منی کرد بە مدیری عامی ئەشغاڵ. بەکر صدقی موددەتێکی کەم مایەوە، کوشتیان. لەپاش کوشتنی ئەو زۆر عەزێتی

منیشیان دا، جاسووس و ماسووس و ئەمانە. چونکی یەکێک لە دوژمنەکانی من تەقریرێکی دابوو، گوتوویە بەکر صدقی تەرتیباتی دۆزەخی جەهەننەمیی کردووە و تەتبیقەکەی بەدەست تۆفیق وەهبی‌یە، ئنجا چی ئەکا حکوومەت؟ ڕۆژێک لە ڕۆژان جەمال بابان ژنی ئەهێنا بۆ براکەی، لە کلووبی ئینگلیزەکان ...

**ئاسیا خانم:** علوییە.

**تۆفیق وەهبی:** ... لەوێ زیافەتێکی چاکی کردبوو. هەموو وزەرا و وکەلا و هەموو لەوێ بوون. منیش لەوێ بووم. من لەگەڵ داود پاشا حەیدەری، کوردێکە ئەویش، وە لەگەڵ کوردێکی تر وەستابووین، یەکێکمان شاعیر بوو گوایە، شیعری بۆ ئەخوێننەوە، ئێمەش پێئەکەنین. لەوێ ڕەئیس وزەرا هاتە لام، سەلام و عەلەیکوم، دۆستمە، ئیستا بووین بە دوژمن، لە منالییەوە دۆستم بوو. گوتی تۆفیق وەهبی، وەڵڵا تۆ پیاوی چاکی. ئای گوتم تەشەکور ئەکەم، حەز لە خراپی ناکەم، لاکین ئێوە خراپیتان چییە؟ بەڵێ، گوتی ئێمەش پیاوی چاکین، ئەگەر ئێمە پیاوی خراپ بووینایە، ئەمانکوشتی، نەمانکوشتی، دەرچوو کە تۆ پیاوی چاکی، ئەلحەمدولیلا.

ئیتر لەو وەختەدا سەورەی عەرەب لەناو خۆیان، ڕەشید عالی و مەشید عالی و ئەو ڕەزالەتە بوو. ئەوە تەواو بوو، ئیتر من ئەوە بوو ئەو نووسینانەم دەرهێنا بۆ ئینگلیزەکان. ئەو قامووسە بدۆزەوە، دووهەزار کەلیمە ئەبێ، هەموو هەفتەیەک دەرئەچوو، لیستە.

**عەزیز ژیان:** حەفتەیی بوو؟

**تۆفیق وەهبی:** حەفتەیی بوو، بزانە بەشکوو بیدۆزیتەوە، ئەگەر دۆزیتەوە پێم بڵێ، منیش کۆپییەکی وەرئەگرم.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئێ، من لە بەغا هەمە خۆ، خوا ئەیزانێ چیی لێ هات. ئنجا لەپاش ئەوە منیان بردە مەساحەوە، هەڵیانگرتم

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ئەشغاڵ، مەساحە ساكینتر بوو، دوژمنایەتی كەم بوو لە حەق منا لەویٚ. ئا لەویٚ خەریتەم دروست كرد، ڕەنگاوڕەنگ، بۆ لەهجەكانی كوردی، چونكی خۆم مودیر مەساحە بووم.

**عەزیز ژیان:** مەساحە، مامۆستا پێم وایە ئیشی دەریا و ئاو و شتە.

**تۆفیق وەهبی:** ڕاوەستە پەلە پەل مەكە تۆ.

**ئەمیر حەسەن پوور:** مەساحە ... نەقشەكێشانی زەوی ...

**تۆفیق وەهبی:** ئەها ... ئنجا لەپاش ئەم هەموو شەڕەشەقە، قانوونی لوغاتی مەحەللییە دەرچوو. ئیشەكەی ئێمە ئەمەیە، یانی ئێمە لەپاش ئەم هەموو شەڕەشەقە حوقووقێكمان وەرگرت، ناوی "قانوونی لوغاتی مەحەللییە" بوو؛ ئەبیٚ لە لیواكانی، یانی ئوستانەكانی، كورددا ئیدارە بە كوردی بیٚ وە مەدرەسەكان چەند ساڵێك بە كوردی بیٚ. ئەوە تۆ ئەوەت ئەویٚ.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵیٚ.

**تۆفیق وەهبی:** تەبیعی من مەمنوون نەبووم بەمە، ئەو فەداكارییەی ئێمە كردمان، ئەو حەموو شەڕە كە كرا، شێخ مەحموود هەتا ساڵی ٣٣ [١٩٣٣] شەڕی كرد، نەء ٣٢ [١٩٣٢]، ئا لەو وەختانەدا تەواو بوو، كە قانوونەكە دەرچوو ئیتر. لاكین من لە وەزعێكا نەبووم سیاسەت بكەم، منیان فڕیٚ دابووە دائیرەی مەساحەوە. خەڵك لە من دوور ئەكەوتنەوە، دیسانە شورتیم بەسەرەوە بوو، دیسانەوە جاسووم بەسەرەوە بوو، شەدید. لەژێر موراقەبەدا بووم، هیچم پێنەئەكرا. لەپاش نەختێك، شەڕ بوو، شەڕی جیهانیی دووەم. ئەو وەختە ***گەلاوێژ*** دەرچوو. ***گەلاوێژ*** كە دەرچوو، خەبەریان دامیٚ شتێكی وا دەرئەچیٚ. من گوتم مانگی پاوەنێك، دینارێك لە منەوە هەدییە بۆ ئێوە. ئیٚ، نەء ساڵانەی دینارێك بوو، مانگی دینارێك بوو، من ئەیدەم، پێم خۆش بوو، مانگی دینارێك و مەقالەیەك، وتار، ناوم نابوو

"وتار". ئیتر ئەوە بوو ئەیبینی، لەگەڵ ئەوەدا خەریک بووم وە لەپاشا تەبعەن زۆر دەوامی نەکرد، هەر چەند ساڵێک دوو ساڵ بوو، شتێکی وا، ئەوی ئینگلیزەکانم دەرئەهێنا. لەپاش ئەوە ***دەنگی گێتیی تازە***، ئێستا شەش نوسخەم لایە، مەقالەی جوانی تیایە، ئینشائەڵڵا ڕۆژێکی تر پێشانت دەدەم. ئەو قانوونی لوغاتی مەحەللییە تەتبیق نەکرا.

**ئەمیر حەسەن پوور:** چ ساڵێک بوو ئەوە مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** ساڵی ۳۱ [۱۹۳۱]. قانوونەکە ۳۱ دەرچوو، لاکین تەتبیق نەکرا، من لە ساڵی ۳۳ [۱۹۳۳]دا ***خوێندەواری باوم*** دەرهێنا، یانی نووسین بە زمانی بە حورووفی لاتینی. تۆ، ئەڵێی مانیع، مانیع هیچ نەبوو، حکوومەت هیچ مانیعی نەبوو، هەرچیم ئەکرد ئەمکرد، لە نیهایەتا حەرفەکانی منیان نەئەویست، حەرفەکانی منیان گوم کرد، شکاندیان، چییان لێ کرد؛ نە کتێبی من ما، لاکین ***دەنگی گێتیی تازە*** هەرچەندە ڕەغبەتیان نەدایێ، بردیان، کوردەکان ئەیانبرد، ئەمدانێ، ڕووپیەیێک بوو، نایفرۆشم فییاتی ڕووپیەیەک بوو. بڵاوم کردەوە، ئێستە خۆم نیمە لێرە، کچێک لە یونیڤێرستەی بێرووتا دیویەتی، کچێک لە ئەشرافی کوردستان دیویەتی، فۆتۆکۆپیی لێ وەرگرتبوو، ئێستە فۆتۆکۆپی لای من هەیە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** ئی ***خوێندەواری باو***؟

**تۆفیق وەهبی:** ئا.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئا

**ئەمیر حەسەن پوور:** لێرەش هەیە

**تۆفیق وەهبی:** لە کوێیە؟

**ئەمیر حەسەن پوور:** لە یوونیڤرسیتی ئاف لاندن.[١٥٦]

---

[١٥٦] University of London.

# خوینده‌واری ی باو

توفیق وهبی

خاوه‌نی « ده‌ستوری زمانی کوردی »

بنکەی ژین
www.zheen.org

نرخی ( ٥٠ ) فلسه

بغــدا
دار الطباعة الحديثة
1933

**تۆفیق وەهبی:** ئا. .. ئەوە هیی ئەدمۆنسە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئەوە شتی چاکی تیایە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئا لەوێیا دەستم کردووە بە عەرەبی گۆڕین بە کوردی، بە شیددەت.

**ئەمیر حەسەن پوور:** یانی بیکەی بە لاتین ئیدی.

**تۆفیق وەهبی:** ئا.

**ئەمیر حەسەن پوور:** مامۆستا بۆ؟ مەنزوورت چ بووە؟

**تۆفیق وەهبی:** کەلیمەی "بزوێن" لەوێیا ئەووەڵ جار بەکارم هێناوە، "نامیلکە"، ئەوە من دروستم کردووە. "وشە"، "بزوێن"، نازانم چی؟ لەوێ ئیشی زۆرم کردووە وە من لە ساڵی ٢٥ [١٩٢٥]ا کە ئامری کوللییەی عەسکەرییە بووم، ئەو وەختە، یانی کۆلێجی جەنگ، کتێبێکم دۆزییەوە ئاڤیستایی لە ماڵی حەمدی بابان، ڕجام لێ کرد بمداتێ. هاوین بوو، گوتم ئەم هاوینە پاشنیوەڕۆ ئیشمان نییە، من لەگەڵ ئەم کتێبە خەریک ئەبم. ئێستا دەفتەرەکەم لایە. "ئوم سزا" من ڕجام لە تۆ کردبوو کە ئەوانەی لە عەرزان، ئەو دەفتەرە بچووکانە، بیخەرە شتێکەوە، مومکینە بیهێننە خوارەوە، کتێب نا، هەر دەفتەرەکان، بچووک، بچووک.

**ئاسیا خانم:** هسە تریدە؟

**تۆفیق وەهبی:** ئەمە ئەیبینن وەکوو سینەما، وەکوو سینەما ئەیبینن ئێوە، ساڵی یەکەم، ساڵی دووەم، ساڵی سێیەم، ساڵی چوارەم، هەتا ٢٩ [١٩٢٩] حەموو ساڵێ دەفتەری خۆی هەیە و تاریخی لەسەرە.

**ئاسیا خانم:** وین هو؟ علی الرف؟

**تۆفیق وەهبی:** انت خطیت بقوطیە، ما اعرف وین، الدفاتر بالارض چان، علی الرف، علی الگاع.

**ئاسیا خانم:** الدفاتر الصغار.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**تۆفیق وەهبی:** ئا... ئەوەم دەرهێنا، ئا... من ئاڤێستاکەم کە برد، دەستم کرد بە تەدقیقی ئاڤیستایی، فەرەنسی ئەیزانم.

**عەزیز ژیان:** فەرمووت ساڵی ١٩٢٤؟

**تۆفیق وەهبی:** ساڵی ٢٥ [١٩٢٥] ئا... تەماشام کرد کابرای فەرەنسز ئەوەنە بەدڵم نەبوو، هینەکانی، تەعبیرەکانی، گوتم با موفرەداتەکانی وەرگرم، چونکی ئێستا لێرەیە ئەو قامووسە، لێرەیە، کتێبەکە خۆی ناردم بۆ بەغا، ئیحتیاجم بە قامووسەکەی بوو. چووم فۆتۆکۆپیم وەرگرت لە هین، لە "سکووڵ ئاف ئۆریەنتەل ستادیز".[١٥٧] خۆم لێرە، تازە، ئەو ئاڤێستایە، سێ جڵدە، دوانیان گرامێرە، یەکێکیان ئەو قامووسەیە کە لەلام بوو بۆ سێ مانگ.[١٥٨] لە ئاخریا داوای کردەوە، من دامەوە. فەقەت ئینگلیزێکی دۆستم، عالم گوتی: تۆ چی ئەکەی؟ فڕێی دە، گرامێرەکە تەواو کە. ئەمەیە خزمەتی تۆ، تۆ گرامێری خۆت تەواو کە. کە گرامێرەکەت تەواو کرد، ئەمە ئیشت نامێنێ لە گرامێردا. ئەتوانی وەختی خۆت سەرف بکەی بۆ ئیتیمۆلۆژی، بۆ بیر لە ئەساسی کوردی. من وەم زانی ئەم کابرایە ئەساسی کوردیی دۆزیوەتەوە، مەقالەی نووسیوە، ئەوی تۆ دیت، قسەی قۆڕی نووسیوە. ئەوەیە ئیش. من ئێستەش لەوا ئیش ئەکەم، هیچم بڵاو نەکردۆتەوە. بە قسەی کابرام کرد، دۆستەکەم. ئنجا لە ساڵی ٣٣ [١٩٣٣] بەولاوە دەستم پێ کرد. لە ساڵی ٢٧ [١٩٢٧]ـا دوو مجەلەدیم کڕی، هین دارمستەتر مەعرووف، عالمێکی گەورەیە.[١٥٩] دار

---

[١٥٧] School of Oriental and African Studies, University of London.

[١٥٨] Charles Joseph de Harlez, *Manuel de la langue de l'Avesta. Grammaire, anthologie, lexique*. Paris: Maisonneuve. ١٨٨٢.

[١٥٩] جەیمس دارمەستەتر (١٨٤٩–١٨٩٤) وەک شارەزایێکی دینی زەردوشتی و زمان و ئەدەبیاتی فارسی و زمانە ئێرانییە کۆنەکان ناسرابوو، و لێکۆڵینەوە و

مستتەتر بوو بە مامۆستای من. تەماشای ئەویشم نەکرد هەتا ۳۳ [۱۹۳۳]، ئێستا دارمستەتر لە بەردەممە. تەبیعی دارمستەتر لەو کابرایە عالمترە، ئەوەی کە لە "بابان"م وەرگرتبوو. ئەم موهیمترە زۆر، ئێستا لە بەردەستم بوو. ئەمڕۆ بیلذات، ویستم بیهێنمە خوارەوە، گوتم لازم نییە.

ئنجا ئەوە بوو دەستم کرد بە کەلیمە دۆزینەوە، لەو ڕۆژەوە هەتا گەیشتینە ساڵی ٤٢ [١٩٤٢]، ئەوە بوو لە ***گەلاوێژ***دا بەعزێکم بڵاو کردەوە بۆ ئینگلیزەکان. کە ئەمنووسی، خەڵک تێنەئەگەیشتن [لە] کەلیمەکانی، من قامووسم دروست کرد کە تێبگەن، چوون شکاتیان کرد لێم. ئینگلیزەکان گوتیان تۆ کە مردی، نەک کە مردی، لەپاش (١٥٠) ساڵی تر کورد بۆ تۆ لە ئاڵتوون هەیکەل ئەکا.

گوتم عەفووەکەی، تۆ من تەحقیر ئەکەی، کورد هەتا ١٥٠ ساڵی کە کورد کەر ئەمێنێ؟ گوتم زۆرە، ئەمەوێ کورد زووتر بزانێ کە من خزمەتی ئەکەم. پێئەکەنین، گاڵتەمان ئەکرد، هەر لەپاش ئەو قامووس و مامووسانە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** کێ شکایەتی کردبوو مامۆستا؟ لەبەر چی؟

**تۆفیق وەهبی:** لەبەر زمانەکەی من، تێنەئەگەیشتن، تازە بوو. "بزوێن" لە کوێ تێئەگەن، ئێستا "بزوێن" بە دەم هەموو خەڵکەوەیە. "وشە" بە دەم هەموو خەڵکە. ئێستا خەریکن "واژە" بەکار ئەهێنن، ئەمە غەڵەتە...

**ئەمیر حەسەن پوور:** بەڵێ.

---

بڵاوکراوەیێکی زۆری لە مەڕ ئەو بابەتانە هەیە. وەهبی لێرەدا باسی کتێبی "دیراساتی ئێرانی" دەکا و لە نووسراوەیێکی دیشدا باسی کردووە:

James Darmesteter, *Études iraniennes* (t.١: *Grammaire historique du persan*; t. ٢: *Mélanges d'histoire et de literature iranienne*), Paris: F. Vieweg, ١٨٨٣.

**تۆفیق وەهبی**: ..."وشە"ی من لە پێش "واژە"ی ئێرانیەکانا دەرچوو، هێشتا ئێرانیەکان "واژە"یان وەرنەگرتبوو لە ئاوێستا، ئەسڵەکەی "واچە"، تۆ ئەزانی هەورامی ئەڵێ "مواچووم"، یانی "قسە ئەکەم"، وا نییە؟

**ئەمیر حەسەن پوور**: بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی**: "مەواچووم، مواچی، مواچە، واچە" ئەوان کردیان بە "واژە". ئێستە کردیان بە "کەلیمە"، لاکین "وشە"ش هەر لە ئاڤێستا مەوجوودە، "وشە". هەمەوەندەکان "ئیشم"، بیستووتە ئیشم؟

**ئەمیر حەسەن پوور**: بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی**: ئا، "وشە" ئەوەیە، ئەوە لە ئاوێستا مەوجوودە. من ئەوەم قبووڵ کرد وە ئەوە بڵاو بووەتەوە. ئیتر ئەوەیە ڕێگای من، هەر لەو ڕۆژەوە من لەگەڵ ئەمە خەریکم، من وەزیر بووم، من دیپووتی، وەکیلی میللەت، چیی پێ ئەڵێن لای ئێوە، مەبعووس چیی پێ ئەڵێن؟

**عەزیز ژیان**: نمایندەی مەجلیس.

**تۆفیق وەهبی**: نمایندەی مەجلیس بووم، من سەناتۆر بووم. من عەقڵم لەلای هیچ نەبووە، ئیللا کوردی نەبێ. ئەمە موهیممە. ساڵی ٢٦ [١٩٢٦] چوومە بێرووت، حەرفم دورست کرد بە پارەی خۆم. دوو بابی گرامێرەکەم بڵاو کردەوە، بە عەرەبی نووسیمەوە، مەعەل ئەسەف ئێستا خۆم هەر دووم لایە، ناتوانم بە کەسی بدەم. ئەوە زۆر موهیممە، هەردووکیان بۆ تۆ موهیممە، بۆ هەموو کەسێ، نییە، دەست ناکەوێ ئێستە. ١٥٠٠ نوسخەم هێنایە عیراق، حکوومەت لێی کڕیم، موتەسەڕیفی سلێمانی ٤٠٠ نوسخەی لێ کڕیم. ئێ... لەپاش ئەوە من حەتتا وەزیری مەعاریف بووم، ویستم مەطبەعە بێنم کە ئەم حەرفانەی تیا بێ، مووەفەق نەبووم، کێ نەیئەهێشت؟ نازانم. من خۆم وەزیرم، مەطبەعەی مەعاریف لە دەست منە، من وەزیرم

نەمتوانی. لاکین لە ساڵی ٢٦ [١٩٢٦]دا پیاوێک هات، گوتی تۆ داوای حرووف ئەکەی؟ وتم ئا... وتی من وەکیلی مەطبەعەکانی، چاپخانەکانی ئینگلتەرەم، بۆت بێنم؟ گوتم ئای خوایە زۆر تەشەکور. گوتی: شکڵەکانم بەرێ، شکڵەکانم بۆ برد، شەش مەطبەعەی عیراقی هێنایان. ئێستا لە عیراق لە شەش، ئێستا تەبیعی زۆرترە، لە سلێمانیش هەیە. ئێستا ئنجا ***پێشکەوتن***م وەرگرت بە ناوی یەکێکی ترەوە، خوا عافووی کا، "بریفکانی"ی ناو بوو، محەمەد بریفکانی، مەجەللەی ***پێشکەوتن***، لاکین بە شەرتێ من تیا بنووسم، بۆ خۆی چی ئەکا بیکا. مودەتێکیش لە ئەوا ئیشم کرد، لەپاشا گەرووم گیرا. لە چی؟ لە شەڕەشەقی، خوا عافووی کا، ئەو محەمەد بریفکانییە، بە تەلەفۆن کە غەڵەتی ئەکرد، نازانم چیی ئەکرد، ئەمەنەم ئەباڕاند بە تەلەفۆن، دەنگم نووسا، موڕاجەعەتی دوکتۆرم کرد، گوتی هیچ نییە. ترسام، هاتم بۆ ئێرە. تەصادوف ئەو نەخۆشییەی من دە ڕۆژ پێش شۆڕشی عیراق بوو، داخڵم کە حەپسم بکەن، جەدوەلەکە داخڵم حەپس بکرێم. لەوێ نەبووم، لە ئەستەمووڵ بووم. ئەو ڕۆژە کتێبی کۆنم ئەکڕی، ئەمویست بیبەمەوە بۆ بەغا. کتێبەکانی خۆم هەموو دا بە خەڵک. گەنج بووم، پیر نەبووم، گەنج بووم، شەستوهەشت ساڵ عومرم بوو، خۆم بە بیست ساڵ ئەزانی، وەکوو ئەمڕۆ نەبووم. ئنجا کتێبم ئەکڕی. گەنجێکی کورد هاتە لام وەکوو تۆ، گوتی تۆ فلان کەس نیت؟ گوتم بەڵێ، هەر لەو کیتابفرۆشییە. گوتی من خەڵکی سلێمانیم، لە ئەمەریکاوە هاتووم. گوتم بەخێر بێی کوڕم، چۆنی، چاکی؟ گوتی نەتبیستووە؟ گوتم چی بووە؟ گوتی سەورە بووە لە عیراق، شۆڕش، مەلیکیان کوشتووە، چییان، کوڕە نەکەی! گوتی بە خوا.

ئێ، من لەوێوە بیستم، ئێ لەوێڕا هاتم بۆ ئێرە، هەتا ئەمڕۆ دانیشتووم لێرە. ئەوە وەزعییەتمە لێرە، ئێستایش

www.zheen.org

لەشوێن کەلیمەی تازە ئەگەڕێم. ئەوە دەفتەری ئەمساڵم لێرەیە، نازانم لەکوێیە، هێناومە. هەموو ساڵێک دەفتەرێ پڕ ئەکەمەوە، هەموو ساڵێک یەک دەفتەر پڕ ئەکەمەوە لە شتی تازە. دوێنێ کاغەزێکم وەرگرت، داوای ناوی مەجەللەیەکم لێ ئەکەن. من بۆ ئەو مەجەللەیە "ئاسۆ"م دانابوو، ئاسۆ، ئاسۆش من خستمە کوردییەوە.

**عەزیز ژیان**: یەعنی افق.

**تۆفیق وەهبی**: "افق" نییە حەقیقەتەن، ئەوە مەقالەیەک هەیە ویستم ئەوە بنووسم ئاخر، بە غەڵەت بە منیان گوتووە، هەورامی ئێ... شێخێ پێی گوتم، شێخ خالید نەقشبەندی شاعیرە، مردووە ئێستە، ئەو پێی گوتم مەعنای ئوفوقە، تێی-نەگەیاندم. ئەیگوت ئاسکەکان بەیانی لە ئاسۆوە دیارن، لە شاخەکانی هەورامان، گوتم ئاسۆ چییە؟ نەیئەتوانی تەعریفی بکا، وتی "افق". لە تاریک و ڕوونییەکەوە دیارن، خێرا نووسیم "افق"، لە حەقیقەتا "ئاسۆ" نییە، "ئاسۆ" یانی ڕووناکییە، ڕووناکیی بەیانییە، تا... عاید بە ئاسۆ لە هینا.

**ئاسیا خانم**: فجر... فجر بالعربي.

**تۆفیق وەهبی**: فجر اي. عاید بە ئاسۆ هین لە ڤێدا، لە سانسکریتییا مەقالەیەکم دی ئەمەنە جوانە، هەر خۆی لە دینەکەیان وەرگرتووە، کە ئەوە وەکوو کوڕێکی گەنج عاشقی هین عاشقی ڕۆژە، کە ڕۆژ دەرئەچێ، لە پێشەوەیە. کە یێ، ئەبێ خێرا خەڵک هەڵسێ لە خەو، پشتێنەکەی ببەستێ، لەپێش هەموو شتێکا بچێتە لای حەیوانەکانی، دەرگای ئاخوڕەکە بکاتەوە، بیانباتە دەرەوە. ئیتر ئەو ڕۆژە حەیاتێک ئەبێ بۆ بەشەرییەت، بە هاتنی ئاسۆ، "ئووشە"ی پێ ئەڵێن، "ئاسۆ"شی پێئەڵێن. ئێ. "ئۆرۆر"، "ئۆرۆر" بە لاتینی. ئنجا من ئێستا گوتم ناوی ئەنێم "دار"، ئەو کەیفی خۆیەتی، هەر کەسێک ئەهێنێ ناوی بنێ هین "چریکە". ئەم ناوە کەس نەیناوە، هەموو شتێکیان

www.zheen.org

وتووه، "گەلاوێژ"ە، نازانم "هیوا"یە، نازانم "ئەستێرە"یە، نازانم "ڕۆژ"ە، "ڕۆژی نوێ"یە، لاکین "چریکە" هیی بازە وە باز مەلێکی موقەددەسە، حەتتا عەبدولقادر گەیلانی پێی ئەڵێن باز. باز ئەگەر شتێکی جوان و موقەددەس و مەعتەبەر نەبوایە، بە عەبدولقادریان نەئەگوت باز، چریکەی عەبدولقادر گەیلانی، چریکەی باز. ئێستە جوابم نەنووسیوە، بۆی ئەنووسم ناوی بنێن "چریکە"، ئەگەر بیەوێ کەیفی خۆیەتی، من مەبەستم نییە.

**عەزیز ژیان**: مامۆستا ئیجازە دەفەرمووی شتێکت عەرز بکەم، ئەوەی کە فەرمووت زۆر جوان بوو، بۆ منیش و بۆ کاک ئەمیریش، زۆر شتی تازەی تێدایە. شتی جوان ڕوون دەکاتەوە، تاریخچەیەکی موختەسەر بوو، فەرمووت. ئێستە وا دیارە ئەوەی کە بۆ کاک ئەمیر زۆر موفید بێ، دوو شتن: یەک ئەوەیە کە تۆ بفەرمووی زبانی ڕەسمی و ئەدەبی کوردیی ئەورۆ، پایەکەی، پایەی، لەسەر کام لەهجە دانراوە...

**تۆفیق وەهبی**: سلەیمانی.

**عەزیز ژیان**: ئەوە یەک.

**تۆفیق وەهبی**: ئاخر نەمگوت ئەمە بخوێننەوە، ئەوە پێت ئەڵێ لەسەر سلەیمانی.

**عەزیز ژیان**: ئەوە دەخوێننەوە.

**تۆفیق وەهبی**: ئەمە پێت ئەڵێ لەسەر سلەیمانی.

**عەزیز ژیان**: فۆتۆکۆپیی لێ هەڵدەگرین.

**تۆفیق وەهبی**: سلێمانی.

**عەزیز ژیان**: جا لە زاری تۆوە بیبیستین، خۆت بفەرمووی.

**تۆفیق وەهبی**: لەسەر سلەیمانی، وە من تەوسییەم کردن، چونکی ئەوانە زۆر داوا ئەکەن کە زمانەکەیان یەک بگرن.

**عەزیز ژیان**: بەڵێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**تۆفیق وەهبی:** من تەوسییەم کردن، سێ پێشنیارم هەیە لێرە، سێ پێشنیارم تەقدیم کرد، گوتم ئەمە بەرکوڵە، ئێوەش خۆتان حازر کەن بنووسن، کەس نەینووسیوە تا ئێستە، ئەمە چەند ساڵە، ٧٣ یە ...

**عەزیز ژیان:** ٧٣ یە.

**تۆفیق وەهبی:** یەک کەس کەلیمەی پێشنیارێکی نەکردووە، لاکین پێم گوتن پێشنیاری من ئەمەیە، ئەمە بگۆڕن ئەم ئیشە، مەسەلا "ئە" بکەن بە "دە"، مەسەلا "من" بکەن بە "ئەز" لە فیعلی، ئەفعالی ئینترانسیتیڤا، ئیللا ئاخری.[١٦٠] سێ پێشنیارە، کەس هیچی نەکرد، بۆ من ئەنووسن پێشنیار بنێرە، ئەی ئێوە بۆچی دانیشتوون، گوتم، نماینێرم، پێشنیارم زۆرە، نووسیومە، نماینێرم بۆیان. بۆ ئەوەی کە زمانەکان یەک بگرن، من وەم زانی ئەم کابرایە شتێکی وامان پێ ئەڵێ، ئەڵێ کەس هیچی نەکردووە، وەڵڵا فلان وای گوت و فلان وای گوت، قسەی قۆڕە ئەوە، ئەوە بۆ پارەوەرگرتنە، ئەبێ پیشانمان با چی بکەین.

ئنجا وەکوو تۆ ویستت ئەو زمانی ئەدەبییەی ئەمڕۆ مەوجوودە، لەسەر زمانی سلەیمانی بینا کراوە. وە پێم گوتن ئێوە ئەگەر شتێکی چاک ببینن وە لە زمانی سلەیمانییا نییە تێی-خەن وە ئەگەر هەیە، نابێ ئەم بینایە خشتێکی هەڵگرن لە جێی خۆی؛ ئەو تەعبیرە خشتێکی نابێ لە جێی خۆی فڕێ بدەی و خشتێکی تری تێبخەی، نابێ، ئەگەر نییەتی... ئەوە مەسەلا "خواهم رفت" لە کوردیی ئێمەدا نییە، "ئەز دێ بچم" ئەوە لە شیمالی، وەریگرن ئەمە، قەیناکا، وا نییە؟ ئا... سەری گرت ئەمە، قەیناکا، ئەمەیە، لاکین تۆ بچی کوردییەکی ... پڕە، ئەمە پڕە، کوردیی سلەیمانییان فڕێیاوە و کەلیمەی تری تێئەخەن.

---

[١٦٠] فیعلی ئینترانسیتیڤ (intransitive verb): کردار یان فرمانی تێنەپەڕ (فعل لازم).

بنکەی ژین
www.zheen.org

**عەزیز ژیان:** باشە مامۆستا.

**تۆفیق وەهبی:** هەر "د"ی تیا بێ، ئەیبڕن.

**عەزیز ژیان:** چ عەوامیلێک باعیس بوون کە لەهجەی سولەیمانی تەوسیعە پەیدا بکا و ببێتە زبانی ستانداردی کوردی؟

**تۆفیق وەهبی:** بووە.

**عەزیز ژیان:** باشە چ عەوامیلێک باعیس بووە، بە عەقیدەی جەنابت؟

**تۆفیق وەهبی:** ئەها... ئەوەشم نووسیوە، عەوامیل ئەوەیە کە وەختێ لە سولەیمانییا "مێجەر سۆن"ێک پەیدا بووە، لە هیچ کوێ پەیدا نەبووە، ساڵی ١٩ [١٩١٩]...

**عەزیز ژیان:** یەعنی شەخص باعیس بووە؟

**تۆفیق وەهبی:** مێجەر سۆن لە ١٩دا لە سلەیمانی بوو، زمانی کوردیی تەشجیع ئەکرد بە زۆر، هەرچی کوردیی پەتیی بنووسیایە، پارەی ئەدایێ.

**ئەمیر حەسەن پوور:** مەبەستی چی بوو مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** ئا...

**ئەمیر حەسەن پوور:** مەبەستی مێجەر سۆن چ بوو لەو کارەی؟

**تۆفیق وەهبی:** حاکمی سیاسی بوو.

**ئەمیر حەسەن پوور:** بۆ کوردی دەیویست پەرە بستێنێ؟

**تۆفیق وەهبی:** حەزی لێ ئەکرد، خۆشی وایئەزانی ئەمێنێ لەوێ، نەیئەویست لەگەڵ عیراقا بین، نەیئەویست. نووسیی لە **پێشکەوتن**، جەریدەیەکی هەبوو ناوی **پێشکەوتن** بوو، چاپخانە هەبوو، عامیلێکی تر چاپخانەیە، لە دیاربەکر چاپخانە هەبوو؟ نییە. نووسیی، کە حکوومەتی عیراق تەشەکولی کرد، نووسیی ((ئەم دەزگا و بەرەیە بۆ ئێوە نییە))، ئەوراقی بڵاو کردەوە بە خەڵقی سلەیمانییا: ((لام باشە، لام باش نییە)).

**ئەمیر حەسەن پوور:** ڕەئی... ڕەئی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**تۆفیق وەهبی:** ئەیدا بە هەموو کەسێ، چیت ئەوێ بنووسە، یا لەوێ ئیمزا بکە، یا لەوێ؟ تەبیعی ئەیزانی ئەوە ((لام باشە، لام باش نییە))، حکوومەتی عیراق، یانی لەگەڵ عیراقا بوون، هەموو نووسییان لام باش نییە. تۆ ئنجا سوئال بکە... عەوامیل ئەمەیە.

**عەزیز ژیان:** بەڵێ، مامۆستا ئایا بە چاوی مامۆستایەکی زانا تەنیا یەک نەفەر ئەتوانێ ببێتە عامیلی تەوسیعەی زبانێک، تۆ بەوە باوەڕ ئەکەی یەک نەفەر باعیس بووە کە ئەم زبانە لە سولەیمانی پەرە بگرێ، لە جێگاکانی دیکە پەرە نەگرێ؟

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، ئەمە لە دنیا هەروا بووە. ئەی تۆ بیخوێنەوە، سیبەوەی مەشهوورە، تا ئێستە فڵان... فڵان ناوەکانیان مەعلوومە، کە ئەوانەی خزمەتی زمانیان کردووە، تەقلید کراون، تەقلید هەیە، ئەبێ کە سیقەیان پێ ئەکەی، سیقە، وە ئەبێ تەقلید بکرێن وە ئەمانە من تەقلید ناکەن، شتی وا خراپ ئەکەن کە من شێت بووم لێرە، منیان شێت کردووە، کەلیمەی وا پیس ئەنووسن، وا غەڵەت ئەنووسن، "زانکۆ" یانی چی؟

**عەزیز ژیان:** باشە مامۆستا بەر لەوە کە زبانی سولەیمانی ببێتە زبانی ستانداردی کوردی، نووسین بە کوردی هەبوە خۆ؟

**تۆفیق وەهبی:** ئێ شیعر پڕ بووە، بۆت بێنم.

**عەزیز ژیان:** چەند ساڵ بەر لەو؟

**تۆفیق وەهبی:** نایزانم، من هینی کۆنی زۆرم لایە، شیعری کوردی بە حورووفی عەرەبی نووسراوە.

**عەزیز ژیان:** بەڵێ، ئەو بەر ئەساسی چ لەهجەیەک بووە زۆرتر؟

**تۆفیق وەهبی:** لەهجەی سلەیمانی، لە پێش لەهجەی سلەیمانی گۆرانی بوو. بۆم گێڕایتەوە، وا نییە؟

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ژێری زابی بچووک بۆ جەنووب هەمووی گۆرانی بوو، چونکی ئەردەڵان، حکوومەتی ئەردەڵان حکوومەتی هەرە گەورەی کوردە. حکوومەتی ئەردەڵان، خان ئەحمەدخان بەغای گرت، مووسڵی گرت، ئۆردووی هینی لەگەڵا بوو، هینی شاعەباس، وە لاکین ئەو بوو، عەشیرەتی ئەو بوو، قووەتی ئەو بوو، هەر ئەو ئەیکرد ئەم ئیشانە، هەموو ئیعتماد بە دەس ئەوەوە بوو، خان ئەحمەد خان. ئا... جا خان ئەحمەدخان، تەبیعی، تۆ ئەگەر بچیتە سلەیمانی، جێیەک هەیە پێی ئەڵێن خورماڵ، زۆر جوانە، من تەوسییەم کرد، خورماڵم نووسیوە، لەوێ تەوسییەم کردووە، ئێستە ئەچێ بۆ چاپخانە لە بەغدا، کە لە خورماڵدا میهرگان بکەن. "میهرەجان، میهرەکان"، یانی ڕۆژی میهر و مانگی میهر، جێژنی کۆنی کوردە ئەوە؛ میهرەکان بکەن، چونکی نەورۆز لە هەموو لایەک ئەکرێ، فەقەت میهرەکان بچنە خورماڵ، لە خورماڵ بەو لاوە ئەحمەدئاوا هەیە. تاریخی تورک ئەمە ئەنووسێ، لام هەیە، ئەڵێ ئەحمەدخان، خان ئەحمەدخان لەوێ قەسرێکی دروست کردووە، قاتێکە، هێشتا تەواو نەبوە، کە خوسرەو پاشای وەزیری ئەعزەمی تورک هاتووە بۆ گوڵعەنبەر، یانی بۆ خورماڵ، قەسرەکە تەواو نەبوە ئەو وەختە وە خان ئەحمەدخان مابوو، لەگەڵ ئێرانییەکان بوو هێشتا، پاش ئەوە ئێرانییەکان خیانەتیان لەگەڵ کرد، چووە لای تورکەکان، لە مووسڵ مرد، لە "نەبی یوونس" دەفنیان کردووە.

**عەزیز ژیان:** کاک ئەمیر ئەگەر سوئالی دیکەت هەیە، فەرموو.

**تۆفیق وەهبی:** ئێ، سوئال؟ [قسەکان باش تۆمار نەکراون] ... من ئەمەم نووسیوە، ئەم جارە بڵاوی ئەکەمەوە. پێم بڵێ ئەم مەلایانە عەرەبی فێری ئەم مناڵانە ئەکەن، وا نییە؟ فەقێکان بە چ زمانێ فێریان ئەکەن؟

**عەزیز ژیان:** بە کوردی.

**تۆفیق وەهبی:** باشە، بیستووتە کە مەلایێ حەرفی جەڕ بکا بە کوردی؟

**عەزیز ژیان:** نا.

**تۆفیق وەهبی:** هیچی نەکردووە، هیچیان نەکردووە، هیچیان نەکردووە، هەر عەرەبییەکەیان بەکار هێناوە، وەزیفەیان ئەوە بوو لەپێش هەموو شتێکا موستەڵەحات، زاراوە [و] ئەوانە بکەن بە کوردی، هیچ نییە. ئەلحمدولیلا "سطر"یان کردووە بە "دێڕ". ئەوە من... ئەمە... چاوت لێیە چۆن ئەیدۆزمەوە، مانوو بووم لەشوێن شتێکی وایا کەلیمەیەک هەتا ئەیدۆزمەوە. "سطر" لای ئێوەش وایە؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** دێڕ.

**تۆفیق وەهبی:** ئا ... ئەلحمدولیلا "سطر"یان کردووە بە "دێڕ"، لەپاشا "فەتحە"یان کردووە بە "سەر".

**عەزیز ژیان:** سەر و ژێر و بۆر.

**تۆفیق وەهبی:** ئا... ئەوەش هەیە، داکێشراوی... ئەو قسە قۆڕانە هەیە، تەواو بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور:** ماموستا ئەمن پرسیارێکی دیم هەیە.

**تۆفیق وەهبی:** فەرموو.

**ئەمیر حەسەنپوور:** لە شێوەی سولەیمانیدا لە نووسینێدا ئەوەی بە قسەیە، لە سولەیمانی قسەکردنی زمانی شێوەی سولەیمانی برێک فەرقی هەیە لەگەڵ نووسینەکەی. مەسەلەن، ئەوان دەڵێن، بە "چەند" دەڵێن "چەنگ". ئەوە چۆنە کە لە نووسیندا مەسەلەن وەک شێوەی موکریانێیە؟

**تۆفیق وەهبی:** ئا... ئەمە یەکێکە لە پێشنیارەکانی من لێرە، ئەبێ ئێمە "چەنگ" فڕێ دەین، ئەبێ بڵێین "چەند". ئەمە یەکێکە لەوانە، مەسەلەن "دەن" ئەبێ بڵێین "دەنگ".

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئەوە چەلان، هەتا ئێستاش کەمێک وایان کردووە، هەر وا نووسیویانە. چۆن بووە وایان نووسیوە؟

**تۆفیق وەهبی:** ئەینووسین لاکین بە "دەنگ" دەیخوێنینەوە. نووسینەکەی وایە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئاخە چۆن بۆ وایان نووسیوە؟ مەسەلەن وەختێکی لە سولەیمانی دەست کرا بە نووسین و چاپکردنی ڕۆژنامە و شتی وا، خۆ ئەوان نەیاندەکوت "چەند"، دەیانکوت "چەنگ". چۆنە کە بە "چەند"یان نووسیوە هەتا ئێستا؟

**تۆفیق وەهبی:** هەر "چەند" نووسراوە، من نازانم.

**ئەمیر حەسەنپوور:** عیللەتەکەی پێت وایە چۆنە؟

**تۆفیق وەهبی:** کە ئەیخوێننەوە "چەنگ"، ئەڵێ "چەنگ".

**ئەمیر حەسەنپوور:** دروستە، وەلی دەمەوێ بزانم عیللەتەکە چێ، کە چۆنە لە سلێمانی "چەنگ"یان کە دەکوت لە قەدیمەوە، چۆن هەتا ئێستا "چەند"یان نووسیوە؟ یەعنی لە واقیعدا نووسینەکەی وەک نووسینی ئی موکریانە، نەک وەک ئی سولەیمانی. چۆنە وا بووە؟

**تۆفیق وەهبی:** لەهجەی مەحەللییە. لەلای ئێمە دال قوڕ ئەکرێ بە سەریا. ئەوەتا ئەویشی تیایە. ئەو مەقالە زۆر شتی تیایە. دالی کلۆری پێ ئەڵێن. "بیە"، لای "بیە" نییە، لای ئێوە ئەڵێ "بدە". ئەم دالەیە قوڕی کردووە بەسەر زمانەکە. گوتم ناوم ناوە جۆکەر. نووسیومە ئەم جۆکەرە ئەبێ دەربکەن ئێوە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** خوب، ئەمن پێم وایە هەتا ئێستا کەمێکیان وا کردووە. دەمەوێ بزانم چۆنە. مەسەلەن تۆ **گەلاوێژ**ی چاو لێ بکەی، لەوێدا کەمێک ئەوەیان کردووە. هەر ئەوە چۆن بووە وایان کردووە؟

**تۆفیق وەهبی:** نەخێر هیچیان نەکردووە. حەرفیان نەبوە. ئەو حەرفەی من دامنابوو، ئە لەویێا ئەیبینی، پێشانم داوە "چەنگ" چۆن ئەنووسرێ. حەرفی هەیە، حەرفی خاصی هەیە. ئێستا گوتم فڕێی دەن... گوتم مەسەلا "بام"، "بام" چییە؟ "بادەم". "وەڵڵا نایبەم"، ئەوە کرماشان بەربا ئەئا، حەمووی

هەر "ێ"یە لە کرماشا. "نایيا"، "نایدا" ، "نایيا" چییە، ئەمە بەستەزمان زاخۆیی چۆن تێئەگا، ئەمە؟ "نایيا"، "نایيا" چییە، بڵێ "نایدا"، ئاخر "دا" فیعلە، "ێ"کە ضەمیرە، "نا" ئەداتی نەفییە، سێ کەلیمەیە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** مامۆستا، هەتا ئێستە وا نووسیویانە، هەمیشە نا، بەڵام هەر کەمێکیان نووسیوە، ئەمن دەمەوێ بزانم هەر ئەو کەمە کە نووسیویانە، چۆن بووە ئاخر؟

**تۆفیق وەهبی:** حەرفیان نەبوە، ئەبێ وای بنووسن، وایان نووسیوە وە وەکی تر ئەڵێ "نایيا"، کە قسە ئەکا ئەڵێ "نایيا".

**ئەمیر حەسەنپوور:** یا "ددان" دەڵێن "دان"، ناڵێن "ددان"؟

**تۆفیق وەهبی:** ئا... ئائا، بەڵێ، ئەڵێن "دان". بەڵێ، لەپاش حەرفی "ڕێ" ئێمە "دال" بەکار ئەهێنین. شیمالییەکان لە پاش حەرفی "ڕێ"، "دال" فڕێ ئەیەن، کوشتویانە، "دال"یان کوشتووە ئەوان، کوردی شیمال، کرمانجیی شیمالی فڕێیان داوە. ئەمە هەموو باسی لەوێیا هەیە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** لەو مەقالەدا...

[لێرەدا، قسەکان باش تۆمار نەکراون]

**ئەمیر حەسەنپوور**، ئەوانەت لە کوێ بیستووە مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** لە سلێمانی، هەموو شتێکی ئێوە، ئێستە لای ئێمە زۆری شتی ئێوە هەیە، لە زمانی مناڵیم.

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ

**تۆفیق وەهبی:** لەپاش ئەوە ...

چووم بە پیر خەسوومەوە،
دەستێکی نا بە ڕوومەوە،
وەک تەشیلە خل بوومەوە،
وەک شەمامە گل بوومەوە،
هەکوپەکانی کوردی،
هێلکە و ڕۆنم بۆ کردی،

چووم بە پیر خەسوومەوە،

ئەوەت بیستووە، ئەمە؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** ناوەڵڵا ئەوەشم نەبیستووە.

**تۆفیق وەهبی:** ئەوە کچە بە... بۆ پوولێک، یا نانێک، فەقیر، بالۆرە ئەڵێ. نابێ بمرن ئەمانە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** وەڵلا ئەغلەبی نەماوە مامۆستا.

**تۆفیق وەهبی:** من ئەمەنە حیکایەتی کۆنی کوردی ئەزانم، کوردێکی سلێمانی عومری چل ساڵە، ئەڵێ نەمبیستووە. چی ئەکەی؟ ئەی چۆن؟ ئەی من چۆن بیستوومە؟ نەماوە، ئەم حەربانە ئینقلابی کرد [لە] ناو ئێمە، ئەم شۆڕش و جەنگی یەکەم و جەنگی دووەم هیچی نەهێشت. "حاجی قادری کۆیی"ش شکات ئەکا، ئەڵێ بەیتی حاتەم نەماوە، من دۆزیمەوە بەیتی حاتەم. من ئەساسەن ئەمزانی نەختێک، بابەکر ئاغای پشدەری، خوا عافووی کا، مرد، عومری سەد ساڵ بوو، ئەوە بۆی ناردم، لاکین مەعەل ئەسەف بەعزێکی بە زمانی سلێمانی نووسیوە کە تێبگەم، من نامەوێ زمانی سلێمانی، من وەکوو خۆی ئەمەوێت.

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** فەقەت زۆریم لەبیرە یانی، کە لە کەللەی کابرا ئەیا، ئەچێ بە ئاسمان، حەزرەتی عەلی لە ژێر چنگی، ئەڵێ:

عەلی هەستا بەبێ فەن،

مشتێکی دا لەژێر چەن!

کەلەکەی هەڵئەسێ ئەچێ بە ئاسمانا، لەوێ نووسیومە چووە ئاسمان سووڕایەوە، لەپێش ئەوە کە ڕووسەکان ئەستێرە دروست کەن لە ئاسمانا. ئەو وەختە تازە ٥٨-٥٩ ڕووسەکان ئەستێرەیان کردبوو، ئێستە ئەوەتا هەموو کەس ئەیکا، ئەو ڕۆژە ئەوان کردیان، گوتم وەکوو ئەستێرەی ڕووسەکان ئێستەش ئەسووڕێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئاسیا خانم:** خلی أجیبلکم أکل علی الموجود، بس بامیە وتمن أکو [با خواردن چیمان هەیە بۆتان بێنم، هەر برنج و بامێمان هەیە]

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ، مامۆستا.

**تۆفیق وەهبی:** [بەدەم گۆرانی]:

... بە لەنجەیە،
مەیلم لەو باڵا بەرزەیە،
ئەوا شەو هات بۆ حاڵی من،
بۆ دڵەکەی پڕ مەلالی من،
عالەم نەسرەوت لە ناڵەی من!

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئەوە هەیە مامۆستا، ئەوەیان زیندوو کردۆتەوە.

**تۆفیق وەهبی:** کۆنە ئەوە، ئاخر... بەڵێ، ئەبێ ببێ ئەمە، لەوە جوانتر هەیە چت؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** مامۆستا چیی دیت لەبیرە گۆرانیی وا؟

**تۆفیق وەهبی:** زۆر... هین، هینم لەبیر بوو "سەرداری بۆکان"یان کە هەڵواسی، "مەهپارە"، "مەهپارە"، ژنەکەی ناوی "مەهپارە" بوو، ئەڵێ:

ئەوا هەڵخڕیا سێدارەی وەرشەو،
خانم تکای کرد بیخە نیوەشەو،
بۆ سەرشیو دەچی جەرگم دەکا ژان،
لایق بە تۆیە مەهپارە سوڵتان!

**عەزیز ژیان:** "مەهپارە سوڵتان" ژنی سەرداری بۆکان، سەرداری بۆکان کوژرا مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** هەڵیانواسی سەگبابە تورکەکان، هیچ قەباحەتی نەبوو، بێناموسیی.

**عەزیز ژیان:** تورکی عوسمانلی؟

**تۆفیق وەهبی:** ئەی عوسمانلی، لە ئەستەمووڵەوە هاتبوون. کابراکە ناوی "ئەرکان" بوو .

**ئەمیر حەسەن پوور:** ئەرکان، بەڵێ...

**عەزیز ژیان:** ئەرکانە خڕەیان پێدەکوت.

**تۆفیق وەهبی:** ئەرکانە خڕە، "دیم چک" یانی تفەنگ نییە بنەکەی پێی ئەڵێن "دیم چک"، خۆیان ناو نابوو "دیم چک" قۆناغە تفەنگ. بەڵێ ئەوە.

**عەزیز ژیان:** پیاوێکی گەورەی کوشتووە لە وڵاتی ئێمە، شێخ بابا، بیستووتە مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** نازانم، بەس ئەمەیان ئەزانم.

ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم،

دەرکی دەروازە داخریاوە لێم.

**عەزیز ژیان:** ئەوە سابڵاغییە.

**تۆفیق وەهبی:** ئا.

**عەزیز ژیان:** ئەوە مەهابادییە.

**تۆفیق وەهبی:** ئا. ئەیزانی یانی؟

**عەزیز ژیان:** بیستوومە.

**تۆفیق وەهبی:** هەرچی گۆرانییەک هاتۆتە لای ئێوە، هاتووەتە لای ئێمە، ئەیزانی؟ مواصەڵاتی بەینی سابڵاغ و سلێمانی، وەکوو مواصەڵاتی بەینی کەرکووک و سلێمانی وابوو. قەدیم تیجارەتی ڕووسیە، ڕووسیە چونکی شەکر لە ڕووسیاوە هاتووە.

**عەزیز ژیان:** لە ڕێگەی سابڵاغەوە هاتووە.

**تۆفیق وەهبی:** ئا... شەکر، پڕ بوو لە سەڕڕافی سلێمانی، پڕ بوو.

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** شەکر، چیت، لە "شەرەفخانە"وە. مسکاو ئەچوون بۆ "مسکاو"، یانی "مۆسکۆ"، بۆ کوێ ئەچی؟ ئەچین

بۆ"مسکاو"، ئەچین بۆ "وەرشاو". نالێ: ئەوە هەڵئەکرێ سێدارەی وەرشاو.

**عەزیز ژیان:** دەچوونە وارشۆ مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ.

**عەزیز ژیان:** مەرکەزی ئوروپا.

**تۆفیق وەهبی:** وارشۆ، لەهستان.

**عەزیز ژیان:** لەهستان، بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ، چۆن ئەو عەشیرەتەیان ڕازی کردووە؟ پارەیان داوەتێ، تەبیعی کاروانە، ڕووتیان ئەکەنەوە، ئەبێ بە ئاغاکان پارە بدەن، جا بە چ حاڵێ ئەو شتە ئەگەیشتە سلێمانی. جوولەکە ئەچوون، جوولەکەی سلێمانی ئەچوون بۆ وەرشاو.

**عەزیز ژیان:** مامۆستا وەختێ کە تاریخی ئێران ئەخوێنیتەوە..

**تۆفیق وەهبی:** حاجی شێحەمەمین،

ڕیش دێزە و بۆزە،

کێشای وە کێریا،

کیژ حاجی سەوزە.

بیستووتە؟

**عەزیز ژیان:** نەوەڵڵا.

**تۆفیق وەهبی:** ئەمە هیی ئێوەیە.

**عەزیز ژیان:** ئەوە ئیی مە نییە.

**تۆفیق وەهبی:** حای شێ حەمەمین، حاجی شێخ حەمەدەمین،

حای شێ حەمەمین،

ڕیش دووفلیچقانە،

بە قوزەڵقووڕتت بێ،

ئەو شەش حەوت گانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو شەش حەوت گانە [بە پێکەنینەوە]، ئەو شە حەوت،شەش حەوت، شەش حەوت گان [بە پێکەنینەوە].

ئەوە یەکێک هاتبوو لە هینەوە...

**عەزیز ژیان:** لە ئێرانەوە.

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ، هەر لە سابڵاغەوە، کوڕێکی ڕۆشنبیر، ئەنوەر صائیب، خوا عافووی کا، ئەمەی بۆ من ئەوت، پێئەکەنیم منیش.

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** ئەمە گوایە حاجی شێخ حەمەئەمین دەوڵەمەندە، بە پارە کچێکی گەنجی خواستووە، جنێوی پێ ئەدەن، ئەی چیی لێ ئەکەن؟ ئێستە من ئەتوانم کچێکی گەنج بخوازم، با هەزار ملیۆن دینارم بێ؟ تەبیعی لە پاشا لای ئێمەش هینی مەلایەک، مەلایەک حەز لە ژنێک ئەکا، مەلا کوێر، کوێر، ئێمە پێی ئەڵێین حافز...

**عەزیز ژیان:** بەڵێ، ئەمە بۆ پێی ئەڵێن حافز، چون حافزی قورئان بوو.

**تۆفیق وەهبی:** ئێمە سەگ کە کوێر بوو پێی ئەڵێین حافز. ئەڵێ: سەگەکەم حافز بووە.

**عەزیز ژیان:** بە ڕاستی؟

**تۆفیق وەهبی:** وەڵڵا... زۆر جوانە. [پێدەکەنن]

**عەزیز ژیان:** کاک ئەمیر... ئینتقالی مەعنا لە یەک مەفهوومی مەحدوود بۆ یەک مەفهوومی کوللیتر...

**تۆفیق وەهبی:** چاوت لێیە، ئەڵێ سەگەکەم حافز بووە. یانی ئیتر چاوی کوێر بووە. ئەوە لە قەوقازییەوە هاتووە... ئێوە نیتانە، لاکین مواصەلاتی لە سلێمانیدا دائیمەن ئاژانی سابڵاخی هەبوە، هەبوە توجاڕ، بوون بە کورد، یانی، عەفوو! بوون بە خەڵکی سلێمانی، بوون بە بابانی.

**عەزیز ژیان:** ... [چەند رستە باش نابیسترێن] باوکی من لە سلێمانی بووە، مامۆستا مووەفەق نەبوە ئەو کچە بێنێ، نازانم چ بووە، نەیانداوەتێ، دوایی هاتووە بۆ سابلاغ. پاشان کە هاتووەتە سابلاغ و ژنی هێناوە، دایکی منی هێناوە، ئەوەڵین کچی کە بوویەتی نێوی ناوە "ئاسکۆڵ"، ئەلعان خوشکی من نێوی ئاسکۆڵە.

**ئاسیا خانم:** حلوە.

**تۆفیق وەهبی:** ئاسکۆڵ یەعنی "غزیلة"ە... [چەند رستە باش نابیسترێن]

**ئاسیا خانم:** زۆرە ئاسکۆڵ لە سولەیمانی، ام جەمال اسمها اسکول، ام جمال وکمال ماکو، امهم اسمها اسکول.

**تۆفیق وەهبی:** ئامە دەم کوڵ هەیە لای ئێوە؟

**عەزیز ژیان:** دەم کوڵ لە سنە هەیە قوربان. دەم کوڵ یانی دەم چکۆڵە، دەم بچووک.

**تۆفیق وەهبی:** ئێ. .. ئێ، لە گەڕەکی ئێمە کچێک هەبوو ناوی ئامە دەم کوڵ بوو، لێرە کوڕێکی دۆستم کچێکی دۆستی هەبوو ئیرلەندی، دەمی کۆڵ بوو، ناوم نا ئامە دەم کۆڵ، پێم ئەگوت ئامە دەمکوڵ، فێری کوردیشی کردبوو...

**عەزیز ژیان:** مامۆستا ئیجازە دەفەرمووی ئێمە بڕۆین...

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ... [چەند ڕستە باسی رۆیشتن دەکەن]

**عەزیز ژیان:** مامۆستا ئەمن دێمەوە خزمەتت، نووسراوەکەش دێنم و حازری ئەکەم. من هێندە تەمبەڵ نیم، گەر بکەومە سەر کار، ئیش ئەکەم، ئەڵێم بکەومە سەر کار...

**تۆفیق وەهبی:** بۆ خۆت بە تەمەڵ ئەزانی؟

**عەزیز ژیان:** دێمە خزمەتت ئینشائەڵلا . کاک ئەمیر حەفتەیەکی لێرەیە، دەڕوا بۆ ئەڵمان. مامۆستا "کەمال فوئاد" ئەگەر فەرمایشتت هەیە، ڕەنگە لەوێ بیبینێ.

**ئەمیر حەسەن پوور:** وەڵلا حەول دەدەم بیبینم.

**عەزیز ژیان**: لە فرانکفۆرت لەوێیە، لە فرانکفۆرتە.

**ئاسیا خانم**: لە فرانکفۆرت... کەمال؟ کەمال فوئاد؟

**تۆفیق وەهبی**: نازانم

[باسی ئەو سەفەرە و دیتنی چەند کەسێک دەکرێ]

**عەزیز ژیان**: مامۆستا، من حەز دەکەم "کەمال فوئاد" ببینم، جەمال نەبەز ببینم.

**تۆفیق وەهبی**: "جەمال نەبەز" نازانم نایە بۆ ئێرە. "کەمال فوئاد" دێ ئەیبینم.

**عەزیز ژیان**: "برایم ئەحمەد" ببینم.

**تۆفیق وەهبی**: ئەیبینی.

**عەزیز ژیان**: مەبەستی من یەک شتە فەقەت، من دەمەوێ کە لە تاریخی کورد و زمانی کورد ئیتیلاعاتم زۆرتر بێ، مەبەستی دیکەم نییە.

**تۆفیق وەهبی**: مەبەستی چی؟

**عەزیز ژیان**: مەسەلەن، ئاخر یەکیان سیاسییە، یەکیان ئینقیلابییە، یەکیان شۆڕشییە و یەکیان چەپە و یەکیان ڕاستە.

**تۆفیق وەهبی**: هەموویان شۆڕشین، هیچیان نییە شۆڕشی نەبێ.

**عەزیز ژیان**: بەڵێ منیش شۆڕشیم، بەڵام شۆڕشی قەڵەم و کتێبم، شۆڕشی شاخ و چیا نیم.

**ئاسیا خانم**: باشتر، باشتر، قەڵەم و کتێب باشتر لە قەتلی بەشەر.

**تۆفیق وەهبی**: ئەوانە هەموویان شۆڕشین... [چەند وشەیێک نابیسترێ].

**ئەمیر حەسەن پوور**: فۆتۆکۆپی بکەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**عەزیز ژیان:** مامۆستا ئیجازە بفەرموون جلّدی ئەوەڵی [***گۆڤاری***] ***کۆڕی زانیاری*** بەرین، فۆتۆکۆپیی لێ هەڵبگرین، بێنینەوە.[١٦١]

**تۆفیق وەهبی:** زۆر مەمنوون ئەبم.

**عەزیز ژیان:** مەقالەکەی جەنابت فۆتۆکۆپیی لێ هەڵبگرین. منیش دەیخوێنمەوە.

**تۆفیق وەهبی:** زۆر موهیممە، زۆر مەعلووماتی تیایە، زۆر شتی تری تیایە.

**عەزیز ژیان:** زۆر جوانە مامۆستا، زۆر جوانە.

**تۆفیق وەهبی:** زۆر شتی تیایە.

**عەزیز ژیان:** تاریخی هاتنی قەرەقۆینلووەکان، تورکمانەکان، بۆ کوردستان ڕووناک دەکاتەوە.

**تۆفیق وەهبی:** شتی تری تیایە.

**عەزیز ژیان:** مامۆستا تووزخورماتوو وایە؟

**تۆفیق وەهبی:** چی؟

**عەزیز ژیان:** ئەدی ئەوی دیکە چییە؟ تووزخورماتوو؟

**تۆفیق وەهبی:** نە... ها.

**عەزیز ژیان:** دوون یەکیان.

**تۆفیق وەهبی:** تازە.

**عەزیز ژیان:** تازەخورماتوو.

**تۆفیق وەهبی:** ئا، چییە؟ یەکیان تووزخورماتوو، یانی "ملح".

**عەزیز ژیان:** کەواتە یەکیان تازەخورماتوو...

**تۆفیق وەهبی:** بۆ چیتە ئەوە؟ ئا لەوێ هەیە؟

**عەزیز ژیان:** بەڵێ... بەڵێ.

---

[١٦١] تۆفیق وەهبی، "ئەسڵی پیتە قاڵبی 'ئە'ی شێوەی سلێمانی"، ***گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد***، ژمارەی یەک، بەرگی یەک، ١٩٧٣، ل ٩–٣٨.

**تۆفیق وەهبی:** ئا... تووزخورماتوو، تازەخورماتوو، تازەخورماتوو عەلەوین، تووزخورماتوو بوون بە شیعە، ئەگۆڕێن، سوونیشی تیایە، کوردیشی تیایە.

**عەزیز ژیان:** جێیەکیش جسری.. ئەسک.. جسری.. ئەسکی یاسین ئاغا؟

**تۆفیق وەهبی:** ها... پردی هین، کەڵەکی یاسین ئاغا.

**عەزیز ژیان:** کەڵەکی یاسین ئاغا. بەڵێ، جسرە ئەمە...

**تۆفیق وەهبی:** بەڵێ، ئێستا... ئێستا ئەسکی کەڵەک. پێی ئەڵێن ئەسکی کەڵەک، بە تورکی یانی کەڵەکی کۆن.

**عەزیز ژیان:** ئەسکی یانی کۆن؟ ئەسکی یانی "کەم"، "قەلیل".

**تۆفیق وەهبی:** خۆی وەختی خۆی ئەزانی کەڵەک چییە؟

**عەزیز ژیان:** کەڵەک چۆن نازانم، من خۆم سوار بووم.

**تۆفیق وەهبی:** ئا... تورکەکان، قەدیمەن "کەڵەک" بووە، ئێستە بۆتە "پرد"، ئیستە پێی ئەڵێن "ئەسکی کەڵەک"، "جسر ئەسکی کەڵەک"، لاکین ئەوە ناوەکەی ئەسڵی "کەڵەکی یاسین ئاغایە".

بنکەی ژین
www.zheen.org

**عەزیز ژیان:** داسنی ئاغا.

**تۆفیق وەهبی:** من ناوەکەم گوتووە داسنی ئاغا.

**عەزیز ژیان:** دەبێ داسنی بێ.

**تۆفیق وەهبی:** حەقیقییە ئەمە.

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** فەرموو کوڕە کورد من ناتوانم بوەستم. ناتوانم بوەستم، بێمە ئێرە ئنجا ئەو بێت.

**عەزیز ژیان:** مامۆستا کەی ئەتوانی لەگەڵ من سوار بی بڕێک بڕۆین بۆ ناوشار؟

**تۆفیق وەهبی:** ئای خوزگەم بەو ڕۆژە. خۆزگەم بەو ڕۆژەی چووین بۆ "شێخ هەباس"، شێخ هەباس جێگەیەکی خۆش بوو لە سلێمانی، تورکەکان دارەکەیان بڕی.

**عەزیز ژیان:** سەرچنار، چی مامۆستا؟

**تۆفیق وەهبی:** ئا "سەرچنار"، ئەوە من ئاوام کردۆتەوە، لاکین "شێخ هەباس" زۆر خۆش بوو، ئاوی تیا نییە "شێخ هەباس".

**عەزیز ژیان:** لە ڕۆژنامەی ژیان دا نووسراوە، ساڵی ٣٣ [١٩٣٣]، نووسراوە بۆچی یارمەتیی ئەم ڕۆژنامەیە نادەن، پووڵی ئابوونەکە نانێرن؟ خۆ پووڵەکەی ناکا خەرجیی ڕۆژێکی سەرچنار.

**تۆفیق وەهبی:** ئا، چی چی؟

**عەزیز ژیان:** پووڵێک، پارەیەک کە بۆ مەی ئەنێرن، پارەکەی ئەندازەی ڕۆژێک پارەی سەرچنار نییە.

**ئەمیر حەسەن پوور:** جێگەی عارەق خواردنەوە بووە.

**تۆفیق وەهبی:** کە من موتەسەڕیف بووم، کوڕێک بوو وەتەن پەروەر بوو، ناوی میرزا تۆفیق" بوو؛ ئێستا کوڕەکەی لە ئێرانە، کوڕەکەی "شەفیق قەزاز"..."

**عەزیز ژیان:** "پیرەمێرد" نەبێ؟

**تۆفیق وەهبی:** نە، شەفیق قەزاز، کوڕەکەی ئێستە لە ئێران بوو. ئەمە زۆر نزیکی من بوو، حەتا ئەمکرد بە وەکیلی خیتابەی کوردی؛ کە وەلیعەهد بهاتایە، ئەو وەکیلی کوردەکان بوو، من ناوم ئەبرد. پیاوێک بوو خۆش بوو، جوان بوو، نێر بوو. ئنجا گوتم "میرزا تۆفیق" بچۆ بپرسە ئەم گردە بچووکە لەکن "سەرچنار"، هیی کێیە؟ ئەگەر ئەیفرۆشن، با بیکڕن بە شەریکی، بیکەین بە پارک. چوو پرسیی و هاتەوە، گوتی هیی پیرێژنێکە، ئەیفرۆشێ بە ٣٠٠ ڕووپیە، یانی ٢١ پاوەن، گوتم بچۆ بیکڕە، چوو کڕیی، بوو بە هیی هەردوکمان، وا نییە؟

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

**تۆفیق وەهبی:** من لەگەڵ سیاسەت خەریک بووم، دەریان کردم. چوومە بەغدا، پوولێکم نەبوو. نەمگوت ئەنووسن

ئاڵتوون وەرئەگرێ و زێڕ وەرئەگرێ. من قۆنەرەکەم پینەی پێوە بوو. ڕۆژێکیان هاتە لام، گوتی بە خوا دە هەزار ڕووپیەم تیا سەرف کردووە. گوتم موبارەکت بێ، هیچی منی تیا نییە، پارەم نییە. ئانەی پێ ئەڵێن، پوولم نییە.

**عەزیز ژیان:** موبارەکی خۆت.

[درێژەی باسی سەرچنار و بابەتی دی.]

**تۆفیق وەهبی:** من کە چاوم بە ئێوە ئەکەوێ، دڵم ئەگەشێتەوە. عومرم ٨٦ ساڵە. کورد ئەبینم، حەز لە کورد ئەکەم، بۆ کورد مردووم. هیچ، هیچشم دەست نەکەوتووە لە کورد. مەعەل ئەسەف... من ئەڕۆم. کابرا گوتی: گوتی نە ناڕۆی، سەد ساڵی دیکە ئەیبینی، ئەوەیە دەسکەوتی من.

**عەزیز ژیان:** مامۆستا لە کوردستانی ئێران خەڵک، مونەوورەکان، ئێستە ئەلحەمدولیللا هەموو مونەووەرن، زۆر ئیحترامی جەنابت دەگرن، کەسیش تۆی نەدیوە، هەروا ئەتناسن.

**ئاسیا خانم:** مساکین.

**تۆفیق وەهبی:** منیش ئەوانم بەقەد ئەم دوو کوڕەی خۆم خۆش ئەوێ. هەموو کوردێ.

**عەزیز ژیان:** لە زۆر جێگا، باسی جەنابت بوو.

**تۆفیق وەهبی:** هەموو کوردێ...

**عەزیز ژیان:** من کە هاتمە ئینگلستان، ئەووەڵ سفارشی من کە کردیان، وتیان فەرامۆشی نەکەی، بچۆ لای ئوستاد، دەستی ماچ کە.

**تۆفیق وەهبی:** ئافەرم. . زۆر مەمنوون.

**عەزیز ژیان:** خودا حافیز.

www.zheen.org

# دوو

# تەقەلای بێسوود

مەعالی ئەمین زەکی بەگ نووسیویە

بنکەی ژین
www.zheen.org

نرخی (٣٠) فلسە

چاپخانەی مەریوانی– بەغدا

١٩٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

٦١١٥

دو

# تەقەلای بێسود

معالي امين زكي بگ نوسيويه

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەرخی (٣٠) فلسە

چاپخانەی مەریوانی بەغدا
١٩٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەرەتا

بۆ هاووڵاتییەکانم

شەوێکی ڕەمەزان خۆشەویستێکی هاووڵاتیم لە لا بوو، کای کۆن و تازەمان بە با ئەکرد. باسی بەعزێ ناحەقی و مەغدوورییەت هاتە پێشەوە، گوتی: ئەم نەوعە حاڵانە ئەبێ بە حکوومەت بسەلمێنرێ، بۆچی ئێمە هیچ دەنگ ناکەین؟ گوتم: لە وەختی خۆیدا ئەوەی پێویست و ماقووڵ بوو، کرا، بەڵام ئیفرات و تەفریتی بەعزێک فورسەتێکی گەورەی لە دەس دا و بێحیکمەتی هێشتەوە. بەم موناسەبەتەوە ئەو عەریزەیەی لە ساڵی ١٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەتمەئابی مەڕحوومم کردبوو، سوورەتێکیشم بە فەخامەتی مەندووبی سامی دابوو، بۆم خوێندەوە. پێی خۆش بوو، و تکای لەچاپدانی لێکردم.

بە ڕاستی نەمویست دڵی پشکێنم، ئەوا بە کوردی و لەگەڵ مولاحەزەم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللییە، کە لە وەختی خۆیدا لە سەر ئارەزووی فەخامەتی مەندووب تەقدیمم کردبوو، لە چاپمان دا. ناومان نا (دوو تەقەلای بێسوود). غەرەز لە بڵاوکردنەوەشی تەنیا تێگەیشتنی هاووڵاتییەکان و خزمەتی تەئریخە.

بەغدا ٢٦ی کانوونی ئەوەڵ ١٩٣٤

محەمەدئەمین زەکی

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**کوردیی ئەو عریزەیەیە کە لە ٢٠ی کانوونی سانی ١٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەتمەئاب مەڕحوومی مەلیک فەیسڵ کرا؛**

جەلالەتمەئاب،

ئەمەوێ بەم مەعرووزاتەی کە وا ئەیهێنمە پێش چاوی جەلالەتتان، دەرحەق بە مەسئەلەیەکی موهیم کە تەماسێکی تەواوی هەیە بە مەوجوودییەت و پشتیوانیی سیاسیی حکوومەتەوە، ڕەئی خۆم بەیان بکەم؛ ئەمەش مەسئەلەی کوردەکانی عیراقە؛ بە کەماڵی تەئەسوفەوە ئەبینین کە ئەم مەسئەلەیە وورده وورده ڕوو لە گیر و گرفتییە و بووە بە سەبەبی هاوار و شیکایەتی بەردەوامی کوردەکان. ئەم وەزعییەتە لەوانەیە ببێ بە سەبەبی چاندنی تۆوی نیفاق و ئیختیلاف لە دڵ و دەروونی هەردوو میللەتدا، و زۆر سعووباتی سیاسی و ئیداری بۆ حکوومەتی جەلالەتتان بێنێتە پێشەوە. شایستەی ئەوەیە کە بە ئەهەمییەت تەماشا بکرێ، لە ئەسباب و عەوامیلی وورد ببرێتەوە، لێک بدرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی مەعقوول و موناسیب، لە پێش ئەوەی فورسەت لە دەس بچێ. ئەمما ئەو چارە و تەرزی تەداوییەی کە تا ئێستا حکووماتی موتەعاقیبەی عیراق کردوویانە، هیچ سەمەرەیەکی نەبەخشیوە، چونکە بێتەرەفانە و عالمانە نەبووە.

ئەگەر بێت و وورد بینەوە لە ئەسبابی شیکایات و دڵشکاوی و عەدەمی ئیعتیمادی کوردەکان بەرامبەر بە حکوومەت، ئەبینین کە ئەمە عیبارەتە لە تەمەسوک کردن بەو قەرارەی کە عوسبەتول ئومەم دابووی و کە لە لایەن حکوومەتی عیراق و حەلیفەی گەورەمانەوە قوبووڵ کرا بوو و کە لە ئیعتیباری ساڵی ١٩٢٦ەوە بەڵێن بە تەتبیقی درابوو. بۆ تەئییدی ئەم بەڵێنە، نەزەری دیقەت

جەلب ئەکەمە سەر ئەو خوتبەیە (کۆنفرانسی) کە ڕەئیسول وزەرا لە ٢٢/٢١ی کانوونی سانیی ٩٢٦دا لە مەجلیسی میللەتدا دابووی، وە کە وەزیری موستەعمەرات لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٦ خولاسەیەکی عەرزی عوسبەتول ئومەم کردبوو. (تەماشای مولحەقەکە بکە) لەمەدا ئەڵێ: ((ئەبێ کوردەکان حەقی خۆیانیان بدەینێ، مەئموورین لە خۆیان بێ، زمانی خۆیان زمانی ڕەسمی بێ و منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان لە مەداریسدا بخوێنن...)).

ئەم تەسریحاتە بەتەواوی عیبارەت بوو لە ئارەزوو و ڕەغەباتی جەلالەتتان و هی حکوومەتی حەلیفە؛ وە دەلیلیش بۆ ئەمە ئەو دوو خوتبەیەیە کە لە تەرەف جەلالەتتان و مەندووبی سامییەوە لە حەفلەی ئیمزاکردنی موعاهەدەی ٩٢٦ەوە لە دارول ئیعتیماددا دامەزرابوو. ئەم تەسریحات و ئارەزووە شەریفانە لە لایەن هەموو کوردەوە بە مەمنوونییەت و سروور قبووڵ کرا، و هیچ گومانیان نەما کە حکوومەت بۆ مەنافعیان و پێشکەوتنی ئیداری و ئیجتیماعییان حوسنی نییەتی هەیە. و لە دوای ئەمە هەموو تێگەیشتن کە ئەبێ بە سیدق و ئیخلاسەوە و لە ژێر بەیداخی حکوومەتدا کە نیشانەی خۆشحاڵی و بەختیاریی مەملەکەتە، موحافەزەی وەحدەتی عیراقییە بکەن. وەیا ئەگەر زۆر وورد بینەوە لە هەنگێ وەسائیقی ڕەسمییە، مەسەلەن لەو کۆنفرانسەی کە وەزیری موستەعمەراتی بەریتانی لە عوسبەتول ئومەمدا دابووی، کە وای بەیان کردبوو کە تەفاسیلی خوتبەکەی موستەنەدە لە سەر قویوود و سجیللات و نەوایای حکوومەتی عیراق، ئەبینین ئەم وەسائیقانە هەندێ مەواد و وعوودی وای تیایە کە بە مەجبووری میللەتی کورد دڵنیا پکا وە لە خسووسی موستەقبەلیانەوە ئەمنییەتی تەواویان پێ ببەخشێ. بەڵام مەعەل ئەسەف ئەم مەوادە هیچیان تەتبیق نەکراون، و ئەم وەعدانەی لە گەڵ ئەوەی پێنج ساڵی بە سەرا ڕابورد، هێشتا نەهێنراوەتە جێ و بە تەبیعەت ئەم وەزعییەتە بوو بە سەبەبی دڵگیری و

شیکایاتی کوردەکان و سەوقی کردنە سەر لێکدانەوەی موستەقبەلی پڕ ترس و خۆفی خۆیان. لە پێش ئەوە قسە لە تەرزی حەللی ئەم مەسئەلەیە بکەم، ئەمەوێ ئیسباتی ئەوە بکەم کە حکوومەت ریعایەتی وەعدەکانی خۆی نەکرد و لەم ڕووەوە بوو بە سەبەبی دڵگیریی کوردەکان و ساردبوونەوەیان لە حکوومەت. هەموو ئەیزانین کە ئەو موساعەدانەی کە وەختی خۆی بە پێی تەقریری لوجنەی عوسەبەتولئومەم – بە درێژایی ئینتیداب – لە حکوومەتی عیراق داوا کرابوو، چوار بوو، ئەمانەش مەسئەلەی مەئموورین، تەدریس، مەحاکم، و زمان بوو، ئینجا با ئەم چوار مەسئەلەیە بگرین و تەماشا بکەین کە حکوومەت تا چ دەرەجەیەک ئیهتیمامی پێ داون.

لەم موناقەشەیەدا من ئیسنادم ئەو ژمارە و ئیحسائییاتەیە کە لە ساڵی ٩٢٦دا حکوومەتی عیراق دابووی بە حکوومەتی حەلیفە و کە لە موبالەغە و غەڵەت بەدەر نییە، دیسان بەعزێ وەسائیق و ئیحسائییاتی ڕەسمیی تر کە عائید بە ساڵی ڕابوردووە.

(١) – مەسئەلەی مەئموورینی کورد و ئیشتیراکیان لە ئیدارەی مەرکەزی حکوومەتدا، بە پێی مادەی ٤، ٥، ٦ی خوتبەی وەزیری موستەعمەرات کە لە مەجلیسی عوسبەتولئومەمدا دابووی و بە پێی وەسائیقی ڕەسمییەی تر، ئەبینین کە لە ساڵی ٩٢٦ و ساڵی حازردا وەزعییەتی دابەش-کردنی وەزائیف لە مەناتیقی کوردییەدا وەکوو خوارەوەیە:

بنکەی ژین
www.zheen.org

**(ئا)**

**لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە ساڵی ١٩٣٠ دا**

| وەزارەت | مەئموورینی موسەجەل | | | مەئموورینی موسەجەل | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کورد | غەیری کورد | هەموو | کورد | غەیری کورد | هەموو |
| مالییە و داخلییە | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| عەدلییە | ١٠ | ٣ | ١٣ | ٩ | ٧ | ١٦ |
| وەزارەتەکانی تر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

ئەم ژمارانە بە تەواوی نیشانمان ئەدا کە لە زەرفی پێنج ساڵدا لە مالییە و داخلییەدا ژمارەی مەئمووری موسەجەل لە کورد تەنها یەکێکی زیاد کردووە، و بە عەکسی ئەمە لە عەدلییە و وەزارەتەکانی تر کەمی کردووەتەوە، لە حاڵێکدا کە ئەبینین ژمارەی مەئموورینی غەیری کورد لە هەموو وەزارەتەکانی ترا تەقریبەن لە سەدی سەد زیادی کردووە. ئەم زیادکردنە بە تەواوی موناقیزی ئەو بەیاناتەیە کە وەزیری موستەعمەرات لە ماددەی چوارەمی خوتبە (مولحەق -١-)کەیا دابووی، و کە لەوێدا نییەتی حکوومەتی عیراقی وەکوو لای خوارەوە نیشان دا بوو:

((کەمکردنەوەی مەئموورینی غەیری کورد لە مەناتیقی کوردییەدا وورده وورده دەوام ئەکا، و سیاسەتی ئیستیخدامکردنی تەنیا کورد لە هەر جێگایەکدا کە یەکێکی ساحێب لیاقەت و

ئارەزوو دەست پکەوێ بە سوورەتی مونتەزیمە جارییە و لە حاڵی تەتبیقدایە ..)).

ئایا چ سەبەبێکە وا حکوومەتی مەنع کردووە لە تەتبیقی ئەم وەعدە و بەرامبەر بەم ئیشە لە موستەقبەلدا وەزعییەتی چی ئەبێ؟

ئەمە دوو سوئالە لازمە جەوابی بدرێتەوە.

ئەوەڵەن هەموو ئەیزانین کە لە زەمانی حکوومەتی تورکا مەئموورینی کورد بەشێکی موهیمیان لە وەزائیفدا هەبوو؛ و بە تایەبەتی لە سێ ویلاتەکەی عیراقدا، و هەموو ئەمانبینی کە بەشێکی زۆری زابیتان و مەئموورینی موڵکییە لەوان بوون، و هیچ شوبهەی تیا نییە ئەو قیسمە مەئموورەی کە بۆ حکوومەتی عیراق ماوەتەوە، هێشتا نەفەوتاوە، و بەشێکی موهیمیان ئێستاش مەوجوودن و ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە وەزائیفی حکوومەتییەوە، لەبەر ئەمە حکوومەت ناتوانێ بڵێ کە من پیاوی ساحێب ڕەغبەت و لیاقەتم چنگ ناکەوێ لە ناو کوردەکانا. خۆم زۆر جار موڕاجەعاتم دیوە کە بە حکوومەت کراوە، بەڵام تەنیا قیسمێکی جوزئی تەرویج کراوە، دۆسییەی وەزارەتەکان و بە تایەبەتی هی وەزارەتی داخلییە شاهیدە بۆ ئەمە. لەم خسووسەوە جەسارەتی ئەوە ئەکەم کە بۆ میسال باسی مەسئەلەیەک بکەم: ئەمەش مەسئەلەی شەفیق بەگی کۆنە قائیممەقامە کە داوای مودیرییەتی ناحیەی کرد، دوو ساڵی تەواو بوو ئەمەندە هەوڵم دا مووەفەق نەبووم بە تەعیینکردنی، هیچ شوبهە نییە کە ئەمسالی ئەم پیاوە بەدبەختە - کە مەئزوونی مەکتەبی موڵکییەی شاهانەیە - زۆر مەناسیبی گەورە گەورەیان ئیشغاڵ کردووە و گەلێ جار لە سەر کورسیی وەزارەتی حکوومەتی عیراق دانیشتوون، بەڵام حەتتا وەزیفەی مودیرییەتی ناحیەش بەم فەقیرە نەدرا. کوردەکان لە لایەکەوە ئەم نەوعە ئەحواڵە

ئەبینن و لە لایەکی تریشەوە ئەبینن کە حکوومەت بۆ تەعیینی غەیری کورد لە مەنتیقەکەیانا چەند تەسهیلات ئەنوێنێ، و هەوڵ ئەدا بۆ زیادکردنیان بە تەدریج هەر وەکوو لە جەدوەلی (ئا)دا نیشان دراوە و لە جەدولی (ب)ی لای خوارەوە بۆمان دەر ئەکەوێ:

**(ب)**

| لیوا | نیسبەتی سەدانی کوردەکان | نیسبەتی مووەزەفینی ئێستا | | نیسبەتی عادیلە بە گوێرەی نفووس | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | کورد | غەیری کورد | کورد | غەیری کورد |
| سلێمانی | ٩٩ | ٦٤ | ٣٤ | ٩٩ | ١ |
| کەرکووک | ٥١ | ٢٤ | ٧٦ | ٥١ | ٤٩ |
| هەولێر | ٧٩ | ٦٠ | ٤٠ | ٧٩ | ٢١ |
| مووسڵ (زاخۆ، دهۆک، عەمادییە، عەقرە، زێبار) | ٧٠ | ٣٤ | ٦٦ | ٧٠ | ٣٠ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەم جەدوەلەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە کوردەکان لە هەموو مەنتیقەی کوردییەدا بە نیسبەت نفووسیانەوە لە نوقتەی وەزائیفەوە مەغدوور کراون، وەلحاڵ لە نوقتەی عەدالەت و ریعایەتی قەراری مەجلیسی وزەرای ڕۆژی ١١ی تەمووزی ٩٢٣ کە ئەڵێ ((حکوومەت نیازی نییە لە قەزای کوردەکانا غەیری مەئموورینی فەننی هیچ مەئموورێکی عەرەب تەعیین بکا...)) و وەعدی وەزیری موستەعمەرات کە لە مادەی چوارەمی خوتبەکەیدا دابووی (٣ی ئەیلوول ٩٢٦) و تەسریحاتی ٢١ی کانوونی سانیی ٩٢٦ی ڕەئیسول وزەراء.

بۆ حکوومەت وا جوان بوو کە ئەم مەغدوورییەتە لە زەرفی ئەم چەند ساڵی ڕابوردووە لە سەر کوردەکان هەڵبگرێ، و نیسبەتی مەئموورینی ئەو مەنتیقانە نەوعەمما بگەیێنێتە ڕادەیەک کە هەروەکوو لە جەدوەلی (ب)دا نیشان دراوە، لەگەڵ نفووسیان موتەناسیب بێ. مەعلوومی سوددەی مەلەکیتانە، کە لە هەموو وولاتی شەرقا ژیانی قیسمی مونەوەر هاتووەتە سەر وەزیفەی حکوومەت، و ئیستیفادەکردن لەم وەسیلەیە جوزئێکە لە حقووقیان و هەم مەنافیعی حکوومەت وا ئیقتیزا ئەکا یارییە بدا بۆ ئەم ئیستیفادەکردنە و لەم ڕێیەوە ئەگەر ڕیعایەتی عەدالەت بکرێ نیزامی ئیدارە سووک ئەبێ و تەکامول ئەکا، لەو ڕووەشەوە ئەم لاوانە ئەبن بە تەرەفداری موخلیسی حکوومەت، لە سەرێکی تریشەوە مەیدانی ئەوە نامێنێ کە ئەو کەسانە شیکایەت وەیا تەشویشات بکەن.

پێش ئەوەی خیتام بە جەوابی سوئال بێنم، ئەمەوێ نوقتەیەکی تریشی عەلاوە بکەم: حکوومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا بەرامبەر بە ئەقوامی عیراق عەدالەت و موساوات ڕیعایەت ناکا و حەقیقەتەن ئەگەر تەماشای وەسائیقی ڕەسمییە بکەین، ئەبینین نیسبەتی مووەزەفین لە لیوای کەرکووک بۆ کورد ٢٤/٥ %دا و بۆ تورکومان ٥٦/٥%دا و بۆ عەرەب و عەناسیری تر پتر لە ١٩%دایە. وەلحاڵ بە پێی ئەو ئیحسائییە کە لیوای کەرکووک بە پێی ئارەزووی خۆی تەنزیمی کردووە، نیسبەتی نفووس لەم لیوایەدا وەکوو خوارەوەیە:

٥١% کورد، ٢١/٥% تورکومان، ٢٠% عەرەب، و ٧/٥% ئەقوامی سائیرەن. لەمە بۆمان دەرئەکەوێ کە حکوومەت لە بەر بەعزێ ئەسباب – کە نایزانم و بڕواش بە سیحەتی ناکەم– بە زەرەری کورد و عەرەبەکانەوە یارمەتیی تورکومانەکان ئەدا. ئەمەش بێشوبهە دڵشکاندن و شوبهەی کورد تەولید

ئەکا، بەرامبەر بە عەدالەتی حکوومەت کە لە سەری واجیبە بە چاوێک بنوارێتە عەناسیری عیراق.

هەر وەکوو لە خوارەوە ئەیبینین، حکوومەت نەک تەنیا لە مەسئەلەی تەوزیفدا، بەڵکوو لە مەعاریف و نیابەتیشدا حیمایەی بەعزێک ئەکا و هەندێکیش تەرک ئەکا.

خولاسە من هیچ سەبەبێک نابینم کە حکوومەت مەنع بکا لە بەجێهێنانی وەعدەکانی، و لە لابردنی مەغدووورییەتی کورد.

سانییەن: حکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا بۆ پەیداکردنی مەئموورینی کورد؟

وەزعییەت و زرووفی ئێستە لەوانە نییە کە موساعەدەمان پکا بۆ دانەوەی جەوابێک کە دڵنیامان پکا، چونکە ئەو ڕێگایەی کە حکوومەت ئێستە گرتوویەتە پێش، ئەوە نییە کە مەیدانی کوردەکان بدا تا لە عولووم و مەعاریفدا پێش کەون و بۆ وەزیفە خۆیان حازر پکەن، موهیمترینی ئەم وەسائیتە بیعساتی عیلمییە و مەداریسی عالییەیە کە موتەخەریجەکان پێ ئەگەیێنێ بۆ وەزائیفی حکوومەت و بەرە بەرە بۆ ئیشغالی مەناسیبی گەورە.

بە کەماڵی تەئەسوفەوە ئەڵێم کە لاوانی کورد هیچساڵێک حیسسەی حەقیقیی خۆیان وەرنەگرتووە لەو بیعسانەدا کە وا مەعاریف ئەینێرێ بۆ خاریج، و ئەمە بە وەسائیقی وەزارەتی مەعاریف خۆی موسبەتە.

ژمارەی ئەو لاوانەی کە هەتا ساڵی ڕابوردوو نێرراون بۆ خاریج ئەگاتە ١٢٠، لەمانە تەنیا دوان یا سیانیان کوردە، چونکە بە پێی ئەو ئوسووڵەی کە وا مەعارف تەتبیقی ئەکا لە ناردنی بیعسەدا، ئەبێ ئەو لاوەی کە داخیلی بیعسە ئەبێ لە مەکتەبێکی سانەوی تەواو مەئزوون بێ. لە هەموو مەنتیقەی کوردییەدا مەکتەبێکی سانەویی وەها نییە. لاوانی کوردیش لە

بەر هەندێ ئەسباب، زۆر ئارەزووی هاتنە بەغدا و ئیستیفادە لە تەحسیلی سانەویی ئێرەیان نییە، زۆر بە زەحمەتی ئەبینن و ئەم حاڵە بووە بە سەبەبی مەنعیان لە ئیستیفادەکردنی بیعسە و مەداریسی ئیختیساسییەی پایتەخت. لە سەرێکی تریشەوە ئەبینین کە ئەو زەحمەت و مەشەقەتەی کە لاوانی کورد لە مەسئەلەی تەوزیفدا دوچاری ئەبن، لەوانەیە کە مەنعیان پکا لە پێگەیشتن و فێری ئیش بوون لە دەوائیری حکوومەتیدا، و خۆحازرکردن بۆ مەناسیبی گەورە. کە وابوو حکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا؟ و چۆن مەئمووری کورد پەیا ئەکا؟ ئەم حاڵە ئەمانهێنێتە سەر ئەوە کە باوەڕ پکەین کە ئەو نوقسانییەتەی لە مووەزەفینی مەناتیقی کوردییەدا لە موستەقبەلدا حاسڵ ئەبێ، بە دامەزراندنی مەئموورینی غەیری کورد پڕ ئەکرێتەوە، و بەم ڕەنگە بە تەبیعەتی حاڵ درەنگ یا زوو، ئیستیفادەکردن لە وەزائیفی حکوومەت لە دەست کورد دەر ئەچێ و ئەکەوێتە دەست غەیری کورد . ئەم دوو نوقتەیە، یەعنی ئیمتیناعی حکوومەت لە تەعیینکردنی موەزەفینی کورد و کەمتەرخەمی لە ئیتتیخازی تەدابیری لازمە بۆ پێگەیاندنی موەزەفینی کورد بۆ موستەقبەل، میللەتی کوردی ڕەنجیدە کردووە و بووە بە سەبەبی نەمانی ئیعتیمادی بە حکوومەت.

ئەم حاڵەتە یەکێکە لە موهیمترینی ئەو سەبەبانە کە میللەتی کوردی سەوق کردووەتە سەر ئەم شیکایەت و تەشەبوساتە کە وا حکوومەت لێی تووڕە بووە.

هەر وەکوو هەندێ جار ئەبێژرێ، ئیحتیماله بە بیرا بێت کە حکوومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا هیچ فەرقێک ناکا لە بەینی ئەقوامی عیراقدا و زۆر مەئمووری کورد لە مەناتیقی غەیرە کوردیدا ئیستیخدام ئەکا. من ئەمەم زۆر لا خۆش ئەبوو ئەگەر بە ڕاستی و موافیقی عەدالەت تەتبیق بکرایە، بەڵام

حەقیقەتەن وا نییە، و –بە پێی تەحقیقات و مەعلووماتی خسووسییەی خۆم– ئەتوانم بڵێم کە لە هیچ لیوایەکی ترا حەتتا سەدی پێنج مەئمووری کوردی تیا نییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ٢٦%ی مەئموورینی لیوای سلێمانی غەیری کوردن. بێینەوە سەر دەرەجەی ئیستیفادەی کوردەکان لە ئیدارەی حکوومەتی مەرکەزییە و پارلەمان، ئەبینین کە لەم ڕووەشەوە دیسان مەغدوورن.

وە لای خوارەوە خولاسەیەکی ئەم مەغدوورییەتانە بەیان ئەکەین:

ئەوەڵەن، نەبوونی کوردێک لە بەینی مودیری عامەکاندا کە ژمارەیان ئەگاتە ١٩.

سانییەن، نەبوونی زابتێکی کورد لە سەر دائیرەکانی وەزارەتی دیفاع بێجگەلە یەکێک. بۆ ئامیرینی مەنتیقەکان و وەحداتەکانیش هەر وایە.

سالیسەن، نەبوونی مەئموورانی کوردی موسەجەل لە مەرکەزی هەموو وەزارەتەکان، و مودیری ئەوقافی عام، دوان سیان نەبێ.

لەمەدا وا دەر ئەکەوێ کە کورد لە ئیدارەی حکوومەتی مەرکەزییەدا حەقی خۆی نەدراوەتێ و لەم خسووسەوە حاڵیان لە ساڵی ٩٢٦ خراپترە.

هەر وەها حقووقی نیسبییان لە مەجلیسی نووابیشدا کەمە، چونکە بە پێی تەقریری عوسبەتول ئومەم ئەبینین کە نیسبەتی نفووسی کورد هەر تەنیا لە لیواکانی شیمالدا بە نیسبەت نفووسی عیراقەوە ١٨% یە نەک وەکوو ئەڵێن لە ١٧% . لە بەر ئەمە ئەبێ ژمارەی نائیبەکانیش ١٦ بێ لە مەجمووعی ٨٨ نائیب، و ئەگەر ژمارەی نائیبەکانی مەجلیسی حازری

تەدقیق بکەین، ئەبینین عەدەدی نائیبی کورد – لە گەڵ نیوە کوردەکانیش هەر وەکوو وەزیری موستەعمەرات ناوی ناون – لە ١١ تەجاوز ناکا و ئەتوانم بڵێم بە پێی تەقریری عوسبەتول ئومەم قەومی کورد کە لە هەموو قەومەکانی تر و حەتتا لە ئەهالیی عەرەبی مووسڵیش زیاتر مەیلی سەحیحی بۆ عیراق بەرامبەر بە عوسبەتول ئومەم پیشان دا، بەرامبەر بەم ئیخلاسەی چاوەڕوانی موکافات و موعامەلەیەکی موشفیقتر و عادلتر لە موعامەلەی ئێستا بوو، و هیوای هەبوو کە حکوومەتی عیراق یارمەتییەکی گەورەتری بدا لەوەی کە وەزیری موستەعمەرات لە خوتبەکەی‌دا بەیانی کرد بوو:

(٢) – نەشری عیلم لە مەکتەبەکانی کوردا

هەموومان ئەیزانین کە نەشری عیلم بە زمانی کوردی لەو مەنتیقانەدا کوردی تیا دانیشتووە، یەکێ بوو لەو چوار تەڵەبەی عوسبەتول ئومەم و حکوومەتی عیراق، و حکوومەتی حەلیفە هەردووکیان بەڵێنیان دابوو بە تەتبیقکردنی. جا لە دوای پێنج ساڵ کە بە سەر ئەو وەعدەدا ڕابورد، بزانین ئەو دوو حکوومەتە موحتەرەمە وەفایان بۆ وەعدەکەیان بە چ دەرەجەیەک بووە.

ئەبینین کە زمانی تەدریس لە مەکتەبەکانی لیوای سلێمانی‌دا کوردی‌یە، بەڵام لە لیوای کەرکووکا کە بەشی زۆری ئەهالییەکەی یەعنی (٥١%) کوردە، بە غەیری سێ هیچ مەکتەبێکی نییە کە بە کوردی دەرس بخوێنێ و ٢٠ مەکتەبەکەی تری یەکدوو یەکی نەبێ، ئەوانی تری هەموو بە تورکی دەرس ئەڵێنەوە، وەلحاڵ ئەوانەی کە بە تورکی قسە ئەکەن، نفووسیان لە ١٢% نفووسی لیواکە زیاتر نییە.

شوبهە نییە نەبوونی مەکتەبی کورد لە قەزاکان و مەرکەزی ئەو لیوایەدا کە نیوەی خەڵکەکەی وەیا زیاتر لە نیوەی کوردن،

ئەهالیی کورد سەوق ئەکاتە سەر ئەوەی کە یا منالّەکانیان نەنێرنە مەکتەب، چونکە نایانەوێ زمانی تورکی قوبوولّ بکەن، وەیا بە نابەدڵ بیانخەن، تەبیعی ئەم نەوعە وەزعییەتە شایانی تەئەسوفە. و لە عەینی وەقتا لە لایەکەوە موخالفی عیلمی تەربییەیە؛ و لە لایەکی تریشەوە موافقی موسەلای حکوومەت نییە، بەلاّم مەیدان‌دانی حکوومەت بۆ مانەوە و دەوامکردنی ئەم وەزعییەتە غەریبە بە هیچ شتێک تەئویل ناکرێ، ئیلا بەوە نەبێ کە حکوومەت ئەیەوێ تەشجیعیان بکا بۆ ئەم زمانە و بۆ بلاّوبوونەوەی تاکوو زەربە لە کورد بدا، و تورکومان ئامادە بکا بۆ ئەوەی کە زیاتر لە ئێستە بە سەر کوردا زالّ ببن. لەم نەوعە موعامەلەیە وا تێئەگەم کە حکوومەت مەسالیحی سیاسییەی خسووسیی خۆی تەقدیر ناکا، بەلّکوو نەوعە موشکیلاتێ بۆ خۆی حازر ئەکا کە هیچ بە خەیالاّ نەهاتبێ. هەر وەها بە تەبیعەتی حالّ لە بابەت تەوزیعی قسمی زۆری ئەهالی لیوا کە لە خۆی عاجز ئەکا. یارمەتی حکوومەت بۆ ئەم قەومە پچووکە نەک هەر مەعاریفە و بەلّکوو لە بابەت گەلێ شتی تریشەوە وەک تەوزیف و نیابەت و سائیرە.

ڕیعایەتی زمانی کوردی لە بەشی زۆری مەکتەبەکانی هەولێردا جارییە، بەلاّم لە لیوای مووسڵدا زۆر شایانی ئەسەفە، لە حالّی حازرا لە هەر پێنج قەزای کوردەکانا کە لە چوار سێ بەشی کوردە، مەکتەبێک نابینین کە زمانی تەدریسی کوردی بێ، ئیسباتی ئەمەش کاغەزی مودیری مەعاریفی مەنتیقەی مووسڵە کە بە تەئریخی ٩٣٠/١١/٢ ژمارەی ٣٥١/١ بۆ مودیری مەعاریفی عامی نووسیوە و لەم کاغەزەدا بە ئاشکرا پێی لێ ئەنێ کە لە مەنتیقەی مووسڵدا مەکتەبێکی تیا نییە کە بە کوردی دەرس بخوێنێ. حالّ وایە ئەگەر تەماشای مادەی (٩)ی خوتبەی وەزیری موستەعمەرات بکەین، ئەبینین ١٣ مەکتەبی کوردی تیا باس کراوە (لەم ١٣ مەکتەبە ٦یان لە مەنتیقەی مووسڵدا). و خۆم بیلنەفس لە سالّی

www.zheen.org

١٩٢٧دا ١٠ مەکتەبی کوردیم لە مەنتیقەی مووسڵا دیوە، سەرەڕای ئەمە بەرامبەر بە بەڵێنی وەزیری موستەعمەرات کە لە مادەی (١٠)ی خوتبەکەیدا بەیان کراوە، خیلافێکی تریشی ئەبینین و ئەوەش بە تەواوی هەڵگرتنی زمانی کوردییە لە تەرەفی وەزارەتی مەعاریفەوە لە مەکتەبەکانی هەر پێنج قەزاکەدا. ئینجا نازانم ئایا وەزارەتی مەعاریف لە خۆیەوە بوو و یاخود بە ئیعازی حکوومەت بوو کە زمانی کوردی لەو مەکتەبانە دەر کرد و لە هەردوو حاڵدا ئەم موعامەلەیە سەرفی نەزەری لەوەی موخالیفی عیلمی تەربییە و دەعوای حکوومەتە، بە هیچ شتێک تەئویل ناکرێ، ئیللا ئەوە نەبێ کە بگەڕێتەوە سەر ئەو ئوسووڵە پڕ زەرەرەی کە لە زەمانی تورکەکانا تەتبیق ئەکرا و ئەوەی کە برا عەرەبەکانمان بیلنەفس خۆیان دائیما شکایەتیان لێ ئەکرد.

مەغدوورییەتی قەومی کورد لە مەنتیقەی مووسڵا هەر مەحوی زمانی کوردی نییە لە تەدریساتدا، بەڵکوو –هەر وەکوو لیوای کەرکووک– لە گەڵێ جیهەتی تریشەوە وەک تەوزیف و تەمسیلی قەومی کورد لە مەجلیسی مەبعووسانا و حەقیقەتەن ئەبینین کە لەم پێنج قەزای شیمالییەدا لە ٦٦ %ی مەئموورەکانی کورد نین، حاڵ وایە نفووسی ئەم قیسمە لەم قەزایانەدا لە ٣٠ %ی مەجمووعی سوکان تەجاوز ناکا و نیسبەتی حەقی تەوزیف کە بە کوردەکان بەخشراوە، هەر لە ٣٤% ی ئەوەلییە لە وەزائیفی پچووک و لەوانەی کە کەم-دەستەکانی ئەو ناوە نەبێ کەس پێی ڕازی نابێ، دەلیلیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە چوار قائیممەقام لەم پێنج قائیممەقامانە و وەک ئەیزانم مودیری ماڵ و موعاونی شورتە و موەزەفین و مەئمووره گەورەکانی تر هەموو غەیری کوردن. و ژمارەی نائیبەکانیان بە نیسبەتی نفووسیان ئەبوایە سیان یا چوار بوایە، کەچی هەر دوانن.

ئەم وەزعییەتە و لادانی حکوومەت لە بەجێهێنانی وەعدەکانی کە لە مادەی چواری خیتابی وەزیری موستەعمەراتدایە و گوێنەدانی بە تەسریحاتی ڕەئیسول وزەرا، (٢١ی کانوونی سانی ٩٢٦) کوردەکانی سەوق کرد و سەوقیان ئەکاتە سەر دڵگیری و سکاڵاکردن، کە بێشک ئەمە موخالیفی ئارەزووی جەلالەتتان و مەنافیعی حکوومەتە.

(٣) – دابەشکردنی عەدلییە بە زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردیدا

ئەمە سێیەم موساعەدەیە کە ویستراوە بدرێ بە کورد و ئەمەش وەک لە مادەی (٥)ی خیتابی وەزیری موستەعمەراتدا دەرئەکەوێ لە ساڵی ١٩٢٦دا لە لیوای سلێمانی و قەزای کۆی-سنجاقدا تەتبیق کرا و تا ئەمڕۆ لە هیچ مەنتیقەکی ترا تەتبیق نەکراوە.

لە حەقیقەتی حاڵدا ئەبینین کوردی لیوای کەرکووک لە مەحکەمەکانا بە زمانی تورکی موحاکەمە ئەکرێن، و لە لیوای هەولێر و مووسڵ و قەزای خانەقیندا مەجبوورن کە بە زمانی عەرەبی موڕاجەعە و موڕافەعە پکەن، ئەم حاڵەش بووەتە سەبەبی موشکیلات و دەردیسەرییەکی زۆر بۆ کورد، چونکە بە ناعیلاجی ئەبێ تەرجومان پەیا کەن و شکاتیان بە واسیتەی ئەوەوە عەرزی مەحکەمە بکەن و مودافەعەی حقووقیان بدەنە دەس تەرجومان و چاوەڕوانی ڕەحمەتی ئەو بن، کە لەو رووەوە گەلێ جار مەغدوور ئەبن، چونکە یا لە تەرجومەدا زەعیف ئەبن و یاخود بۆ خاتری مەنفەعەتی شەخسیی خۆیان حەقی مودەعی و مودەعی عەلەیهی تێک ئەدەن و هەر ئەم مەحزوورە بوو مەجلیسی عەسبەتولئومەمی هێنایە سەر ئەوە کە داوا پکا تا کورد بە زمانی خۆی موحاکەمە بکرێ. ئینجا بە تەبیعەت گوێ-

نەدانی حکوومەت بەم حەقە، قەومی کوردی مەجبووری شکات و نەفرەت کردووە لە حکوومەت و من بڕوا ناکەم کە تەوزیعی عەدالەت لە بەینی قەومی کوردا بە زمانی خۆی زەحمەت بێ بۆ حکوومەت، بەڵکوو بەم موساعەدە و موعاوەنەتە ئیسباتی حوسنی نییەتی خۆی ئەکا دەرحەق بە کورد و بە سوورەتی قەتعی ڕەزا و ئیخلاستان بۆ خۆی جەلب ئەکا.

(٤) – زمانی کوردی، زمانێکی ڕەسمی بێ

بۆ حکوومەت وای هەڵئەگرت کە چەند ساڵێک لەمەوپێش وەعدەکانی خۆی بەجێ بهێنایە بۆ ئەوەی کە دەنگی شکات و هەرا بەرز نەبێتەوە، بەڵام لەم ئاخریەدا لە جەریدەکانی پایتەختدا دیم کە لائیحەی قانوونێک بۆ ئەم مەقسەدە و بەعزێ شتی تر نەشر کراوە و لەگەڵ ئەوەی کە بەعزێ نەواقیسی تیا هەیە و ئومێد ئەکرێ ڕەفع بکرێ باعیسی مەمنوونییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەتیجە

دوای ئەم ئیزاحانەی کە زاتم کرد و عەرزی سوددەی مەلیکیتانم کرد وای بە موناسب ئەزانم کە ڕێی چارەکردنیش عەرز بکەم. چارەکردنێکی وا – کە بە ئیعتیقادی من – کەمێ زۆر قەومی کورد وسکوت ئەکا و حکوومەت لە شکات و هەرا نەجات ئەدا. لام وایە ئەم چارەیەش ئەوەندە زەحمەت نییە، بەڵکوو زۆر ئاسانە و عیبارەتە لە بەجێهێنانی وەعدەکانی حکوومەت بە تەواوی و دیقەتکردن لە موحافەزە و دەوامی.

لای من ئەم نوقتەیە، یەعنی ئەهەمییەتدان بە موحافەزە و دەوامی ئەم موساعەداتە، لەدوای تەتبیقی زۆر موهیمە و بە نەزەری تەجروبە و ئیختیاراتی خۆمەوە بە بێ دانانی

موراقەبەیەکی دائیمی بە سەرییەوە تەئمینکردنی مەحاڵە، چونکە مومکینە پیاوە گەورەکانی حکوومەت، یەعنی ئەوانەی کە تەقدیری مەسڵەحەتی عموومی وولات ئەکەن، تەرەفداری ئەمە نەبن کە موساعەدات خەلەلی پێ بهێنرێ. بەڵام لە هەموومانەوە دیارە، کە ئەم پیاوانە ئیشی گەورە و زۆریان بە سەرەوەیە و پێیان ناکرێ ئەم چاوێریکردنە بخەنە سەر شانی خۆیان. کە وابوو ئەم ئیشە ناسکە، چ لە مەرکەز و چ لە دەرەوە، ئەکەوێتە ژێر دەس مەئموورە گەورەکان و پچووکەکان کە مەسڵەحەتی عموومی وولاتیان پێ تەقدیر ناکرێ و ئەوانە – هەر وەکوو ئێستە لە بەعزێ لیواکانا ئەبینرێ – بە گوێرەی حیسییات و تەعەسوبی قەومیی خۆیان ئیدارەی عەناسیر ئەکەن و بە تەبیعەت پێیان مەئموول ناکرێ کە چاوێریی بەدڵی ئەو حقووق و موساعەداتە پکەن کە لە تەرەف حکوومەتەوە بە مەقسەدێکی بڵند و بۆ ئیزهاری حوسنی نییەتی بە عەناسیر دراوە.

بۆ ئەم نەوعە مەئموورانە لازم بوو، کە بە پێی ئەو نەسیحەتە بەقیمەتەی جەلالەتتان کە لە جەوابی نوتقی مەندوبی سامیدا لە دارول ئیعتیماد لە ساڵی ١٩٢٦ فەرموورا بوو حەرەکەت پکەن، ئەو نەسیحەتە باوکانە ئەمە بوو: ((یەکێ لە جوملەی ئەهەممی وەزائیفی هەموو عیراقییەکی سادقە کە تەشویقی کوردی عیراقی برای بکا کە لە ژێر بەیباخی عیراقدا کە ڕەمزی سەعادەتی مەملەکەت و سەعادەتی عموومی مادی و عەقلییەیە، موحافەزەی جینسییەتی خۆی پکا و لێی لا نەدا...)) و پێویست بوو کە لەو تەسریحاتەی کە مەرحوومی ڕەئیسول وزەرا لە ڕۆژی ٢٢ی کانوونی سانی ٩٢٦ لە مەجلیسی مەبعووسانا دای، عیبرەت بگرن، چونکە مەڕحووم ئەیگوت ((ئەگەر عیراق ئەیەوێ بژی، ئەبێ حقووقی هەموو عونسورێکی عیراقی تەئمین پکا، چونکە هەموومان دیمان کە تەفرەقە و تێکچوونی

حکوومەتی عوسمانی لەم ڕووەوە بوو و چونکە حقووقی عونسورەکانی ناو خۆی غەسب کرد بوو و لە پێشکەوتن مەنعی کردبوون ...)) و هەر وەها لە سەر ئەو مەئموورانەی ئەم نەوعە ڕەوشتەیان پەسند کردووە، لازم بوو گوێ بدەنە ئەو خوتبەیەی مەندووبی سامی کە لە حوزووری جەلالەتتانا دابووی و ئەیگوت: ((ئەبێ ئارەزووی حکوومەتی عیراق ئەوە بێ کە هەموو عەناسیری عیراق، ئەولادێکی سادقی حکوومەتی عیراق بن و بۆ ئەمە لازمە کە تەشویقیان بکا تا لە سەر دین و جینسییەتی خۆیان بڕۆن و لێی جوێ نەبنەوە)).

هیچ وەختێک کورد عەرەب نییە، و لەوەندەی کە ئیسکۆچی بووە ئینگلیز، ئەویش زیاتر نابێ بە عەرەب و بە ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمالکردنی زمانی عەرەبی وەیا عادەتی عەرەبی قەت نابێتە وەتەنییەکی سادق بۆ عیراق. خولاسە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی تەواو، بەڵکوو ئەبێ هەموو تەشویقات و تەسهیلاتێکی بۆ بکرێ تا ببێتە کوردێکی تەواو و لە سەر ئەو نەوعە مەئموورانە لازم بوو کە چاک بیزانن کە گوێنەدانیان بەم نەسیحەتە بەقیمەتە و لادانیان لەم تەسریحاتە کە لە حەقائیقی تەئریخی تازە وەرگیراوە، ئەبێ بە سەبەبی حسوولی شەک و شوبهە لە سەداقەتی حەقیقییەیان بۆ عیراق و ئەیانخاتە ژێر توهمەتی هەوڵدان بۆ هێنانە وجوودی مەسائیلی تەفرەقە و تێکدانی وەحدەتی عیراقی. لە گەڵ ئەمەشدا من هەموو لەم شەک و توهمەیە بەری ئەکەم و ئیعتیقادم وایە کە سەبەبی ئەمە تەقدیرنەکردنی نەتیجەی ئەم نەوعە حەرەکاتە و حیسسی تەعەسوب و شعوورێکی فاسیدە. نازانم چۆن پیاوە گەورەکان لەم نەوعە ئیشە بێمەعنایانە چاو ئەپۆشن؟ حاڵ وایە کە خۆیان تەقدیری وەزعییەت ئەکەن و موتەحەسیسن بەحسییاتی لوتفکارانە بەرامبەر بە هەموو ئەقوامی عیراق. شاهیدم تەئریخ و ئەو حادیساتەی کە هێشتا لە بەر چاومانا گوزەران ئەکا و

باوەڕم هەیە کە بەجێنەهێنانی وەعدەمان لە لایەکەوە و تەسەروفاتی نالایقی بەدەوام لە لایەکی ترەوە، غەیری زەرەر هیچ فائیدەیەک بە وولات نابەخشێ و ناتوانین بە زۆر وەیا بە تەزییقی ئیداری کە نەتیجەی خراپی لە بەر چاومانە، ببین بە مانع وەیا ... کەمکردنەوەی ئەو زەرەرە. لە بەر ئەوە مەسڵەحەتی عموومییە لەوەدا ئەبینین کە حکوومەت بێتە پێشەوە و تەتبیقی وەعدەکانی لە مەناتیقی کوردییەدا بکا و لیوای دهۆک تەشکیل بکات؛ کە مەندووبی سامی لە ٦ی مایسی ١٩٢١دا وەعدی دابوو و ئەم وەعدە لە (الویەی شمالیە) بڵاو کرابووەوە. و لە دوای ئەوە هەیئەتێکی خاسەی موراقەبە بۆ موحافەزە و حورمەتی ئەو موساعەداتە کە عیبارەت لە موفەتیشێکی شارەزا لە خۆیان و سەلاحییەتی تاممەی هەبێ بۆ مەنعکردنی لاوان لەو ئەساس و قەواعید لە هەموو دەوائیر و تەشکیلاتی حکوومەتیدا و یەکێ لە موفەتیشە ئیدارییەکانیش یارمەتی بدا و یەکسەر مەربووتی ڕەئیسی حکوومەت بێ، مادەتەن بەرامبەر بە ڕەئیسی حکوومەت و قەومەکەی مەسئوول بێ و ئیعتیقادم وایە کە حکوومەت بە لوتف و موافەقەتی لە سەر ئەم ئەساساتە، لەو موشکیلانەی کە دێتە ڕێی و ئەوەی کە لە گەلێ جاردا سەوقی ئەکاتە سەر سەرفی جهوود و نقوود نەجاتی ئەبێ و بە ئەمە ئەو عاجزی و نەفرەتەی لە بەینی ئەفرادی کوردا مەوجوودە دوایی دێت و لە پێش ئەوەدا کە نیهایەت بەم مەعرووزاتەم بدەم دەفعەیەکی تریش نەزەری دیقەت جەلب ئەکەمە سەر مەسئەلەی موراقەبە و لزوومی دانانی لە تەرەف حکوومەتەوە، چونکە باوەڕ ناکەم کە بە بێ ئەمە نەتیجەیەکی باش چنگ پکەوێ و چونکە قانوونکردن و قەراردانی حکوومەت بە تەتبیقی وعوود مەقسەدێک حاسڵ ناکا، بەڵکوو لە دوای مودەتێک ئەم فەعالییەتە ئەوێستێ و لە فکریشی ئەچێتەوە و دەلیلی ئەم ترسەشم، بەجێنەهێنانی ئەو قەرارەیە کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی تەمووزی ٩٢٣دا دای دەرحەق بە تەعیین-

نەکردنی مەئموورانی غەیری کورد لە مەنتیقەی کوردا و بەجێ-نەهێنانی ئەو ئەمرە کە ڕەئیسی حکوومەت لە ساڵی ١٩٢٦دا و بۆ بەجێهێنان و تەتبیقکردنی ئەو چوار مادەیە کە بە کوردەکان وەعدە درابوو، بە هەموو وەزارەتەکانیدا.

خوڵاسە لە سوددەی عولیای مەلەکی ئیستیرحام ئەکەم کە بە چاوێکی عەتف و مەرحەمەت تەماشای ئەم مەسئەلە موهیمە بکرێ و بۆ چارەکردنی زوو ئەمر بدرێ تا ئەم ئیختیلافاتە لە ناودا نەمێنێ و وەحدەی موحتەرەمەی عیراقی مەحفووز بێ و دڵی قەومی کورد بێتەوە جێ و ببێتە عونسورێکی موخلیس و حارسێکی سادق بۆ عەرشی جەلالەتتان. ئیتر ئیستیرحام ئەکەم کە لە بابەت سەربەستیی فکر و مەعرووزاتم عەفوم بفەرموون. ئیتر ئەمر ئەمری جەلالەتتانە.

٢٠ کانوونی ئەوەل ١٩٣٠
محەمەدئەمین زەکی
سوورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندووبی سامییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## مولحەقی عەریزەکەیە

ژمارە ١٢٠ کوردیی ئەو موزەکەرەیە لە دەرحەق ئیدارەی مەناتیقی کوردی عیراق لە تەرەف مەجلیسی نیابی عیراقەوە لە ئیجتیماعی ١٩٢٥یدا تەرجومە و تەبع و تەوزیع کرا.

١- فەقەرەی سێیەمی قەراری مەجلیسی عوسبە کە لە خسووس حدوودی تورکیا و عیراق بوو ئەڵێ:

((حکوومەتی بەریتانیا، بەو سیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەسییە بە سەر عیراقەوە، ئەبێ لە حزووری مەجلیسی عەسبەدا بەیانی ئەو تەدبیر و ئیجرائاتە پکا کە زەماناتی قەرار دراو بۆ کوردی عیراقی پێ تەئمین ئەکرێ، ئەو زەماناتە کە لە تەرەف لوجنەی تەحقیقەوە لە ئیستینتاجاتی قەراری نیهائیدا باسی کراوە)).

٢- تەوسییاتی لوجنەی تەحقیق دەرحەق بە کوردی عیراق، بەو نەوعە کە مەجلیس قەراری لە سەر دابوسو، ئەمەیە: ((ئەبێ ڕیعایەتی ئەو ئارەزووانە پکرێ کە کوردەکان بەیانیان کرد؛ ئەو ئارەزووانە عیبارەتە لە، تەعیینی مەئموورینی کورد بۆ مەناتیقی کورد. تەوزیعی عەدالەت و نەشری تەعلیم لە مەدارسیانا بە زمانی کوردی بێ و زمانی کوردی لە هەموو ئەم وەزائیفانەدا زمانێکی ڕەسمی بێ)).

٣- وەزیری موستەعمەرات لەو نوتقەیدا کە لە ١٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥دا لە حزووری مەجلیسی عوسبەدا دای دەرحەق بەم مەسئەلەیە گوتی: نیزامی ئیدارەی ئێستا بۆ تەتبیقی بەشی زۆری تەوسییاتی لوجنە موساعید بوو و ئەم

ئیدیعایەش حەقیقەتە و ئیستیناد ئەکا لە سەر ئەو تەدابیرە کە لە تەرەف حکوومەتی عیراقەوە بۆ ئیدارەی مەناتیقی کورد تەتبیق کراوە.

٤- چلوسێ لە مەجمووعی ٥٧ مەئموور کە لە تەرەف وەزارەتی مالییە و داخلییەوە لە مەناتیقی کوردا ئیستیخدام ئەکرێن، کوردن وە ٩ موەزەفی کوردیش لە مەناتیقی غەیرە کوردییەدا هەیە و بەرە بەرە عەدەدی مووەزەفینی غەیری کورد لە مەناتیقی کوردی لە کەمبوونەوەدایە. سیاسەتی حکوومەت وایە کە غەیری کورد کەسێکی تر لە کوردستاندا ئیستیخدام نەکا و بە ئەهەممییەت لە سەر ئەم سیاسەتە دەوام ئەکا.

٥- وەزارەتی عەدلییە لە مەناتیقی کوردییەدا ١٣ موەزەفی (حاکم و کاتبی ئەوەڵ) هەیە، لەمانە دەی کوردە و موحاکەمە بە کوردی ئەکرێ و مەحزەری موحاکەمە لە سلێمانی و کۆیەدا بە کوردی ئەنووسرێ و ئەگەر دەعواکە حەواڵەی مەحکەمەی ئیستیناف و تەمیز بکرێ، تەرجومەی عەرەبیی پێوە ڕەبت ئەکرێ. شەش مەئمووری کوردیش لە مەناتیقی غەیرە کوردییەدا هەیە.

٦- دەوائیری غەیری ئەوانە کە باس کرا (وەکوو وەقف، پۆستە و تیلغراف، ئەشغاڵی عموومییە، سجوون، گومرگ، ڕێ، تاپۆ و زەراعەت) پەنجاوپێنج مەئمووری لە مەناتیقی کوردییەدا هەیە کە لەمانە سیوهەشتی کوردن و لە گەڵ ئەمەشدا لە مەناتیقی غەیری کوردییەشدا ٧٨ مەئمووری کوردیان هەیە.

٧- کورد، لە ئیدارەی مەرکەزیشدا بەشی خۆی بە تەواوی وەرگرتووە. چونکە لە بیست ئەعزای مەجلیسی ئەعیان دوانیان کوردن (غەیری ئەم دوانە نیوە کوردیش

هەیە). لە مەجمووعی ٨٨ مەندووب ١٤ کوردە. وەزیری مالییە[١٦٢]، و وەزیری مواسەلات و ئەشغالیش کوردن.

٨– کورد، بە گوێرەی نفووسی مەملەکەتەوە لە سەدا ١٧یە. لە قووەی عموومییەی شورتە (پۆلیس) لە سەدا ٢٤. و لە جەیش-دا لە سەدا ١٤ی کوردە، و موستەخدەمینی ئیدارەی شەمەندەفەر لە سەدا ٢٣ی کوردە.[١٦٣] مەجمووعی ئەفرادی جەیش و شورتە و شەمەندەفەر نزیک بیست هەزارێکە و لە سەدا بیستی کوردە.

٩– لە مەناتیقی کوردییەدا ٢٥ مەدرەسە هەیە. لەمانە پێنجی بۆ گاورە و بە زمانی کلدانی و عەرەبی ئەخوێنن. بەڵام زمانی تەدریس لە شانگزە مەکتەبدا کوردی‌یە. لە باقی چوار مەکتەبدا، کە قوتابییەکانی گاور و کورد و عەرەبن، بە زمانی کوردی ئیزاحاتدان بە تەواوی سەربەستە. عەدەدی ماموستای ئەم مەکتەبانە ٥٢ کەسە و بێجگە لە هەشتیان هەموو کوردن و ئەم هەشتەش زمانی کوردی ئەزانن و زۆری ئەمانە بۆ دانەوەی دەرسی عەرەبی ئیستیخدام ئەکرێن کە زۆر لازمە. عەدەدی ئەمانە لەمەوپێش سیانگزە بوو تا ئێستا، کەم کرانەوە.

١٠– پێجگە لەمانە ٢٢ ماموستای کوردی تریش هەیە کە عەرەبی ئەزانن و زۆر ماموستای عەرەب و تورکومانیش هەیە کە کوردی ئەزانن و لە مەناتیقی غەیرە کوردییەدا ئیستیخدام ئەکرێن. لەمە حاڵی ئەبن کە سیاسەتی تەعلیمی ئێستا بە تەواوی وەکوو تەوسییەی لوجنەیە و ئەم سیاسەتە گۆڕینی پێ ناوێ تەنیا ئەبێ، ئەگەر توانرا، عەدەدی مەکتەبەکان زیاد بکرێ.

---

[١٦٢] مەقسەد مەرحوومی سەبیح بەگە کە تورکێکی خالیسە.

[١٦٣] لە ئیدارەی شەمەندەفەر دا بە غەیری حەماڵ، حارسی فەیلی و خەدەمە و بەعزێ ئەربابی سەنعەتی پچووک کەسێکیتر نەبوو و قەت ئەمانە لە زومرەی مەئموورین حیساب نەکراون.

١١- ئەم ئەرقامەم لە سجلاتی مەرکەز کۆ کردووەتەوە و لە ناویا فەڕاش و کاتبی پچووک نییە (چونکە ئەم نەوعانە لە جێگەی خۆی تەعیین ئەکرێ) و ڕەنگە ئەم عەدەدانەی کە باسمان کرد کەمتر بێ لە عەدەدی حەقیقی مەئموورینی کورد. چونکە ئەوانەی کە بە تەواوی لە وەزیفەدا تەسبیت کراون، داخڵی عەدەدی موەزەفینی کورد کراوە. بەشی زۆری موەزەفین بە جینسیيەتی عیراقی تەسجیل کراون. لە بەر ئەمە مومکینە لەناویانا کورد ببێ، بەڵام مەرکەز نەیزانێ.

١٢- بێینەوە سەر مەسئەلەی ئیستیعمالی زمانی کوردی، ئەیزانین کە زمانی کوردی، لە پێش حەربی گەورەدا نە بە سوورەتێکی ڕەسمی و نە بە خسووسی بۆ موخابەرە ئیستیعمال نەکراوە، بەڵام مقدارێکی زۆر موئەلەفاتی شیعرییە هەبوو و بە هیممەتی موەزەفینی بەریتانییەوەیە کە زمانی کوردی تەرەقیی کرد و بووە واسیتەی نووسین و موخابەرە. لە پێشدا بۆ ئەم خسووسە فارسی و تورکی، عەرەبی ئیستیعمال ئەکرا.

نووسین بە زمانی کوردی لە لیوای مووسڵدا هێشتا بڵاو نەبووەتەوە و لە باتی ئەو تورکی و عەرەبی ئیستیعمال ئەکرێ. بەڵام وورده وورده لە لیوای هەولێردا بڵاو بووەتەوە، لە بەر ئەوەیە کە لە دواییدا ڕەسمەن بۆ موخابەرەی بەینی دەوائیری حکوومەت قوبووڵ کرا. بەڵام سلێمانی چەند ساڵێکە کە جەریدەیەکی بە زمانی کوردی هەیە، لە ئوموورى ڕەسمییە و خسووسییە زمانی کوردی واسیتەی موخابەرەیە.

ئەو ئیشەی کە حکوومەتی ئیحتیلال دەسی پێکردبوو، ئێستاکە لە تەرەف حکوومەت عیراقەوە بە ئیخلاسێکی تەواو ئیتمام ئەکرێ. لە بەغدا دا بە زمانی کوردی دوو جەریدە دەر ئەچێ و ئێستاکەش، نەک بۆ دانی حوڕییەتی ئیستیعمالی زمانی کوردی، بەڵکوو بۆ تەشویقاتی ئیستیعمالی، ئەوەی پێویست بێ بە دڵسۆزی ئەکرێ.

١٣- هيچ شوبهە نییە کە ئەم مەعلووماتە دەلالەت لەوە ئەکا کە لە بەینی ئەو سیاسەتەی کە لوجنەی حدوود تەوسییەی تەعقیبی کرد بوو و ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی عیراق لە سەری ئەڕوا، هیچ فەرقێک نییە.

١٤- دەلیلی هەرە گەورەی ئەمە کە، حکوومەتی عیراق تەقدیری مەسئوولییەتی خۆی دەرحەق بە مەتالیبی کورد کردووە و نیشانەیەکی زۆر ئاشکرای بۆ دەوامکردنی لە سەر سیاسەتی حوڕڕی ئێستای و بۆ مەیلی دانی هەموو نەوع واسیتەیەک بۆ تەرەقی ئادابی کوردی و تەحقیقی مەتالیبیان لە داخڵی دەوڵەتی عیراقدا، ئەم عیبارەتەیە، کە لە جوملەی نوتقی ڕەئیسول وزەرای عیراقدا کە ٢١ی کانوونی سانی ١٩٢٦ لە حزووری مەجلیسی نووابدا گوتی، ئەڵێ:

((گەورەکانم. ئەگەر حقووقی هەموو عەناسیری عیراق نەدرێ، مومکین نییە مەملەکەت بژی... ئەبێ حقووقی کورد بدرێ و ئەبێ مەئمووریان لە خۆیان بێ و ئەبێ زمانیان، زمانێکی ڕەسمی بێ بۆیان، ئەبێ ئەولادیان لە مەکتەبدا بە زمانی خۆیان دەرس بخوێنن (چەپڵە) و بە تەواوی لە سەرمان لازمە کە موعامەلەمان دەرحەق بە هەموو عەناسیر، موسوڵمان و یا غەیرە موسڵمان، بە حەقانییەت و عەدالەت بێ و حقووقیان بدەینێ))..

١٥- لە دوای ئەمە کە نووابی عیراق هەموو تەحسینی ئەم سیاسەتەیان کرد؛ ئەم مەنشوورە بۆ هەموو وەزارەتەکان نێررا:

((شوبهە نییە کە مەعالیتان واقیفی خیتابی ڕەئیسولوزەران کە لە حزووری مەجلیسی نووابدا خوێندوویەتەوە و لە جەرائیدا ڕۆژی دوایی نەشر کرا. ئەم نوتقە باسی ئەو سیاسەتە ئەکا کە حکوومەت بۆ ئیدارەی مەناتیقی کوردییە قوبووڵی کردووە و ئەڵێ، ئەبێ مەئمووریان لە کورد بێ و زمانی ڕەسمی‌یان کوردی بێ. جا لە سەر ئەمە ڕەئیسولوەزرا

ئەمری پێ کردم کە ڕجا لە مەعالیتان پکەم کە سەعییێکی تەواو بکەن بۆ تەتبیقی ئەم سیاسەتە و دەوامی لە هەموو موئەسەساتی ئەو مەنتیقەیەدا)).

١٦- دەلیلی تریش بۆ نییەتی حکوومەتی عیراق، لە دوو نوتقی موقابیل کە گوترا لە ' دارول ئیعتیماد 'دا بە موناسەبەتی ئیحتیفالی ئیمزای موعاهەدەی تازە، مەوجوودە و فەخامەتی وەکیلی موعتەمەدی ئەلسامی لە ئیشارەتیدا بۆ نییاتی حکوومەتی عیراق گوتی:

ئەبێ ئارەزووی حکوومەتی عیراق وا بێ؛ کە هەموو عەناسیری عیراق ئەولادێکی سادقی حکوومەتی عیراق بن و بۆ ئەمە لازمە کە تەشویقیان بکا تا لە سەر دین و جینسییەتی خۆیان بڕۆن و نەک لێی جوێ بنەوە. کورد عەرەب نییە و لەوەندەی کە ئێسکۆچی ئینگلیزە، ئەویش زیاتر عەرەب نییە و بە ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمالی زمانی عەرەبی وەیا عاداتی عەرەب قەت نابێتە وەتەنییەکی سادق بۆ عیراق. خولاسە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی قوح، بەڵکوو ئەبێ هەموو تەسهیلات و تەشویقاتێکی بۆ بکرێ کە ببێتە کوردێکی تەواو و وەحدەتی دەوڵەت، کە زۆر پێویستە بۆ تەرەقی، بە لەناوبردنی عاداتی خسووسیی ئێستای عەناسیری موختەلیفە قەت حاسڵ نابێ؛ بەڵکوو بە تەشویقی دەوامیان لە سەری پێک دێ و ئەبێ مەیدان بە هەموو عەناسیرێ بدرێ کە بە ئارەزووی خۆی ڕێگەیەکی تەرەقی بۆ خۆی ئینتیخاب پکا و ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حکوومەتتان لە سەری ڕۆیشتووە و ئەمە بۆ ئیقناعی عەسبەتول ئومەم بە ئەهلییەتی عیراق بۆ دخوولی مەجلیس لە هەموو شتێک زیاتر بە فائیدەیە.

جەلالەتی مەلیک فەیسەڵ دەرحەق بەم مەسئەلەیە لە خوتبەی جەوابیدا وتی:

((له جوملەی ئەهەممی وەزائیفی هەموو عیراقییەکی سادیقە کە تەشویقی کوردی عیراقی برای پکا کە، لە ژێر بەیداخی عیراقدا کە ڕەمزی سەعادەتی مەملەکەت و سەعادەتی عموومی مادییە و عەقلییەیە، موحافەزەی جینسییەتی خۆی پکا و لێی لا نەدا و بە ئیتیحاد و ئیشراکیان ببنە ئەعزاییێکی باش بۆ ئاواکردنەوەی وەتەنی موشتەرەک، شوبهەم نییە کە هەر عیراقییەکی سادیق ئیشتراکی ئەم فکرەی من ئەکا دەرحەق بە هەموو عەناسیری مەوجوودەی مەملەکەت.))

لەندەن، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

## کوردیی ئەو کاغەزەیە کە لە ٢٠ی مایسی ١٩٣١دا لە گەڵ مولاحەزەم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللی تەقدیمی مەندووبی سامی کرا

بۆ فەخامەتی موعتەمەدی سامیی موحتەرەم

لە دوای سەلام،

لە مولاقاتی دواییمدا کە لە سەر ئارەزووی فەخامەتتان واقیع بوو، دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللی کە لەم بەینەدا قوبووڵ کرا، پرسیارتان فەرموو، منیش بە کورت و موختەسەری شتێکم عەرز کردن. بەڵام لە ئەندێشەی ئەوە کە باش تێمنەگەیاندن، بە موناسیبم زانی فکرەکەم بخەمە سەر کاغەز و تەقدیمتانی پکەم و ئومێدم هەیە کە ئەهەممییەتی پێ ئەدەن، بەم موناسەبەتەوە ئیحتراماتی فائیقەم تەقدیم ئەکەم.

٢٠ی مایسی ١٩٣١ — موخلیستان

محەمەدئەمین زەکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**مولاحەزاتم دەرحەق بە (لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەللی)**

١- هەر وەک ئەیزانین ئەو سەبەبە کە حکوومەتی عیراقی سەوق کردە سەر دانانی ئەم لائیحەیە، ئەوە بوو کە قەراری عوسبەتول ئومەم ١٦ی کانوونی ئەوەڵی ٩٢٥ بەجێ بێنێ، ئەو قەرارە کە وا حکوومەتی بەریتانیا و عیراق لە وەختی خۆیا گرتبوویانە ئەستۆی خۆیان و هەتا ئێستا هەر لە سەر کاغەز ماوەتەوە.

هەموو ئەیزانین بە پێی ئەو قەرارە ئیهمال کراوە ئەبوایە مەئموورانی کوردستان کورد بوونایە و لە مەکتەب و مەحاکم و دائیرەکانی حکوومەتدا زمانی ڕەسمی کوردی بووایە.

وا دەرئەکەوێ ئەم لائیحەیە سێ موساعەدەی تیایە، ئەمانەش زمان، مەحاکیم و مەکتەبەکانە. یەکەمینیان یەعنی مەسئەلەی مەئموورین کە لە هەموویان موهیمترە و بە بێ ئەوە مومکین نییە شەرتەکانی تر بەجێ بهێنرێ، کە بە تەواوی وازی لێ هێنراوە.

پێش ئەوەی لە خسووس ئەم لائیحەیەوە فکری خۆم بەیان کەم، ئەمەوێ ئەم فورسەتە لە کیس نەدەم و لە بابەت مەسئەلەی مەئموورینەوە نەختێ بە کورتی ڕەئی خۆم بەیان بکەم:

چەند مانگێ لەمەوپێش حکوومەت بەیانێکی ڕەسمیی بڵاو کردەوە؛ لەم بەیانەدا شەرتی تەوزیفی لە قەزای کوردەکانا، لە جیاتی کوردایەتی، کرد بە زمانزانین. هیچ شوبهە نییە کە ئەم بەیانە بە تەواوی عەکسی ئەو مەبدەئە بوو کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی تەمووزی٩٢٣ دا دایناب‌وو و دیسان عەکسی قەراری ساڵی ٩٢٣ی عوسبەتول ئومەم و تەسریحاتی ڕەئیسول وزەرا

بوو کە لە ٢١ و ٢٢ی کانوونی سانی ٩٢٦دا بەرامبەر بە پارلە-مانی عیراق دابووی. لەم قەرارەدا مەجلیسی وزەرا قوبوولی کردبوو کە لە کوردستان‌دا هیچ مەئموورانی عەرەب تەعیین ناکرێ، بە پێی قەراری مەجلیسی عوسەبەتول ئومەم و تەسریحاتی ڕەئیسول وزەرا، حکوومەت مەجبووره بە تەقدیرکردنی مەئموورانی کورد لە کوردستانا، بەڵام ئەم قەراری دوایی حکوومەتە لە گەڵ ئەمەدا کە موخالیفی دەستووره، سێ قەرارەکەی تریش یا ئیبتال وەیا تەبدیل ئەکا. لەگەڵ ئەمەش‌دا بەڵکوو حوسنی نییەتی هەیە و ئەمەی لە دوای ئیستیشاره کردووە. بەڵام هەموو کوردەواری لەمە دڵگیرن و بە ڕاستی لەم بەیانە زۆر ترساون. ئەسبابەکەشی ئەمانەیە:

(ئا) سەرەڕای ئەو قەرارانەی کە عوبەتول ئومەم داویتی و ئەو قەراره ڕەسمییانەی کە ئێستا هەیە، (تەماشای ئەو کاغەزەم پکەن کە لە ڕۆژی ٢٠ی کانوونی ئەوەڵی ٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەتی مەلیکم کردووە و نوسخەیەکم داوە بە مەندووبی سامی) حکوومەتی عیراق لە خسووسی مەئموورینەوە تا ئێستە ڕیعایەتی حقووقی کوردەکانی نەکردووە و هیچ ئومێد ناکرێ کە لەمەودواش ڕیعایەتی ئەم حقووقە پکرێ، بیلخسووس پاش ئەوەی کە ئەم بەیانە ڕەسمییە هاتە ناوەوە و بەم ڕەنگە سیاسەتی ئێستای حکوومەت بە ئاشکرا بووە سەبەبی ئەندێشە و ترس بۆ کوردەکان.

(ب) کەمتەرخەمیی مەئمووره غەیره کوردەکان بەرامبەر بە حیسسیاتی قەومی و هەوڵدانیان بۆ مراندنی ئەو حیسسیاتە و نەهێشتنی سەربەستی و تا حکوومەت لە سەر ئەم شوێنە بڕوا قەت بڕوا ناکەم مووەفەق بێ.

ئەبێ ئەم بەیانە بە دڵێکی پاکەوە درابێ و بەڵکوو لە سەرێکەوە مەقسەد یەکخستنی دڵی هەر دوو قەومەکە بێ و لە سەرێکی تریشەوە تەئمینی دائیرەیەکی واسیعتر بێ بۆ تەوزیفی کورد.

بڕوا ناکەم کە نوقتەی ئەوەڵ بەم چەشنە تەئمین پکرێ، بەڵکوو بە واسیتەی بەعزێ تەدابیری ترەوە کە بۆ حکوومەت دائیما مومکینە سەر بگرێ.

وە دووەمینیان لە عەمەلی زیاتر نەزەرییە و مەعەلئەسەف هیچ بە کەلک نابێ، چونکە ئەو ڕێگەیەی کە ئەم چەند ساڵە حکوومەت گرتوویەتە پێش مانعی پەیداکردنی مەئموورینی کوردە بۆ ئیستیقبال. ئەهەمییەتنەدانی حکوومەت بە مەعاریفیان و ئیکمال و زیادنەکردنی مەکتەبیان و نەناردنیان بۆ بیعساتی عیلمییە بۆ دەرەوە وە موشکیلات نواندن بۆ تەوزیفی کورد بە دەرەجەیێ کە مەکتەبێک وەیا سنفێکی تازە ئەکرێتەوە، حکوومەت بۆ دۆزینەوەی موعەلیم دائەمێنێ و گەلێ جار موعەلیم و مەئموورینی غەیری کورد ئەنێرێ بۆ وەزیفە پچووکەکان. وەلحاڵ هەموو ئەیزانین کە لە هەموو حکوومەتی عوسمانییەدا و بە تایبەتی لە وولاتی عیراقدا زۆر مەئموورینی کورد هەبوون کە خەڵکی کوردستانی عیراق بوون، ئەم حاڵە گەیشتووەتە دەرەجەیەک کە قەومی کوردی ترساندووە و هێناویەتە سەر ئەوە کە باوەڕ پکا لە ئیستیقبالێکی نزیکدا و لە جیاتی ئەوەی ئیستیفادە لە وەزائیفی مەناتیقی عەرەبییە بکەن، وەزیفەی وولاتەکەی خۆیشیان لە کیس ئەچێ.

لەوانە نیم کە بڕوا پکەم بە ڕاستیی ئەم فکرە و لام وایە ئەم فکرە بەجێ نییە و لام وایە ئەبێ ئێستە واز لەمە بهێنرێ و بۆ پێ-گەیاندنی مەئموورینی کورد بۆ لەمەوپاش هەرچی پێویستە ئەبێ زوو بە زوو بە دڵ بکرێ.

٢- لە پاش ئەم موتالەعاتە دەرحەق بە مەسئەلەی مەئموورین، ئەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەوزووع و ئەم پرسیارە

بنکەی ژین www.zheen.org

پکەم: ئایا ئەم لائیحەیە هەر وەکوو مەجلیسی عوسبەتول ئومەم[164] ویستبووی بۆ هەموو کوردەکانی عیراقە؟... و ئەگەر وایە، بۆچی باسی قەزاکانی تر ناکا وەکوو خانەقین و مەندەلی... الخ؟

ئا – قەزای خانەقین:

بڕوا ناکەم کەس ئیعترازێکی بێ لەوە، کە ئەهالیی ناحییەی (هۆرین و شێخان) و (قۆرەتوو) هەموو کوردن و لە ناحییەی مەرکەزدا بەشی عەلیاوا، باوە پڵاوی و دەکەکە هەمووی و موقاتەعەی خانەقین، کەهرێز، حاجی قەرە و قوڵە بەشی زۆریان کوردن. وە لە مەرکەزی قەزادا گەڕەکی حەمیدییە هەمووی و گەڕەکی ئەولابەگ و عەرەب ئاغا بەشی زۆریان کوردن و دیسان مەرکەزی ناحییەی قزرابات نیوەیان کوردن. هەر وەها لە بەینی شارەبان و ئەبوو جیسرەدا بەرەیەکی سوورەمیریش کوردن (تەماشای تەقریری مێجەر سۆن بکەن لە بابەت عەشائیری کوردستانی خواروو).

ب – قەزای مەندەلی:

ئەبینین کە یەکێ لە سێ گەڕەکی قەزا لە گەڵ مەرکەزی ناحییەی قەزانییە (بڕوانە تەقریری مێجەر سۆن ساڵی ١٩١٨ بەغدا) و دێی (دێ شێخ) و (دوور) هەموو کوردن و عەشیرەتی (قەرەلووس)ی تیایە کە نزیک ٥٠٠ ماڵە.

ج– شاری بەغدا

---

[164] کوردیی فەقەرەی سێیەم لە قەراری مەجلیسی عوسبەتول ئومەم ئەمەیە: "حکوومەتی بەریتانیا ، بەو سیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەسییە بە سەر عیراقەوە، ئەبێ لە خسوسی مەجلیسی عوسبەدا بەیانی ئەو تەدبیر و ئیجرائاتە بکا، کە زەماناتی قەراردراو بۆ کوردی عیراقی پێ تەئمین ئەکرێ، ئەو زەماناتە لە تەرەف لوجنەی تەحقیقەوە لە ئیستینتاجاتی قەراری نیهائیدا باس کراوە".

له بەر ئەوەی کە بووە پایتەخت ئیستاتیستیکیی قەومی نەکراوە، دەرحەق بە کوردی بەغدا ناتوانم مەعلووماتێکی تەواو بدەم، بەڵام بە پێی قسەی شارەزاکان نفووسی دانیشتووی کوردی بەغدا لە ۲۵۰۰۰ کەس کەمتر نییە کە لە ۱۰% نفووسی شارەکەیە.

۳- وە ئەگەر ئەم جەوابە موسبەت نەبێ و ئەم لائیحەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بێ کە لە لیواکانی شیماڵدان و ئیعتیراف بە بوونی کوردی قەزاکانی تر نەکرێ، ئەم ئینکارە لەگەڵ ئەوەدا کە خیلافی حەق و حەقیقەتە تووشی ئەم دوو ئیعتیرازە ئەبێ:

ئا- مادام حکوومەت ئیعتیراف بە بوونی کورد ناکا لە شاری بەغدادی سابیقدا، بۆچی مەئمووران و نووابیان لێ تەعیین ئەکا بۆ لیواکانی شیمال و بە تایبەتی لەوانەی کە هیچ عەلاقەیەکی مادی و ئەدەبیان لەگەڵ ئەو مەنتیقەدا نییە!

ب- بۆچی لە لائیحەکەدا ناوی قەزای تەلعفەر و سنجار و مووسڵ ناهێنێ؟

قەزای سنجار: ڕەئی عموومی لە سەر ئەوەیە کە ساکینانی ئەم قەزایە یەزیدین و ئەمانەش هەموو کوردن (تەماشای تەقریری لوجنەی عوسبەتول ئومەم پکە لە ساڵی ۹۲۵ لاپەڕە - ۵۸، ۵۹، ٦٠؛ ورثة الحلفاء الاخيرة، سر مارك سايكس، لاپەڕەی ۵۷۳، الاكراد، دوكتور فريج، لاپەڕەی ۷، مفصل جغرافية العراق - طه الهاشمي، لاپەڕەی ٤١٠٩ ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام) و پێویست بوو کە ئەم قەزایە پخرێتە ناو قەزا کوردەکانی ترەوە کە لە لائیحەکەدا ناو براون.

قەزای تەلەعفەر: لەم قەزایەدا و بە تایبەتی لە ناحیەی زوممماردا میقدارێکی زۆر کورد هەیە.

قەزای مووسڵ: لە نەفسی شارەکەدا عەدەیێکی موناسبی کورد تیا ساکینە، جگە لەوانەی کە لە دێهاتە نزیکەکانیەوەن.

ئەگەر بوونی ئەقەلییەتێکی کەم لە عەرەب و تورک لە قەزاکانی دهۆک، مەخموور، شێخان، هەولێر، کەرکووک، کفری-دا ببێتە سەبەبی قبووڵکردنی زمانی تورکی و عەرەبی لەگەڵ زمانی ئەکسەرییەتدا؛ هەر بەو چەشنە پێویستە زمانی کوردی لە قەزای تەلعەفەر، سنجار و مووسڵیشدا قوبووڵ بکرێ.

٤- لە پاش بەیانی ئەم مولاحەزەیە لە بابەت ئەساسی لائیحەکەوە، ئەمەوێ ئیشارەتی مادەی چوارەمی قانوونەکە پکەم کە جەوازی ئیستیعمالی زمانی تورکی ئەدا. هەموومان ئەیزانین ئەم موساعەدەیە لە سەر تەلەبی مەجلیسی ئیدارەی کەرکووک لە وەختی خۆیدا و لە سەر بەعزێ ئەسبابی تر درابوو.

بە ڕاستی پەلەی حکوومەت بۆ تەشریعی ئەم موساعەدەیە و لە عەینی وەقتدا لەغوکردنی قانوونێکی (قەراری مەجلیسی وزەرا کە لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣ سادر بووە) موفید بۆ کورد؛ بەیاننامەیەک (کە خیلافی دەستوورە) و ئیهمالی قەراری عوسبەتول ئومەم و وەعدەکانی یەک لە دوای یەک، لەوانەیە کە موحتاجی لێکدانەوە بێ و بە تەبیعەت، لە حوسنی نییەتی دەرحەق بە کورد ئینسان ئەخاتە شوبهەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا مومکینە کە درانی ئەم هەموو موساعەدانە بە هەموو عونسورێک موناسب و مەقبووڵ بێ. بەڵام ئەبێ دیقەت لە نوقتەیەکی زۆر موهیم بکرێ کە عیبارەتە لەوەی کە ئەو موساعەدانە زەرەر بە غەیری ئەو عونسورە نەگەیێنێ، لە سەر زەرەری عونسورێکی تر تەوەسوعی پێ نەدرێ و زۆرم پێ ناخۆشە کە بڵێم ئیهمالی حکوومەتی چەند ساڵێک لەم ڕووەوە، بۆتە یاریدەر بۆ پەل بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە بە سەر هەموو ئومووری حکوومەتی هەموو لیواکەدا و بە ئیدارەی عاممەی و مەکتەبەکانی و محاکیمەوە بووەتە لیوایەکی تورکی تەواو، وەلحاڵ ئەبینین وەزعییەتی قەومی (ئیتنۆغرافی) ٥١% کوردە، ٢١% تورکومان، ٢٠% عەرەب و لە ٨% غەیری

موسلیم بوو و بە عەکسی ئەم ئەرقامە لە ٢٤ مەکتەبەکەیا، تەنیا سێ مەکتەبی ئەوەڵی بە کوردییە، مەئموورانیش بەم چەشنە لە ٥٦ %ی تورکومان، ٢٤ %ی کورد و ٢٠ %ی عەرەب و غەیری ئیسلام بوون.

ئەم وەزعە شازە، موشکیلات و زەرەرێکی زۆری بۆ بەشی زۆری سوکانی، یەعنی کورد بوو و هەموویانی دەرحەق خستووەتە فکری شک و ترسەوە. وەلحاڵ بۆ حکوومەت وای هەڵئەگرت کە حقووق و موساواتی بەینی قەومەکان موحافەزە پکا و تەبیعی ئیستیعجالی ئەخیری حکوومەت بۆ تەشریعی ئەم موساعەدەیە ترس و شوبهەی کوردی زیاتر کرد. جا کە وابوو، کێ ئەتوانێ قەومی کورد تەئمین پکا کە ئەم موعامەلەی حەقشکێنییە زیاتر حەق و حقووق وون ناکا.

لە لایەکی ترەوە ئەبینین کە زمانی ئەکسەرییەت لە لیواکەدا بە عموومی حاکمە، بە سوورەتێ مێجەر سۆن لەم کتێبەیدا ( ) شاهیدی بۆ ئەم وەزعییەتە ئەدا و لە لاپەڕەی ١٦/١٥یدا عەینەن ئەڵێ: ( ) و موئەلیف هەر لەم کتێبەیدا ئەڵێ ١٣٠٠٠ تورکومان، ٥٠٠٠ کورد، ٥٧٠٠ مەسیحی و ١٠٠٠ جوولەکە لە شاری کەرکووکدا و ٢٠٠٠ تورکومان، ١٠٠٠ کورد لە ئاڵتوون کوپری (پردێ)دا هەیە.

شوبهەی نییە مێجەر سۆن وای زانیوە ئەوانەی کە بە زمانی تورکی لە کەرکووک قسە ئەکەن هەموو تورکومانن، بۆیە دووچەندانەی کوردەکان ژمارەیانی داناوە و ئەم فکرە ڕاست نییە، چونکە هەموو کوردی شاری کەرکووک و لیواکە بە زمانی تورکیش قسە ئەکەن و ئەمە مووما ئیلەیهی سەوق کردووەتە سەر ئەم فکرە، دەلیلی بەقووەتی ئەمەش ئەو مەعلووماتەیە کە لە مەئموورێکی گەورەی کەرکووکم وەرگرتووە کە لە مەسائلی ئیستاتیستیکدا سەڵاحییەتی ڕەسمیی هەبوو و گوتی بە گوێرەی ئیحسای بەلەدییە، نفووسی شاری کەرکووک،

ئەمساڵ (١٩٣٠) گەیشتووەتە ٣٥٠٠٠ کە لەمە ٢٢٠٠٠ی کورد، ٧٠٠٠ تورکومان، ١٠٠٠ی نەسرانی مەحەللی، ٢٠٠٠ تیاری (فەلە)، ٥٠٠ ئەرمەنی، ٢٥٠٠ ی جوولەکەیە و لە گەڕەکەکانی کەرکووک، ئیمام قاسم، ئەخی حوسێن، بولاق، ئاوجی و پیریادی هەموو کوردن و بەشی زۆری گەڕەکی چوقوور، مەسەک و چای کوردن.

لێرەدا ئەمەوێ نەزەری دیقەت جەلب بکەمە سەر ئەو مەکتەبانەی کە لە شاری کەرکووکدا مەوجوودە کە ژمارەیان ئەگاتە ١٠ مەکتەب. لەم ١٠ مەکتەبە ٦یان بۆ تورکومان، دوانیان بۆ گاور، دوانەکەی تریان بۆ جوولەکەیە. بەڵام نەسیبی ئەکسەرییەت -یەعنی کورد- لەم مەکتەبانە بە غەیری سفر هیچی تر نییە.

بە گوێرەی ئەم حاڵە، بۆ حکوومەت وا جوانتر و موافقتر بوو کە وەعدەکانی خۆی بەجێ هێنابایە و زمانی ئەکسەرییەتی بە زمانی عموومی ئەو لیوایە و مەرکەزی ئیعتیبار بکردایە، چونکە زۆرتر ئیستیعمال ئەکرێ و لە نەزەر هەموانا مەفهوومترە.

٥- پێویستە مادەی (٦ی لائیحەکە) تەعدیل بکرێ بە نەوعێک جەوازی موخابەرەکردن بدا بە زمانی کوردی لە بەینی لیواکاندا.

٦- (فەقەرە - ٤ مادەی ٦) زۆر غامیزە و بەتەواوی ئەو زمانە نیشان نادا کە پێویستە ببێ بە ئەساس بۆ ئیش پێهێنان لە دائیرەکانی حکوومەتیدا لە نەفسی کەرکووک و مەرکەزی قەزای کفریدا. ئینجا نازانین مەقسەد لەم غمووزە مانەوەی زمانی تورکییە لەو دائیرانەدا وەک حاڵی حازر یان نا؟

ئەگەر مەقسەد ئەمە بێ، ئەوە زمانی ئەقەلییەت حاکم ئەبێ لە مەرکەزی لیوا و قەزادا، کە ئەمەش بە هیچ کلۆجێک نە موافیقی عەدالەت نە موافیقی مەنتیقە و سەبەبێکی زۆر مەعقوولە بۆ سەغڵەتیی قیسمی زۆری کورد و ئیحتیجاجی دائیمییان لە عەلەیهی ئەمە.

بنکەی ژین www.zheen.org

وه له بەر ئەمەی کە حقووقی ئەو ئەقەلییاتەی کە لەم لیوایەدا ساکینن له مادەی چوار و پێنجدا مەزموونە، ئیتر ئیجابی بە قەیدێکی تر نەئەکرد له (مادەی ٦)دا و جوێکردنەوەی قەزای کەرکووک و کفری لەو قەزایانەی تر کە له (فەقەرەی ا تا س)ی عەینی مادەدا بەیان کراوه.

بێجگه لەمه مەعقوولتر بوو ئەگەر عیبارەی (الامور الفنية) کە له مادەی ٦دا هاتووه ئیزاح بکرایه، نەک له موستەقبەلدا خراپ تەسەروفی تیا بکرێ.

٧- پێویسته زمانی تەدریس، لەو مەکتەبانەی کە تا ئێسته وەیا لەمەودوا لەو قەزایانەی کە له مادەی چوار و پێنجی لائیحەکەدا ناوی هێنراوه، کراوەتەوه وەیا ئەکرێتەوه، زمانی ئەکسەرییەتی سوکان بێ، چونکە قوبوولکردنی زمانی ئەکسەرییەتی قوتابیان ئەبێته سەبەبی سوئی ئیستیعمال له موستەقبەلدا.

ب - بۆ خاتری موراعاتی قەراری مەجلیسی عوسبەتول ئومەم، ئیجاب ئەکا زمانی کوردی له هەموو مەکتەبەکانی کوردییەدا، چ ئەوەڵی و چ ئیبتیدائی و چ لەمانه گەورەتریش، زمانی تەدریس بێ، چونکە حەسری تەدریسات بە زمانی کوردی هەر تەنیا له ئەوەلییه و ئیبتیدائییەدا ئەبێته مانیعی تەرەقی و تەکامولی زمانی کوردی و ئەم ئیعتیرازاتە کە لەم ڕووەوه ئەکرێ له سێ مادە تەجاوز ناکا.

ئەوەڵەن: بێقابیلییەتیی زمانی کوردی بۆ تەدریسات و نووسین و ئەمە ئەوەڵ ئیعتیرازێکە کە گەلێ جار ئەیبینین. ئەم ئیعتیرازە زۆر زەعیفە، چونکە ئەوانەی کە ئەمە ئەڵێن ئاگایان لەو ئاساری تەئریخی لوغەوی، ئەدەبی، و دینییە نییە کە چەند سەد ساڵ لەمەوپێش بەم زمانە نووسراوەتەوه، وەک ئاساری مەلایوونسی خاڵکەتینی، شێخ عەمار، ئەحمەدخان حەکاری،

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیسماعیل بایەزیدی، بابا تاهیر، عەلی حەریری، مەلای جزیری، مەولەوی، مەولانا، حاجی قادر... الخ.

باوەڕم نییە ئەم نەقسەی کە ئەڵێن لە زمانی کوردیدا بێ، چونکە ئەم زمانە لە زمانی فارسی دەوڵەمەندترە، بەڵام مەیدانی ئەوەی نەبووە کە ئیستیعمال بکرێ و بەرە بەرە ئیسلاح و تەکامولی تیا بێتە وجوود. هیچ شوبهەی نییە ئەگەر ئەمڕۆ عەینی ئەم مەوانیعەی لە بەرا بمێنێ هەر لە سەر حاڵی حازر ئەمێنێتەوە و تەبیعی لە تەرەقی و پێشکەوتن مەحروومی ئەکا.

سانییەن: نەبوونی کتێبی مەکتەب بە زمانی کوردی. ئەم ئیعترازە دەرحەق بە کتێبی مەکتەبە ئیبتیدائییەکان و ئەوەڵییەکانیش ئەکرێ؛ بەڵام پڕکردنەوەی ئەم نوقسانییەتە زەحمەتێکی ئەوەندەی نییە و بە هیممەتی وەزارەتی مەعاریف و بە تەرجومەکردنی کتێبی مەدرەسی لە زمانی عەرەبی و زمانی ترەوە بۆ زمانی کوردی زوو زائیل ئەبێ و بۆ ئەمەش ئیجاب ئەکا – وەک زۆر جار داوا کرا – لوجنەیەکی خوسووسی لە موعەللیمان و مونەوەرانی کوردی موقتەدیر تەشکیل بکرێ، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ تەرجومە خەریک بێ و بێجگە لەمە پێویستە تەشویق و تەرغیبی موعەللیمان و مەئموورە موقتەدیرەکان بکرێ بۆ تەرجومەی کتێب و بە موکافات و تەلتیف ئەم جیهەتە تەشجیع بکرێ.

باوەڕم هەیە کە ئەگەر ئەم تەوسییانە بە ئیخلاس و حوسنی نییەت لە تەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە تەتبیق بکرێ، وەکوو چۆن بۆ تەئمینی کتێبی عەرەبی تەتبیقی کرد – هیچ زۆری پێ ناچێ ئەبینین ئەم نوقسانییەتە زائیل ئەبێ.

ئیحتیماله لەم ڕووەوە مەسئەلەی نەبوونی پارە بۆ تەشکیل-کردنی ئەم لوجنەیە و بۆ موکافات بەخشین بە موتەرجیمان و بۆ لەچاپدانی کتێب بکرێ بە بەهانە، بەڵام ئەمە ئەسڵی نییە و ئەم نەوعە بەهانەیە تەنیا بۆ ئەوەیە کە حکوومەت خۆی دوور

بخاتەوە لەوەی کە حیسەیەکی مەعقوول لە میزانییەی مەعاریف بۆ کوردەکان جویٚ بکاتەوە.

وە بۆ ئیسباتی ئەمە حەزم ئەکرد چەنگ میسالیٚک دەرحەق بە وەزعییەتی مەعاریف لە سالّی پاردا بهیٚنمەوە، بەلاّم لە ڕاپۆڕی تازەی وەزارەتی مەعاریفدا لە بابەت مەساریفی لیواکانەوە مەعلووماتیٚکی تازەم چنگ نەکەوت، لە بەر ئەمە موڕاجەعەتم کرد بە ئیستاتیستیکی سالّی ١٩٢٧ کە لە ٣٠ی ئاغستوسی ١٩٢٨دا لە مەجلیسی مەبعووسانا بەیانم کردبوو.

(٨٦ /٢٧ لەک ڕووپییە) لەو سالّەدا نەسیبی ٢٧ مەکتەبی کورد لە میزانییەی مەعاریف نزیکی ١٢٣٠٠٠ ڕووپییە و یاخود ٤/٤% لە میزانییەی مەعاریف بوو، کەچی بەشی مەکتەبە تورکییەکان ٣ %، و مەکتەبەکانی تر ٩٢,٦% بوو. وە نیسبەتی سەدی (میئەوی) بۆ نفووسی لە عیراقدا ١٧% کورد، ٨% تورکومان، و ٨١% عە-رەب و ئەقوامی ترن.

وە حکوومەت هەر لە عەینی سالّدا لە واریداتی سلیٚمانی ١% و لە واریداتی لیوای هەولیٚر ٥/٢% بۆ مەعاریفی ئەو دوو لیوایە سەرف کرد، کەچی هەر لەو سالّەدا لە واریداتی لیوای بەغدا ٣٨%، لە هی مووسلّ ٨/٢٢%، لە هی کەربەلا ١٨%، لە هی بەسرە ٢١%، و لە واریداتی لیوای کەرکووک ١٠% ی بۆ مەعاریفیان سەرف کردووە.

وەزعییەتی حالّییە لە مەساریفی لیٚوا کوردەکانا فەرقیٚکی ئەوتۆی لەگەلّ ئەو سالّەدا –یەعنی ٩٢٧دا– نییە، چونکە موقابیل بە کردنەوەی ٩ مەکتەبی تازە و بەعزیٚ سنف لە قەزا کوردەکانا میزانییەی مەعاریف لە ٨٦/ ٢٧ لەکەوە گەیشتە ٤١ لەک ڕووپییە.

ئەم ئەرقامە و وەزعییەتی حازرییە بە تەواوی دەری ئەخا کە کورد قەت بەشیٚکی نیسبی عادلی لە میزانییەی عموومی مەعاریف-دا وەرنەگرتووە – و ئەم حیسەیە – بە گویٚرەی نیسبەتی

نفووسیان ئیجابی ئەکرد ١٧% بوایە، نەک ٤/٤%. لە بەر ئەم سەبەبە حکوومەت ناتوانێ ئیدیعا بکا بڵێ پارەم نییە تاکوو سەرفی بکەم بۆ تەشکیلی لوجنەی کتێبی کوردی بۆ بەخشینی ئیکرامییات بە موتەرجیمان.

سالیسەن: ئیعتیرازی سێیەم کە ئەیبییەین لزوومی فێربوونی زمانی عەرەبییە بۆ لاوانی کورد بۆ ئەوەی کە بتوانن ئیستیفادە لە مەداریسی ئیختیساسییە و وەزائیفی حکوومەت بکەن. لەو جێگایانە کە ئیجاب بە زانینی ئەم زمانە بکا بتوانن ئیش ببینن.

ئەگەر مەقسەد لەم ئیعتیرازە هەر عیلم و ئیدارە بێ و هیچ تەعەللوقی بە سیاسەتەوە نەبێ، مومکینە بە زیادکردنی ساعاتی تەدریس بۆ لوغەتی عەرەبی و ئەهەممییەتدان بە فێربوونی زیاتر لە ئێستا مومکینە تەئمین بکرێ و ئەگەر ئەمەش کافی نەبینرا ئەو حەلە مومکینە مەوزووعێک وەیا دوو مەوزووعی تریش بەم لوغەتە بخوێنرێ.

لە دوای ئەم تەفسیلاتە مولاحەزاتەکەم بە کورتی لە خوارەوە پیشان ئەدەم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- پێویستە لائیحەی لوغاتی مەحەللییە شموولی بە سەر ئەو قەزایانەی تریشەوە هەبێ کە ئەکسەرییەت وەیا ئەقەللییەتیان کوردە، وەک بۆ ئەقەللییاتی تر لە قەزا کوردەکانا کرا.

٢- هەڵگرتنی کەلیمەی (الترکیة) لە مادەی ٦.

٣- ئیزاحکردنی عیبارەتی (اموری فنیة) کە لە مادەی ٦دا هاتووە.

٤- زمانی ئەکسەرییەتی سوکانی لیوا وەیا قەزا بە لوغەتی تەدریسی ئیعتیبار بکرێ.

٥- ئیستیعمالکردنی زمانی کوردی لە مافەوقی مەکتەبی ئیبتیدائیشدا.

ئەم مادانەیە کە پێویستە ئەهەممییەتی پێ بدرێ لە لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەلییەدا، چونکە ئەو لائیحەیە لە حاڵی حازردا عەدل و وعوود تەئمین ناکا.

**نائبی سلێمانی،**
**وەزیری ئەشغاڵی سابیق**

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەرحەق بەو مادەیەی کە لەم ئاخریەدا عەلاوە کرا و بە گوێرەی ئەوە قەزاکانی مووسڵ موخەییر کران بۆ ئیختیارکردنی زمانێکی کوردی تا ساڵێکی تر، موتالەعاتم بە چڕی عەرز ئەکەم.

**دەرحەق ئەو مادەیەی کە لە دواییدا داخڵی قانوونی لوغاتی مەحەللییە کرا و بۆ قبووڵکردنی لەهجەیەکی کوردی قەزاکانی مووسڵی ساحێب ئیختیار کرد، فکرم ئەمە بوو لە ۱۹۳۱/٥/۲۲دا تەقدیمی فەخامەتی مەندووبم کرد**

زۆر شوکری ئەو تەئسیرە ئەکەم کە کەلیمەی (مەحەللی) کە لە تەرەف مەجلیسی نیابییەوە عەلاوە کرابوو لەو هەڵگرت و بە دانی حەقی خیار بە ئەهالی پێنج قەزا بۆ قبووڵکردنی لەهجە لە زەرفی ساڵێکدا، زەرەرەکەی سووک کرد. لە گەڵ ئەمەشدا هیچ شکم نییە کە تەکلیفی ئەوەڵی حکوومەت باشتر بوو لە تەکلیفی دوایی، گەلێ مووافیقتری قاعیدەی عموومی بوو، چونکە:

۱- ئەو ئەساسە عموومییەی کە میللەتانی تر بۆ ئینتیخابی لەهجە لە سەری ڕۆیشتوون، ئیستیناد ئەکاتە سەر هەرە فەسیحتر و ڕێکوپێکتری لەهجەی ئەو زمانە. وەکوو دەبینین لە تورکیادا لەهجەی ئەستەمووڵە کە لە هەموو شوعەبات و موئەسەساتی حکوومەتی ئاناتۆڵدا جارییە و وەلحاڵ ئەم لەهجەیە لەگەڵ لەهجەی ئەو وڵاتەدا فەرقێکی زۆری هەیە. میسالێکی تریش قبووڵکردنی لوغەتی فەسیحی عەرەبی لە دەوائیری موئەسەساتی

حکوومەتی عیراقدایە و هەموو ئەیزانین کە لەگەڵ لەهجەی عەوامدا فەرقێکی زۆری هەیە و عەینی حاڵ لە میسر و سووریيە و باقی ئەقالیمی عەرەبییەدا جاریيە.

ئەگەر حورمەتی ئەم قاعیدەیە بگیرێ، ئەبێ تەماشای فەرقی جوزئیی بەینی لەهجەی خەڵکی شەرقی زێی گەورە و غەربی نەکرێ و یەکیەتیی زمانی کوردی تێک نەدرێ. چونکە قوبووڵی لەهجەی فەسیح موافیقی ئەساسی عیلمییە ئەبێ، لەهجەی کرمانجیی شەرقی قوبووڵ بکرێ کە زۆر نزیکە لە لەهجەی موکریی فەسیح و بکرێتە لوغەتێکی ڕەسمی بۆ دەوائیر و موئەسەساتی مەوجوودەی کوردستانی عیراق.

٢- ئەگەر لوغەتی کرمانجی غەربی (بادینان) بۆ خەڵکی پێنج قەزای مووسڵ قوبووڵ بکرێ ئەم زەرەرانەی ئەبێ:

ئا) یەکیەتیی زمانی کوردی تێک ئەدرێ. کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کورد و قەت دەلالەت لە حوسنی نییەتی حکوومەت ناکا دەرحەقیان.

ب) ئەبێتە سەبەبی دواکەوتنی مەعاریف لەو پێنج قەزایەدا، چونکە بە لەهجەی بادینان هیچ کتێبێکی مەکتەب نییە و لاوانی پێگەیشتوویان نییە کە بیخەنە ژێر باری مەسئوولییەتی دەرس-گوتنەوە لە مەکتەبدا و ئیشکردن لە دەوائیردا و زۆر موحتەمەلە تا موددەتێکی دوور نەتوانن کتێبی مەکتەب پەیا بکەن و لە ڕووی ئەمەوە ئینتیقام و فائیدە لە تەدریساتیانا نامێنێ و هیچ بە دوور نییە کە لە ڕووی ئەم حاڵەوە لە خوێندن و ئومووری حکوومەتی-دا واز لە زمانەکەیان بهێنن و مەجبوور بکرێن بۆ قوبووڵکردنی زمانێکی تر.

ج) بە تەبیعەت حکوومەت ئەبێ:

١- یا مەسرەفێکی دوو قات بۆ پەیاکردنی کتێبی مەدرەسە بە دوو لەهجە (لەهجەی سێ لیوا و لەهجەی پێنج قەزا) بکا و دیسان دوو قات مەسرەف بۆ حازرکردنی ئەوراقی مەتبووعە و

تەرجومەی تەعلیمات و نیزام و قەوانین .. و.. الخ بۆ هەردوو لا بکا کە زۆر لێی دوورە!

٢- یاخۆ گوێ نەداتە مەتالیبی هەردوو لا، کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی مەحرووم مانی هەر سێ لیوا و پێنج قەزاکە لە پێشکەوتن و شکاتی دائمییان لە حکوومەت.

بینا لە سەر تەجروبەی پێشووم، ئەتوانم بڵێم کە ئەم وەزعییەتە خراپە زۆری پێ ناچێ حاسڵ دەبێ، چونکە ئەو حکوومەتەی کە تا ئێستا بەزەیی بە قەومی کوردا نەهاتووە و قەت بەشێکی بە ئینسافی لە میزانییەی مەعاریف نەداوەتێ (تەماشای مادەی ٦، فەقەرەی ب. سانییەن لە مولاحەزاتم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەلییە بکە)، ئێستاکە نابێ مەسرەفێکی دوو قات بکا بۆ مەعاریفی کورد لەو سێ لیوا و پێنج قەزادا.

لە بەر ئەم ئەسبابە، ڕجا ئەکەم بە چاوێکی عەتفەوە تەماشای ئەم ئیشە بکەن و تەوەسوت بفەرموون تا تەنیا لەهجەیەک بۆ هەموو کوردستانی عیراق قوبووڵ بکرێ. ئیتر زۆر شوکر و حورمەت بۆ ئێوە.

١٩٣١/٥/٢٢

محەمەدئەمین زەکی

www.zheen.org